# ئەدۆنیس

# شیعریەتی

## عەرەبی



عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

کردوویيە بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

أدونيس

# الشَّعريَّة العَربيَّة

ترجمة الى الكردية

عبدالمطلب عبدالله

ناوی كتێب: **شیعرییەتی عەرەبی**

بابەت: لێكۆڵینەوە

نووسەر: ئەدۆنیس

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

تایپ: نووسەر

چاپی: یەكەم

چاپخانە:

تیراژ:

دیزاینی ناوەوە: نووسەر

بەرگ:

لە بڵاوكراوەكانی

ناوەڕۆك:

- پێشەکی:- ئیف بۆنفوا......................................(7)
- شیعرییەت و شەفەویەتی جاهیلی....................(13)
- شبعرییەت و فەزای قورئانی..........................(65)
- شیعرییەت و فیکر.........................................(99)
- شیعرییەت و تازەگەری...................................(131)
- پاشکۆ..........................................................(179)
- ئەدۆنیس لە هەولێر... ئامادەکردنی وەرگێڕ...(181)

**پێشەکی**

## یەکبوونی داهێنانی شیعریی

**ئیف بۆنفوا**

ئەو چوار لێکچەرەی کە ئەو کتێبەی لێپێکهاتووە، لە ئایاری 1984 لە کۆلیژی (دو فرانس)ی فەرنسا، لەسەر بانگهێشتنی کۆمەڵێك مامۆستا، پێشکەش کراوە.

قبولکردنی شاعیرێك لە گەورە شاعیرانی زمانی عەرەبی هاوچەرخ، کە بە زمانی ئێمە سیما هەرە گرنگەکانی ئەو شیعرییەتەی، کە بەمیرات بۆی ماوەتەوە، پێشکەش بکات. پێویستە یەکەمجار ئاماژەی پێبکرێت،

چونکه بۆ ڕۆشنبیری ئێمە جیگای شانازییە. زمانی فەرەنسی بەشێوەیەکی تەواو دەبێتە هی ئەو، سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ ئەدۆنیس نموونەی ڕۆشنبیریی دنیای عەرەبی و ئیسلامییە و یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی، کە کاتێك بۆ قسەکردن لەخۆیان دەبێ پەنا بۆ زمانێکی دیکە ببەن، مانا و بەهایەك دەدۆزنەوە. ئەدۆنیس کە لە بەرهەمە تایبەتەکانی خۆی بەرەو داهاتوو دەبێتەوە، ئێمەش هاندەدات تا بیر بکەینەوە، کە دەکرێ بەرە بەرە ئاڵوگۆڕکردنی کۆن، تەجاوزی ڕق لێبوونەوە و ناکۆکی بکەین. هەڵبەتە لە کۆمەڵێك لایەنی جۆراوجۆرەوە بەشداریکردن لەو ئاڵۆڕکردنە تەواو دەرکەوتووە، لە فەلسەفە تا دەگاتە ئەندازە، تا شیعر، بەرهەمی زۆر هەیە، و بەهای زۆریش ماوە، کە تاکو ئێستا پارێزگاری لە تاکبوونی خۆیان دەکەن. ئەدۆنیس لەو دەرکەوتنەی کە ماوەیەکی زۆر نییە، پێی ناسراوە، قسە لە (ماسینیون) و (جاك بێرك) دەکات و شیعری عەرەبی تەرجەمە کردووە و هەر لێرەش لە هەمان شوێن شیکردنەوەی لەبارەیانەوە ئەنجام داوە.

من لەو بڕوایەدام کە ئەو شاعیرە دەزانێ، تا چ ڕادەیەك فەرەنسییەکان بایەخ بە شارستانیەتێك دەدەن، کە بەشێوەیەکی باش تێیدەگەن، نەك زمانە خۆرئاواییەکان کە لە ژیاندا بابەتی دەرەوەی زمەن و نادیار و ڕەهان.

من لەو چەند دێرەدا جگە لە بەخێرهاتن و سوپاس کردن، نامەوێ ڕاڤەی ئەو لاپەڕانە بکەم کە دواتر دێن. خوێنەر لەو پێشەکییە نوێیە

لەبارەی شیعرییەت خستنەڕوویێکی زۆر ئاشکرای فیکر و ڕووداوەکان دەبینیّ، کە جگە لە شتێکی کەم، هیچی دیکەی لەبارەوە نەدەزانی. من لەو بارەوە زۆری لێفێربووم، کە ناتوانم شتێکی دیکەی بخەمە سەر.

ئەوەندە بەسە، ئاماژە بەوە بکەم، کە ئێمە دووبارە لە خوێندنەوەی ئەدۆنیس ئەوە فێر دەبین، کە دەبێ لە کەلەپوری شیعریی تایبەتی خۆمان لە چەرخی ناوەڕاست هەتا سوریالیەت باشتر تێبگەین، چونکە واپێدەچیّ هەر ئەو تێگەیشتنە لە دەقەکانی سەردەمە کۆنەکانی ئەرزی ئیسلام، ڕێگای بۆ ئەدۆنیس کردبێتەوە. جارێکی دیکە ئەوە تۆمار دەکەم، کە لێوردبوونەوەکانی ئەدۆنیس یەکبوونی ئیبداعی شیعریی بەدرێژایی سەدەکان دەچەسپێنێت. پێشتر بەلای کەمی ئەو بوارە ڕۆشنبیرییە بەرفرەوانە، گفتوگۆی لەنێوان فەلسەفەی گریکی و ڕۆمانی و ئایینە خاوەن کتێبەکان، بەخۆە بینیوە. ئەدۆنیس دەڵێت بەر لەئیسلام شاعیر ئەوەی دەگوت کە ئەوانیدیکە دەیانزانی و بیستبوویان: "لە دابونەریتەکانیان دەدوان، شەڕ و کاریگەرییەکانیان، سەرکەوتن و هەرەسەکانیان". بەلاّم (ئاخاوتنی شاعیر) بەپێی ئەو ڕێبازە "نویّ و کەسییە"ی کە لە ئاخاوتن پەیڕەوی دەکرد قابیلی قبولکردنی زێتر دەبووە. لە کۆمەڵگاکانی ئێمە چ لە خۆرهەلاّت و چ لە خۆرئاوا، لە چاخی کۆندا وەزیفەی شیعری هەرتەنها لە (ئاخاوتنی باش) خۆی دەبینیەوە، بەلاّم لە چاخی دواتر، تازە، شاعیر لەڕێگای ئاخاوتنی خۆی، لەڕێگای ئاخاوتنە جیاوازەکەی خۆی، ڕووبەڕووی ئەزموونی هاوبەش دەبێتەوە؟ نەخێر، هەرگیز گەردوونی و تایبەت

لەسەر ئاوێتەبوون نەوەستاوە، لەو شیعرەی کە خودی ئەو ئاوێتەبوونە دیاری دەکات. شاعیر ئەو کەسەیە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە حاڵەتە گەردوونیەکانی بوون ئەوە نییە، کە کۆمەڵگا تێیگەیشتووە. ئەوە راستییەکە نییە، هۆی ئەو ناوبانگەش بەپێی ئارەزووی کەسەکە و حەساسیەتەکەی دەکەوێتەوە، دەشێ شانازی پێوە بکات، بەڵام بێ ئەوەی بەرانبەرەکەی ناپاك بێ.

تاکە جیاوازییەك لەنێوان ساتەوەختە رەسەنە مەزنەکان و ئەو سەردەمەی دوایی، ئەوەیە کە رێکەوتنەکانی پێشان و ئاگایی لەبارەی ناسنامە، هەم جزئی بووە هەم گشتی، بۆیە بە خێرایی وەك ئاگر، لەلایەکەوە بۆ لایەکی دیکە لە چیرۆکی جەنگ، یان لە حیکایەتی خۆشەویستی بلاّو دەبۆوە، هەڵبەتە بەهۆی ئەو وشانەوە، کە لەناوەوەی خۆیان نزیکایەتییەکی قوڵیان لەگەڵ یەکدا هەبوو، بەلاّم ئەمڕۆ ئەو یەکبوونە تەنها لەناکاو نەبێت، نابینرێت، لە کۆتایی ئەو وێڵگە درێژە بۆ کێ لەبارەی (گومان) و (یەکبوون) دەنووسرێت ،هیچ وشەیەك، لە دوورەوە، نوێنەرایەتی (گومان) و (یەکبوون) ناکات، تەنها وەك چیایەکی نێو بیابان نەبێت، کە رەنگی خاکەکەی دەوروبەری هەڵگرتووە و لە هەمان کاتیشدا لێی جیایە، بەهۆی رەنگدانەوەی ئەو رووناکییە توندەی، کە دەکەوێتە سەر خەونە سوێرە نیشتووەکانیەوە. ساتەکانی ئەوسا هەمان مانای بەردەوامی ئەمڕۆی هەیە: شیعر دەمێنێتەوە و ئەو ساتانە یەکدەخات، شیعر دەیەوێت یەکیبخات.

بەلاّم ئەو کارە شیعرییەی ئەدۆنیس- ئەو پێشکەشکردنەی کە لە شیعرییەتی دنیای عەرەبییەوە دەستی پێکرد- کارێکە بۆ یەکگرتن، لە نوێوە. لێکچەرەکانی سالّی 1984، دەخرێتە سەر شیعرەکانی، کە هەر لە کۆنەوە دەبێتە خولیای هاوڕێ فەرەنسییەکانی، بەلاّم ئەوەی تەرجەمەکردن بەشێوەیەکی تەواو نەیتوانییوە کەشفی بکات، تەنها لەو دواییەدا نەبێ، ئەو دەنگە ئامادە و قولّەیە، کە لەنێوانمانە. هیوادارم ئەو بەهرەیە لە ولاّتەکەمان و ئەو بانگهێشتکردنە لەپێناو تەرجەمەکردن، کاردانەوەی خۆی هەبێت، بۆ نموونە ئەو دەقانەی ئەدۆنیس یادی خستەوە، لەپێناو لێوردبوونەوە، با لەوبۆە لە ماناوە — لەهەموو رۆشنبیریی دورگەوە دەست پێبکرێت. ئێمە لەزۆربەی جاردا لەبیریان دەکەین، چونکە بە دەست هەموو ئەو بەلگە شێواوە بینراوانەی، کە لە فیکری ناوچەکانی دیکەی دنیا و شیعرەکانیانەوە پێشکەش دەکرێت، ماندوو بووین.

لەو "زەمەنە نوێیەمان"دا ئەوەی شەیدای کەشفکردنی کاری زمانە، لەبەر تایبەتمەندی ئاخاوتن لە مەسەلەی بەشداریکردن لە ساتەوەختی ئێستادا دەکەوێتە نکۆلّی کردنەوە: هەستدەکەم ئەوە لەڕووی هەقی شیعرییەوە لە حالّەتی لەبیرکردندایە، بە تەئکید ئەوەش کارەساتە. ئەو دوو هۆکارە وام لێدەکەن سوور بم و هیوای بەهایەك، وەك ئەوەی لێرە پێی هەلّدەستم، لەسەر ئەو کتێبە قەوارە بچوکە، بەلاّم پڕ بایەخە، بۆ ئەو سەرەتایە بخوازم. کەواتە سوپاسکردنی ئەدۆنیس بەشێوەیەکی باشتر بەوە دەبێ کە لە فەرەنسا

دراسەکردنی ئەدەبی عەرەبی و لێوردبوونەوە لەشیعری عەرەبی وەك ئەوەی هەیە، بەرفرەوان بکەین: ئەوەش گەمە نییە، وەك چۆن هەر بابەتی زانیاریش نییە، بەڵکو هەناسەدانی کۆمەڵگایەکە، لەڕێگای نەوە یەك لەدوایەکەکانییەوە، واتە مەبەستم بەختە، تاکە بەختی هەقیقەتی مانەوە.

**ئیف بۆنفوا (Yves BONNEFOY):- شاعیر و رەخنەگری گەورەی فەرەنسا، مامۆستای کورسی شیعر لە کۆلیژی (دو فرانس).**

**ئەو تەرجەمەیە لە پێشەکییە فەرەنسییەکەوە کراوە.**

# شیعرییەت[*] و شەفەویەتی جاهیلی[†]

**(1)**

**لەلایەك دەستەواژەی زارەكی (الشفویە)[‡] بۆ ئاماژەكردنی ئەوە بەكار دەهێنرێ، كە بنەچەی شیعریی عەرەبی لە جاهیلیدا بەشێوەی شەفەوی هاتۆتە كایەوە و دەكەوێتە میانی رۆشنبیریی دەنگی-بیستنەوە، لەلایەكی دیكە لەبەر ئەوەی شیعری عەرەبی لە جاهیلیدا وەك نووسراوێك نەپارێزراوە و لە كتێبێكدا بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە، بەڵكو لەڕێگای گێڕانەوە بە (تۆمار) كراوی، لەدووتوێی یادەوەرییدا دەستمان پێیگەیشتووە، لەباری سێیەمدا، دەبێ خەسڵەتە شەفەوییەكانی شیعرییەتی جاهیلی و مەودای كاریگەرییەكەی بەسەر نووسینی شیعرییەتی عەرەبی لەچاخەكانی دواتر بپشكنین، بە تایبەتی لەڕووە ئیستێتیكییەكەیەوە.**

---

[*] لەبری (الشعریە= Poetic) بەكار هێنراوە، دەشێ لە زمانی كوردی وشەی (شیعرایەتی)یش، یان (شیعرێنی) بەكار بهێنرێت.

[†] الجاهِلِیَّة - جاهِلِیَّة :- بەو سەردەمە نەزانی و گومڕاییە دەگوترێت، كە عەرەب پێش ئیسلام تێیدا دەژیا...المعجم الوسیط

[‡] الشفویة=Verbal = زارەكی. بەڵام من خودی وشە عەرەبییەكە (الشفویة) بە ڕێنووسی كوردی (شەفەوییەت) بەكار هێناوە، لەبەر هارمۆنیەت و گونجان.

(2)

**شیعری[] جاهیلی بە شێوەی "سروود- ئاوازخوان"ی[**] لەدایکبووە، واتە وەك بیستراو، نەك وەك خوێنراوە، وەك گۆرانی (Song) نەك وەك نووسین. لە شیعری جاهیلیدا (رۆحی زیندوو، دەنگە) موزیکاش موزیکای جەستەیە. وەك ئاخاوتن وایە و شتێکی دیکەشە، کە تەجاوزی ئاخاوتن دەکات- ئاخاوتن دەگوازێتەوە، ئاخاوتن رێگای گوازتنەوە دەگرێ، بە تایبەتی نووسراو. لێرە ئەوەی دەلالەت لە ناخی**

---

[] (قودامە ئیبن جعفر،337ك) دەڵێت:- شیعر گوتنێکە خاوەن کێش و سەروا، دەلالەت لە مانایەك دەکات. بەلاّم (ئیبن سینا، 427ك) دەڵێت:- شیعر ئاخاوتنێکی خەیاڵکراوە، لە کۆمەڵێك گوتنی ریتمی هاوگونجاو، یەکسان پێکهاتووە و کێشەکانی لەدواین پیتدا دووبارە دەبێتەوە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الإيقاع في شعر سميح القاسم، دراسة أسلوبية، إعداد، صالح علي صقر عابد، غزة-فلسطين، 2011-2012، ص7.

[**] لەبری وشەی "ئشید" بەکار هێنراوە. ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی بە (أنشودة: اغنية: ترنيمة، مزمور=psalm، ode) ... رەگی (نشد) لە بواری هونەری: قِطْعَةٌ منَ الشِّعْرِ تُنْشَدُ على إِيقاعٍ واحِد=hymn، anthe - دێت. بەلاّم وشەی (ئاواز)ی کوردی لە زمانی عەرەبی بە (نغم، إيقاع، لحن...) دێت، بۆیە دەکرێ وشەی "سروود"یشی بۆ بەکار بهێنین، کە لە عەرەبی بە (نشيد، غناء) دێت. بەکورتی لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە شیعری جاهیلی هەر تەنها لەسەر هۆنینەوە و ریتم و رێکخستنی ئاواز ناوەستێ، یان تەنها سروودێکی ریتمدار نییە، بەڵکو فیکریشە.

ئـەو پەیوەندییـە و سـرووودەکەی دەکـات، ئـەوەی نێـوان دەنـگ و ئاخـاوتن، شـاعیر و دەنگەکـەی، ئـاڵۆز دەکـات، پەیوەنـدی نێـوان خـودی تاکە، کە سڵ لە کەشفکردنی خۆی و ئامادەیی ئەو دەنگە دەکاتـەوە، کـە ناوێری دیاری بکات. کاتێ ئاخاوتن وەك ئـاوازخوانی/سـروود دەبیسـین، هەر تـەنها پیتـەکان نابیسـین، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو قەوارەیـەش دەبیسـین، کـە لەڕێگایـەوە دەبێـژرێ، ئـەوە دەبیسـین، کـە تـەجاوزی جەسـتە دەکـات، بـەرەو فـەزای رۆح. لێـرە دال هـەر لـە خـودی وشـەدا نییە، بەڵکو لەو وشـەیەدایە، کە لـەڕێگای بـزواوەوە دانـی پێـدادەنرێت، وشـە-موزیـك (Music)، وشـە- ئـاوازخوانی. بـەمجۆرە هـەر تـەنها ئامـاژە بـە دەلالـەتێك ناکـات، بـەڵکو هێزێکـی فرەجـۆرە لـە ئامـاژە. خودێکە بەرەو (ئاخاوتن- گۆرانی) دەچـێ. بـۆ خـۆی ژیـان- زمانـە. یـان لـە فـۆرمی زماندایـە. لێـرە لـە شـیعریی جاهیلیـدا هاوگونجـانێکی قـوڵ لـــەنێوان بـــەهای ئاخـــاوتن و دەنـــگ و ناوەڕۆکـــە ســـۆزئامێز و هەڵچوونئامێزەکەیدا هەیە.

(3)

---

دەنگ (صوت) لە لەرینەوەی چرکەکانی جەستەوە درووست دەبێت و بەهۆی هەواوە بە گوێچکە دەگات. پرنسیبی چۆنیەتی درووستبوونی دەنگ، لەڕێگای بەریەککەوتنی جەستەکان، لێکخشاندن، کۆلێنی جەستەکان، با تێکردنی جەستەکان...

موزیکا زمانێکی جیهانییە بۆ گوزارشتکردن و لە هەموو شتێکدا بوونی هەیە، هەموو مرۆڤێکیش رەنگ و دەنگی جیاوازی خۆی هەیە، لەوانە دەنگی دڕ، نەرم، بەهێز، بێهێز، هەندێك دەنگ لە سۆزەوە هەڵدەقولێت، هەندێك لە رقەوە...

هەر لەسەرەتاوە شەفەویەت، بیستن دەسەپێنێ. یەکەمجار دەنگ داوای گوێچکە دەکات. بۆیە شەفەویەت هونەرێکی تایبەتە بە گوتنی شیعریی، ناکەوێتە سەر تەعبیرکردن، بەڵکو بە شێوازی تەعبیرکردنەوە بەندە، بەتایبەتی شاعیری جاهیلی، بەگشتی ئەو شتانە دەڵێ، کە بیسەر پێشتر شتیان لەبارەوە دەزانێ:- لە دابونەریتەکانیان دەدوێت، شەڕ و کاریگەرییەکانی، سەرکەوتن و هەرەسەکان. لەوەدا دەردەکەوێ، کە تاکایەتی شاعیر لە ئاشکراکردندا نییە، بەڵکو لە رێبازی ئاشکراکردن، یان روونکردنەوە دایە، بەلاَم ئەو بەختە لە تاکایەتی و دواتر لەسەرسامکردنی بیسەر چۆن دەکەوێتەوە، ئەوە بە هەڵبەستنی[1] جیاوازانەی رێبازەکەیەوە بەند بووە، تەنها ئەوە لەسەر شاعیری جاهیلی بوو، کە: ئامادەیی کۆ، ژیان و بەهای ئەخلاقی، وێنەی تاکانە.. لەرێگای زمانی شیعریی، بە بەشداربووە گشتیەکان بگەیەنێت. دەکرێ بڵێین شاعیری جاهیلی لەوەدا نەیدەتوانی قسە لەخۆی بکات، بەقەد کۆمەڵ، یان ئەو قسەی لەخۆی نەدەکرد تەنها لەرێگای قسەکردن لە کۆمەڵ نەبێت. ئەو شاهیدێکی ئاوازخوان بوو. کەواتە نەدەبوو لە گوتنی شیعریی جاهیلیدا:- یەکیەتی گوتراو، فرەیی گوتن، هەموو ئەو پارادۆکسانە، نامۆ بکەونەوە!

[1] لەبری وشەی (ابتکار) بەکار هێنراوە، کە لە زمانی کوردی بە مانای جوانکاری، داهێنان، لە نوێوە شت درووستکردن، دەرهانین، هەڵخستن، شیرین کاری.........

(4)

بـۆ گواسـتنەوە، لەلایـەك (ئـاوازخوانی/سـروود) و یـادەوەری لـەبری کتێـب، شـیعری جاهیلیـان بـڵاو دەکـردەوە، لـەلای دووەم شـیعر لەبـەر دەکرا(دەرخ دەکرا).

ئەگـەر لـە زمـانی عـەرەبی، بـۆ رەگـی وشـەی (ئـاوازخوانی/سـروود) بگەڕێینـــەوە، دەبیـــنین واتـــای (دەنـــگ)، بەرزکردنـــەوەی دەنـــگ دەگەیـەنێت. شـیعر ئـەوە بـوو، کـە خـەڵکی وەك ئـاواز، دەیانخوێنـد. ئەگەرچـی ئەسـڵ لـە شـیعری جاهیلیـدا ئەوەیـە، کـە وەك ئـاواز دەخوێنرێت، بـەلاَم ئەسڵ ئەوەیە، کە شاعیر خودی خـۆی بە ئـاواز قەسـیدەکەی بخوێنێـت. شـیعر لـە دەمـی بێژەرەکەیـەوە جوانـە، وەك ((جاحز))*** گوزارەی دەکات. ئەوەش ئاماژە بـەوە دەکـات، کـە عـەرەبی جـاهیلی ئـاوازخوانی شـیعریی، بـۆ بـەهرەی دیکـە دەگێڕنـەوە، کـە دەخرێتـە سـەر بـەهرەی گـوتن. بەڕاسـتی بـۆ بـەهرەی ئـاوازخوانی هـەبوونی هەسـتی بیسـتن، بایـەخێکی لەڕادەبـەدەری هەیـە، واتـە لـە

*** جاحظ الکناني: ناوی ئەبو عوسمان کوڕی عومەری کوڕی بەحری کوڕی مەحبوبی کوڕی فەزارەی ئەلیسی ئەلکنانییە، لە ساڵی 159ك لە شاری "بەسرە" هاتۆتە دنیاوە، هەر لە هەمان شار لە ساڵی 255ك کۆچی دوایی کردووە" هەندێك دەڵێن عەرەبە و لە هۆزی کینانە، هەندێکی دیکە دەڵێن ئەسڵی بۆ "زنج" دەگەڕێتەوە، تەمەنێکی زۆر ژیاوە و کۆمەڵێك کتێبی پڕ بایەخی لە بواری زانستی ئەدەب و سیاسەت و مێژوو و ئەخلاق و گژوگیا و ئاژەڵ .... بەرهەمهێناوە لە وانەش"البیان والتبیین وکتاب الحیوان والبخلاء".......

کێشکردن و کاریگەری. بەتایبەتی چونکە هەستی بیستن لە جاهیلیدا بنەچەی ئاگایی ئاخاوتن و شادی[†] بووە. وەك (ئیبن خەلدون)[‡] تەعبیری لێدەکات "باوکی توانا زمانییەکان بوو".

---

[†] لە بری وشەی (الطرب) بەکار هێنراوە. لە زمانی عەرەبی وشەی (فَرَح، غَنَى.. طَرَب.: طرب – بواری: گشتی: جَذَل، نَشْوَة) بەکار دێت. ماناکەی لە زمانی کوردی بە (خۆشی، شادی، بەزم، دڵ کرانەوە..) دێت.
الطرب: واتە لەزەتی سەلبی لە بواری موزیکدا ئەوەیە، کە پێی دەگوترێت (الطرب) ئەو وشەیە لەو دواییەدا لە رۆژنامەکانی میسردا مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە، ئەوەیە کە شەقڵی کارتێکردن و هەڵچوونی سەلبی بەسەردا زاڵە، ئامانجی (طرب) ئەگەر وەکو ئامانجێك بۆ کارتێکردنی موزیك وەربگیرێ ئەوەیە کە هەڵچوونێك لە مرۆڤدا درووست بکات، چ هەڵچوونێکی ئارام بەخش بێت و ئەعسابی مرۆڤەکە هێور بکاتەوە و گێرمە و کێشەکانی ژیانی لێ بڕەوێنێتەوە، یان هەڵچوونێکی ئەوەندە توووند بێت، کە گیروگرفتە واقیعیەکانی لە بیر بەرێتەوە و وای خەریك بکات، کە زۆر کەم بەلای کاروبارە جیدییەکانی ژیاندا بچێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- گوزارشتی مۆسیقا، نووسینی فوئاد زەکریا، و: حەمە کەریم عارف، www،pertwk.cim.

[‡] (ابن خلدون) ولي الدين أبو زيد عبد الرحمن بن محمد بن محمد بن الحسن بن جابر بن محمد بن إبراهيم بن عبد الرحمن بن خالد (خلدون) الحضرمي. ئیبن خەلدون، لە ئەفریقیا ئەوەی ئەمڕۆ بە —تونس- ناودەبرێت لە رۆژی چوارشەممەی 1ی رەمەزانی 732ك بەرانبەر 1332/1/27ز لە دایکبووە و لە رۆژی هەینی 28ی رەمەزانی 808ك کە دەکاتە 1406/4/19ز لە گۆڕستانی "سۆفیەکان" لە باکوری —قاهیرە-ی —میسر- نێژراوە. ئیبن خەلدون ئەستێرەناس و ئابوریناس و مێژوونووس و فیۆلۆژی و بیرکاریزان و فەیلەسوف و دامەزرێنەی سوسیۆلۆژیا... بوو. کۆمەڵێك کاری دەگمەنی لەدوایی خۆی بەجێهێشتووە، لە هەرە بەناوبانگەکانی کتێبی " مقدمة ابن خلدون"......

ئـەوەی لـەو ڕووەوە سرووشـتییە، ئەوەیـە، کـە کاریگەرییەکـە جـوان و قوڵ بکەوێتەوە، بە قەد ئاوازخوانی جوان بێت.

(ئـاوازخوانی/سـروود) جگـە لـە فۆرمێـك لـە فۆرمـەکانی گـۆرانی چـێژ نییـە. کەلـەپوری ئـەدەبی عـەرەبی، بـە ئامـاژە کـردن بەوانـەی، کـە جـەخت لـەوە دەکەنـەوە، خـۆی کـۆ دەکاتـەوە. زۆر لەوانـە شـاعیرە ئاوازخوانـەکانیان بـە باڵنـدەی ئـاوازخوان چـواندووە، شـیعرە ئاوازخوانیەکـەیان بـە ئاوازەکانیـان. ئەگـەر گـوتنی (حسّـان بـن پابت)[***]ی بۆ زیـاد بکـەین، کـە بـە "شـاعیری پێغەمبـەر د.خ" وەسفی دەکەن، ئەوە یەکێکە لە بەیتە بەناوبانگەکەی:-

**تغنّ فی کلّ شعرٍ أنت قائِلهُ**

**إن الغناو لهژا الشعرِ مچمارٌ**

لـە جاهیلیـدا پەیوەنـدی ئۆرگـانی نێـوان شـیعر و گـۆرانیمـان بـۆ دەردەکەوێت، هەر لێرەشەوە دەلالەتی ئەو گوتنـەمان بـۆ دەردەکـەوێت، کـە دەڵێـت عـەرەب "شـیعر لـەڕێگای ئـاوازەوە هاوسـەنگ دەکـات" یـان "ئـاواز تـەرازووی شـیعرە". "المرزبـانی، الموشّـح، ص39"****. (ابـن

---

[***] شاعیری عەرەب و لە هاوەڵی ئەنسارییەکانە، سەر بە هۆزی (خەزرەج)ە و خەڵکی (مەدینە)یە، یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکان

**** أحمد بن إبراهیم طباطبا ابن إسماعیل بن إبراهیم بن الحسن بن الحسن بن علي بن أبي طالب، عالم، وشاعر، وأدیب، ذکر المرزباني في "معجم الشعراء" ص 463... :

**رشيق) دەگاتە ئەوەی کە بڵێت (ئاوازخوانی بنەچەی سەروا و کێش ە، العمدە:-15/1)، بە جەختکردن لەوەی کە"کێشەکان-اوزان- ڕێسای میلۆدین، و شیعرەکان پێوانەی ژێیەکانن، هەمان سەرچاوە، 9/1". دەلیلەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە شیعر بە نسبەت عەرەبی جاهیلی، گۆرانی و ئاوازخوانییە، کتێبی "الاغانی، لابی الفرج الاصفهانی"***** کە لە بیست و یەك بەرگ پێکهاتووە و پەنجا ساڵ خەریکی نووسینی بووە.**

---

ئەبو عەلی حوسێن ئیبن رەشیق (ئەلقەیرەوانی) یەکێکە لە رەوانبێژە بەناوبانگەکانی عەرەب کۆمەڵێك کتێبی نووسیووە لەوانەش (کتاب العمدە) بە دروستکەری شیعر ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی 390ك لەدایکبووە و لەساڵی 456ك کۆچی دوایی کردووە.

‡‡‡‡ لە بری وشەی (القافیة) بەکار هێنراوە، کە دەکاتە دوا وشەی دێری هۆنراوە.

هەر شیعرێك لەسەر کێش درووست بووبێت (واتە شیعری کێشراو) بریتییە لە هاوژمارەیی بڕگەکان لە هەردوو نیوە دێری شیعردا، یان لە باڵی راست ((سەدر) و باڵی چەپ (عەجز)دا.

***** ئەبو ئەلفەرەح عەلی کوڕی حسینی. کوڕی محەمەدی هەیسەمی کوڕی عەبدولرەحمانی کوڕی مەروانی کوڕی عەبدوڵلای محەمەدی کوڕی مەروانی کوڕی حەکیمی کوڕی ئەبو ئەلعاسی کوڕی ئومیەیە، واتە لە بنەچە عەرەبە، بەلاّم بە ئیسفەهانی ناوی دەرکردووە، چونکە لەوێ لە ساڵی (283ك) بەرانبەر بە (897ز) لە دایکبووە، یەکێکە لە ئەدیبە عەرەبەکان و خاوەنی "كتاب الأغاني" ئەو کتێبەی بۆ (سەیفی دەولەی ئەلحمدانی) داناوە، سەیفی دەولەش هەزار دیناری خەلاّت کردووە، هەڵبەتە ئەو کات ئەو پارەیە بڕێکی زۆر بووە، بەلاّم کاتێك (ئیبن عباد) گوێی لەو خەلاّتە بووە،

(ئیبن خەلدون) ئەو دیاردەیە شیدەکاتەوە و دەڵێت:- ئاوازخوانی لە سەرەتایی ئیسلامدا بەشێك بووە لە هونەر، چونکە پاشکۆی شیعر بووە، گۆرانی گوتن ئاوازی موزیکی بووە، نووسەر و چاکەکاران لە هۆزی دەوڵەتی عەباسی خۆیان بەوە دادەنا، کە کۆمەڵێکن بۆ شێوازەکانی شیعر و هونەری شیعری بە پەرۆشن. بە دیاریکراویش گۆرانی گوتن، چونکە "ئاواز شیعرە کێشدارەکانە، لەڕێگای دابڕکردنی دەنگەکان لەسەر بنەچەیەکی ڕێکوپێك". (المقدمە، ص488).

بەڵام لە جاهیلیەتدا ئاوازخوانی شیعریی، لاسایکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە هەتا چاخەکانی دواتریش بەردەوام بوو. هەندێك لە شاعیران بۆ نموونە، بە وەستاوی ئاوازیان دەخوێند. بەڵام هەندێکی دیکە، وەك جۆرێك لە گەورەیی، ڕەتیان دەکردەوە، کە بە دانیشتنەوە ئاوازخوانی بکەن. هەندێکیان دەست، یان هەموو جەستەیان دەجولاندەوە، وەك دەگێڕنەوە (الخنساو) وابوو "دەهەژا.. تەماشای تەنیشتەکانی خۆی دەکرد"، لێرەوە ئەوەی لە شەفەویی

---

گوتویەتی: سەیفی دەولە خەلاَتەکەی کەم داناوە، دەبایە دوو ئەوەندە بێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الثاني، دار اسامة، الاردن-عمان، ط1، ص59.

(الخنساء) کچی عومەر (575-664) ژنە شاعیری سەردولکەخوانی سەردەمی جاهیلی و ئیسلامی لە هەرێمی (نەجد) ژیاوە، لەدوایی سوتانی برا بچوکەکەی کتێبێکی شیعری داناوە، لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان کۆچی دوایی کردووە.

**بەجێدەهێنرێت (دەربڕین= ئیلقایە)[□□□□□] لەنێوان کاری دەنگی و کاری جەستە، لەنێوان کاری وشە و کاری جولە (مەبەست لە حەرەکەی وشەیە- واتە سەرەو بۆرەو ژێرە. و:-ك).**

**هەندێك لە شاعیران کاتێ ئاوازخوانیان بە شیعر دەکرد کراسێکی جوان و جیاواز لە کراسی ئاساییان لەبەر دەکرد، وەك ئەوە ئاوازخوانی ئاهەنگی-بووك گواستنەوە، یان جەژن، بێت. لە چاخەکانی دواتریش هەندێك خۆیان بە پۆشاکی رابردووی شاعیرە جاهیلیەکان دەڕازاندەوە- بۆ جەخت کردن لە پەیوەندی زیندووی نێوان ئێستا و رابردوو.**

**لەنێوان ئەو شاعیرانەی، کە لە جاهیلیدا بەجیدییەتی ئاوازخوانیەکەیان ناسراون "الاعشی- أعشی قیس"[□□□□□]، بە "سەنجژەنی عەرەب"****** ناوزەد کراوە، دەڵێن (معاویە)[□□□□□□] بەو**

---

[□□□□□] لەبری وشەی (إلْقاء= diction) بەکار هێنراوە، لە زمانی عەرەبی رەگی ئەو وشەیە لە (لقي) هاتووە بە مانای (اِطِّرَاح ، نَبْذ) یان ( تِلاوَة ، تَسْمِيع ) دێت.

§§§§§ (اعشی قیس، 570-629ك) ناوی مەیمون کوڕی قەیس بە (اعشی) ناوبانگی دەرکردووە، چونکە شەوکوێر بووە، لەسەردەمی ئیسلامەتی ژیاوە، بەڵام موسڵمان نەبووە لە (یەمامە) کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە شاعیرانی چینی یەکەمی جاهیلی، لەشیعرەکانیدا وشەی فارسی زۆر بەکار هێناوە و شیعریشی زۆر هەبووە، بە تایبەتی شیعری درێژ، یەکێ بووە لە وانەی کە شیعری بە پارە دەگووت.

****** (سیمبالژەن= سەنجژەن- الصَّنْجُ =cymbal ) لە بری وشەی (الصَّنْجُ) بەکار هێنراوە. سیمباڵ، سەنج، زەنگولە، دوو لەپکی مادەنییە، کە دەکرێتە دوو پەنجەوە و

ناوە، بانگی کردووە. بۆ ئەو ناوە کۆمەڵێ شیکردنەوە هەیە:- دەڵێن بۆیە بەو ناوە بانگ کراوە، چونکە "شادی بە عەرەب دەبەخشی" یان چونکە ئەو بە شیعر "گۆرانی دەڵێت"، یان چونکە عەرەب لە شیعری ئەو، "گۆرانی زۆریان گوتووە" یان "لەبەر باشی شیعری ئەو" یان "لەبەر جوانی ئاوازەکانی". هەموو ئەو شیکردنەوانە شیعر بە ئاوازخوانی دەبەستنەوە. ئەوەش ئاماژە بە قسەیەکی "فرزدق"□□□□□□□ دەکات، کە شاعیر "عباد العنبری" دوای ئەوەی ئاوازخوانییەکەی

---

دەدرێن بەیەکدا بۆ رەزم راگرتن لە بەزمدا.. هەندێك جۆر کە پێی دەڵێن سیمباڵی کراش (Crash cymbals) دەوریان بە چەرم دادەپۆشرێن دەدرێن بەیەکدا تاکو زرنگە کانزایەکەی زۆر کەمبێتەوە. بڕوانە:-فەرهەنگی مۆزیك، ئەسعەد قەرەداغی، دەزگای توێژینەوە و بلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپی 1، 2010، ل116.

†††††† معاویەی کوڕی ئەبو سفیان یەکەمین جێنشینی دەوڵەتی ئومەویەکان بوو، لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ساڵی 21ك والی شام بووە، لە پاش کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان، خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تالب شوێنی گرتەوە و لەنێوان ئەو و مەعاویە کێشە درووست بوو، هەتا (ئیبن مەلجەم) عەلی کوشت، پاشان حوسێنی کوڕی بەپێی پەیمانێك جێنشینی بۆ مەعاویە بەجێهێشت، پاشان مەعاویە دەوڵەتی ئومەوی دامەزراند و (دیمەشق)ی کرد بە پایتەختی خۆی و جێنشینی بۆ کوڕەکانی بەجێهێشت.

□□□□□□□ ئەلفرزدق، شاعیری بەناوبانگی سەردەمی جاهیلی ئەبو فیراس هەمام کوڕی غالب، سەر بە هۆزی تەمیمی بووە، لە بەر شیعرە جوان و بەرزەکانی لە چینی شاعیر (زهیر بن ئەبو سلمی) دانراوە. لە ساڵی 38ك لە دایکبووە و لە ساڵی 110ك لە شاری "بەسرە"ی عیراق کۆچی دوایی کردووە.

**گوێبیست دەبێت " باسی دەکات و دەڵێت:- "ئاوازخوانییەکەت لە تێگەیشتنی مندا شیعر جوان دەکات".**[§§§§§§]

**(5)**

**ئاوازخوانی/سروود، جەستەیە و جومگەکانی کێش و ئیقاع[*******] و (نەغمە-نەوا)[†††††††]، وەڵامدانەوەی گوێچکەش لەسەر بڕیارە دەوڵەمەندەکانی دەوەستێت. هونەری ئاوازخوانی لە دەنگدایە، بەرانبەر خۆی هونەرێك فەرز دەکات، ئەویش لە بیستندا (هونەری بیستن، و:-ك). هەموو ئەو بڕیارانە بە گەیشتن دەگات، و بەرە بەرە بونیادی ریتمی[‡‡‡‡‡‡‡] تایبەت بەخۆیان هەڵدەبەستن.**

---

[§§§§§§] ناوی تەواوی محەمەد کوڕی معاز کوڕی عیبادی کوڕی میعازی عەنبەرییە. لەسەردەمی ئیسلام ژیاوە. بۆ زێتر شارەزابوون لە شیعر و ئاوازخوانییەکەی بڕوانە: علي الجندي، الشعراء وانشاد الشعر، القاهرة 1969.

[*******] ئیقاع وشەیەکە لە رۆشنبیریی عەرەبی دەلالەت لە پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی موزیك دەکات، لە زۆر کتێبی تایبەتدا پۆلینکراوە و قسەی لێکراوە، بەرانبەر چەمکی کێش لە شیعر دادەنرێت. لە شیعری گریکی و لاتینی و دواتر لە شیعری ئەوروپی ئێستا وشەی ئیقاع، یان "ریتم" بەکار هێنراوە، بۆ بەهونەر نواندنی شێوە مۆرفۆلۆژییەکانی زمان.

[†††††††] ئەو وشەیەم هەروەك خۆی بەکار هێناوەتەوە هەر نەغمەیەك لە نەغمەکان تەعبیر لە هونەرێکی ئەسیل دەکەن. واتە زەنگی وشە، دەنگی وشە، دەشێ بۆ وشەی (نَغْمة =رنَّة) نەوا، ئاواز، یان (sound)، (Tone)، (note).. بۆ بەکار بهێنرێت.

[‡‡‡‡‡‡‡] ریتم (Rhytm) لە دووبارەکردنەوەی دیاردەیەکی گرنگی دەنگی لە چەند جێگایەکی رێك، یان نزیکی بڕگەکان درووست دەبێت.

له جاهیلیدا ریتم (rhytm) به (سەرواداری) دەستی پێکرد، وەك زۆربەی توێژەران بۆی دەگەڕێنەوە. له شیعری شەفەوی جاهیلیدا سەرواداری شێوەی یەکەم بوو، واته ئاخاوتنی شیعری تاك رەوت.******** لەدوای ئەویش (رەجز)ە کە وەك سەرواداری به نیوەدێر دەگوترێت، بەڵام وەك کێش، به کێشێك دەگوترێت، که یەکەیەکی ریتمی رێکوپێکی هەبێت، یان به دوو نیوەدێر دەگوترێت. بەڵام قەسیدە ریتمی تەواو دەگەیەنێت، که دوو

§§§§§§§ السَّجْعُ:- ئاخاوتنێکی سەرواداری بێ کێش (وزن)ە. ... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانه: المعجم الوسیط

******** ئەو وشەیە له بری (نسق=system - order) بەکار هێنراوە. بەڵام لەڕووی موزیکەوە به (مۆتیڤ) دێت، مۆتیڤ له بنەڕەتدا له وشەی (Motive)ی لاتینییەوە سەرچاوە دەگرێت که به واتای رەوت یا (جوله) دێت. له هونەری موزیك لەڕێگای مۆتیڤەوە بنەمای دارشتنی میلۆدییەکان دێتــە ئەنجام. بڕوانه:- دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، غەمگین فەرەج، له بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی، زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەله پوری کوردستان، چ 1، 2005 هەولێر، ل24.

†††††††† (الرَّجَزُ) بەحرێکه له بەحرەکانی شیعری عەرەبی، ئەسڵی کێشەکەی له (مستفعلن) هاتووە، شەش جار، لەدوای ئەو (المشطور) و (المنهوك) دێت.

له بری وشەی (شَطَّرَ) یان (مسراع) بەکارهێنراوە.(نیوه دێر) بریتییە له نیوەی بەیت، جا چ "سەدر" بێت، یان "عەجز". (شَطَّرَ: بَيْتَ الشِّعْرِ : " حَذَفَ نِصْفَهُ).

وشەی (قَصِيدُ) به رێنووسی کوردی بەکار هێنراوە. له شیعری عەرەبی (القَصِيدُ ، والقَصِيدَةُ) له حەوت دێر و زێتر پێکدێت. (ئەحمەد هەردی) له کتێبی (عەرووز له شیعری کوردیدا) لەبارەی (قەسیدە)ەوە دەڵێت: لەشیعری تەقلیدیی عەرەبیدا له

نیوەدێری هاوسەنگ و کێشدارن، و شوێنی دوو سەرواداری هاوسەنگ دەگرنەوە.

لە رەگی وشەی (سەرواداری)دا، ئاماژەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی هەیە. دەڵێن:- کۆترەکە ئاوازی خوێند، واتە بانگی شادی دا. ماوشترەکە ئاوازی خوێند:-[**********] سۆزی بۆ لایەك نواند. کۆترەکە ئاوازی خوێند، گفتی دا، وەك ئاوازخوانی ماوشتر:- مەوالەکانی دەنگی[‡‡‡‡‡‡‡‡‡] یەك رێبازیان هەیە. لێرەوە سەرواداری مانای

---

ژمارەیەك بەیت پێکدێت، کە لەسەر یەك کێشن، هەروەها سەرباری قافیەی بەیتی یەکەم، دەبێ کۆتایی بەیتەکان لەسەر یەك قافیە بن. لە پەراوێزدا لەبارەی بەیتەکانی قەسیدە، بیروڕای ئیبن رەشیقی قەیرەوانی دەنووسێتەوە، کە دەڵێت "ئەگەر ژمارەی بەیتەکان گەیشتە حەوت، ئەوا قەسیدەیە، بۆیە دووبارە کردنەوە و درێژکردنەوەی لای کەس بە عەیب دانانرێت". بڕوانە:- عەرووز لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، وەگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی چ 1، 2009، ل57.

[**********] لە بری وشەی (الناقە) بەکار هێنراوە.

[††††††††††] هێڵی ژێر رستەکان لەلایەن من دانراوە، بۆ سەرنجدان لە ئەسڵی مەبەست لێرە هەردوو رستە عەرەبیەکە دەنووسمەوە: سجعت الحمامة. سجعت النّاقة.

[‡‡‡‡‡‡‡‡‡] (مَوَّالٌ) جۆرە ئاوازێکە جەخت لە تاکە بڕگەیەك دەکاتەوە و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە. دەشێ ناوی شیعری شەعبی لە (مەوال) بنێین، مەوالیش فرە جۆرە، شەشی و حەوتی و هەشتی و نۆیی و دەیی، هەیە. شەشی میسرییە و چوار نیوەدێری یەکەم یەك سەروای دیاریکراویان هەیە، بەڵام لە نیوەدێری پێنجەم جیاوازە، پاشان شەشەم هەمان سەروای چوار نیوەدێری یەکەمی هەڵگرتووە. مەوال فرە بابەتە، هەیانە ستایشە، یان سەرزەنشت.....

**هەنگاونان، یان نیازێکی سادە لە یەك ڕەوتدا. بەمجۆرە دەستەواژەکەم گواستەوە، بۆ ئەوەی زاراوەیەکی ڕیتمی پێکبهێنێت، و ببێتە کار:- سەرواداری واتە:- دەربرینی ئاخاوتنێك، کە کۆمەڵێك میانەی (Intervals) [1] هەبێ، وەك ناوبڕەکانی شیعر، بێ کێش. کەواتە بنەچەی وشەی سەرواداری واتە:- سادەیی و ڕاشکاوی و لێکچوونی ئاخاوتن، بەوەی کە هەر وشەیەك لە ڕستەدا، لە خاوەنی خۆی بچێت.[**********] (لسان العرب، مادە:- سجع).**

**بۆ سەرواداری لەڕووی هونەرییەوە، سێ بۆتە [2] هەیە:-**

**یەکەم:- دوو بەشی [3] هاوسەنگ و ڕاست لەگەڵ یەکتر، زیاد و کەمیان لەنێواندا نییە، لەهەمان کاتدا لەسەر ناوبڕی پیتەکان تەبان.**

---

[1] لە بری وشەی (فَاصِلَة - فَواصِل) بەکارهێنراوە.

[**********] واتە لە ئاوازخوانیدا هەر قسەکەرێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە.

[2] لەبواری عەرووز زێتر وشەی فۆرم یان شێوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە بواری موزیکادا وشەی بۆتە زێتر لە وشەی شێوە، قالب، فۆرم (form) بەکار دەهێنرێت. بۆتە ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەما و ڕێزمانێکی موزیکی دیاریکراو دەنووسرێن. ڕەگەزەکانی بونیادنانی بۆتە موزیکییەکان وەك (هارمۆنی harmony) (میلۆدی melody) (ڕیتم rhythm). سەرئەنجام هەر یەك لەو ڕەگەزانە بە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی سەرجەم بابەتە موزیکییەکان دادەنرێن. دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، غەمگین فەرەج، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان، چ 1، 2005 هەولێر، ل17.

نموونــه:- (ســنهُ جُــرِّدت، وحــالُ جهــدت، أيــدٍ جمــدت). بــەو بۆتــەیــە دەگوترێت، ناوی هاوجووت.□□□□□□□□□□□

دووەم:- لە دووەمدا واژەكان بەشێكی هاوجووتی سەروادارن، و ئاخاوتن هــەر هــەمووی ســەرواداره. نموونــه (إن إلينــا إيــابهم، ثــم إن علينــا حسابهم:- سوره الغاشيه:-2).

ئــەو بۆتــەیــە، وەك ڕەوانبێــژان دەڵــێن، جــوانترین ڕووه لــەڕووەكانی سەرواداری، بەڵام مەرجه خۆی بداته دەست ئەو بەكار هێنانه.

ســێیەم:- لــە ســێیەمدا، بەشــەكان وەك یــەكن، و ئەگــەر لــە یــەك ڕەگــەز نەبن، ئــەوه ناوبڕەكــان دەكەونــه ســەر پیتــه لێكنزیكــەكانی لای دەرەوە.***********

---

□□□□□□□□□□□ شیعری عەرەبی لە چەندین (بەیت-دێر) پێكهاتووه، هەر بەیتێك لە دوو نیوەدێر (میسراع) یان ( شەتر) پێكدێت. نیوەدێری یەكەمی پێیدەگوترێت (سەدر) و نیوەی دووەمیش (عەجز). هەر یەكە لە (سەدر) و (عەجز) لە چەندین تەفعیله پێكدێن، پێیاندەگوترێت (بەش: اجزاء) ئەو بەشانه بە گۆڕانی كێشەكانیان دەگۆڕێن. بڕوانه:- عەرووز لە شیعری كوردیدا، ئەحمەد هەردی، وەگێڕانی لە عەرەبییەوه، ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی سەردەم، سلێمانی چ 1، 2009، ل57.

§§§§§§§§§§§ هاوجووتی دوو جۆره: یەكەم بەبێ ناوبڕ، وەك:- ولستم بآخذيه إلاّ أن تغمضوا فيه- البقرة:276. دووەم، هاوجووتی بە ناوبڕەوه، وەك:- فأمّا اليتيم فلا تقهر وأمّا السّائل فلا تنهر- الضُحى: 9-10، وأنه هو أضحك وأبكى وأنه هو أمات وأحيا- النجم: 43-44.

*********** لەبەر ئەوەی (فەراهیدی) كێشی بۆ شیعر و ڕیتمی بۆ موزیك بەكار هێناوه، پێیوایه كێش بۆ پیتەكان وەك ڕیتمه بۆ موزیك، بۆیه دەتوانین لەڕوونكردنەوەی

**وەك هەمووممان دەزانین سەرواداری، بۆ سەرەتای ئیسلام دەگەڕێتەوە. پاشان بەرە بەرە ون دەبێت. وەك دەڵێن رەنگە ئەوەش پەیوەست بێت، بە زانستی غەیب و جادوگەران و بۆ سەردەمی جاهیلی**

---

کێشی دوو نیوەدێری (باڵی راست) و (باڵی چەپ) کە لە شیعردا وەك یەك دێنەوە، تەرجەمەی سەر رەگەزی موزیکی بکەین، هەڵبەتە وەك دەزانین رەگەزی موزیکی لە ریزبوونی چەند دەنگێك و ترپەیەکی ریتمییەوە سەرچاوە دەگرێت، تا دەگەنە یەکە و رەگەزە بەرفرەوانەکانی وەك (هارمۆنی) و (میلۆدی) و (ریتم). سەرئەنجام هەر یەك لەو رەگەزانە بە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی سەرجەم بابەتە موزیکییەکان دادەنرێت. دواتر ئەو موزیکە بەپێی پەیڕەوکردنی ئەو رەگەزە موزیکیانە دەنووسرێت (وەك چۆن کێشەکان بەپێی بەحرەکان دەستنیشان دەکرێن) دەچنە خانەیەك لە بۆتە موزیکییەکان، ئەویش لە پاش هەڵبژاردنی موزیك دانەر بۆ بۆتەیەکی دیاریکراو و پیادەکردنی یاسا و رێساکانی دارشتنی ئەو بۆتە موزیکییە لە دارشتنی بۆتە موزیکییەکەدا. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، غەمگین فەرەج، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی، زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلە پوری کوردستان، چ 1، 2005 هەولێر، ل 23.

لە بری وشەی (الكهّان) بەکار هێنراوە. (كَهُنَ ، يَكْهُنُ ، مصدر كَهَانَةٌ.كَهُنَ:- شَيْخُ القَبِيلَةِ). کەهان: جەمعی وشەی (کاهین)ە، چینێك بوون لە سەردەمی جاهیلی وەزیفەی ئاینیی بتپەرستیان هەبوو و خاوەنی دەسەلاتی ئایینی و کۆمەلایەتی بوون و لە پەرستگا و ماڵی خواکان دەژیان، بانگەشەی پێشبینکردن و نهێنیزانین و غەیبناسیان دەکرد، لەوانەش: أكثم بن صيفي، والمأمور الحارثي، ومن النساء زبراء كاهنة بني رئام.

(عُروە بن حِزام) بە جادووگەر ناویان دەبات. لە زمانی کوردی دەشێ بە غەیبزانان، پێشبینکەران، نهێنیگران،... ناویان بەرین. بەلام لێرەدا وشەی جادووگەران لە (عُرْوَة بن حِزام) خواستووە، چونکە زێتر لەڕووە ئاینییەوە ئامانج دەپێکێت. بۆ زێتر شارەزایی

**بگەڕێتـەوە، چـونکە (پیغەمبـەر- د.خ) لـە فەرمووەدیـەکی گێـڕاوەی تایبەتـدا سـەرواداری قەدەغـە کـردووە و دەڵێـت:- "إیـاکم وسـجع الکهّـان"  وەك دەگێڕنـەوە ئـەو لـە وێـرد  و**

---

بڕوانە: القرآن وسجع الکهّان، کریم عبید، مجلة الغةتن، العدد 35 - کانون الثاني2011.

(سجع الکهّان) سەجع: ئاخاوتنێکی سەرواداره. کەهان جەمعی وشەی کاهینە. دەستەیەك لە کاهینان یان (جادووگەران)، لەڕێگای ئاخاوتنی سەرواداره‌وە نیاز و بیرکردنەوە و لێوردبوونەوەکانی خۆیان بەشێوەی پەخشان دەگەیاند. یان جۆرێك لە پەخشان، کە دەکەوێتە پێش هەموو جۆرەکانی دیکەی پەخشانی جاهیلی، چونکە بە ئایینزایەك پەیوەست بوو، کە ئەوسات جێی خۆی کردبۆوە. ئەوسا پێیانوابوو هەموو کاهینێك بەشێوەیەکی بەرفرەوان لەڕێگای (جن)ێکەوە لە ئاسمانەوە هەواڵی بۆ دێت، و کاهینەکان لەڕێگای جنەکانیانەوە بە راییکردنی کاروبارەکانیان هەڵدەستان، وەك حوکمکردنی خەڵکی و یەکلاکردنەوەی دۆست و دوژمن، کاری چاکە و بەختگرتنەوە و دۆزینەوەی ماڵی دزراو و پێشبینیکردنی رووداوێك کە هێشتا رووی نەداوە... (سەجعی کەهان) تایبەتمەندی خۆی هەبوو، لەوانەش: دەستەواژەی کورت، پابەندبوون بە سەرواداری، رەوانی، یەکسانی لە میانەیی و بەبیرخستنەوەی دەستەواژەی نادیار .. ئەوانەش وایان دەکرد، کە گوێگر بتوانێ زیاد لە تەئویلێکیان بۆ بکات، بەوەیش کاهینەکان دووچاری شەرمەزاریی نەدبوونەوە. ئەو شێوازە لە سەرواداری پشت بە دابڕکردنی ئاخاوتنی یەك لە دوای یەك و هاوگونجاو لەگەڵ مانا دەبەستێت، کاهینەکە لەڕێگای نواندنی جۆرێك لە پیرۆزی و تەمومژی لە دەستەواژەدا هەوڵیاندەدا کار بکەنە سەر گوێگر. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: القرآن وسجع الکهّان، کریم عبید، مجلة الغةتن، العدد 35 - کانون الثاني2011.

لە بری وشەی (دُعَاءٌ: دَعَا) بەکار هێنراوە، لە زمانی کوردی واتە: پاڕانەوە، لالانەوە، داواکردن، بانگ کردن..........

ئاخـاوتنیش سـەرواداری حـەرام کـردووە، بـۆ ئـەوەی لـە ئاخـاوتنی (جادوگەران/کەهان) نەچێت، چونکە سەرواداری ئەوان، وەك ئەوەیە غەیبزانی بنوێنن.

بـەلأم لەسـەردەمەکانی دیکە سـەرواداری دەرکەوتـەوە، و بەتایبـەتی لـە شێوەکانی (پەخشان)ی ئەدەبی و لـە گوتارەکـان و نامـەکان و مقامـەکان بەکاریان دەهێنا. لە قۆناغەکانی دوایدا ئەو بەکارهێنانە گەیشتە پلەی زێدەڕۆیی و هۆگربوون، لەگەڵ ئەوەدا، بووە شتێکی بۆش.

بـەلأم قەسـیدە دەکرێتـە نیـوەدێر، دەڵێن:- چیلکەکەی دوو لـەت کـرد، واتـە کردیـە دوو نیـوە، یـان لـە نیوەیـدا لـەتی کـرد. ئـەو ناونانـە وەك گوتن بـەپێی مانـا نایـەت، بـەڵکو لـە شـێوەکەیدایە، ئـەویش لەتکردنـە، واتە نیوە. بەلأم بـە پێچـەوانەی ئـەوەوە (ئـیبن خەلـدون) وای دەبینـێ، کە ناوی قەسیدە لە خۆ لەبابەت لادانی خاوەنەکەی هاتووە، لـەوەی کـە نیازیەتی، و دەرچوون لەو نیـازە "لەهونەرێکـەوە بـۆ هونـەرێکی دیکـە، لە نیازێکەوە بۆ نیازێکی دیکە، تا پێ لە نیـازی یەکـەم و ماناکـەی بنـێ، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ نیازی دووەم بگونجێنـێ" (المقدمه، ص569).

((جـاحز)) لـە شـیکردنەوەیەکی دیکـەدا دەڵێـت:- بۆیـە قەسـیدە وا نـاونراوە "چـونکە ئـەوەی دەیڵـێ لـە خولیـا و خـەیاڵی خـۆی درووسـتی

دەکات و نیازێکی تێدایە************ (......) و کۆشش بۆ باش گوتنی دەکات. ئەوەش فێڵکردنە لە قەسیدە" (البیان والتبین:- 7/2).

لە گوتنی شیعریدا شێوەی قەسیدە وای لێهات. دەشێ ئەوە بۆ زۆرترین توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییە دەروونییەکان بگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەی زۆرترین ئامادەبوونی بۆ گۆرانی و ئاوازخوانی تێدا بەدی دەکرێت.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لە قەسیدەدا بوونی دێر لە خودی خۆیدا یەکەیەکی سەربەخۆیە، وەك دەبینین بۆ پێداویستی ئاوازخوانی و گۆرانی گوتن دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو پێداویستیانەی کە بە بیستن و کاریگەرییەکەیەوە بەندە، نەك بۆ سرووشتی عەقڵی عەرەبی وەك هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن و پێیانوایە ئەوە عەقڵی عەرەبیە (بەش)ی لا مەبەستە، نەك (گشت).

کەواتە هەر دەبێ لە قەسیدەدا ئاماژە بە سەروا بکەین، کە لە پلەی یەکەمدا، تایبەتمەندییەکی ئاوازخوانی-موزیکیە، لە

************ لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە وشەی قەسیدە لە - قەسد- واتە (نیاز) هاتووە، ئیتر لە نیازی یەکەمدا- واتە قەسیدە- نیازێکی دیکەی هەیە. کەواتە نیازی دووەم فێڵکردنە لە (نیاز-قەسد)ی یەکەم.

لە پێناسەی موزیکدا دەتوانین بڵێین موزیکا لەنێو خۆیدا تێکەڵەیەکە لە دەنگی جۆراوجۆر بەپێی پلەی بەرزی و نزمی و توندی و هێمنی و بەپێی ئەو ماوە زەمەنیەی کە دەنگەکە دەیخایەنێت و بەپێی پەیوەندی دەنگەکان بە یەکترییەوە پێکهاتەیەك درووست دەکەن، پێی دەگوترێت رەگەزی نەغمە. بەڵام ماوەی زەمەنی تایبەت بە دەنگەکان

مەرجەكانیدا نابێ هەر بۆ خودی خۆی بێت، بەڵكو دەبێ لە ناوكۆیی (سیاق-context)ی دێردا بەشێكی چالاك بێت، لەگەڵ كێش و ماناكەی تەبا بێتەوە. كەواتە ئەوە شتێكی زیادە نییە، هەر تەنها پڕكردنەوەی بۆشاییش نییە، بەڵكو جەوهەرییە. "دوا دێر" كە دەبێ دووبارە بێتەوە، نوێنەرایەتی "پیت و سەرەو بۆرەو ژێرە-جولەی پیتەكان-" دەكات، نابێ شاعیر بێت، بۆ نموونە (چمەُ) لەگەڵ (كسرِ) بەكار بهێنێت، یان (كسرٍ) لەگەڵ (چمٌ)، هەروەها نابێ دووجاران هەمان سەروا دووبارە بێتەوە، وەك چۆن ناشێ بیلكێنین بەو دێرەی كە لەدوای ئەو دێت. هەموو ئەو مەرجانە جەخت لەوە دەكەنەوە، كە سەروا تایبەتمەندی موزیكی بنەرەتی خۆی هەیە، واتە وەك كۆمەڵێك پارچە تۆنی-ریتمداره، هەر تەنها كۆمەڵێك پیت و سەرەو بۆرەو ژێرە نییە. لێرەوەش پێویستە پیتە دووبارە كراوەكان وەك یەك بن، بەتایبەتی دەبێ گرنگی بە سەرەو بۆرەو ژێرە (جولە)ی دواین پیت بدرێت، لەوانەش جولەی

---

پێكهاتەیەك درووست دەكەن پێی دەگوترێت ریتم (ئیقاع). كەواتە موزیكا لە دوو رەگەزی سەرەكی پێكهاتووە ئەوانیش:- نەغمە و ئیقاعە.

خەوشێكە لە خەوشەكانی سەروا.

لەبری وشەی ئیقاع بەكار هێنراوە لە موزیكدا وشەی (Tone)یش بەكار دەهێنرێت. پێناسەی ئیقاع لە موزیكدا پێكهاتووە لە بەدوایەكداهاتنی زەمەنە جیاوازەكان، وەك كورتی و درێژی، ئیقاع رێكخستنی (لحن) تۆن (tune)ی موزیكیە لەڕووی زەمەنییەوە و بەپێی زەمەنێكی دیاریكراو.

**نەغمەکان************** . بەمجۆرە سەروا بە دێر دەدرێت و پاشان بە تەواوی قەسیدە دەدرێت، دواتر ڕەهەندێك لە هارمۆنیا و هاوچینی ، پاشان سرووشتێکی ڕێکوپێکی دەروونی و موزیکی و زەمەنی بۆ زیاد دەکرێت.**

(6)

**بەشی زۆری ڕەخنەی شیعریی عەرەبی لە چاخەکانی دواتر، لەسەر تایبەتمەندییەکانی شیعری شەفەوی جاهیلی دامەزراوە، وەك چۆن لەهەمان کاتدا تێڕوانینیشی بۆ شیعریەتی عەرەبی دامەزراند. لەوەشەوە کۆمەڵێك پێوانە و ڕێسا لەدایکبوون، کە تاکو**

---

************** لەبری وشەی (تَرَنَّم: رنم: غناء، شَدْو، ترْتيل، طَرَب، تَغْريد: Intonation) بەکار هێنراوە، لە زمانی کوردی واتە گۆرانی ،چریکان، وێرد، سۆزکردن...

ئەو وشەیە لەبری وشەی عەرەبی (التماثل) بەکار هێنراوە، بۆ زێتر گەیاندنی مەبەستە موزیکیەکەیەتی کە لە زانستی موزیك وشەی (Alliteration) واتە دووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ یان دەنگەکان یان پارچەیەك لە دوو وشەدا یان زێتر لە ڕستەیەکدا یان (لە کۆمەڵێك ڕستەدا) کە جێکەونەیەکی هونەری بەرفرەوان لەدوای خۆی جێبهێلێت... کە بشێ جەختکردن یان شیرینی یان لێکدوورکەوتنەوە.... بەرهەم بهێنێت. بڕوانە:- نعيمة،ميخائيل،الغربال،مقال الزحافات والعلل،107-127.

شیعری عەرەبی پێکهاتووە لە یەك دێر (البيت) یان دوو دێر و پێی دەڵێن (النتفة) یان سێ تاکو شەش دێر پێی دەڵێن (مقطوعة) دەشێ زێتر بێت و پێی دەڵێن (القصيده) قەسیدەی عەرەبی لە حەوت دێر یان زێتر پێکهاتووە، ڕەنگە بگاتە هەزار دێر یان زێتر.. زۆربەی قەسیدە عەرەبییەکان لەنێوان دە دێر هەتا سەد دێر دایە.

**ئێستا هەژموونیان بەسەر خودی نووسینی شیعریدا هەیە، هەروەها بەسەر لەیەك نزیکبوونەوەی چێژ و فیکر و مەعریفەی پەیوەست بە شیعر و مەسەلەکانی شیعر.**

**مەرجەکانی بەدواداچوونی هەموو ئەو مەسەلانە بۆ شیعرییەتی عەرەبی پێویستی بە مێژووی تایبەت هەیە. بۆیە قسەکانم لەوەدا کورت دەکەمەوە، کە خودی مەسەلەکان لەوەزێتر بەیەکەوە نوساو و لەوە پڕ بایەخترن، کە من لەو بە دواداچوونە دەمەوێت قسەیان لێبکەم:- ئەوانیش سێ مەسەلەن:- مەسەلەی لێکدانەوە[*] ، مەسەلەی کێش، مەسەلەی گوێگرتن.**

**(7)**

**دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، کە تیۆریزەکردنی شیعری شەفەوی جاهیلی، لەسەرەتاکانی تێکەڵبوونی رۆشنبیریی عەرەبی- ئیسلامی و رۆشنبیرییەکان دیکەی-گریکی، فارسی، هیندی، کارێکە عەرەب پێی هەڵساوە. بە ئامانجی جەختکردن لەوەی کە شیعریی عەرەبی تایبەتمەندی بەیانی[**************] و موزیکی خۆی هەیە و لە شیعری**

---

[*] لەبری وشەی (الإعراب =syntax) بەکار هێنراوە. ئەو وشەیە لە وشەی عەرەب هاتووە، وشەی ئیعراب واتە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر دوا وشەی عەرەبی دێت لە سەرەو بۆرە و ژێرە (رفع، نصب، جر، جزم).

[**************] وشەی (بەیان) وەك رەگ— لە بواری رەوانبێژی ، مُتَعَلِّقٌ بِعِلْمِ البَيَان= Eloquence، البيان، وەك زمان: کەشفکردن و دیارخستن دەگەیەنێت... وەك زاراوە: بنچینە و رێسا لەرێگایەوە تاکە مانایەك بە چەندین رێگا و پێکهاتەی جیاواز دەخرێتەڕوو:

**گـەلانی دیکـە جیایـە، هـەروەها بـۆ جـەختکردن لـە پاراسـتنی ئـەو تایبەتمەندییانــە و ممارەســەکردنی لــە کــاتی دانــانی شیعردا، وەك جیاکارییەك بۆ ناسنامەی شیعریی عـەرەبی، و ناسـنامەی شاعیری عەرەبی. بەلاّم سووربوون لەسـەر جیاکـاری و تایبەتمەنـدی لـە کاتی قۆناغی ئاوێتـەبوونی کۆمەلاّیـەتی و رۆشـنبیریی نێـوان عـەرەب و ئەوانیدیکە، بەتایبەتی لـە (بەسـرە)، پایتـەختی رۆشـنبیریی "ناوەنـدی زەوی و دلّــی دنیــا" وەك مێژوونووســێکی عــەرەب وەســفی دەکــات، سـووربوونە لەسـەر ئـەکتیڤبوونی عـەقلّی عـەرەبی. ئـەو کـات لـەنێوان خەلّکی جۆرێك لە زمـانگیری و ئـاواز بلاّوەی کردبـوو. فارســەکان کۆمــەلّێك دەســتەواژەی فارســیيان خســتبووە نێــو زمــانی عەرەبییـــــەوە، هـــــەروەها هەنـــــدێ رێســـــای زمانـــــەوانی و گرایمـەر، سـەرەڕای بلاّوبوونـەوەی موزیکاکـەیان. (گـە**

---

لەڕێگای هەقیقەت و مەجاز و پێکچواندن و درکە.. هەروەها بە هۆزێکی شیعە مەزهەب دەڵێن کە شوێنکەوتووی (بەیانی کوری سەمعانی تەمیمی)ن، لەدوایین ساتی دەوڵەتی ئومەوی دەرکەوتوون.لەبەر ئەوەی ئەو وشەیە زێتر رەگێکی ئایینی هەیە بۆیە هەر هەمان وشەم بەکارهێناوە... بۆ زیَتر شارةزایی بروانة: المعجم الوسيط

ئەو وشەیە لەبری وشەی (تأليف=writer=author) بەکار هێنراوە.

ئەو وشەیە لەبری (لُكْنَة: لَكِنَ) بەکار هێنراوە، واتە لە زمانیدا گیرییەك هەیە، نارِوونییەك.........

ئەو وشەیە ئینگلیزییە (grammar) لەبری وشەی (قواعد)ی عەرەبی بەکار هێنراوە.

**حسين)*************** بـارودۆخی ئەوسـای رۆشـنبیریی لـەوەدا کـورت دەکاتـەوە، کـە دەڵێـت:- ئەوسـا رۆشـنبیریی تێکەڵەیـەك بـوو لــە "رۆشـنبیریی عـەرەبی پـەتی، کـە پشـتی بـە قورئـان دەبەسـت، لەگـەڵ هەموو ئەوانەی کە بـە زانستی ئایینی و شـیعر و هـەموو ئەوانـەی بـە زمـان و سێنتاکسـەوە بەنـد بـوو- رۆشـنبیریی گریکـی، کـە پشـتی بـە**

---

*************** (تەها) لە 1889/11/15 لە گوندی (الكيلو)ی پارێزگای (المنيا) کە دەکەوێـتە ناوەڕاستی (میسر) لە دایکبووە، لە سێنزدە کوڕ ئەو حەوتەمین کوڕی (حوسێن)ی باوکی بووە. بە یەکێك لە ئەدیب و گەورە نووسەری عەرەب دەژمێردرێت، کە توانیوویەتی گۆڕانکاری لە پانتایی رۆشنبیریی عەرەبیدا درووست بکات، لە نێو بزاڤی ئەدەبی مۆدێرنی عەرەبی بە بەرجەستەترین کەسایەتی رۆشنگەری جیهانی عەرەبی دادەنرێت، کۆمەڵێك خەلاّتی پێبەخشراوە.

بە راگری ئەدەبی عەرەبی ناوزەد کراوە، سیرەی زاتی خۆی لە کتێبێك بە ناونیشانی (الايام) لە ساڵی 1929 بە چاپ گەیاندووە. ساڵی 1938 راگری کۆلیژی ئادابی میسری بووە و پاشان بەهۆی ناکۆکیان لە گەڵ حکومەتی (محمد محمود) وازی لە راگری هێناوە و هەر لە هەمان کۆلیژ وانەی گوتوتەوە هەتا ساڵی 1942 پاشان بە بەرێوەبەری زانکۆی ئەسکەندەرییە دامەزراوە، لە ساڵی 1944 وازی لە زانکۆ هێناوە و خۆی خانەنشین کردووە و پاشان لە ساڵی 1950 کە حوکمی میسر کەوتە دەست (حزبی الوفد) بە وەزیری پەروەردە دایانمەزراند تا ساڵی 1952. کۆمەڵێك کاری زۆر بە ناوبانگی لە بوارەکانی رەخنەی ئەدەبی و فیکر و فەلسەفە و شیعرو... هەیە، لە وانەش الفتنة الكبرى عثمان. الفتنة الكبرى علي وبنوه . كتاب في الشعر الجاهلي، من حديث الشعر والنثر، مرآة الإسلام، مع أبي العلاء في سجنه، في تجديد ذكرى أبي العلاء.

لە رۆژی یەکشەممە 1973/10/28 کۆچی دوایی کردووە.

زانستی پزیشکی و فەلسەفە دەبەست، رۆشنبیریی خۆرهەڵاتی، پرنسیپەکانی خۆی لە فارس و هیندییەکان و نەتەوە سامییەکان وەردەگرت، کە لە عیراق بلاّوەیان کردبوو (من حدیپ الشعر والنپر، الگبعه الپانیه،ص 90).

لەو کەشوهەوایەدا رێساکانیان بۆ زمان دانا، لە ترسی ئەوەی نەبادا ئاوازەکەی دزە بکات، یان بگۆڕدرێت بۆ قورئان و فەرموودەکان. هەروەها کێشەکانی شیعریشیان دانا، بۆ ئەوەی پارێزی لە ریتم و جیاکارییەکانی بکەن و نەبادا لەگەڵ کێش و ریتمەکانی شیعریی گریکی و سریانی و فارسی و هیندی تێکەڵ ببێت. هەروەها رێسایان بۆ دانانی (author) شیعر لەڕووی (چێژ و گەیشتن) دانا.

(8)

(ئیبن خەلدون) لە کتێبی (المقدمە)دا، ئاڵۆزی زمانی شەفەویی شیعریی دەخاتەڕوو، دەڵێت:- عەرەب شیعر بە ئاواز دەهۆننەوە و گۆرانی بەسەر بەهرە و (خۆرسکی) زگماکیدا دەڵێن، بەلاّم رێسایەکیان بۆ رێکوپێکخستنی ئەوانە نییە، بەڵکو پشت بە (چێژ) و (هەست) دەبەستن. ئەو کاتەش گوێگرتن دەبێتە باوکی بەهرە زمانیەکان، بەلاّم لەڕووی زمانەوانییەوە بەهرەی عەرەب دەگۆڕێت " بە بیستنی کۆمەڵێك سەرپێچی کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت، کە زمانیان عەرەبی نییە و لەڕێگای تێکەڵبوونیان بە خەڵکی –الحچر- بە عەرەبی دەدوێن". ئەهلی زانست لە عەرەب ترساون، نەبا "ئەو بەهرەیە پیس بکەن، و ئەو رێکەوتنە بەمجۆرە درێژە بکێشێت، و دەرگا لە

تێگەیشتنی قورئان و فەرموودەکان دابخەن، بەردەوام بەشێوەیەکی نیمچە گشتی ڕێساکانی ئەو بەهرەیە لە ئاخاوتنی خۆیان بەرهەم بهێننەوە و نەوە لە دوای نەوە ڕێزمان و هەموو ئاخاوتنەکانی خۆیانی لەسەر پێوانە بکەن، بۆ نموونە:- فاعل مرفوع، مفعول منصوب، المبتداو مرفوع..... پاشان بێن و گۆڕینی دەلالەت لە گۆڕینی سەرەو ژێرەو بۆرەی وشەکان هەڵگرنەوە، وەك زاراوە ناویشی لێبنێن ئیعراب، ئەو ناونانە پۆزەتیفەش بۆ ئەو گۆڕانە فەرز بکەن، و هەموو ئەوانەش وەك زاراوەیەکی تایبەت بە خۆیان بخەنەڕوو، لە کتێبکدا کۆتی بکەن، وەك دانانی تایبەتی خۆیانی دابنێن و ناویش لە زاراوەکە بنێن زانستی زمان (سێنتاکس)، (المقدمه،ص 454).

(ابو الاسود الدۆلی)[††††††††††††††] دەستی بەو کارە کرد، پاشان بەشەکانی دیکەی ئەو زانستە لەلایەن (الخلیل بن احمد الفراهیدی،

[††††††††††††††] ناوی زالمی کوڕی عومەری کوڕی بن سوفیان بن جندل لە باشوری (مەککە) لە دایکبووە، بەڵام مێژووی لە دایکبوونی دیاری نەکراوە، زۆربە لەسەر ئەوە هاوڕان کە تەمەنی خۆی لە (85) ساڵ داوە، وەك (ئیبن خولەکان)، (ئەبو فەرەج)، (خوانساری) و هتد.. ئاماژەی بۆ دەکەن، هەندێك دەڵێن لە (99ك) کۆچی دوایی کردووە، لەوانەش (ئیبن خولەکان) و هاوەڵەکانی، بەڵام بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان ساڵی وەفاتی دەگەڕێننەوە بۆ (69ك) .

بە یەکەم کەس دەژمێردرێت کە زانستی زمانی داناوە و ە بە فەرمانی (عەلی کوڕی ئەبو تالێب) خاڵی لەسەر پیتە عەرەبیەکان داناو. بە زانستی زمانەوانی ناوبانگی دەرکردووە و کاری لەسەر گێڕانەوەی فەرموودەکانی (پێغەمبەر) لە دەمی هەندێ لە هاوەڵەکانی کردووە.

100-170ك) تـەواو كـراوە. كـاری دیكـەی زمانــەوانی كـردووە بـۆ پارێزگاریكردن لە بابەتە زمانەوانییەكان، لـە ترسی لەناوچوون "هـەر لـە منداڵییـەوە بـە قورئـان و فـەرموودەكان پـەروەردە كـراوە، كتێبـی-العـین-ی دانـاوە" هـەموو پیتـە فەرهەنگیـەكانی لـە - الپنـائی والپلاپـی والربـاعی والخماسی-تێدا گـرد كردۆتـەوە، ئامـانجی ئـەوە بـووە كـە لـە (اللسان العرب)دا كۆتایی بە كۆكردنەوەیان بهێنێت. (هـەمان سەرچاوە، ل455).

(ابو الاسود الدۆلی) یەكەم كـەس بـووە، كـە بـە ئیعـراب كردنـی قورئـان هەڵساوە. دەگێڕنـەوە لەگـەڵ نووسـەرێك هـاتوو و رایسـپارد:- "ئەگـەر منت دیت دەمم بە پیتێك كراوە، تۆ لەسەری سەرەوەی پیتەكە خاڵێـك دابنێ، ئەگەر دەمم وێك هێنـاوە، ئـەوە خاڵێـك لـە نێـو دەسـتی پیتەكـە دانێ، ئەگەر شـكاندمەوە (كسـرت) خاڵەكە بخەرە ژێـر پیتەكـە، ئەگـەر دیتت لەوەوە دەنگێ لـە هەناسـەم هـات، لـە شـوێنیدا دوو خـاڵ دابنـێ".

ئەو خاڵانە نیشانەی ئیعراب كردنن و بۆ خوێندنەوەی درووست دەبنـە رابەری خەڵك.

لەپاش ئیعراب كردن ئەوسا (حونجە) دێت. (نصـر بـن عاصم الليپی) دەستـەیەك لە پیتـەكانی رێكخسـتووە، و

لەبری وشەی (الإعجام ) بەکار هێنراوە. (إعْجامُ) بەمانای ئاشکراکردنی وشە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەدا هەڵە نەکەیت، یان لابردنی ناروونییەکەی، رەگی وشەکە (أَعْجَمَ) ئەسڵی وشەکە لە (عجم) هاتووە، واتە ئەوانەی عەرەب نین، واتە

هەر پیتێکی لە تەنیشت پیتێکی دیکە داناوە، کە لە وێنەدا لەیەك بچن، پیتە لێکچووەکانی بە خاڵ لەیەك جیا کردۆتەوە، لەنێوان ئەو خاڵانە تاك و جووتیان جیاواز بووە، بابەتەکانیشیان جیاواز بووە، هەندێکیانی لەسەر پیتەکان داناوە و هەندێکیانی لەژێر پیتەکان داناوە.

بەمجۆرە ئامانجی ئیعراب جیاکردنەوەی بەشەکانی رستەیە، لەڕووی سەرەو بۆرەو ژێرە (ضماً وفتحاً وکسراً)، بەلاّم ئامانجی حونجە جیاکردنەوەی پیتە شێوە لێکچووەکانە.

(خەلیلی فەراهیدی)**************** کاری (ئەلدەئولی) تەواو کردووە، بۆ (فەتحە) ئەلفێکی بچوکی لاری لەسەر پیتەکە (ـَ) داناوە، بۆ

---

فارس. بۆ زێتر روونکردنەوە دەتوانین بڵێین لای عەرەب (نەحو) پێوەری وشەیە و (موعەرەب) و (مەلحون) لەیەکجیا دەکاتەوە.

§§§§§§§§§§§§§§§ ناوی نەسیری کوڕی عاصمی کوڕی عومەری کوڕی خالدی کوڕی حەرامی کوڕی ئەسعەدی کوڕی مالیکی کوڕی قەیسی کوڕی عامری کوڕی ئەلیسییە لە هۆزی کینانە، لە فیلۆلۆژییە بەرزەکانی زمانی عەرەبیە و بە یەکێك لە قوتابیانی (ئەبو ئەسوەدی دەئولی کینانی) دەژمێردرێت، دەڵێن ئەو بە فەرمانی (ئەلحەجاج بن یوسف) خاڵی لەسەر پیتە عەرەبیەکان داناوە.

**************** خەلیلی کوڕی عەبدولرەحمان کوڕی عومەری کوڕی تەمیمی ئەحمەدی (ئەلفەراهیدی ئەلئەزدەدی) لە ساڵی 100ك/710ز لەدایکبووە و لە ساڵی 173ك/718ز لە رۆژی هەینی لە مانگی شەش و سەرەتایەکانی خەلافەتی (هارونە رەشید) لە شاری (بەسرە) کۆچی دوایی کردووە، بەیەکێك لە پێشەواکانی زمان و ئەدەب

(کەسـرە) (ی)یـەکی دانـاوە کـە وازی لـە کـەرتی دوایـی خـۆی هێنـاوە و خستوویەتیە ژێر پیتەکەوە (ـِ). هەروەها هەمزە و تەشدید، بەیەکەوە لکاون.

(فەتحە و کەسرە و زەممە) جێگیرکردنـی بنەچـەی وشـەیە و یارمـەتی دەربڕین دەدات، لەوەی کە چۆن لەسەر ئەو بنەمایـە لـە دەم دێتـە دەر، یـان دەبێـژرێت، هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش بایـەخ بـە موزیکـای وشـە دەدات.

(خـەلیل) لـە سینتاکسـدا بـە دوای وشـە و بنەچـە و داڕشـتن و (سـەرەو بـۆرەو ژێـرە) یـان جولەکانیـدا دەگـەڕێت و دراسـەی پیـت و دەنگـە زمانەوانییـەکان و دەسـتەواژە و پێکهاتـە و وشـەکان دەکـات، لـەڕووی داڕشتن و واتاسازی (درووستکردنی واتای وشەیەك لـە وشـەیەکی دیکـە) و ئیعرابکـردن. بـە گـۆڕینی جولـەی پیتـی کۆتـایی-وەك تـاك- وشـەی دراسـە کـردووە، بـۆ ئـەوەی لـە داڕشـتنە گشـتیە عەرەبییەکـەی بگـات، هەروەها لە رستەشدا دراسەی کردووە بۆ ئەوەی لە دەلالەتەکەی بگات،

---

دەژمێردرێت، زانستی عەرووزی عەرەبی داناوە و یەکەم فەرهەنگی زمانی عەرەبی بە ناوی (معجم العین) داناوە، هەروەها یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سینتاکس و زانستی موزیك (Music) کێشەکانی شیعر، فەراهیدی پیاوێکی پڕ لە زانست و تێڕوانین و خەونبینێکی گەورە بووە، زۆر لە زانایان لەسەر دەستی ئەو، فێرە زانست و زانیاری بوونە لەوانەش سێبەوەیهی و ئەسمەعی و هارونی کوڕی موسای نەحوی و... لە کتێبە بەناوبانگەکانی: **کتاب معجم العین، کتاب النّغم، کتاب العروض، کتاب الشواهد، کتاب الإیقاع..**

**لەڕووی مانای ماناوە. لەو بوارەدا بە دامەزرێنەری زانستی دەنگەکان دەژمێردرێت:- وەك کۆمەڵە دەنگێك لە وشەکانی کۆڵیوەتەوە.□□□□□□□□□□□□□□□□ بۆ گەیشتن بەدیاریکردنی دەربڕینی پیتەکان، و جیاکردنەوەی دەنگەکان، کاریگەری یەکەم هەستی موزیکییە و خەلیل هەستێکی موزیکی بەرفرەوانی هەبوو. ئەوەش رابەرایەتی کردووە لەو هەستەوە توانیوویەتی کێشەکان، فیعلەکان، ناوەکان، بەکار بهێنێت و کێشەکان بۆ شیعر دابنێت.**

**(9)**

**بێگومان (بەرهەمهێنانی) خستنەڕووی کێشەکانی شیعریی و جێگیرکردنی کارێکی ئیبداعییە، هەر تەنها بە هەستی موزیکییەوە بەند نییە، بەڵکو ئەوە توانایەکی شیکردنەوەی درەوەشاوە لە (خەلیل)دا کەشف دەکات. لە کتێبی "موزیکی مەزن"ی (فارابی)□□□□□□□□□□□□□□□□ دووبارەکردنەوەی ئەوە دەبینین، کاتێك**

---

††††††††††††††† دەگێڕنەوە خەلیل لە بارەی زۆر لە هونەرەکان قسەی کردووە لە وانەش "ریتم و زانستی ئاخاوتن و جەدەل، و زانستی شەترەنج و نەرد، هەروەها لە بارەیەوە دەڵێن: لە زانستی نەغمەکاندا زۆری زانیووە، و کتابی لە بارەوە هەبووە، هەروەها نەغمە و شوێنەکانی نەغمە، لە بارەی زانستی عەرووز قسەی کردووە و دەڵێن:- لە بارەی زانستی گۆرانی و ریتم، کتێبی داناوە و ناوی ناوە "پێکهاتەی دەنگەکان". بڕوانە مەهدی (ئەلمەخزومی) کتابە بە نرخەکەی لە بارەی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەلفەراهیدی.

□□□□□□□□□□□□□□□□ ئەبو نەسر محەمەد ئەلفارابی، فەیلەسوفی موسڵمان، ناوبانگی بە زانستی حیکەمی و هێزێکی زۆریشی لە درووستکردنی دەرمان و زانستی پزیشکیدا

**(فارابی) بەشێوەیەکی تیۆری ورد پەیوەندی جەوهەریانەی شیعر و کێش دەخاتەڕوو، لەوێدا یارمەتیەکی زۆرمان دەدات، بۆ ئەوەی لەو کارە دامەزراوە بگەین، کە (خەلیل) پێی هەڵساوە و ڕێزیش لەو ڕۆڵە مێژووییە دەگرێت.**

**(فارابی) پێیوایە شیعر و موزیك بۆ یەك ڕەگەز دەگەڕێنەوە، ئەویش دانان و کێشە، ڕێکەوتنی نێوان جولە و سکونە، بەلاَم لەنێوان ئەوانەدا جیاوازییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە شیعر تایبەتە بە ڕێکخستنی وشەکان و هۆنینەوەی ماناکانیان بە شێوەیەك، کە کێشی تێدا بەرجەستە بێت، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ڕێساکانی زانستی زمان.**

---

هەبووە. بە "مامۆستای دووەم" ناونراوە، ئەوەش لە بەرئەوەی "ئەرستۆ" بە مامۆستای یەکەم ناوبانگی دەرکردووە، بایەخێکی زۆری بە لۆژیك داوە و یەکێکە لە شیکەرەوەکانی بەرهەمە لۆژیکیەکانی (ئەرستۆ) ناوی ئەبو نەسری کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی بن ئاوزلغی کوڕی ترخانە. لە ساڵی 260ھ/874ز لە (فاراب) شارێکە دەکەوێتە ولاَتی پشت دەریاکان (ئەمڕۆ بە تورکمانستان دەناسرێت) لە ساڵی 339ھ/950ز کۆچی دوایی کردووە و لە (دیمەشق) نێژراوە.

فارابی بڕوای بە یەکتایی هەقیقەت هەبووە، پێیوابووە هەقیقەتی سرووشتی فەلسەفی یەك هەقیقەتە و هەرگیز دوو هەقیقەت لە بابەتێکدا بوونی نییە، واتە ڕێگای (ئەفلاتون و ئەرستۆ)ی گرتووە، دەڵێت پێویستە هەموو ئەو فەلسەفانەی سیستمی مەعریفی پێشکەشی دەکات سەر بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ بنوێنن، دەڵێت ئەوانە هەقیقەتیان کەشف کردووە، بەلاَم لەنێوان ئەفلاتون و ئەرستۆ کۆمەڵێك نێودژی بنەڕەتی هەیە.. فارابی پێیوایە ئەفلاتون چاوی فەلسەفەی ئەرستۆیە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی (المدینة الفاضلة )، (الموسیقی الکبیر)...

بەلاّم موزیکا تایبەتە بە خزینی (بەش-Period)ە□□□□□□□□□□□□□□□□□ ئاخاوتنە کێشدارەکان و ناردنی دەنگ - وەك چەندایەتی و چۆنایەتی- بە شێوەیەکی هارمۆنی، لەسەر ڕێبازێك کە ئاواز تێیدا فەرمانڕەوا بێت.

(فارابی) بەدوای ئەوەدا دەڕوا و دەڵێت:- بەگشتی، ئەگەر دانانی شیعر و ئاخاوتن سەروادار و کێشدار بێت، ئەوە دانانی ئاواز (تدوین موسیقی)***************** لە بوون کۆنترە، ئەگەر گوتنی شیعریی ئاوازخوانی بێت، بەر لەوەی کێش بێت، ئەوە داهێنانی ئامێرە

---

□□□□□□□□□□□□□□□□□ لێرە مەبەست لە وشەی (بەش) بەشە موزیکییەکانە واتە (Period) بەشە موزیکییەکان لە ناوەڕۆکدا بریتین لە گرێدانی چەند رستەیەکی موزیکی بەیەکدییەوە. بەشێوەیەکی رێك لەڕووی موزیکییەوە دەستنیشان نەکراوە کە بەشێکی موزیکی دەبێت لە چەند رستەی موزیکی پێك بێت. ئەوە دەبێت زێتر پەیوەست بێت بە خواستی موزیکدانەر و جۆری ئەو بابەت و بۆتە موزیکییەی کە هەڵیدەبژێرێت. بەلاّم دواتر هەر یەك لە بەشە موزیکییەکان دەبنە میلۆدییەکی سەرەکی نێو جولە موزیکییەکان. بڕوانە دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی.... هـ.س.پ. ل51،50.

***************** لەبری وشەی (تألف- تدوين موسيقى=notion) بەکار هێنراوە. دانانی موزیك واتە دانانی دەنگە موزیکیەکان بەشێوەیەکی ستوونی، کە لە کاتی بیستنیدا جۆرێك لە هاوسەنگی هەستی بخاتەوە و لەسەر میانەی سییانەیی، چوارینی، پێنجینی، حەوتینی یان دیوان بێت.

لای (سەفیێدین ئەلئەرمەوی) لە شانزە (زرمە=beat) پێکهاتووە: (تَنَنْ تَنَنْ تَنَنَنْ تَنْ تَنَنَنْ) واتە لە دوو وەتد و دوو میانە و یەك سەبەب.

موزیکییەکان دوای ئاوازخوانی دەکەون، بەمجۆرە پەیوەندی موزیکا بە شیعرەوە هەر تەنها پەیوەندی بە ئاخاوتنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە تایبەتە بەخودی خۆیەوە. کەواتە گوتن وەك تاکە پاڵنەرێك بۆ تێگەیشتن، ئەوە دەگەیەنێت، کە کاریگەری ئاخاوتن (لەبەرانبەر تێگەیشتن لە نیازەکەی) تەجاوزی هەست ناکات. لەو حاڵەتەشدا رێکەوتنی نێوان زەمەنی جولەکانی قوڕگ (گەرو) و ئەندامەکانی دەم ئاساییە، وەك ئەو حاڵەتە ئاساییەی کە لە زمانی ئاخاوتندایە. بەلام ئاخاوتن لەسەر بنەمای رێکەوتنێکی دیکە رێکدەکەوێت، بەوەی کە زەمەنەکانی ناردنی پیتە بزوێنەکانی وشە درێژ بکرێنەوە، و لەسەر ئەو درێژکردنەوەیە پارچەکانی هەروەکو (زمان گرتن) و (زمان قوڕسی) گۆڕانی بەسەر دادێت، ئەوەی کە دەنێردرێت بەبۆتەیەك دەبیسیت کە چێژ بە گوێچکە دەگەیەنێت، بەمجۆرەش بەرانبەر زێتر دەوروژێت و زێتر کاری تێدەکرێت. بۆ ناردنی وشە بەو شێوە نائاساییە، دەبێ هەست و هێزی وێناکردن بەشدار بێت، لە دۆزینەوەی رەگەزی ریتمێکی کێشدار، بەشەکان بەیەکەوە بەند بکات و بیگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی لەکاتی درێژکردنەوەی جولەی وشەکانی و پێچکردنەوە و کورتکردنەوەی لەرێگای ئاواز هەڵیوەشێنێتەوە. رەنگە ئەو ئاخاوتنانەی بە نەغمەوە بەندن، یان بە کێش و رەگەزەکانی کێش و خزینەکانی و هەموو ئەوانەی لەوەوە دەخرێنەڕوو، بابەتەکان لە زانستی زمان.. کۆمەڵێك ئاواز بن، کە بەپێی جیاوازییەکانی زمان و دیالێکت و میلۆدی

ئاوازەکانیـان، جیـاواز دەکەونـەوە. لێـرە پاڵنـەرێکی سـەرەکیمان بـۆ بـارودۆخی کێشـەکان لـەلای (ئەلخـەلیل) دەسـت دەکـەوێت، ئـەویش جیاوازی شیعریی عەرەبی و مـوزیکی عەرەبییـە لەوانیدیکە. بـەمجۆرە کێش لـەبری ئـامرازێکی موزیکیـە، یـان رێسایەکە دەکەوێتـە بەرانبـەر ئـامرازە موزیکییـە (فارسـی یـان هینـدی)یـەکان، کـە هـەر لـە چاخی یەکـەمی کۆچـییەوە لـە کۆمـەڵگای ئیسـلامی-عەرەبیـدا دەسـتی بـە بلاوکردنەوە کردبـوو. ئـەو جیاکارییـەش وەك ئـەوەی زمـانی عـەرەبی دەیخاتـەڕوو، جـەخت لـە پەیوەسـتبوونی-جـۆری واژەیـی دەکـات، لـە پارچەکانی وشەدا، کە لە درووستکردنی شیعردا رێگا بـە جوانهۆنینـەوە و جوانگوتن و ستایلی نێوان پارچە تۆنەکانی دانانی ئاواز دەدات.

(فارابی) بەرەو ئەوە دەڕوات، کە بە شێوەیەکی رەها موزیکای پەیوست بـە گـوتنی شـیعریی، سرووشـتی بێـت. لـە پایـەی یەکـەم، دڵـی بـەو کاریگـەری و خەیاڵکردنـە خۆشـە، چـونکە بـۆ مـرۆڤ چـاودێری لەڕادەبەدەر سرووشتییە، لێرەوە بەگشتی عـەرەب و ئـەهلی خۆرهـەلات بەدوای ئەودان. ئەو موزیکایەی کـە هاوپەیوەسـتە بـە گـوتنی شـیعریی، هـەمان چـێژ و حەسـانەوەی دەروونـی و جوانبیسـتن لـەخۆدەگرێت. خەیاڵکردنـەکان و ئـەو پێشـبینیەی کـە وێناکردنـەکانی لـەخۆدا هـەڵگرتووە سـوودمان پێدەگەیـەنێت و فاکتـەرە هەڵچـوونئامێز و تەئەمولییەکان زێتر دەکات.

کاتێك میلۆدیش کامـل دەبێـت، ئـەو کاتـە لـە دەنگـی مـرۆڤ، واتـە بـە گـۆرانی گـوتنی ئاسـایی لـەڕێگای شمشـاڵی قوڕگـەوە دەبینرێـت، بـە

مانایــــەك لـــە ماناكــــان لـــەو شمشـــاڵەوە شــــیعریش دەردەچـــێت، نزیكبوونـــــەوەی شــــیعر لـــــە موزیكـــــا، نزیكبوونەوەیـــــەكی ئاســـــایی، ئـاوازخوانی و موزیكییـە. بەدەسـتەواژەیەكی دیكـە ئـاوازی كامـل، ئـەو میلۆدیەیـە، كـە بـەدوای گوتنـە شـیعرییەكانەوەیە، كـە لـەپاڵ چـێژ بەخشینیش، بۆ ئەوە دادەنرێت، كە سوود بـە دەروون (هەڵچوونەكان و وێناكردن و خەیاڵكردنەكان) بگەیەنێت.

(فارابی) ئاواز بەپێی دابەشبوونی گـوتنی شـیعریی، دەكاتـە سـێ بـەش. بـە یەكـەم دەڵێ: (زۆر بـەهێز-Strongly ) دووەم نـاو دەنێـت: (پـڕ، تــەواو-Vollem) بــە ســێیەم دەڵێــت: (ڕێكخــراو، لەنگــەگر- To arrange):- دەروون لـــەنێوان هێـــز و پـــڕی دەنـــگ، لەنگـــەری ڕێكدەخرێت، لەوەشەوە هێمنی و ئارامی بەدەست دەهێنێ.

(فـارابی) درێـژە بـە قسـەكانی دەدات و دەڵێـت:- "..... ئەگـەر زۆربـەی شێوەكان و سرووشتەكان و كردەكان سـەر بـە هەڵچـوونە دەروونییـەكان بن و خەیاڵ تێیانـدا راسـتی بێـت، ئـەوە نـاردنی میلۆدیـە كاملـەكان بـۆ گـوێگران لەسـەر ئـەوەی كـە كۆمـەڵێك كاریـان لێ داواكـراوە، سـوود بـە شـــێوەكان و سرووشـــتەكان دەگەیـــەنێت، هـــەروەها لـــە نـــاردنی بـــۆ كۆكردنەوەی هەموو خێرە دەروونیەكانی وەك دانـایی و زانسـت كـەڵكی دەبێت "كتاب الموسیقی الكبیر، ص1181).

(فارابی) ریتم وا نـاس دەكـات:- " وەك ئەسـڵ و قـەبارە بـەپێی نەغمـە، جولەیـــــــــــە (Moovmeint) لـــــــــــە زەمـــــــــــەنێكی

**دیـــاریکراودا" (هـــەمان سەرچـــاوە، ل436)، یـــان ڕێکخســـتنی زەمەنـــەکانی جولەیـــە بـــەپێی نەغمـــەی ڕەگـــەزەکان، و کۆمەڵێك بۆتەی کێشدار، کە بەشـەکانی ئـاواز بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، و لەڕێگایەوە کۆمەڵێك بابەتی (بەرز) و (خاو) لە پارچـەیەکی تۆنییـدا دیاری دەکات. زانستی ئیقـاع دەکەوێتـە سـەر کۆمـەڵێك ڕێگـای تایبـەت بە دانانی ئاواز، کە بەشەکان بەپێی زەمەنـە دیاریکراوەکـان ڕێکدەخات و لەڕێگایەوە تۆنەکان لە بابەتی (بـەرز-strength) و (خـاو-Slow) پێوانەی دەکات. هەروەها ڕیتمەکان ڕەگەزەکان لـە بازنەیـەکی زەمـەنی، کە بە بنەچە ناو دەنرێت، لێکدادەبڕن و بچوکترینیان جـووت جولەیـە. پرنسیبەکانی ئەو زانستەش بـە دانـانی میلۆدیـەکان، بـەپێی دوو بنـەما جیا دەکرێتەوە:-**

**یەکـــەم:- گونجـــانی واژەیـــی لـــەنێوان (بەشـــەکان)ی گوتنی شیعریی کە ئاواز لەخۆی دەگرێت.**

---

لێرە مەبەست لە وشەی (جولە) جولەی موزیکییە، جولە (Moovmeint) دەکرێ جولە موزیکییەکان بەرفرەوانترین ڕەگەزەکانی درووستبوونی میلۆدی بن و بابەتە موزیکییەکان و دواتر بەیەکەوە ڕەگەزێکی گرنگ لە پرۆسیسی بونیادنانی بۆتە موزیکییەکان دابنێن. بڕوانە:- دەروازەیەك بۆ... ل53.

واتە لەنێوان دوو نیوەدێری سەدر و عەجز، ئەو بەشانە بە گۆڕانی کێشەکانیان دەگۆڕێن. لەبری دوو نیوەدێر (دکتۆر وریا عومەر ئەمین) لە گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ، ژمارە 126، ساڵی 1990، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (شەپۆلەکانی شیعری

**دووەم:- گونجانی ژمارەیی لە میانەی درێژبوونەوەی نەغمەکان، لە نزیکبوونەوە و بەدوایەکداهاتنی رەگەزەکانی ئاوازدانان.**

□□□□□□□□□□□□□□□□□□

**یەکەی ئیقاع (سەبەب) و (وەتید)ە، کێش جگە لە دانانێکی دیاریکراوی سەبەبەکان و وەتیدەکان، شتێکی دیکە نییە، ****************** لەسەر ئەو رەگەزانەی خوارەوە وەستاوە:-**

---

کوردی) بۆ نیوەدێری یەکەم (سەدر) باڵی راست بەکار هێناوە و بۆ نیوەدێری دووەم (عەجز) باڵ چەپی بەکار هێناوە.

§§§§§§§§§§§§§§§§§§ خەلیلی کوڕی فەراهیدی وای بۆ دەچێ، کە واژەکانی (ألفاظ) عەرەبی بەپێی ژمارەی پیتی وشەکان و جولەیان لە سێ جۆر تێپەڕ ناکات:- ئەسباب، ئەوتاد، فەواسیل.

یەکەم، ئەسباب:- ئەو وشەیە لە زمانی کوردی واتە هۆکارەکان، یان وەسیلەکان.. لە زمانی عەرەبی وشەی (سَبَّبَ، أسبَب) وە فعلێکی روباعی، رەگەکەی لە (تسبیع) هاتووە. لای فەراهیدی وەك واژە وشەیەکە لە دوو پیت پێکهاتووە، ئەگەر پیتی یەکەم بزواو بێت و دووەمی نەبزواو بێت، بە سەبەبی خەفیف ناوی دەبردرێت، وەك: (هَلْ، عَنْ، مَنْ) بەلاَم ئەگەر دووەمیشی هەر بزواو بێت، ئەوە بە سەبەبی سەقیل ناو دەبردرێت، وەك:- (لِمَ، بِمَ، ارَ).

دووەم، ئەوتاد: رەگی ئەو وشەیە (وَتَد، وَتِید) زۆربە بە هەڵە بە (وَتَد) بەکاری دەهێنن. (ئیبن مەنزور) لە (لسان العرب) دەڵێت:- بلێ وەتید، مەڵێ وەتەد. وەتید لە زمانی کوردی وشەی (سینگ)ی بۆ بەکار دەهێنن، سینگ ئەو دارە کورتە سەر تیژ کراوەیە، کە بۆ چەسپکردنی رەشماڵ یان خیوەت بەکار دێت. لای فەراهیدی وەك واژە ئەوەیە کە لە سێ پیت پێکهاتووە، ئەگەر پیتی ناوەڕاست بزواو بێت، ئەوە بە وەتیدی مەجموع وەك:- (عَلي، وَلَدُ، قَلَمُ) بەلاَم ئەگەر پیتی دووەم ساکین (نەبزواو) بوو، پێی دەگوترێت وەتیدی مەفروق وەك:= (عِلْمُ، شِعْر).

سێیەم، فەواسیل، لای فەراهیدی ئەو وشەیە لە چوار پیت و بەسەرەوتر پێکهاتووە، ئەگەر سێ پیتی یەکەم بزواو بوو و چوارەم نەبزواو (ساکین) بوو، بە فاسیلەی قەسیرە (کورت) ناوی دەبردرێت، وەك:- (كَتَبَتْ و عَلِمُوْا). ئەگەر لە چوار پیتی بزواو یان زێتر پێکهاتبوو و دوا پیتی نەبزواو بوو، پێی دەڵێن فاسیلەی تەویل (درێژ) وەك:- (عَلَمُنَا و صُحُفُنَا). بۆ زێتر شارەزابوون بڕوانە:- دراسة لتقاطيع اللهجة العامية / د. هاشم الفريجي، الجمعة، 03 آب/أغسطس 2012.

*******************

ئیقاع (ریتم) بریتییە لە سیستمی جولە، وەك ئەفلاتوون دەڵێت لەو رووەشەوە کە جولە لەو پێناسەیەدا نەبەستراوەتەوە بە شوێن و کاتەوە، کەواتە ریتم هەر یەك لە (موزیك، گۆرانی، شیعر، سەما)یش دەگرێتەوە. جولەی رێکخراو لە نەغمە هاوشێوەکاندا ریتمی موزیك دەگەیەنێت، لە دەنگە هاوشێوەکاندا مانای ریتمی گۆرانی دەگەیەنێت، لە بڕگەی وشە هاوشێوەکاندا مانای ریتم لە شیعردا دەگەیەنێت. جولە لەو سێ هونەرە بەستراوەتەوە بە چەند کارێکی دیاریکراوەوە. هەروەها رێکخستن لە جولەی قاچی سەماکەراندا، مانای ریتم لە سەمادا دەگەیەنێت و ئەویش جولەیەکە بەکات و شوێن سنووردارە. یان وەکو "تووسی" دەڵێت: ئەگەر بابەتی ئەو جولان و وەستانانە پیت بێت، پێی دەگوترێت شیعر، ئەگەر نا ریتمە. (بۆ تووسی، بڕوانە، معيار الشعر.)

کەواتە ئەگەر رێکخستن لە جولە و وەستاوەکاندا مانای ریتم بێت و هەر کێشێك ریتمێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەوا بۆ کەسێکی هەڵکەوتووی وەك (خەلیل) ئاسانە کۆمەڵێك تەفعیلەی تایبەت دانێت کە هەر یەکەیان خاوەنی بزواو و وەستاوی رێکخراون، بۆ پێوانی یەکەی ریتم (وحده الايقاع) لە هەر کێشێکدا، لەڕاستیدا (خەلیل) بە دانانی هەشت تەفعیلە بەناوبانگەکەی ئەو کارەی کرد، بۆ هەر کێشێکیش یەك یان دوو تەفعیلەی تایبەتی دانا، ناوی لێنان تەفعیلە بنەڕەتییەکانی ئەو کێشە. مەبەستیشی ئەوە نەبوو ئازادیی ئەو شاعیرانە سنووردار بکات، کە سەدان ساڵ پێش ئەو، ئەوەندە ئازادبوون بتوانن تەفعیلەی جۆراوجۆر پێکەوە لە یەك کێشدا کۆبکەنەوە. چونکە بە هۆی سۆراخکردنی شیعری

**1- سەبەبەکان، دوو جۆرن:- (سووك)، کە پێکدێت لە:- پیتی یەکەم بزواو و دووەم وەستاو، بەهێڵێکی کورت (-) هێمای بۆ دەکەن.**

**(قورس)، پێکدێت لە:- دوو پیتی بزواوی تەنیشت یەك (واتە بە دوو بزوێنی یەك لەدوای یەك)، بە دوو چوکلە ('') هێمای بۆ دەکەین.**

---

عەرەبیی سەردەمی خۆیەوە ئەوەی دەزانی. بەڵام ئەوەیشی دەزانی کە ئەو تەفعیلانەی کە شاعیر لە کێشێکدا بەکاریان دێنێ، تەفعیلەی هەڕەمەکی نین. چونکە شاعیر ئەوەندە ئازاد نییە، کە بۆی هەبێت چۆن بۆی ڕێککەوت، هەموو جۆرێك لە تەفعیلەکان پێکەوە بەکار بهێنێت، بەڵکو دەبێت ئەوانەیان بەکار بهێنێت، کە لەگەڵ ئەو کێشەی بۆ قەسیدەکەی خۆی هەڵیبژاردووە، دەگونجێن. چونکە ئەو تەفعیلانەی لە (ڕەمەل، ڕەجەز، یان کێشەکانی تردا بەکار دێن، تەفعیلەی دیاریکراو و زانراون و شاعیر بە هیچ جۆرێك ناتوانێت لێیان دەرچێت. ئەوەش مانای وایە ئەو تەفعیلانەی کە بۆ هەر کێشێك هەڵیاندەبژێرێت، جۆرێك لە پەیوەندییان لەنێواندا هەیە. گەر وا نەبوایە ئەنجامی کارلێك کردنیان کێشێکی تایبەت دەرنەدەچوو. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- عەرووز لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، وەگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی چ 1، 2009، ل79،80.

وەکو (فا) لە (فاعِلُن)، (مُس) و (تف) لە (مُستفعِلُن)، (فا) و (تُن) لە (فاعِلاتُن)، (عی) و (لُن) لە مَفاعیلُن)، (مَف) و (عُو) لە (مَفعُولاتُ). بڕوانە:- عەرووز لە شیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، وەگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی چ 1، 2009، ل60.

بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە هەمان لاپەڕە و سەرچاوەی پێشوو.

2- وەتیدەکان، سێ جۆرن:-

-وەتیدی مەجمووع، بریتییە لە دوو پیتی بزواو کە پیتێکی وەستاویان بەدوادا بێت، بە چوکلەیەك و هێلێکی کورت هێمای بۆ دەکەین (~ -).

- وەتیدی مەفرووق، لە دوو پیتی بزواو پێکهاتووە، کە لەنێوانیاندا پیتێکی وەستاو (یان نەبزواو) هەیە، بە هێلێکی کورت و چوکلەیەك (- ~) هێمای بۆ دەکەین.

-وەتیدی مەقروون، لە پیتێکی بزواو بەدوای ئەودا دوو پیتی وەستاو دێت، هێماکەی:- (ڤام)

3- ئەوەی، کە لە وەتیدەکان و سەبەبەکان پێکهاتووە،

4- بەشی نیوە دێرەکان (نیوەدێری شیعر)

5- نیوەدێرەکان.

6- دێر.

دێری شیعریی عەرەبی لە چەندین تەفعیلە پێکهاتووە، بەشی یەکەم کە پێی دەڵێن (نیوەدێر=الصدر=الشطر) وەك چۆن بەشی دووەمیان پێی دەگوترێت (العجز) لێرە دەبێ بزانین کە شەتر و عجز لە تەرازوودا هاوسەنگن، لە کێش و ژمارەی پیتەکان و جولە، یان لە هەر (شطر و عجز)ێك... دێر لەڕووی موزیکییەوە لە چوار زەمەن (4 دەقیقە) پێکهاتووە. دوا زەمەن لە دوو پیتی بزوێن پێکهاتووە و ماوەکەی یەك زەمەنە و نیشانەکەی دوو هێلی ستوونییە، زەمەنەکانی دیکە لە دوو پیت (بزوێن و ساکینێکی بەدوادا دێت) پێکهاتووە، لە بەرانبەر یەك زەربە و ماوەکەی یەك زەمەن و نیشانەکەی هێلێکی ستوونیە.

لەوەی پێشکەشمان کرد روون دەبێتەوە، کە کێش ئامرازێکە، یان رێسایەکە، (دەریا)ش حاڵەتێکی کێشی تایبەتە، واتە حاڵەتی گۆرانی گوتن لەرێگای دانانی ئاوازەوە.

دێر "سنوری نییە، تەنها بەو بارەوە نەبێ، کە لەلای زماناسانەوەیە"، ئەویش لە عەرەبی "ئەو گوتنە دەگەیەنێت، کە لە کێشێکی تەواودا ئابلۆقە دراوە" (هەمان سەرچاوە، ل 1088). دێر، و ئەو حاڵەتانە، زاراوەی (میلۆدین-ئاوازخوانین) بە شەفەویی جاهیلیەوە بەندن. (10)

دەچینە سەر مەسەلەی سێیەم، مەبەستم پەیوەندی نێوان شەفەویی شیعریی و بیستنە. ئەو پەیوەندییە وای کرد، رەخنەی شیعریی بەشێوەیەکی تەوەرەیی لەسەر پرنسیبی بیستن و لەسەر ئاستی هاوپەیوەستی نێوان شیعر و بیسەرەکەی، بێتە دامەزراندن. لەو تێروانینەدا شاعیری جاهیلی شیعری بۆخۆی دانەناوە، بەڵکو بۆ ئەویدیکە-ئەوەی کە گوێی بۆ دەگرێت، تاکو کاریگەری بەسەرەوە هەبێت.

لێرەوە شاعیر بوونی شاعیر بە توانایەك لە داهێنان پێوانە دەکرا، ئەویش کاریگەریی بوونە بەسەر گوێگردا. ئەوەش وای لە شاعیر دەکرد، کە لە خولیایەکی بنەڕەتیدا خۆی جێگیر بکات، ئەویش ئەوە بوو، کە شتێك بڵێت لەگەڵ گوێگرەکەی وەك یەك بێتەوە، بەمجۆرە سنوری تێگەیشتنی گوێگر، ئاستی رەوانی شیعری شاعیری دیاری دەکرد. بەڵام ئەوەی کە لە خودی گوێگردابوو، جگە لە شتێکی گشتی

هیچی دیکە نەبوو، تێگەیشتنی ئەویش هەر تەنها ڕەنگدانـەوەی چێژی گشتی بوو.

لێرەوە هیچ جیاوازییەك، بوونی نەبوو، لەوەی کە شاعیر دەیگوت، یان ئـەوەی کـە شـاعیر جـێگیری دەکـرد، بـەڵکو جیاوازییەکـە لـە "ڕێبـازی چەسـپاندنی بەڵگـەکان"دا بـوو، وەك (جورجـانی) لـە (دلائـل الإعجـاز، ص485) تـەعبیری لێـدەکات. شـیعریەتی ئـەو ڕێبـازەش لـە مـەودای کاریگەری بەسەر گوێگر، خۆی حەشار دابوو.

بـەمجۆرە لـەڕووی ڕەخنـەوە تەماشـای شـیعر دەکـرا، لـەڕێگای پێوانـەی کاریگەری ئاوازخوانییەوە، شیعرییەت لەسـەر ئیسـتێتیکای گـوێگرتن و خۆشـییەکانەوە بونیـاد دەنـرا، کـە بـۆ بـەکارهێنانی سیاسـی، تایبـەت و ئایـدیۆلۆژیای گشـتی و جۆرێـك لـە ئیسـتێتیکای گەیانـدنی میـدیایی دەگـۆڕا، وەك ئـەوە شـیعر تـەنها گـوتنێکی هونـەری بێـت و لـەڕێگای تایبــەتی خۆیــەوە کاریگــەری لــە دەروونــی خەڵکیــدا بنــوێنێ- وەك پیاهەڵدان و هەجووکردن، وەك ئارەزووکردن و تیرۆرکردن.

ئەو ئیستێتیکایە، لەسەر ئاستی مانا پێویستی بەوە بـوو، کـە شـاعیر لـە "ئامــاژە دوورەکــان"، و حیکایەتــە نادیارەکــان، هونــەری ئامــاژەی تەمومـژاوی، دوور بکەوێتـەوە، پێویسـتی بـەوە بـوو "ئـەوە لـە مـەجاز وەرگـرێ، کـە زۆر لـە هەقیقـەت دوور ناکەوێتـەوە" (عیـار الشعر، لابـن

**گباگبــــا، ص119، 128)**[*******************]**، بـــەمجۆرە ئاخـــاوتنی "چ وەك هەقیقــەت و چ وەك مــەجاز، لەســەر ســوودگەیاندن بونیــاد نرابوو". (الامدی، الموازنە:-191/1)** [********************] .

**ئەوە وای كرد شیعر و فیكر لێكجیا بێتــەوە. (جـاحز) لـە جـەختكردن لەسـەر ئـەو جیابوونەوەیــە زیادەڕۆیی دەكـات و دەڵێـت ئـەوە وای كـرد شیعر بەدژی فیكر بكەوێتەوە، بـەو مانایـەش مانیفێستی شـیعری وەك ئـەو دەڵێـت ئـەوە بـوو، كـە "لەسـەری نییـە داوای یارمـەتی لـە فیكـر بكات" ئەوەش زۆر تەئویل هەڵدەگرێت، (البیان والتبین:-118/1).**

**ئەو دابڕانەی نێوان شـیعر و فیكـر جـەخت لـە ئیستێتیكای شـەفەویی جـاهیلی دەكاتــەو، كــە بــەلای روونــی و دژ بــە ناڕەســەنێتی شــارە، و جێگیركردنــی وێنەیــەكی دیــاریكراوی شــیعرییە، ئــەویش وێنــەی ئــاوازخوانی-ســرووودئامێزییە. رەنگــە لــە هــەموو ئەوانــەدا شــتێ**

---

[*******************] ئیبن تەباتەبا، ئەبو حەسەنی كوڕی محەمەدی كوڕی ئیبن ئەحمەدی كوڕی محەمەدی كوڕی بن ئەحمەدی كوڕی بن ئەحمەد كوڕی ئیبراهیم تەبا تەبای كوڕی ئیسماعیلی كوڕی ئیبراهیم بن حەسەن بن حەسەن بن عەلی بن ئەبو تالیبە، لە ساڵی 322ك كۆچی دوایی كردووە.. زانا و شاعیر و ئەدیبە، لە كتێبە بەناوبانگەكانی:- كتاب سنام المعالی، كتاب عیار الشعر، كتاب الشعر و الشعراو، كتاب نقد الشعر.

[********************] "الامدي- لە ساڵی 370ك كۆچی دوایی كردووە" "ئەلئەمەدی- سەیقەدین كوڕی عەلی كوڕی بن ئەبی عەلی كوڕی بن محەمەد كوڕی سالم ئەلتەلبی ئەلئەمەدییە" یەكێكە لە فیلۆلۆژیە بەناوبانگەكانی عەرەب (80) ساڵ ژیاوە و لە ساڵی 370ك كۆچی دوایی كردووە.

2- نەغمـەی درێـژ "گویلـە" لەوانـەش هـەژاو، شـکاو "مهـزوزە" (وەك ئەوەی پارچە پارچە بێت، چەسپاو نەبێت).

3- نەغمـەی کشاو لەوانـەش خـاو، نـەرم "الممگگـە" (بـە ئاسـانی بڕوات).

4- هەنـدێکیان نەغمـەی وێکهـاتوون "مزمومـە" (بـە داخسـتنی هەردوو لێو، تاکو دەنگەکە لە لووتەوە دەربچێت).

5- هەنـدێکیان نەغمـەی غوننەیـە " غُنَّـە " (دەنگـەکان لـەنێوان هەردوو لێو دەردەچێت، هەندێکیشیان لە لووت —وەك ئـەوەی لـەڕێگای دەنگـەوە هەناسـە بـدەیت، لـەڕێگای لووتـەوە قسـە بکەیت- و:ك).

6- هەندێك ئاوازی موخەبەب "مًخبَّب" (خێرا).

7- هەنـدێکیان نەغمـەی مورەجـەح " مُـرجّح"( نەغمـەی روون، قوڕس)

8- نەغمـەی موفخخەمـە "مفخّمـە" ئـەو نەغمەیـە لـە سـینگەوە دێ، یـان هەنـدێجار بـە سـینگ دەردەبڕدرێـت، نـەخوازە لـە ریتمـەکانی نێـر (کـە لـە دەنگـەکانی پیـاو"Tenor" ئامـادە کرابێت)[††††††††††††††††††††].

ئـەو خەسـڵەتە موزیکییانـە، لـە گـوتنی ئاسـان و سـاف و لـووس نـەبێ، هەڵناقوڵێن، کە پـڕن لـە پیتـی بـزواو، واتـە بـزوێن. بـەڵکو ئەوانـە ئـەو

†††††††††††††††††††† واتە (فحوی) نێرانە بێت.

پیتانەن کە بە میلۆدییەوە پەیوەستن و لێیەوە نزیکدەبنەوە، و بەبێ زۆرلێکردن، راشکاوانە دەردەکەون، هەستێکی جوان دەبەخشن- وەك (فارابی) گوزارشتی لێدەکات.

لێرەوە سەرەکۆنەی بەکارهێنانی زاراوەی نامۆ، لە شیعر و ئەو وشانە دەکرێن، کە لە پیتی قورس پێکهاتوون و دەربڕینیان گران دەکەوێتەوە، ستایشی زاراوە باوەکان دەکەن، ئەو وشانەی کە دەربڕینیان ئاسانە و بۆ گوێگرتن شیرین دەکەونەوە، چونکە لێرەدا مەبەست لەڕێگای نموونەی ئەو وشانەوە خێراتر وەدەست دێت. لەو بارەوە (جاحز) هەڵوێستی رەخنەگران کورت دەکاتەوە، دەڵێت:- "هەروەها پیتەکانی ئاخاوتن، بەشەکانی دێرە شیعر دەبینین، هاویەك و لوس و لە سۆزدا نەرم و ئاسانن... تەڕن، بێ گیانن، سیستمێکی بەدوایەکداهاتوون وەك زنجیرە، لەسەر زمان سوکن، وەك ئەوەی هەموو دێرێك بەتەواوی یەك وشە بێت، هەتا وەك ئەوەی وشەکان هەموویان یەك پیت بن". (البیان والتبین:-1/82).

ئەوە نوێنەرایەتی خەسڵەتەکانی روونی (پەتی) دەکات:-" لێکدانەوەی روونی، وەك ئەوەی بۆخۆی تەواو کانزای رەوانبێژی بێت" (هەمان سەرچاوەی پێشوو:- 26/3)، هەروەها لە خەسڵەتی پێشبینیکردنیش،- کە "جیاوازی نێوان عەرەب و ئەوانیدیکەیە لە بەیاندا" (هەمان سەرچاوەی پێشوو:-3/24-25)، وەك لە پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەوە بۆخۆی لەگەڵ رازاندنەوە ناکۆك دەکەوێتەوە، واتە

**لەگــەڵ ســەرنجدان و کــرداری عــەقڵ نــاکۆك دێتــەوە. رازاندنــەوە خەسڵەتی تازەکاران و شارنشینانە، هاوشانی لێهاتووییە.**

**خەسڵەتی سارانشینی پێشبینی و مۆرکخوازییــە، ئــەوە ئــەو دوو ناوەیــە، کــە شـیعری لــەڕێگاوە وەســف دەکرێــت. هــەموو ئەوانە بەرەو پێوانەی هونەری شیعرمان دەبەن، کە (جـاحز) دایناوە و دەڵێـت:- "باشـترین گوتنێـك کـە مانـای دیـار بێـت، واژەیـە" (البیـان:- 79/1).**

**لەسەر ئەو بنەمایە بـەهای پێوانـە رێکدەخرێت، لەوانـەش گـوتن وەك ئــەوەی مانـــای جیـــاواز، کۆمـــەڵێك (بـــەحری) جیـاواز بسەپێنێت، بۆیـە پێویستە لـە دانـانی شـیعردا بـەحرێك (یـان کـێش)ی گونجـاو بـۆ مانـای گونجـاو دیـاری بکـەیت. ئـەوەش بـەرەو گوتنێکمـان دەبـات، کـە لای وایـە پەیوەندییـەکی دڵنیاکـەرەوە هەیـە، لـــەنێوان سرووشـــتی مانـــا و عـــەرووزەکانی شـــیعری (تـــەرازوی**

---

بەشار (المولد) وا وەسفی شیعری خۆی دەکات:

فهذا بديةٌ، لا كتحبير قائل

إذا ما أراد القول زوَره شهرا

وەك ئەوەی (بەشار) لە دایکبووی شار بێت، سروشتەکەی هاوشانی سارانشینی بێت.

بەحرەکانی شیعری عەرەبی شانزە بەحرە، لەو شانزە بەحرە پانزەیان فەراهیدی کەشفی کردووە و بەکار دەهێنرێت، بەڵام شانزەمیان پشتگوێ خراوە. بۆ زێتر شارەزایی لە ناو و خەسڵەتی بەحرەکان، بڕوانە سایتی ویکیبیدیا –عەرووز.

**شـــيعر).********************* مانـــا باشـــەکان، یـــان گەرمـــەکان، یـــان خۆهەڵکێشەکان، یان دەم بەهاوارەکان بۆ بانگهێشتنەکانی خـۆی بـەحرە درێژەکان بەکار دەهێنێت، بەڵام مانای نەرم، یان هێمن، یان رووت، یـان سـەماکەر بـۆ بانگهێشـتن بـە پێچـەوانەوە، بـەحرە کـورت و سـوکەکان بەکار دەهێنێت. هـەتا نـاوزەدکردنی بـەحرەکانیش لـە خەسـڵەتەکانیان (درێژ، بەرفرەوان، نیشتوو، شەپۆلاوی، هێمن، تووڕە) هەڵهێنجراوە.**

**لـەڕێگای ئـەو بەهایـەوە دەڵـێن بەتایبـەتی سـەروا لەبـەر ئـەوەی لـە تایبەتمەندی شیعرییدا لەگـەڵ کـێش هاوبەشـە، بۆیـە پێویسـتە سـەروا شـیرین بێـت. لـەرە، نەغمەکـەی شـیرین بێـت. کەواتـە پێـی ناگوترێـت شیعر، ئەگەر کێش و سەروای (پێکەوە) نەبێت.**

---

********************* زانستی عەرووز (تەرازوی شیعری عەرەبی) زانستێکی سەربەخۆ و بەرفرەوانە لە شیعریی عەرەبیدا توێژینەوە لە موزیکای شیعریی دەکات، یان لە بارودۆخی کێشە بەکار هاتووەکان، یان تەرازوێکی وردەکارە و لەڕێگایەوە جۆری موزیکای قەسیدەی عەرەبی دیاری دەکات، لەڕێگای دیاریکردنی کێشەکان: لاواز، بێ هێز، یان شکاو، یان لە کێشدا کەموکورت.. بڕوانە:- علم العروض، د.فالح الحجية الكيلاني. تۆری ئینتەرنێت: رؤى الادبية، 2011/9/3. مامۆستا (ئەحمەد هەردی) لە کتێبی (عەرووز لە شیعری کوردیدا) لەبارەی عەرووزەوە دەڵێت: وەك چۆن (نەحو) پێوەری وشەیە و (موعەرەب) و (مەلحون)ی پێجیا دەکرێتەوە، عەرووزیش تەرازووی شیعرە، بەهۆیەوە شیعری کێشدار و شکاو دەناسینەوە. عەرووز وشەیەکی مێیە، چونکە ناوی رەگەزە (اسم جنس)ە. بڕوانە هەمان سەرچاوە ل57.

لەوانەش هەیە دەڵێت، پێویستە شاعیر واز لە موزیك یان لە موزیك دوور بکەوێتەوە، لە سەروا دوور کەوێتەوە، بەتایبەتی لەو وشانەی کە پیتی ناموزیکیان تێدایە وەك (الپاو، الخاو، الشین، الصاد، الچاد، الگاو، الغین، الژال، الواو، الزای)

هەندێك دەڵێن لە قەسیدەدا، ئیستێتیکای سەرەتا و ئیستێتیکای دوایی پێویستە، واتە وەستایی لە دەستپێکردن و جوانی لە کۆتاییپێهێنان. بەڵگەشیان ئەوەیە یەکەم شت، سەرەتایە، کە بە گوێگر دەگات، ئەگەر ناشیرین بێت، ئەوە گوێگر لەبەرچاوی دەکەوێت، ئەگەر جوان بێت لەگەڵی دەڕوات، و خۆشی لێوەردەگرێت، هەتا دەگاتە کۆتایی، بە حەزەوە گوێیی بۆ دەگرێت.

(11)

ئەوەی پێشکەشم کرد، کورتی دەکەمەوە، لەوەی کە شەفەویی جاهیلی لە کۆمەڵگای عەرەبی-ئیسلامی بە تایبەتی لە چاخەکانی سەرهەڵدانیدا، شیعر دانان (نووسینی شیعر)ی وەك هیوایەك تەماشا کردووە. ئەو تێڕوانینە وای بۆ دەچێت، کە قەسیدە بەو وەسفەی کە بانگهێشتکردن/وەڵامدانەوەیە، یان مشتومڕێکە بۆ بانگهێشتکردنێکی ئاڵوگۆڕخوازانەی نێوان منی شاعیر و ئێمەی کۆ- وەك ئەوەی تەباییەك هەبێت، لەنێوان ئەو نیازەی کە شاعیری جاهیلی بەرەو دانانی قەسیدە پاڵدەنێ و ئەو نیازەی کە کۆمەڵ یان هۆز بەرەو گوێگرتن دەبات.

لێرەوەیە کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان شیعر و ژیان نامێنێتەوە:- ژیان شیعرە و شیعریش ژیان. بەمجۆرە بونیادی قەسیدە لەگەڵ بزاڤی بەیەکگەیشتن و چالاکیەکانی و هۆیەکانی وەك یەك دێتەوە. هەروەها ریتمیش بنەمای گوتنی شیعریی جاهیلییە، چونکە هێزێکی زیندووی نێوان خود و ئەویدیکەیە، لەبەر ئەوەی ترپەی دڵی بوونە، لەبەر ئەوەی دەست لە ملی جولەکانی رۆح و جولەکانی جەستە دەکات. عەرەبەکانی جاهیلی لە ریتمی شیعریی و لەسەر بنەمای سەروا خۆیان لە گەلانی دیکە جیا کردۆتەوە. کەواتە سەروا لە زمانەکانی دیکەی وەك (ئارامی و سریانی و عیبری و گریکی) ئەو تایبەتمەندییە شیعرییە جەوهەرییەی نییە، وەك لای عەرەب هەیە. بۆیە لێرەوە رەخنەگرانی کۆنی عەرەبی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بونیادی کێشی سەروادار لە شیعرییەتی جاهیلیدا لاساییکردنەوەی شیعریی هیچ گەلێکی دیکە نییە، تەنها هی عەرەبە و تایبەت بەوانە. ئەوان وای دەبینن، کە لەسەرەتای جاهیلیدا جارێك لە جاران بەهۆی کۆمەڵە دەنگ و ئاخاوتنێك، کە لە واژۆ (ئاوازێکی جیاواز)، و بە دەنگی نێو جەنگەکان، دەچوو، سۆزیان لە دواى وشتران نواندووە، [1] بە تەفعیلە، واتە بە یەکە موزیکیی

[1] لەبری وشەی (حُداء) واتە گۆرانی گوتنی وشتران، گۆرانیەکی شەعبییە بەدوەکان لە دوای وشترەکانەوە دەیڵێن.

**کۆتـایی هـاتووە.** □□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ **ئـیتر لـەوێوە پارێزگاریکردن لەسـەروا کەوتـە ژێـر کاریگەرییـەکی تایبەتیـەوە، چـونکە بڕیـاری مانـا**

---

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□

دەبێ یەکەی قەسیدە تەفعیلە بێت، تەفعیلە یان کێشی عەروزی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە کێشی شیعری لەسەر دادەنرێت، وەك فعولن، ومفاعلتن، مستفعلن.. کێشی عەروزی یان تەفعیلە لەسەر کۆمەڵێك خەسڵەتی چۆنایەتی واژەکان زیاد دەکرێت، کە لە خەسڵەتی چەندایەتییەوە هەڵبژێردراون و لەڕێگای کردەی خزین و شێوانەوە لەنێوان خۆیان دەکەونە کارلێککردن، واتە کارلێکردنی نێوان چۆنایەتی و چەندایەتی، لەوێشەوە هاوگونجانێك لەنێوان بونیادی وشە و خەسڵەتی دەنگیەکانیان درووست دەبێت و دەلالەت بەرهەم دەهێنن، دەلالەتەکانیش رەنگدانەوەی ناخی خودی داهێنەر دەنوێنن. بەگشتی دەتوانین شیکردنەوەی دەنگی لە شیعردا لە دوو رووەوە هەڵگرینەوە، ئەوانیش:- دەنگە بە زرینگەکان (زینگانەوە-Vowels) و نەزرینگانەوە (دەنگە کپەکان-Consonants) لەلایەك و نەبرە (نبرە-الصوت ) یان سترێسی (stress) دەنگی لەلایەکی دیکەوە. دەنگە بە زرینگەکان، کورتەکان (سێ بزوێنەکە) و زرینگەی درێژ (پیتی مەد) دەگرێتەوە. ئەوانە بەهایەکی مەزن لە پێکهێنانی موزیکای شیعری و پێکهێنانی دەلالەتدا دەگێڕن، کاتێك لەگەڵ پێکهێنانە شیعرییە عەروزییەکانە دیکە یەکدەگرن، لە ئیقاعی شیعری رۆڵێکی گرینگ دەبینن، و لە موزیکای شیعردا دەبنە رەگەزێکی بنەڕەتی ئاواز (میلۆدی). بەیاخەکەشی لەوەدا خۆی حەشار داوە، کە وەك زەمەن درێژبوونەوەکەی لە درێژبوونەوەی پیتە بێدەنگەکان (کپەکان) زێترە، ئەو توانایە لەوانیدیکەدا نابیرنێت. هەر ئەو توانایەشە لە دەنگی مرۆڤدا نەغمەی درێژ و بەردەوام درووست دەکەن و بەیەك دەگەنەوە، بەڵام بێدەنگەکان جگە لە ژاوەژاو شتێکی دیکە زیاد ناکەن. بەڵام هەستکردنمان بە درێژبوونەوەی زەمەنی و هێمنی، لە دیاردەی سەجع (Assonance)دا ناس دەکرێت، ئەو درێژبوونەوە زەمەنییە لە بێدەنگەکاندا زۆرە و جولە و ئیقاع ئیستغلال دەکەن، یان بەپێچەوانەوە، بێدەنگەکان زێتر رۆڵی وەستان و

بوو، لەبەرئەوەی دەنگێکی سرووشتی بوو، لە ماڵی ئاماژەکانەوە دەهاتە خوارەوە، ئەو ئاماژانەی، کە وەك سرووش هاوەڵی ئاخاوتنی قسەکەرانی دەکرد. هەندێك لە توێژەران وای بۆ دەچن، کە سەروا ئەسڵی رێنیشاندانە بەرەو کێش، چونکە لەو کۆنترە- ئەوە لە بۆتەکانی سەرواداریدا ناسراوە، جاهیلییەکان هەر لەخۆیانەوە گەیشتوونەتە ئەوەی، کە هەر دەبێ لە ریتمدا ماناکان لەگەڵ جولە دەروونیەکان هاوگونجاو بێنەوە و کێشەکانیش لەگەڵ جولەی واژەکان، بۆ ئەوەی ئەو (بۆتە-قالب)انە بۆ ئەوان بێت، تاکو ئەگەر مانا گۆڕا و بەدوای ئەویشدا جولە دەروونیەکان گۆڕان، ئەوە دەبێ کێشیش بەهەمان شێوە بگۆڕێت.

لە هەموو ئەوانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن قەسیدەی جاهیلی بە تایبەتمەندییە ئاوازخوانییەکەی و یەکیبوونی نێوان

---

وەلامدانەوە و خزین لەرێگای جۆرێك لە ئاوێتەبوونی ناوەکیانەی قەسیدە دەگێڕن، خزینەکان شەقڵی خێرایی یان هێمنی رێژەیی دەگێڕن، بەلام بێدەنگە-درێژەکان- لە شەقڵێکی هێمنی درێژبوودا رەنگدەدەنەوە. بێگومان هەموو ئەوانە لەسەر ئاستی لێکدانەوەی رەخنەیی پەیوەندییەکی بە عەروزەوە دەکات. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- بين العروض والنقد الأدبي الحديث د/صلاح أحمد الدوش كلية التربية - جامعة الخرطوم.

(جاحز) دەڵێت:- خودی عەروز لە موزیکەوە سەرچاوە دەگرێت. بڕوانە:- الجاحظ، رسائل الجاحظ، ، تحقيق عبد السلام هارون، مكتبة الخانجي القاهرة، 1384ه. ص161. بۆیە (ياقوت الحموي) لەبارەی (خەلیل)ەوە دەڵێت: شارەزایی ئەو لە موزیکا وای کرد بیر لە زانستی عەروز بکاتەوە. بۆ زێتر شارەزایی بۆوانە:- معجم الأدباء، طبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، مصر(د.ت)، مادة الخليل.

**جولەی ئاخاوتن و جولەی جەستە، خۆی جیا دەكاتەوە، و چۆن فرەجۆر دەكەوێتەوە- واتە دەبێتە كۆكراوەیەكی سەربەخۆ و هۆگر بەیەكتر، نەك هەر وەك یەكبوونی بەش، بەڵكو وەك یەكبوونی دێر لەنێو خودی بەشدا.**

**لەوێوە دووبارە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە چۆن ئەو قەسیدەیە لە ئاستی موزیكەوە بەهۆی روونی و هێزی ریتم خۆی جیا دەكاتەوە و لەسەر ئاستی پێكگەیشتن بەهۆی كاریگەری و چالاكی، و لەسەر ئاستی یادەوەری بەهۆی دووبارەكردنەوە و بەبیرهێنانەوە و دەرخكردن خۆی جیا دەكاتەوە.**

**ئەوە پاڵی بە هەندێك لە توێژەران نا كە بڵێن:- لە شیعریی شەفەوی جاهیلیدا كێش رێسایەكی دەرەكی نییە، كە فۆرمی شیعری سەری بۆ دابنوێنێ، بەڵكو فۆرمی شیعریی وەك بنچینە- بنەماو و هۆكارە- كێشە. بەڵام هەندێكی دیكەی بەو ئاراستەیە پاڵنا، كە بڵێن ئەو ئیلقاكردنەی كە دەكەوێتە نێوان دەنگی شاعیر و**

---

لێرەدا كێشەكان وێڕایی فۆڕمەكانیان، بەهایەكی تاوگێری (هەڵچوونئامێز) بەرفرەوان دەنوێنن، لەڕووی فسیۆلۆژییەوە بە بەنجكردنی هەستەكانەوە بەندە، وەك چۆن بە هەستە خۆڕسكەكانەوە دەلكێت، ئەوەش بەتاڵكردنی بیۆلۆژییە و وا دەكات، شیعر جێگرەوەیەكی زەروری و ئۆڕگانی زۆر لە گرژبوونەوە تاوگێرییەكان بێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- السعيد الورقي، لغة الشعر العربي الحديث ، دار النهضة العربية ، بيروت ، 1 404 -1984 م، ص161.

گوێچکەی بیسـەر، هـەر تـەنها بەیەکگەیشـتنێکی هاوبەشـانە نییـە لـە ژیان و سۆز و هتد، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا جەژنێکی کۆمەڵئامێزە.
(12)

بەشێوەیەکی سادە، شیعریی شـەفەویی جاهیلیم، لـەڕووی رەخنـەییی و لەڕووی موزیکییەوە خستەڕوو. بێگومان گوتاری رەخنـەیی و پێوانـەیی لـەبارەی شـیعریی جاهیلییـەوە هەرچـی بێـت، شـیعریی جـاهیلی بـە یەکەمین شیعریی عەرەبی دادەنرێت. ئـەو شـیعرە لـەدووتوێی وەسـفی خۆیـــەوە یەکـــەم بەیەکگەیشـــتنی ئاخـــاوتنی عـــەرەبی لەگـــەڵ ژیـــان دامەزرانـــدووە، و یەکـــەم بەیەکگەیشـــتنی مرۆڤـــی عەرەبییـــە لەگـــەڵ خـودی خـۆی و لەگـەڵ ئەوانیدیکـە. واتـە هـەر تـەنها ممارەسـەکردنی ئاخـاوتن نییـە، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوەشـدا ممارەسـەکردنی ژیـان و بوونـە. ئـەو شـیعرە نوێنەرایـەتی یەکـەمین هەسـتی عـەرەبی لەگـەڵ مێـژوو و زەمەن دەکات، وەك چۆن بەشـێکی گـەورەی نەسـتی گشـتی عەرەبیشـی لـەخۆدا حەشـار داوە. کاتێـك ئـەمڕۆ دەیخوێنینـەوە یەکـەمین دەنگمـان بیر دەکەوێتەوە، گوێمان لە دەنگـەکانی زمـان دەبێـت، مێـژوو و مرۆڤـی لـــەباوەش گرتـــووە. ئـــەوە یەکـــەمین بەرجەســـتەکردنی هونـــەری زمانەکەمانە، کە ئێمە قسەی پێدەکەین، و دەرگاکانمانی پـێ لـە تـاریکی نادیـار دەکەینـەوە. لێـرەوە ئـەو هـەر تـەنها یەکـەمین یادەوەرییـەکانی ئێمـە نییـە، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوەشـدا یەکـەمین سەرچـاوەی خـەیاڵی ئێمەیە.

بەلام ئێمە ئەمڕۆ لە پەیوەندیمان بەو شیعرەوە، دووچاری قەیرانێکی بەرفرەوان دەبینەوە، ئەویش قەیرانێکە خۆی لە یەکەم گوتاری رەخنە و سەرنجی ئەو گوتارە بۆ شیعریی ناوبراو، حەشار داوە، و خەسڵەتەکانی دیاری کردووە، بەو وەسفەی کە شیعری شەفەوییە، هەوڵی داوە، رێسا و پێوانەیەکی رەها بۆ شیعرییەتی نووسینی دیاری بکات. بۆ ئەوەی هەموو ئاخاوتنێك بە شیعر دانەنرێت، تەنها ئەو ئاخاوتنە کێشدارە نەبێت، کە دەکەوێتە سەر ئەو رێبازەی (خەلیل) دیاری کردووە، بۆ ئەوەی لەو رێبازە، یەکەمین تایبەتمەندی شیعریی دیاری بکرێت. ئەو رێسایانە دەستیان بەسەر لێکجیاکردنەوەی شیعر و ناشیعر دابڕی. لە سێ چاخی یەکەمی کۆچی (بارودۆخە ئالۆزەکە و بەعەقڵکردن و ململانێی ئایدیۆلۆژیی نێوان عەرەب و ئەوانیدیکە) لە چەسپاندنی یارمەتیاندا. بەمجۆرە لەبری ئەوەی تەماشای کێش بکەن، وەك مەسەلەی ئالۆزکردنی حاڵەتە ئاوازخوانییەکە و جۆرێکی دیاریکراوی گوتنی شیعریی، وەك وەسفکردنێکی جەوهەری، هەموو گوتنێکی شیعریی سەیریان دەکرد. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بۆچوونی رەخنەیی دەستی بەسەر دەقی شیعریی نووسراودا گرت، وەك ئەوەی دەقێکی شەفەوی بێت (نەك نووسراو. و:-ك)، بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە نووسین فەرزی دەکات، وەك:- لێوردبوونەوە، پەیبردن، تەمومژی، فیکر، گوتەزا، بخرێتە دەرەوەی بواری شیعرییەتەوە، بە تەعبیرێکی دیکە وەك ئەوەی شەفەوییەت قسەکردن بێت و نووسین رەسمکردن.

بەمجۆرە هەستدەکەین ئەو گوتارە رەخنەییەی، کە (رابـردوو) لـەبارەی شیعریی جاهیلییەوە پێشکەشی ئێمەی کـردووە، و هەتا ئێستاش هـەر پێشکەشمانی دەکات، هەر ئەو خۆیەتی کە هەنووکەش ئەو شیعرەی لـە ئێمە داپۆشیوە.

(13)

(خـەلیل) پیـاوی زانسـت و رەوانبێـژی و زانسـتی زمـان و موزیکا بـوو، وەك بونیـاد و سیسـتم سـەیری زمـانی دەکـرد، و لـەڕووی رێسـا و شـیانەکانییەوە پـەی بـە موزیکـای زمـانی شـیعری جـاهیلی بردبـوو، لـەدووتوێی نیـازی خۆیـەوە، جـەختی لـەوە دەکـردەوە، کـە عـەرەب بۆخۆیـان، موزیکایـەکی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە و ئـەو موزیکایـە کۆمـەڵێك خەسـڵەتی عـەرەبیی هـەڵگرتووە، بەتایبـەتی ئـەوەی بـە ئاوازخوانییەوە بەندە.

لە هەموو ئەوانەدا، دنیایەك وەسف دەکات و سـەیری دنیایـەك دەکات، کە وەسفی کـردووە. دەشێ بڵێین ئەو کارەی ئـەو بـۆ پاراسـتنی زمـان، مێـژوویی دەکەوێتـەوە، بـۆ پاراسـتنی کێشـە شـیعرییەکانیش شـان لـە شـانی کارەکـانی دیکـەی دەدا، کـە بـۆ دەرخکردنـی قورئـان و فـەرموودەکانی پێغەمبـەر و کـارە پوختـە جۆراوجۆرەکـانی دیکـەی عەرەب، بەئەنجامی گەیاندبوو.

بـەڵام ئەوانـەی بـەدوای ئـەودا هـاتن، خوێندنەوەیـەکی ناسـیونالی-ئایدیۆلۆژییان بۆ کارەکانی (خـەلیل) کـرد، و هـاتن کـارە وەسـفییەکانی (خـەلیل)یـان بـۆ پلەیـەکی پێوانـەیی بـەرز کـردەوە، لـەژێر کاریگـەری

ململانێی (سیاسی-ڕۆشنبیریی-ناسیونالی) نێوان عەرەب و ئەوانیدیکە.
بەمجۆرە گوتنی شیعرییان لە ڕێسایەکی ڕێکوپێك و دیاریکراو ئابلۆقەدا، لەبری ئەوەی بە ئازادی بیهێڵنەوە و بە بزاڤە چالاکەکانی ئیبداعەوە پەیوەستی بکەن.
ئەمڕۆ ئێمە، ئەگەر رابردووی شیعریی خۆمان بخوێنینەوە، نەك بۆ ئەوەی (خەلیل) و ئەوانەی دوای ئەوی تێدا ببینینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی، ئەوە ببینین، کە لەو ون ببوو، لێی دیار نەبوو. ئێمە ئەمڕۆ بۆشاییەکان دەخوێنینەوە یان ئەو کەموکوڕییانەی کە جێیان هێشتوون. بەتایبەتی کەموکوڕی تەکنیکی و ئەو ئاڵۆزییانەی کە لەگەڵ سرووشتی زمانی شیعریی ناکۆك دێنەوە. ئەو زمانەی، کە لە تەقینەوە و سۆز و جیاوازییەکانی وەك ئەوەی مرۆڤ بێت، وایە، هەمیشە لە درەوشانەوە و نوێبوونەوە و جیاوازیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەمیشە لە جولە و تەقینەوەدایە، ئەو زمانە هەمیشە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی تێپەڕاندن و تەکنیك و ئاڵۆزی.
ئەوەش گەڕانە بەدوای خوددا، گەڕانەوەیە بۆ خود، بەڵام لەڕێگای کۆچی بەردەوام لە دەرەوەی خود.
لە خوێندنەوەیەکی وادا، هەر دەبێت بێدەنگیش بخوێنینەوە، یان ئەوانەی بێدەنگن:-
ئەو گوتارە رەخنەییە دامەزراوە باوە، کە گوتارێکی تاك بۆچوونە- بەڵام لەڕێگای دەنگی جۆراوجۆرەوە، بۆ کێیە؟ ئەو تاك دیدییە بۆچی؟ ئایا چونکە ئەویدیکەی داپۆشیوە؟ بۆچی، و چۆن؟ ئایا ئەو

هەر خۆی تاکە بۆچوونێکی دروستە؟ ئەی بۆچی جۆراوجۆرە، و چۆن؟ چۆن بڕیار دەدات، کە شیعری جاهیلی دەرك ناکرێت و هەڵناسەنگێندرێت، تەنها بەپێی ئەو بۆچوونە نەبێ، ئایا خوێندنەوەی ئەو شیعرە بەتایبەتی ئەمڕۆ، هەموو ئەو جیاوازییە ناکۆکانە کەشف ناکات، کە تێگەیشتنی فرە و حوکمە رەخنەییەکان، فەرزیان کردبوو؟ ئایا جیاوازی لە بۆچوون، بۆ شیعری جاهیلی بوونی هەیە، و لەناوبراوە و قەدەغەکراوە؟ چۆن؟ ئایا لێرەدا دەسەڵاتێك هەیە، تا ئەو سنورە بکەوێتە ژێر کاریگەری گوتارێکی تەکنیکی و وای لێبکات بۆخۆی دەسەڵاتی هەموو گوتارێکی دیکە رەتبکاتەوە؟ ئەو دەسەڵاتە کامەیە؟ ئایا دەسەڵاتی ئایینییە، یان زمانەوانییە؟ ئایا ناسیونالییە؟ ئایا بە سارانشینیەوە پەیوەستە و رەمزی روونی و پشتاوپشتگەرییە- و رەتکەرەوەی شارنشینیە، کە رەمزی تێکەڵاوبوون و دوورەگییە؟ ئایا تێکەڵەیەکە لە هەموو ئەوانە؟ ئایا بەردەوامی ئەو گوتارە دووبارەبوونەوەی ئامادەییە، و فۆرمێکە لە فۆرمەکانی چەسپاندنی ناسنامە، بۆیە مەیلی رەتکردنەوەی ئەویدیکەی دەکات، چونکە گومانی لێی هەیە، وەك ئەوەی ناسنامە جەختکردنەوە بێت، بۆ خودی خۆیان؟

لە هەموو ئەو پرسیارانەدا ، ئاماژەیەك هەیە، کە ئەو گوتارە تەکنیکی و یەکتا و پەیوەستە، کۆمەڵێك بێدەنگی (چ وەك بزر و چ وەك کەموکوڕی) لەپشت خۆیدا حەشار داوە. ئەمڕۆ ئێمە بانگکراوین بۆ

**مارەسەکردنی خوێندنەوەی کەلەپوری رەخنەی شیعریمان، تا کەموکوڕی و ونبووەکان کەشف بکەین و بێدەنگی بدوێنین.**

## شیعرییەت و فەزای******************** قورئانی

(1)

**خەلیلی کوڕی ئەحمەدی (ئەلفەراهیدی) یەکەمین کەس بوو، کە سەرنجی لە زارەکی (شەفەوییەت) شیعری عەرەبی داوە و بایەخەکەشی لە (کێش) و (سەروا)دا دەستنیشان کردووە.**

******************** Space= فضاء، فسحة، فراغ، خلاء

**خوێندنەوەی فەراهیدی بۆ موزیکای شیعریی جاهیلی وەك نموونەیەكی جیا لەوانیدیكە لەڕووی شیعر و موزیكاوە جەخت لە جیاوازبوونی عەرەب دەكات.**

**ئەو خوێندنەوەیە تێكەڵاوبوون و لێنزیكبوونەوەی عەرەب لەگەڵ ئەوانیدیكەش دەگەیەنێت و ململانێی كاریگەری و ململانێی بەهای كلتوریی عەرەب و بەهای كلتوریی ئەوانیدیكە بەرجەستە دەكات، تاكو لەوێوە هەستكردن بە ناسنامە (هویە)[†] و شعوركردن بە ناسنامە قوڵبكاتەوە. ئەوەش جۆرێكە لە خوێندنەوەی شیعری جاهیلی و وایكردووە كە (نۆرم و پێوانە= norm ،standard)[‡] زارەكییەكانی شیعری هەژموونیان هەبێت و لە چەندان داڕشتندا خۆیان بنوێنن و چەندان جۆری فێركردن لەخۆ بگرن. بەدیوەكەی دیكەش وایكردووە كە گوتن (قول)ی[§] شیعر وەك جۆرێك لەلاساییكردنەوە**

---

[†] چەمکی ناسنامە "الهویة" لەگەڵ چەمکی "الغریة" رووبەڕووی یەك دەبنەوە.

[‡] ئەو دوو وشەیەم لەبری وشەی "المعیار= standard ، norm " بەكار هێنراوە،

[§] لەبری وشەی (قول) بەكار هێنراوە. وەك دەزانین وشەی ئاخافتن لە زمانی عەرەبی :كلام، قول، محادثة، حدیث، نُطق، محاورة، خطبة. دەگرێتەوە

بکەوێـتەوە، بێ ئەوەی لەنێوان دەقی شەفەوی و سرووشتی دەقی نووسراودا هیـچ جیاوازییەکی جێگیر خۆی بنوێنێ.

بەمجۆرە خولیا*********************** وەك بناغەیەك لای رەخنەگرانی سەر بەو نۆرم و پێوانەیە لەگەڵ شیعرییەتی جاهیلیدا جەخت لە دیاردەی بەیەکگەیشتن دەکەن و پێیانوایە بەمجۆرە قوڵتر دەتوانن نوێنەرایەتی ناسنامەی عەرەبی بکەن، و ئەو ناسنامەیە بەرجەستە بکەن. بەدیوەکەی دیکەش هەموو دەرچوونێ لەو بازنەیە بە دەرچوون لە ناسنامە و لادان لە نموونەی†††††††††††††††††††††††† شیعری عەرەبی لە قەلەم دەدەن و بە ئەتککردنی خودی شیعری دەژمێرن.

لێرەدا خەمی ئەوان لە بەدواداچوونی شێوەکان و بەردەوامبوونی شەفەوییی جاهیلیدا خۆی دەبینێـتەوە. کار بۆ بەگشتکردنی تایبەتمەندییەکانی شیعری جاهیلی دەکەن و پرنسیببێکی ئایینی و

---

*********************** وشەی خولیا لە بەرانبەر " الهَاجِسُ -Obsession" بەکار هێنراوە. ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی دەکەوێتە بەرانبەر وشەی "الخاطرة، خیال، فكرة، رأي، رغبة، هواية" لە زمانی کوردی وشەی (خولیا، بیر، بەبیرداهاتن، گومان...) بەکار دەهێنرێت.

†††††††††††††††††††††††† لەبری وشەی "المثال" بەکار هێنراوە. بەڵام ئەدۆنیس لە شوێنی دیکەی ئەو کتێبەدا وشەی (نموذج، عينة) واتە (sample، paradigm)ی بەکار هێناوە، من هەر وشەی (نموونە) و (پارادیم)و بۆ هەڵبژاردووە، کە پێموانییە هیچ شێوان و تێنەگەیشتنێك بخاتە دووتوێی ناوکۆیی و رستە کوردییەکەوە.

**مۆرکێکی رەها و بەڵگەنەویستی ماتماتیکانەی پێدەبەخشن. وەك ئەوەی لەسەر شیعری عەرەبی پێویست بێت، کە هەمیشە رەنگدانەوەی نموونەی شیعری جاهیلی بێت.**

**وەك چۆن (خەلیل) لەسەر ئاستی ریتم بە پێشەنگی شیعری جاهیلی دەدرێتە قەڵەم، بەهەمان شێوە "(جاحز)- 255ك کۆچی دوایی کردووە" لەسەر ئاستی تایبەتمەندی زمانەوانی و تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعریی وەك پێشەنگ تەماشا دەکرێت.**

**(جاحز) زمانی عەرەبی لەسەرووی زمانی گەلانی دیکەوە دەبینی، ئەو پێیوایە عەرەب کانزایەکی تەواو پاراوە، پاراویش هەر تەنها بە تێگەیشتنەوە بەند نییە. چونکە دەشێ تێگەیشتن لەرێگای ئاخاوتنی ناپاراویشەوە بگات. بەلاّم ئەو تێگەیشتنەی (جاحز) باسی دەکات، لە "رێڕەوی ئاخاوتنە پاراوەکانی" عەرەبدایە، واتە پاراوی یان رەوانی بە واژەوە (اللفظ) بەندە، نەك بە ماناوە. هەروەك (جاحز) دەڵێ "لەنێوان هەموو گەلاّندا مانا هاوبەشە، بەلاّم واژە کورتکراوەیەکی تایبەتە".**

---

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ لە بەرانبەر "النموذجیة- " بەکار هێنراوە.

لەبری وشەی (کلام) بەکار هێنراوە. هەڵبەتە وشەی (ئاخافتن) بە وشەی:کلام، قول.... دێت، ئەو جیاکردنەوەی من هیچ لە مانا ناگۆڕێت، واتە (ئاخافتن و گوتن) دەشێ لەبری یەك بەکار بهێنرێت، بەلاّم لێرە تایبەتمەندی بابەتەکە ئەو جیاکردنەوەیە دەسەپێنێت.

**کەواتە شیعرییەت بە (مانا)وە پەیوەست نییە، بەڵکو لە (واژە)دایە. بەو مانایەش بەهای شیعرییەت وەك کورتکراوەیەکی تایبەت لە زمانەوە هەڵدەقوڵێ، بۆیە ناتوانین هیچ ڕێگایەك بۆ جیاکردنەوەی شیعریی و تەکلایکردنی شیعریی ناس بکەین. تەنها لەمیانی مەعریفەی ئەو شتەوە نەبێ، کە تەکلایی لەسەر هەموو ڕووەکانەوە دەینوێنێ، ئەوەش لەسەر ئاستی شیعر بەڕای "(جاحز)" بە (کێش) و (واژە)ی شیعرەوە بەندە. لەو تێڕوانینەوە************************ (جاحز) شیعر وەك زمان تەماشا دەکات. زمان لای عەرەب "غەریزە" و "خۆرسکی"□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ییە، بە (سرووشی سەیر) تەعبیری لێدەکرێت. واتە لای عەرەب شیعر لێکنادرێتەوە، چونکە بەشێکە، یان بەختێکە لە خوداوەیە! هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەوەی شیعرییەتی عەرەبی بۆ لە یەکنزیکردنەوەی شتەکان و دنیا دەیخاتەڕوو، ئەوەیە کە هەموو شتێ بۆ عەرەب وەك ئیلهام باو و سەرپێییە، واتە ژانوژوار و کۆشش و گەورەیی فیکری تێدا بەدی ناکرێت، هەر وەك لای هەندێ لە نەتەوەکانی دیکەی وەك فارس و هیند و ڕۆم دەبیندرێت. ئەوەی لەو گوتنەدا خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەیە کە شیعری عەرەبی "ناشێ تەرجەمە بکرێت" و ناشێ لێی**

************************ لە بەرانبەر وشەی "النظرة" بەکار هێنراوە.

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ لەبری وشەی (فطرة) بەکار هێنراوە، کە لە زمانی کوردی دەشێ وشەی زگماکی، سرووشتکرد، سرووشتی... بۆ یەکار بهێنرێت.

بگوازرێتەوە، چونکە هەر کاتێ گۆڕا نەزمی گوتنیشی تێکدەچێت و لە کێش خاڵی دەبێتەوە و جوانی خۆی لە دەست دەدات، بابەتی سەرسوڕمانی تێدا دەکەوێت، یان تایبەتمەندی و جیاکارییەکانی لەناودەچێت و جگە لە هاوبەشییەکی گشتی هیچی دیکەی تێدا نامێنێتەوە. کەواتە لێرەوە لەو قسەیە دەگەین، کە دەڵێ سوودی شیعری عەرەبی تەنها ئەوانە دەگرێتەوە، کە عەرەبن و بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن.

(2)

قورئان بۆ مرۆڤ و دنیا هەر تەنها خوێندنەوە و دنیابینییەکی□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ نوێ نەبوو، بەڵکو لەسەر ئاستی مەعریفە و لەسەر ئاستی شێوەی تەعبیرکردن نووسینێکی نوێ بوو و دابڕانیشی لەگەڵ جاهیلیی دروست کرد. بەمجۆرە دەقی قورئانی گۆڕانکارییەکی بەربلاو و ریشەیی هێنا ئاراوە. واتە شیعریی عەرەبی لە (شەفەوییەوە) بۆ (نووسین) گواستەوە- لە رۆشنبیرییەکی سەرپێی و بەڵگەنەویستەوە بۆ رۆشنبیرییەکی دنیابینانە و تەئەمولی.. هەروەها لەو تێڕوانینەی کە تەنها لە دیاردەی بتپەرستییەوە دەستی بۆ "بوون" دەبرد، بەرەو تێروانینێك هەنگاوی نا کە لە قوڵایی "میتافیزیکا"وە لە بوون دەڕوانێت. نامەوێ قسە لەسەر دەقی

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ لە بەرانبەر وشەی "الرؤیة=Vision ) بەکار هێنراوە.

قورئانی بکەم، وەك ئەوەی دنیابینییەکی ئایینییە، یان جوانکاریەکەی کەشف بکەم، چونکە لێرەدا کۆمەڵێك کتێب بە دیدی ورد و جوان قسەیان لەو مەسەلەیە کردووە. مەبەستی من لە ئاشکراکردنی ئەو ئاسۆیەدا خۆی کورت دەکاتەوە، کە قورئان (بونیادی نووسینی) لە بەرانبەر شیعرییەتی عەرەبی والأکرد.

لەمیانی ئەو روونکردنەوەیەش بەکورتی گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانە دەخەمە بەرچاو، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەنێوان دەقی قورئانی و دەقی شیعرییدا ئەنجام دراون. راستە لە بنەڕەتدا جیاوازی هەردووکیان لەڕێگای دەقی قورئانییەوە چەسپاوە. لە هەمان کاتیشدا راستە دەکرێ ئەوە بەهۆی خودی بەراوردکردنەوە بێت، کە دەقی قورئانی وەك نموونەیەکی نوێی ئەدەبی، رووبەڕووی شیعریی جاهیلی خرابێتەڕوو. "رەنگە بێ مەبەستیش ئەوە کرابێ". هەموو ئەوانەش وەك شاعیران و رەخنەگرانی شیعر رایدەگەیەنن، بۆ پەیپێبردنی دەقی قورئانی و ئیلهامبەخشی ئەو دەقە دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە شەفەویی جاهیلی وەك نموونەی چێژ لێوەرگرتن و رەخنە، قبوڵ ناکەن.

(3)

یەکەم کتێب لەنێوان دەقی شیعریی و دەقی قورئانی، کتێبی "مجاز القرأن-ی ئەبو عوبێد-ەیە، لە ساڵی 209ك کۆچی دوایی

**کردووه"[1] دەڵێن ئەو کتێبەی لەساڵی 188ك داناوە، لەوێدا لەڕێگای بەکارهێنانی مەجاز (metaphor) لە زمانی قورئان دەکۆڵێتەوە، ئەو کارەی ئەویش دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەو رەخنانەی دراسەکردنی وێنەی هونەری و رێبازەکانی تەعبیرکردن بە ئەرکی خۆیان لە قەڵەم دەدەن.**

**یەکێکی دیکە لەو کتێبانە، کتێبی "معانی القرأن- الفراو -ساڵی 207ك کۆچی دوایی کردووە"[2] ئەو کتێبە وەك**

---

[1] ابو عبیدە- ناوی ئەبو عوبێدەی کوڕی ئەلموسەنای ئەلتەمیمییە، زانا و ئەدیب و زماناناس بووە و خەڵکی شاری (بەسرە)یە، لە ساڵی (110ك) بەرانبەر بە (726ز) لە دایکبووە و لە ساڵی (209ك) بەرانبەر بە (824ز) کۆچی دوایی کردووە و لە بەر ئەوەی لە رەخنەگرتندا زۆر توند بووە لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا هیچ کەسێك لە هاوەڵانی ئامادەی ناشتنی نەبووە. باوکی جولەکەیەك بووە لە جولەکەکانی (باجروان)ی ولاتی (فارس) کاری بۆیاغچیی کردووە. (جاحز) لە بارەیەوە دەڵێت: "هیچ کەسێکم لەسەر زەوی نەدیووە وەك ئەو لە هەموو زانستەکان شارەزایی هەبێت". یەکێك بووە لەوانەی تەواوی فەرموودەکانی (پێغەمبەر)ی لەبەر بووە. کۆمەڵێك کتێبی هەیە، لەوانە:- «نقائض جرير والفرزدق»، «مجاز القرآن»، «رسالة العققة والبررة»، «مآثر العرب»، «مثالب العرب»، «فتوح أرمينية»، «ما تلحن فيه العامة»، «أيام العرب»، «الإنسان»، «الزرع»، «الشوارد»، «طبقات الشعراء»، «طبقات الفرسان»، «المحاضرات والمحاورات»، «الخيل»، «الأمثال»، «تسمية أزواج النبي».

[2] الفراء - ئەبو زەکەریا یەحیای کوڕی زیاد کوڕی عەبدوڵلاّ کوڕی مەنزوری ئەسلە میە بە "فەڕای دلێمی کوفی" ناوبانگی دەرکردووە، بۆیە بە "فەرای" ناوی دەبەن چونکە جوان قسەی دەکرد، وەك دکتۆر "ئەحمەد ئەلنەساری" دەڵێت لە "کوفە"

**پێکهاتە و شیکردنەوە، لە شێوازی دەقی قورئانی دەکۆڵێتەوە و یەکە یەکە سورەتەکانی قورئان لێکدەداتەوە و بەشێوەیەکی سێنتاکسی و زمانەوانی و ئەدەبییەوە ئایەتەکانی راڤە دەکاتەوە. هەندێجاریش بۆ ئەو راڤەکردنانەش پشت بە شیعری جاهیلی دەبەستێت. هەر لەوێشەوە قسە لە ئامرازەکانی تەعبیرکردنی مەجازی دەکات، وەك:- درکە، لێکچواندن، خواستن، پێشخستن، پاشخستن، گواستنەوە لە دواندنی دیار بۆ نادیار. هەروەها قسە لە موزیکی قورئانی دەکات و پێیوایە کە رەگەزەکانی دەقی قورئانی لە هاوبەندی وشەکان و نەغمە و هارمۆنییەتی دواناوبڕی ئایەتەکان پێکهاتووە. هەوڵدەدات ئەو**

---

ساڵی 144ك لە دایکبووە، و ژینگەی کوفە لەڕووی فیکرییەوە "ئەوەی کە پێی دەڵێن سۆفیگەری ئیشراقی" کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەلفەڕا هەبووە، پاشان بەرەو "بەغداد" هاتووە، دوای کێبڕکێیەکی بەرفرەوان لەبارەی زماننناسییەوە بووە ئیمام، ئەلفەڕا یەکێك لەوانەی بۆ ژیانی هەولّی زۆری داوە و داواکاری زۆری هەبووە، هیچ کاتێك لە ماڵەکەی دانەنیشتووە هەمیشە بەدوای کۆکردنەوەی پارەو سامان بووە، ئیمام ئەلفەڕا لەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە ململانێی نێوان (موعتەزیلە ) و (ئەهلی سوننە)ی دیووە، ئەوەش لە دانراوەکانیدا رەنگیداوەتەوە و لە زۆربەی دانراوەکانیشدا دەستەواژەی فەلسەفی زۆری بەکار هێناوە. ئەلفەڕا لە ساڵی (207ك) هەندێك دەڵێن لە (بەغداد) و هەندێکی دیکەش دەڵێن لەڕێگای (مەککە) کۆچی دوایی کردووە. لە کتێبەکانی:- "كتاب الحدود، كتاب المعاني القرأن، المصادر في القرأن، كتاب الوقف والابتداء، كتاب الجمع والتثنية في القرأن، الة الكتاب، كتاب المفاخر"..

**دیاردە ریتمییە، بە کێشە شەفەوییەکانی شیعریی جاهیلی بەراورد بکات، بۆ نموونە دێ ئاماژە بە گۆڕانکاری ئەو وشانە دەکات، کە دەکەونە دوابڕگەی ئایەتەکانەوە، هەروەها سوورە لەسەر تەبابوونی موزیکا و کێش، و سەروای شیعری.**

**"(جاحز)" لە لێکۆڵینەوەی دەقی قورئانی هەنگاوێکی دوورتر دەهاوێژێ، لەبارەی چێژ، دەرککردنی نهێنییە هونەرییەکان، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە زمانی مەجازی و موزیکای سیستمی قورئانی و بونیاددا هەیە. هەمیشە بیروڕاکانیشی بە شەفەویی جاهیلی راستدەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەیدا کێشەکانی (أوزان) هۆنینەوەی قورئانی بەرفرەوان نیشاندەدا و پێیوایە هیچ لێکچوونێك لەنێوان کێشەکانی قورئانی و کێشەکان شیعردا بوونی نییە، و نکوڵی لە هەموو لێکچوونەکان دەکات.**

**لە کتێبی "مشکل القرأن-ی –ئیبن قتیبە- ساڵی 276ك کۆچی دوایی کردووە" بەشێوەیەکی بەیانی (البیان)**

---

†††††††††††††††††††††††††† لەبری وشەی " نظم " بەکار هێنراوە.

ئەبو محەمەد عەبد الله موسلیم ئیبن قوتەیبە- لە ساڵی (213ك/828ز) لە شاری (کوفە) بە قسەی زۆر لە مێژوونووسان لە دایکبووە و دواتر چووە بۆ شاری بەغدا، بەڵام هەندێکیان دەڵێن لە شاری (بەغداد) لە دایکبووە، یەکێك بووە لە رۆشنبیرانی سەردەمی خۆی و یەکێك لە قسەکەرە زۆر دیارەکان بووە و بەشداری زۆری لە زانستی کەلام و جەدەل و مونازەرە کردووە، دەچێتە ریزی ئەوانەی کە بیروڕای خۆیان لە بارەی کەلام و پشت راستکردنەوەی مشتومڕەکانیان بە بەڵگەی زانستی و لۆژیکی.. بە

**کۆمەڵێ بۆچوونی قوڵ لە شیکردنەوەی دەقی قورئانیدا دەخاتەڕوو، لەوێدا هۆنینەوەی قورئان، وەك شێوازێکی تایبەت بە واژەکان ناس دەکات، لەڕێگای پێکەوەگونجان و هۆگری و ماناکانی نێوانیانەوە، کە یەکتریيان لە باوەش گرتووە. موزیکایەکەشی بە ئیقاعی ناوەوەی ئایەتەکان دەناسێنێ، کە لەسەر هۆگری پیتە نەغمەدارەکان و ناوبڕەکان و ناوکۆییە دیاریکراوەکانەوە وەستاوە. دەربارەی کاریگەری دەقی قورئانی لەسەر دەروون، پێیوایە لەبەرئەوەی دەقی قورئانی، وەك گوتارێکی عاریفانە لەڕێگای پێکهاتە و نێهێنییەکان، لەگەڵ دەروون دەدوێ، بۆیە دەتوانێ بیهەژێنێ و داگیری بکات. لەنێو قسەکانیدا دەربارەی شیعریی عەرەبی دەڵێت:- خودا عەرەبی بەهۆی "پایەی کتێب" بەرز ڕاگرتووە، ئەو کتێبەش کۆگای زانستەکانە و لەسەر کێش و سەروا و جوانهۆنینەوە وەستاوە، بۆ قسەکانیشی مەجاز**

---

ئەدیب و رەخنەگری ئەدەبی و زمانناس و زانای مێژوویی عەرەب و ئیسلام بووە و وەك چۆن لە زانستی زمان و زانستی قورئاندا دەستێکی باڵای هەبووە، کۆمەڵێك دانراوی بەنرخی لە کاتی خۆی بلاو کردۆتەوە، بە کورتی هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەدەب و ئایین و بەرگریکردن لە عەقیدەی ئوممەت تەرخان کردووە لە ساڵی (276ك/13 نوفمبەری 899ز) کۆچی دوایی کردووە. کۆمەڵێك دانراوی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە لەوانەش:- "المسائل والأجوبة، وطُبع بمصر، 1349 هـ= 1930م) و" كتاب الأنواء في مواسم العرب"، وطُبع ببغداد سنه (1408هـ= 1988م) و" فضل العرب والتنبيه على علومها"، وطُبع بـ "أبو ظبي" سنة (1408 هـ= 1988م)... بڕوانە سایتی ویکیپیدیا.

لەنێو قورئان دەخاتەڕوو، هەروەها وای بۆدەچێ، کە دیاردەی (دووبارەکردنەوە) لەنێو دەقی قورئانیدا بۆ جەختکردن و یەکلاکردنەوە و تێرکردنی مانا و بەرفرەوانکردنی واژەکانە و وەك بەهایەکی بەیانی خۆی دەنوێنێ. ئینجا کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێ و دەڵێت:- دەقی قورئانی ئەگەرچی بەپێی ڕێبازی قسەکردنی عەرەبی دەڕوات، بەڵام دەکەوێتە سەرووی ئەوەوە و قسەکردنی عەرەبی ناتوانێ شان لە شانی ئەو بدات.

"الرّمانی، ساڵی 374ك کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبەکەیدا کە بەناوی —النكت فى اعجاز القرأن" ە ڕەوانبێژی بە جۆرێك دیاری دەکات، کە تەواو لە دیاریکردنەکانی

---

الرمانی- ناوی ئەبو حەسەن عەلی عیسی ئەلرمانییە، هەندێك دەڵێن لە ساڵی (384ك) کۆچی دوایی کردووە و هەندێکی دیکە (386ك) و هتد. کتێبی" النكت في إعجاز القرآن" یەکێکە لە پێشەنگەکانی بەیانی ئیعجازی قورئان، بە تایبەتی لایەنی ڕەوانبێژی کە بۆخۆی دەستێکی باڵای لەو بوارەدا هەبووە، ئەو نامەیە کاریگەرێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە و بۆتە جێگای بایەخی زۆربەی زانایانی بواری ئیعجازی قورئان چ نوێ و چ کۆن.. یەکێك بووە لەوانەی کە توانیوویەتی تارادەیەکی بەرفرەوان بابەتەکانی لەڕووی دەستەواژە و ڕاڤە و لێکدانەوە بە جوانی بگەیەنێت، کتێبی ناوبراو بڕێکی زۆری لە شتە جێگیرەکانی فیکری ئەوانەی کاریان لە مێژووی ڕەوانبێژی و ئیعجازی قورئان دەکرد، گۆڕی، ئەوەی لەو کتێبەدا لەڕووی ڕەوانبێژی و ئیعجازەوە بەرچاو دەکەوێت، پێشتر لەو بابەتانەدا بەرچاو نەکەوتوون. بۆ زێتر شارەزایی بڕوان سایتی ویکیبیدیا.

**پێشوو جیاواز دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەش پشت بە دەقی قورئانی دەبەستێ، بەلاَم ئەو مەسەلەیە هەر تەنها لە بە ئەبستراککردنی تێگەیشتنی مانادا نابینێ، بەڵکو لەوەدا دەیبینێ، کە دەقی قورئانی لە جوانترین وێنەی واژەییدا، مانا بە دڵ دەگەیەنێت. هەموو ئەو دیاریکردنەش لە سنوری رەوانبێژی:- دەکەوێتە نێو شێوازەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروون. دراسەی وێنەی بەیانی و رێگاکانی بەجێگەیاندن و هۆنینەوە و ئەو ناوبڕانە دەکات، کە وەك ئەوە وان "کۆمەڵێ پیتی هەمەڕەنگ بن لە پارچەیەکدا و ئەرکییان جوانگەیاندنی مانا بێت"**

**لە کتێبی " بیان اعجاز القرأن-ی ختابی- لە ساڵی 388ك کۆچی دوایی کردووە"****************************** دوو شتی گرنگ هەیە:- یەکەمییان، هۆنینەوەی قورئان، بەشێوەیەکی وردتر لە پێشوو دووبارە دەکاتەوە. دووەمیان، هێنانە ناوەوەی رۆشنبیریی هونەریی، لە داهێنانی هۆنینەوەدا و جەختکردن لەسەر ئەوەی کە تەنها هەر شتە**

---

****************************** الخطابي- ناوی ئەبو سلێمان ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم ئەلختابییە، لە پشتەوە دەگەڕێتەوە بۆ (زەید کوڕی خەتتاب کوڕی نوفێلی ئەلعەدوی). ئەلختابی ئەدیب و ئیمام لە شاری (بست)ی (کابول)ی ئەفغانی لە مانگی (رەجەب) ساڵی (319ك) لە دایکبووە و لە (6ی رەبیع ئەلئەوەل 388ك) بەرانبەر بە (998ز) کۆچی دوایی کردووە. زۆر بەنێو ولاَتە ئیسلامییەکاندا گەڕاوە بۆ ئەوەی زێتر ببینێ و ببیسێت بە تایبەتی لە (عیراق، خورسان، حیجاز). بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە سایتی ویکیبیدیا.

**باو و پاراوەکانی زمان، بۆ تێگەیشتن بەس نییە. دەشێ ئەو قسەیەش ریشە سەرەتاییەکانی رەخنەی شەفەوی جاهیلی و ئیستێتیکی جاهیلی لەخۆ بگرێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ.**

**"باقلانی-ساڵی 403ك كۆچی دوایی کردووە" لە دراسەکردنی بەیانی قورئاندا هەموو بەراوردکارییەکی نێوان (ئایەت) و (بەیتە شیعرییەکان)، (سورەت) و (قەسیدەکان) رەتدەکاتەوە. چونکە بەڕای ئەو هۆنینەوەی قورئان جۆرێکە لە بەیان، کە بە ئاخاوتنی (کلام) عەرەبی ناچێت، بەڵکو تەواو لە ئاخاوتنە هونەرییەکەی عەرەب بە هەموو جۆرەکانییەوە دەردەچێت، جا بۆ ئەوەی ئەو مەحاڵییە**

---

الباقلانی- ئیمام و قازی ئەبوبەکر تەیب محەمەد جەعفەر قاسم (بەسرایی) دواتر (بەغدایی) کوڕی (ئەلباقلانی) لە ساڵی (328ك) بەرانبەر بە (950ز) لە دایکبووە و لە ساڵی (402ك) بەرانبەر بە (1013ز) کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە چینی مالیکیە، و بە (شێر)ی سوننە و (زمان)ی ئومە ناوبانگی دەرکردووە، هەر لەسەردەمی ئەویشدا کۆتایی بە سەرۆکایەتی مالیکیی هێنراوە، لە مزگەوتی (بەسرە) هەمیشە کۆمەڵێکی زۆری لە دەور کۆبوونەتەوە. لە (حیفازی ئەبو هورەیرە)، و لە ئەبو جەعفەری کوڕی محەمەد کوڕی ئەلسمانی و لە قازی موسلێ و لە حوسێن کوڕی حاتەمی ئوسولێ) دەگێڕنەوە و دەڵێن ئەبو بەکری ئەلخەتیب لە هەموو شەوێك (بیست) تەرویحەی دەکرد، ئەگەر مەجالیشی هەبایە (35) لاپەڕەی لە کتێبەکانی دەنووسییەوە. لە بەرهەمەکانی:- (كيفية الاستشهاد في الرد على أهل الجحد والعناد،الأصول الكبير في الفقه،مناقب الأئمة،الملل والنحل،هداية المسترشدين........).

بەراوردکارییە روونبکاتەوە (ئاخاوتنی هونەری عەرەبی) دابەشی پێنج بەش دەکات:-

1- شیعر
2- ئاخاوتنی کێشدار و بێ سەروا.
3- ئاخاوتنی بێ سەرواداری (السجّع) "سەجەع:-کە لە هارمۆنیەتی دوا واژەی بڕگەکان پێکهاتووە".
4- ئاخاوتنی کێشدار و بێ سەرواداری (السجّع).
5- ئاخاوتنی نێردراو، واتە رەها بێ کێش و سەروا.

دواجار لە قسەکانیدا دەڵێت:- دەقی قورئانی لە دەرەوەی هەموو ئەو بەشانەدایە و جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. بۆ زێتر روونکردنەوەی ئەوەی کە پێیگەیشتووە، هەندێ لە دەقە عەرەبییەکان لەوانەش:- خوتبەی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی و زمانپاراوەکانی عەرەب و بەیتە هەڵواسراوەکانی "ئەمرولقەیس" وەك نموونەی دەقی (شیعری کۆن) و قەسیدەکانی "بحتەری"

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ السَّجعُ:- ئاخاوتنێکی سةرواداری بێ کێش (وزن)ة. ... بۆ زێتر شارةزایی برِوانة: المعجم الوسيط

§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§§ البحتری- بحتةری کورِی عوبێد ئةلتائییة، سالَی (198ك) بةرانبةر بة (821ز) لة دایکبووة، هةندێك دةلَێن سێ، ضوار سالَ دواتر بووة. ذیانی شیعریی بحتةری لةسةر دةستی (ئةبو تةممام) لة شام دةستی ثێکردووة و ئةبو تةممام ئةوی لة (حمص) ناساندووة و هةمیشة شاعیرانی (حمص) لة مةجلیسی ئةو شیعرییان خوێندؤتةوة و

**وەك نموونەی (شیعری نوێ) ڕاڤە دەكات و هەموو ئەوانەش بەرانبەر دەقی قورئانی بەبێ مانا و شێواو لە قەڵەم دەدات. هەروەها ڕەخنەش ئاڕاستەی ئەو شاعیرانە دەكات، كەوا چۆتە مێشكیان دەتوانن بۆ هۆنینەوەی شیعرەكانیان كەڵك لە هۆنینەوەی قورئان وەربگرن، بەو شاعیرانەش هەڵدەڵێ كە لەسەر ڕێبازی شەفەویی جاهیلی شیعر دەهۆننەوە.**

**(4)**

**لە پاڵ ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لەسەر دەقی قورئانی ئەنجام دراون، كۆمەڵێ دراسەی تایبەت بە شیعر و زمانیش گەشەیان كردووە. بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و وردبینی ئەو مەسەلانەش هاتوون كۆمەڵێ بەراوردیان لەنێوان (شیعری جاهیلی) و (دەقی قورئانی) بەئەنجام گەیاندووە و بەشێوەیەكی بەیانی گفتوگۆیان لەسەر مەسەلە هاوبەشەكانی نێوان (هۆنینەوەی قورئانی) و (هۆنینەوەی شیعری)**

---

طويَيان لة شيعرةكانى ئةو راطرتووة، ئةبو تةممام بؤخؤى يةكيَك لةوان بووة، بةلاَم هةميشة طوتويةتى تؤ جوانترين شيعرت خويَندةوة، ثاشان بة ئةهلى (مةعرة) راطةياندووة، كة ئةو لاوة توانايةكى لة رادةبةدةرى شيعريى تيَداية... زؤربةى ذيانى ئةو ديار نيية، بةلاَم ئةوةى دةزانرىَ ئةوةية كة بحتةرى لةطةلَ زؤر لة شاعيران شةرِة شيعرى كردووة، دواتر يةكيَك لة هاورِيَكانى ثيَيرِاطةياندووة كة موونافيسةكةى لة شيعريَكدا ئةوى بة زةنديق و فورس ناو بردووة، بؤية ترساوة و لةطةلَ كورِةكةى بؤ (بةغداد) طةرِاوةتةوة، بةلاَم زؤرى نةبردووة و هةر لة بةغداد سالَى (284ك) بةرانبةر (896ز) كؤضى دوايى كردووة. بؤ زيَتر شارةزايى برِوانة:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الاول، دار اسامة، تلاردن-عمان،ط1 2001، ص80.

**کردووە، بۆ نموونە:- لە "نقائچ جریر والفرزدق-ئەبو عوبێدە" و "جمهرە أشعار العرب- قورەیشی" و "معانی الشعر- أشناندانی"************************** و کتێبی "نقد الشعر- قودامە جەعفەر- ساڵی 310ك کۆچی دوایی کردووە"†††††††††††††††††††††††††††† و "کتێبی الصناعتین- ئەبو**

---

**************************أبي عثمان سعيد بن هارون الأشناندانی - چەند کتێبێکی هەیە وەك (كتاب الابيات) و کتێبە بەناوبانگەکەی (معانی الشعر) کە لە ساڵی (1922) بە چاپێکی بازاڕی چاپکراوە، دواتر لەلایەن لە (دار الکتب العلمیة) لە (بەیروت-لوبنان) چاپی یەکەمی بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك لە ساڵی (1408ك/1988ز) بۆ کراوەتەوە. (السیوگی) لە بارەی (ئەشناندانی)ییەوە دەڵێت: یەکێکە لە زماننامسە گەورەکان بووە.

†††††††††††††††††††††††††††† **قدامة بن جعفر**– کوڕی قودامە کوڕی زیادی بەغدایی کوڕی ئەبو ئەلفرەج، گاور بووە و لەسەر دەستی (ئەلموکتەفی بیللا) بووە بە موسڵمان، یەکێکە لە بەناوبانگەکانی زانستی ڕەوانبێژی لەوانەی کە وەك نموونە دەهێنرێنەوە و گوتەی خۆسان لە ڕەوانبێژیدا هەیە لە دوای (ئیبن موعتەز) زانستی (جوانکاری)ی دامەزراندووە و دنیابینییەکەی دیاری کردووە.. یەکێك بووە فەیلسوفەکان لەوانەی کە لە بونیادنانی لۆژیك و فەلسەفە ئاماژەیان پێدەکرێت. چەندین کتێبی بەنرخی هەیە لەوانە:-( كتاب نقد الشعر، كتاب الخراج، كتاب صناعة الكتابة، كتاب جواهر الألفاظ، كتاب السياسة...) لة سالَی (337ك) لە (بەغداد) کۆچی دوایی کردووە.

هیلال ئەلعەسکەری- ساڵی 395ك کۆچی دوایی کردووە".

ئەگەر بە نسبەت لێکۆڵینەوەکان شتێکی زێتر بخەینەروو، ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێ دەقێکی هاوشانی دەقی قورئانی بنووسێت، بەرانبەر ئەو بۆچوونەش، بۆچوونێکی دیکەی شاراوە هەیە کە "النقام المعتزلی" تەعبیری لێدەکات و دەڵێت:- هۆنینەوەی قورئان موعجیزە نییە، چونکە بەندەکان دەتوانن وەك ئەو و لەو جوانتریش بنووسن (الفرق بین الفِرق، للبغدادی، الفچیحە الخامسە عشرە). دەڵێم ئەگەر شاراوەکان بخەینە سەر ئەوانەی کە راگەیەندراون، بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی قورئان مەسەلەیەکی نەبەویی و ئایینییە، بەدیوەکەی دیکەش ئەدەبی و هونەریشە. کەواتە دەقی قورئانی بەشێوەیەکی بەیانی دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێ:- خوێندنەوەی یەکەم لە دووتوێی بەیانییەتی

---

ابو هال العسکری- کوڕی حەسەن عەبدوڵلاٰ شعید یەحیای کوڕی مەهرانە، بە ئەبو هیلالی زمانەوان ناوبانگی دەرکردووە، کتێبی (صناعتی النقم و النپر) یەکێ:ە لە کتێبە زۆر بەسوودەکان، چەندین کتێبی دیکەشی هەیە، لەوانە:- (کتاب معاني الادب، کتاب معاني الشعر، کتاب الاوائل، دیوان شعره..) دەڵێن لە ساڵی (395ك) بەرانبەر بە (1004ز) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الثاني، دار اسامة، تلاردن-عمان،ط2 2001، ص 60، 63.

عبد (اللە): بەندەی خودا.slave.

شەفەویی عەرەبی دایە و خۆی بە خۆرسك و ئەسڵ و كۆن پەیوەست دەكات، ئەوانەی بەو جۆرە خوێندنەوانەش هەڵدەستن وای دەبینن كە دەقی قورئانی لە بەر رۆشنایی شیعری جاهیلی و رەوانبێژی قورئاندا بە (دەقی ئاسمانی) ناوبراوە. لێرەدا من بۆ شیعری جاهیلی بەشێوەیەكی شیعرییانە تایبەتمەندێتی نموونە و پارادیم زیاد دەكەم (جوانترین بەیانی مرۆڤایەتی شیعری جاهیلییە و جوانترین بەیانیش هەر بە زمانی خودی ئەو شیعرەوە بەندە، جا چ ئەرزی بێ، یان ئاسمانی- بە رەهاییش ئەوە دەقی قورئانییە) لەبەرئەوە بەیان خۆرسكی و بێ هاوشان دەكەوێتەوە، بۆیە هەر دەبێ سەرچاوە و پێشەنگ بێت، ئەوەش ناوێكی بە شێوازی شیعری عەرەبی بەخشیوە و پێی دەوترێت (رێبازی عەرەبی) و شیعریی عەرەبی لەوانیدیكە جیا دەكاتەوە.

بەڵام خوێندنەوەی دووەم:- خاوەنەكانیان هەوڵدەدەن سەرەڕای قسەكردنیان دەربارەی خۆرسكی و گرنگییەكانی، دووبارە قسە لە رۆشنبیرییەك بكەن، كە خودی ئەو خۆرسكییە لە باوەش دەگرێ، دەشێ ئەو خوێندنەوە دامەزراوەش بە (شیعرییەتی نووسین) ناو بەرین، كە لە خودی شیعرییەتی شەفەوییەوە هاتۆتە دنیاوە، خاوەنانی ئەو خوێندنەوەیە دەقی قورئانی وەك دەقێكی گەردوونی و رۆحی و فیكری دەخوێننەوە، بە نسبەت ئەوان هەر تەنها خۆرسكی لە ئارادا نییە، بەڵكو رۆشنبیریی و دنیابینییەكی فیكری بەربلاویش لە ئارادایە، بۆیە لەلایەك زمانی قورئانی پەیامبەری یان خودایی بەو

**مانایەی کە سرووشییە و سرووشتی ئیسلامی پێڕەوانە کراوە، لە هەمان کاتیشدا شیعرییە- ئەو پیرۆزییەش شان لە شانی مێژوو دەدات، یان بە مانایەکی دیکە مێژووییە- کەواتە سەرەڕای ئەوەی دنیابینیەکی (نادیار) غەیبی دەگوازێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتە مرۆیی و رۆشنبیرییەکەیشی لەگەڵدا دەگوازێتەوە، بەمجۆرەش شان لە شانی بالأیی دەدات، یان لە هەمان کاتدا شان لە شاندان و بالأییشە.**

**دەقی قورئانی لەو دوو خوێندنەوەیە و لە هەموو بارەکاندا وەك بناغەی بزاقی داهێنانی رۆشنبیرانی کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی و وەك خولگە و سەرچاوە، سەیر دەکرێ و خۆی دەخاتەڕوو. بەلأم من وای دەبینم، کە خوێندنەوەی دووەم رێگای گواستنەوەی لە شەفەویی شیعریی جاهیلی بۆ نووسینی شیعریی خۆش کردبێت. بەهۆی ئەو خوێندنەوەیە و لەمیانی کەشوهەوای ئەو خوێندنەوەیەدا (جورجانی) پرەنسیبەکانی شیعرییەتی نووسین، پاشان تیۆری هۆنینەوەی قورئانی فۆرمەلە کردووە. ئەوە و هەندێك لە رەخنەگران بە تایبەتی "الصولی- ساڵی 336ك کۆچی دوایی کردووە"******************************* دەستی لەڕێگا خۆشکردنی ئەو مەسەلەیەدا هەبووە.**

---

******************************* ابو بکر الصولي- محەمەد یەحیا عەبدوڵلاّ، یەکێکە یەکێکە لە شاعیر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی عەرەب، باشترین کەسێك بووە لە یاری

**بەمجۆرە دەتوانین بڵێین دەقی قورئانی، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بە نەفیکەری شیعر سەیر دەکرا، بە دیوەکەی دیکە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ، بووە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی ڕەخنەی شیعری دابمەزرێت.**

**(5)**

**یەکەمین نیمچە بەرگریکردنێك لە شیعرییەتی نووسین "صولی" پێشکەشی دەکات، ئەویش ڕێبازی شیعری "ئەبو تەممام"ە، یان (ڕێبازی نوێ) لەبەرانبەر ڕێبازی عەرەب (ڕێبازی کۆن). ئەو بەرگریکردنەی**

---

(شەترەنج). زۆر ئاگاداری هەواڵی پاشا و جێنشینەکان و چینی شاعیران بووە، لە ساڵی (336ك/167ز) کۆچی دوایی کردووە.

أَبو تَمّام- حەبیبی کوڕی ئەوسی کوڕی حارسی ئەلتائی، یەکێکە لە ئەمیرەکانی بەیان لەسەردەمی (ئەلرەشید) لە (گوندی حوران)ی (سوریا) ساڵی (803/188ز) لە دایکبووە، پاشان بۆ (میسر) چووە و پاشان لە شاری (بەغداد) جێگیر بووە و دواتر لە شاری (موسڵ) و هەر لەوێشدا لە ساڵی (231ك/845ز) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە. پیاوێکی ڕەشتاڵەی باڵا بەرز و ڕەوان بووە، شاعیرێکی بە توانا و لێهاتوو بووە، لە نووسینی شیعرییدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ (موتەنەبی و بحتەری)دا هەبووە، کۆمەڵێك کتێبی شیعریی هەیە، لەوانەش: (فحول الشعراء، وديوان الحماسة، ومختار أشعار القبائل...) بروانة:- سایتی ویکیبیدیا.

"صولی" لەگەڵ ڕێبازە سەرەتاییەکان، واتە شاعیرە شەفەوییەکانی عەرەب جیاواز خۆی دەنوێنێ و جەخت لەو خاڵانەی خوارەوە دەکات:-

أ- ئەو ڕێبازە نوێیە کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی و داهێنانی مانای لەخۆدا هەڵگرتووە، کە شەفەویی جاهیلی دەرکی پێنەکردبوو. خودی ئەو تایبەتمەندییانەش بووە هۆی داهێنانی زمانێکی نوێی شیعریی. کەواتە ڕووداوە شیعرییەکان ئەو داهێنانانەن کە کۆنەکان هیچیان لە بارەوە نەدەزانی.

ب- جوانی شیعریی لە خودی خۆی دایە، هەر دەبێ ئەویش بێتە نۆرم و پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن، نەك پێشینەی زەمەنی. کەواتە یەکەمی بوونی شیعریی، وەك پێویست یەکەمی بوونی جوانییە، نەك یەکەمی بوونی زەمەن. بەمجۆرە ناشێ و ڕاست نییە، ڕێبازە سەرەتاییەکان وەك نۆرم و پێوانە سەیر بکەین.

ج- ڕۆشنبیریی قوڵ و گشتگیر مەرجێکی پێویستە بۆ هەموو ئەوانەی هەوڵی ڕەخنەی شیعریی دەدەن. وەك صولی دەڵێ:- دەبێ ڕەخنەگری شیعریی لەو کەسانە بن، کە سەرییان لە مەعریفەی شیعریی دەردەچێت، نەبوونی ئەو ڕۆشنبیرییە شیعرییە لای ڕەخنەگرانی شیعری هاوچەرخ بەنسبەت شیعری نوێ (شیعری ئەبو تەممام) دەلالەت لە نەشارەزایی دەکات، هەروەك بەنسبەت

کەرەسەکانی تازەگەریی "شیعرییەتی نووسین" نەشارەزایی دەگەیەنێت.

بەمجۆرە صولی جەخت لە پێشکەوتنەکان و سەرکەوتنەکانی ئەبو تەممام دەکاتەوە لەو رێبازە شیعرییە نوێیەی کە گرتوویەتەبەر. "الامدی- لە ساڵی 370ك کۆچی دوایی کردووە" ئەو رێبازە بەپێی (لێڵی مانا و وردەکارییەکانی) لە شەفەویی جاهیلی جیا دەکاتەوە و بە رێبازی شاعیرانی "ئەهلی مانا و ئەوانی حەز بە وردبینی و فەلسەفەی ئاخاوتن دەکەن" دەداتە قەڵەم.

"(جورجانی)" بەتایبەتی بۆ مەسەلەی (شیعرییەتی نووسین) کە لێرەدا شوێنی بایەخمانە لە کتێبی "اسرار البلاغە" و " دلائل الاعجاز"دا شێوەیەکی رەخنەیی تەواوی پێدەبەخشێت و وای دەبینێ کە (هۆنینەوە-نظم) بناغەی دۆزینەوەی شیعرییەتی نووسین، یان دەق لەخۆ دەگرێت. (هۆنینەوە) وەك پێکەوەلکانی بچووکترین وشە پێناسە دەکات، کە هەندێکیان بەهۆی هەندێکیانەوە مانای بەدوایەکداهاتوو لەخۆ دەگرن "دلائل الاعجاز- المقدمە". بەلاّم ئەوە بەو مانایە نییە، کە دەشێ هەر چۆنێ هات و رێککەوت شتێکی دیکە لەخۆ بگرێت، بەڵکو پێویستە وشەکان بەپێی ماناکانی نێو دەروون و بەشێوەیەك رێکبخرێن، کە لەگەڵ دەلالەتەکانیان تەباییەك دروست بکەن، هەروەها ماناکانیش دەبێ بەپێی ویستی عەقڵ بێت.

بەپێی ئەو دیاریکردنە (هۆنینەوە) بە داڕشتن و هەڵبژاردن دەچێت "رازاندنەوە و جوانکردن" و بە وشیارکردنەوە، یان زیندووکردنەوە "نازکی و فرەڕەنگی لەگەڵ بوونی سپێتی لەنێوانیاندا" هەروەها نەخشاندن و هەموو ئەو شتانەی کە وێنەگرتن نیازییەتی... "هەمان سەرچاوە ل40-41".

کەواتە بەمجۆرە زۆر سرووشتییە، کە بۆ هۆنینەوە، چاو لە خودی واژە نەکەین، چونکە واژەکان "نە جیاوازییان بەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵێ واژەی رووتن، نە بەوەش کە بچووکترین وشەن" بەڵکو جیاکردنەوەی باش و خراپیان بەو مانایانەوە بەندە، کە دوای هاوگونجانی واژەکان دێنە بەرهەم. ئێمە زۆرجاران دەبینین وشەیەك لە بابەتێکدا بە نەرمی هاوەڵیمان دەکات، بەڵام لە بابەتێکی دیکە دڕندانە و سەخت لەسەرمان دەکەوێتەوە (هەمان سەرچاوە ل38).

لە هۆنینەوەدا ئەگەر جیاوازی (مٚزیّە)[‡] مانای نەبێ، بۆ خودی ناڕوانین، واتە بۆ ئەوە ناڕوانین کە مانایەکی چەسپاوی لەخۆدا هەڵگرتووە. رێگای ماناش "رێگای رەنگرێژکردن لەخۆ دەگرێت، کە بۆ وێنە و نەخشە بەکار دەهێنرێت" هەروەك چۆن دەبینین

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ لەبری وشەی:- مَزيّة، ميزة، فضيلة ، حسنة، خاصية..
Advantage، virtue، merit .. بەکار هێنراوە.

پیاوێك لە كاری ڕەنگكردنی وێنە و نەخشی ئەو كراسەی كە دەیچنێ جۆرێك لە چاكسازی ڕەنگرێژكردن و جێكەوتە و چەندێتی بەكار دەبات و چۆن تێكەڵ بەیەكتریان دەكات و وەك خۆی ڕێكیان دەخاتەوە، جا ئەگەر ئەو هەموو شتە بۆ خاوەنەكەی پێشكەش بكرێت، هەڵبەتە نەخشەكەی سەیر و وێنەكەی غەریب دەردەچێت، ئەوە حاڵی شیعر و شاعیریشە "لە هەموو ئەوانەی كە تایبەتن بەو مانایەی كە مەبەستیانە- هەمان سەرچاوە، ل70".

جیاوازی لە خودی واژەدا نییە، وەك چۆن لە ماناشدا نییە، بە زانستی زمانەوەش پەیوەست نییە. چونكە " دەبێ جیاوازی لە پێناو زمان و بارودۆخە زانستییەكان و هەموو ئەوانە بێ، كە لە ئاشكرابوونی ئەوانەوە دێنە ناوەوە، نابێ جیاوازی لە بەرایی ئاخاوتنی شاعیرەوە وەڵام بدرێتەوە، كە دەلالەت لە خواستنی واژە بۆ شتێ دەكات، كە بۆی ناخواسترێ. جیاوازیش لە ئاخاوتنی عەرەبدا وا ناسێنراوە، كە بە خواستنەوە بەندە، هەموو ئەوانەی كە لە دەرەوەی ئەو ناسێنراوەشن بە نەزانی ناودەبرێن. بەڵام جیاوازی لە جوانی پێكهاتەدایە و مەعریفەش بابەتی بچووكترین وشەیە، كە مانا دەبەخشێت "ئەگەر ئاخاوتن لەبری وێنەگرتن و داڕشتن بێت، ئەوە مانا لەبری ئەو شتە دەبێت، كە وێنەگرتن و داڕشتنی لەسەر بەندە- وەك چۆن زێڕ و زیوو ئەنگوستیلەی لێدروست دەكرێت" كەواتە مەحاڵە بتوانین نرخی لەسەر

دابنێین، چونکە سەرنجدان لە داڕشتنی ئەنگوستیلە ، سەرنجدانە لە چۆنیەتی و باشی ئەو زێڕ و زیووەی وێنەکەی لێدروستکراوە، ئەو زێڕەی کە لە داڕشتندا بەکار هاتووە. بەمجۆرە مەحاڵە بتوانین جیاوازی و باشی ئاخاوتن بەپێی (مانا) دیاری بکەین (هەمان سەرچاوە..ل197،192) ئەوەش دوو ڕێگای لێدەبێتەوە:- یەکەم، ئەوەیە کە شیعرییەت لەڕێگای سەپاندنی ماناوەیە. دووەم، ئەوەیە کە کەشفکردنی شیعرییەت تەنها بە بیستن نابێت، بەڵکو دەبێت بە "دڵ" و "کۆمەکخواستن لە فیکر" و "خەونبینی"[§] و "پشتبەستن بە عەقڵ" و " بونیادنانی دنیابینی" و "چاوگێڕانەوە بە عەقل و ئاکامی تێگەیشتن" بێتە ئاراوە (هەمان سەرچاوە.. ل51،67). ئەگەر "جورجانی" لەو ناوکۆییەوە پرسیار لە بایەخی کێش بکات، وەڵامی دەدەینەوە:- "کێش بە نسبەت ئێمەوە هیچ ناگەیەنێت" و ئێمە بانگەشەی شیعر لە پێناو کێشدا ناکەین، بەڵکو شیعر لە پێناو جواننواندن و خواستن و ئاماژەدایە، تا دەبێتە دروستکراوێکی دیاریکراو و تایبەت (هەمان سەرچاوە ل20).

کەواتە کێش "بۆ پاراوی ڕەوانبێژی هیچ شتێ ناگەڕێتەوە، ئەگەر دەریچەیەکی تێدابێ، ئەوەیە کە دەبێ لە هەموو قەسیدەیەك

[§] لەبری وشەی "الرؤیا" بەکار هێنراوە.

تەبايیەك لەگەڵ كێشدا هەبێت، تاكو لەوێوە لەگەڵ رەوانی و رەوانبێژییدا خۆی بگونجێنێت، هیچ ئاخاوتنێ بە كێش نابێتە ئاخاوتن، هەرگیز بەهۆی كێشەوە ئاخاوتنێ لە ئاخاوتنێكی دیكە باشتر دەرناكەوێت (هەمان سەرچاوە ل364).

(6)

ئەگەر (هۆنینەوە) نهێنی شیعرییەتی لەخۆدا هەڵگرتبێت، ئایا نهێنی (هۆنینەوە) لە چیدایە؟ (جورجانی) وەڵامماندەداتەوە:- ئەو نهێنییە لە مەجاز (میتافۆڕ) دایە. "جوانی ئاخاوتن لە هەموو بارەكاندا ئەگەر نەڵێین هەمووی، دەكەوێتە سەر مەجاز و كەرەسەی مەجاز و گەڕانەوە بۆ مەجاز.. اسرار البلاغه ل26". كەواتە زمانی مەجازی سیحرە هەرچۆنێ دەریببڕین، ئاخاوتن بەرجەستە دەكات "هەتا هەتایە وێنەكانی نوێیە" و "زۆرترین مانا بە كەمترین واژە دەگەیەنێت" بەهۆی ئەو زمانەوە دەبینین "بێ گیان، زیندووە و دەدوێت. تەنە لاڵەكانیش دیارن" و "ئەو مانا نازكانەی كە عەقڵ پەنای داون و وەك لاشەیان لێهاتووە" جێدەمێنن. هەروەها نازكی لەگەڵ "وەسفە جەستەییەكاندا خۆیان دەنوێنن، تا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گیانەی كە جگە لە گومان هیچ شتێك دەستی بۆ نابات (هەمان سەرچاوە ل41،40).

زەمەنی مەجازیش چەندان پلەی هەیە، كە بەرزترینیان خواستنە. لێرەدا وێنە هێزی جولە و لە رانەوەی نییە، تەنها ئەگەر نیمچە بڕیارێ لەنێوان دوو شتی جیاواز لە رەگەزدا لە

ئارادا نەبێت، هەر چەندە دوورکەوتنەوەی نێوان شتەکانیش زێتر بێت، ئەوەندە وێنەکە بۆ دەروون جێگای سەرسوڕمان و دەروونیش بۆ ئەو جێگای خۆشنوودی دەبێت. بابەتی پەسەندکردن لەوەدا دەردەکەوێت، کە مرۆڤ دوو شتی وەك یەك و جیا لە یەك، هاوتەبا و جیاواز دەبینێت، لێرە لە دانانی شتە لێکجیاوازەکاندا مەجاز وەك سیحر کار دەکات، وەك ئەوەی دووری نێوان رۆژهەلأت و رۆژئاوا کورتبکاتەوە، ئاوا دژەکانمان بە سارێژبوو نیشان دەدات و ژیان و مردن بەیەکەوە دەخاتەڕوو (هەمان سەرچاوە ل116،118).

ئەوەش وەك (جورجانی) دەلێت:- دەمانخاتە دنیایەك لە نامۆیی، کە خولیا ناتوانێ (خواستن) یان (وێنەی شیعریی) بەخێرایی وەدەست بهێنێت. وەك چۆن تەنها بە رەوانیش ناکەوێتە نێو وەهمەوە، تەنها بە "سەپاندن و بیرخستنەوە و هەستکردنی دەروون بەو وێنەیەی دەروون دەیناسێنێ و بەرەو جولە خستنی وەهم لە نومایشکردنی ئەو و هێنانەناوەوەی وێنەکانی ئەودا) دەرکی پێدەکرێت (بڕوانە هەمان سەرچاوە ل 144). بەمجۆرە "هەموو پێکچوونێك کە لەسەر ئەو دامەزراوە، دابەزیوو و پەرپووتە. دژەکەیشی زۆر لەو دوور و جیاوازترە، کەواتە ئەو لێکچووەی بۆ دژەکەی دەگەڕێتەوە، نامۆیەکی جوان و ناوازەیە، ئینجا لێکچوونەکان بەهۆی هەردوو لایەن و بەپێی بارودۆخی خۆیانەوە جیا جیا دەکەونەوە، ئەوەی کە لەلایەنی یەکەم نزیکە،

نزمە، ئەوەی کە بەلای دووەمدا دەڕوات، بەرز و باشتر و نامۆترە (هەمان سەرچاوە ل151).

لە گشت ئەوانەوە ڕێسایەك لە تەبابوونی شتە جیاوازەکانەوە دێتە بەرهەم، یان بەشێوەیەکی وردتر "توندی تەبایی لە توندی جیاوازییەکانیدایە.. (هەمان سەرچاوە ل136، 140).

(جورجانی) ئەو هۆیانە شێدەکاتەوە، کە بەدوای سەرسامبوونی زمانی مەجازیدا دەگەڕێت و دەڵێت:- مۆرکی سەرسامبوون بە زمانی مەجازی، ئەگەر لە شوێنێ و لەسەر شتێ بونیاد بنرێت، دووبارە لەوێ لەسەر هەمان شت سەرهەڵناداتەوە، سەرهەڵدان لەسەر کەرەسەیەك کە کەرەسەی ئەو نییە، دەروون زێتر شەیدا و سەرسام دەکات.. (هەمان سەرچاوە ل188).

(7)

بەڵام ئاخۆ چۆن جیاوازییەکانی ئاخاوتنی شیعریی دەدۆزینەوە؟ چۆن دروستکراوەکانی "بیرتیژی و شوێنپەنجەی وەستایانە" وەك (جورجانی) تەعبیری لێدەکات، دەدۆزینەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە (جورجانی) ئاماژە بەوە دەکات، کە "نە لەنێوان گێروگرفتەکان و شتە شاراوەکاندا ڕێبازێکی سەیری تەمومژاوی هەیە و نە سەرسامبوونیش بە جیاوازییەوە بەندە، نە زیادە دەرچوونیش لە تێگەیشتنەوەیە. ئەوەی زاناکان دەربارەی ئەو سیفەتانە دەیڵێن چەند ڕەمزێکە، کەس تێیناگات، تەنها ئەوانە نەبن، کە هەمان سرووشتی نەرمی ئەوانیان هەڵگرتووە. کێ

ئامادەیە لەو ئاماژانە تێبگات؟ هەروەها دەڵێت:- لە شیعردا مانا "وەك جەوهەرە لە توێی سەدەفدا، تەنها بە شەقككردنی سەدەفەکە نەبێ، دیار ناکەوێت (.....) هەموو فیکرێکیش لە تواناییدا نییە، پەیی بە دۆزینەوەی ئەو شتانە بەرێت، کە لەسەری دامەزراوە، نە هەموو خاتیرەیەکیش رێگا دەدات، پێی بگەین، هەر یەکێك لە شەقی رێکەوت سەرکەوێت، لە ئەهلی مەعریفە دەژمێردرێت (اسرار البلاغە ص128)

کەواتە ئەو وێنەیەی زمانی مەجازی دایدەهێنێ "ئەوەیە کە گومان دەینوێنێ" تەنها بە "غەریزەی عەقڵ و نیگای دڵ نەبێ" ناچێتە عەقڵەوە- دەزرینگێتەوە و نەرمی دەنوێنێ و چاو دەتروکێنێ و ئاوا دەبێ، وەك ئەوەی کە تەنها بەجۆرێك لە تەئویل- کەپشت بە لێوردبوونەوەی قوڵ و دنیابینی و نەرمی فیکرەوە دەبەستێت- نەبێ دەرکی پێناکرێت، نەك هەر هێندەش، بەڵکو وەك تێگەیشتنیش تێیناگەین، تەنها ئەو کەسە تێیدەگات، کە هزر و تێڕوانینی لەسەرووی هزر و تێڕوانینی گشتیدایە، واتە ئەوانەی کە "هزری بێگەرد و عەقڵێکی تیژیان هەیە، خاوەنی سرووشتێکی بێ خەوشن، ئەوانەی ناوەویان بۆ حیکمەت هەمیشە لەسەرپێیە (هەمان سەرچاوە ل60،84،81،80).

هەردەبێ لە هەموو ئەوانە و دەرككردنی وردودرشتی ئەو دروستکردنەدا، ئەگەر "وردودرشتی دەرك پێبکەین، جیاوازییەکان دەکەونە نێوان خەونبینێك و خەونبینێکی دیکە،

بیستن و بیستنێکی دیکە، بەڵام رستەکان پێکهاتەکانیان هاوکوفی یەکتر دەبن" ئێمەش لە دەرککردنی وردودرشتدا، ئەوەی کە دەیبینین و گوێبیستی دەبینین و چێژی لێوەردەگرین- ئەوەیە کە لەنێوان کۆمەڵێك شتدا هەڵیدەبژێرین- لەنێوان ئەو شتانەی کە تێکەڵیان بووە، جیای دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر وردودرشتی شتەکانمان لا گرنگ نەبێت، وەك ئەوە وایە کە شتەکان بە گۆترەکاری وەرگرین (هەمان سەرچاوە ل144).

لێرەدا پەسندییەك لە تێگەیشتندا هەیە، هەروەك پەسندییەکیش لە دروستکردندا هەیە، بۆیە بەپێێ وردەکاری لە داهێنانی وێنە و نەرمی رێبازەکە، هەق بە شاعیر دەدرێت، کە شتەکانی خۆی پێشکەش بکات، بەپێی پلە و پایەش هەندێکیان بە "بیرتیژ لە دروستکردن و بەهرەدار" ناو دەبرێن "بیرتیژی تازەکار جۆرێك لە دروستکردن دادەهێنێ" کە دەکەوێتە پێشەوەی شتەکانەوە، بۆیە هەر بە ناوی ئەویشەوە ناوزەد دەکرێت. هەندێ جاریش وەك فێرکارێکی بەتوانا دێتە مەیدانەوە، توانایەك کە "هەر لێکچوونێك لەو وەربگرین، جوان دەکەوێتەوە" دەشزانین کە "تەقلیدییەت لەگەڵ ئەو ناکۆك دەکەوێتەوە- هەمان سەرچاوە ل138،159".

ئەگەر بۆ ئەوە رای (جورجانی) بخەینەسەر، ئەوە مانای گشتی و شتە هاوبەشەکان، هیچ جیاوازییەکیان تێدا نییە، چونکە جیاوازی لەلایەك لەلایەکان بە فیکرەوە بەندە، یان ئەوەیە کە بە

"مانای مانا" ناودەبرێت و ئەگەر لە رواڵەتی واژەوە بیخەینە میانی عەقڵەوە ماناکەی بەرەو مانایەکی دیکەمان دەبات، ئاکامەکەشی بەلامانەوە وادەکەوێتەوە کە شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە، دواجار تێگەیشتن تایبەتمەند دەکەوێتەوە و بە ئەهلی چێژ و مەعریفەوە بەندە (دلائل الاعجاز ص255).

لێرە لەو رەخنەیەی (جورجانی) کە بەپێی پێویستی لێکچوونەکانەوە هەندێکم زۆر بەکورتی خستەڕوو، دەگەینە ئەوەی کە (جورجانی) لەگەڵ نۆرم و پێوانەکانی شیعریی شەفەویدا تەواو ناکۆك دەکەوێتەوە، نۆرم و پێوانەیەکی دیکە بۆ شیعرییەتی شەفەوی دادەمەزرێنێت، خودی ئەو نۆرم و پێوانەیەش لای ئەو لە ئاسۆی نووسینەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو ئاسۆیەی کە دەقی قورئانی بەرجەستەی دەکات.

(8)

لەبەر رۆشنایی ئەو شتانەی کە پێشکەشمان کرد، بۆمان دەردەکەوێت، کە پیشەی تازەگەری شیعریی عەرەبی بەتایبەتی و تازەگەری نووسین بەگشتی، خۆی لە دەقی قورئانیدا حەشار داوە. بەو پێیە شیعرییەتی شەفەویی جاهیلی نوێنەرایەتی شیعریی دێرین (کۆن) دەکات. دراسەکردنی قورئانیش بناغەی رەخنەی (نویٚ) بۆ دراسەکردنی دەق دەخاتەڕوو، نەك هەر هێندەش بەڵکو زانستێکی نوێشی بۆ ئیستێتیکا داهێناوە، کە رێگا بۆ شیعرییەتی نوێی عەرەبی دەکاتەوە.

**ئەگەر بۆ هەموو ئەوانەش مەودای کاریگەری دەقی قورئانی بخەینە سەر شیعرییەتی دەقی سۆفییزم، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسینی قورئانی جۆرە چێژێکی نوێی بۆ (زمانی هونەریی) هێنایە ئاراوە و پرۆسیسەکردنێکی نوێی نووسین بوو. "ئیبن الاپیر، لە ساڵی 636ك کۆچی دوایی کردووە"****************************** دەریدەبڕێت، کە چۆن قورئان بووەتە سەرچاوەی ئەدەب. چۆن لێکۆڵینەوەی قورئان، کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆر گرنگی خستە بەردەم لێکۆڵینەوەی شیعرییەتی زمانی عەرەبییەوە.**

**(9)**

**بەر لەوەی ئاماژە بەو شتە دیارانە بکەم، کە دەقی قورئانی بۆ تازەگەری هێنایە ئاراوە، لێرە لە پرنسیبێکی گشتیدا هەوڵی**

****************************** ناوی عیزەدین ئەبو حوسێن کوڕی محەمەد عەبدولکەریم ئەالجزرییە، بە ئیبن ئەسیر ئەلجزری ناوبانگی دەرکردووە، مێژوونووسێکی گەورەی ئیسلامە تەواوی رووجاوەکانی دەولە تی (سەللاحەدین ئەییوبی) لە کتێبێکدا بە ناوی (الكامل في التاريخ) نووسیوەتەوە. ئیبن ئەسیر لە جەزیرەی (ئیبن عومەر) لە ناوەوەی سنوری (تورکیا)ی ئێستا سەرووی جەزیرەی (سوریا) لە ساڵی (555ك) لە دایکبووە، پاشان بۆ شاری (موسڵ) چووە. یەکێك لە کارە مەزنەکانی تەواوکردنی ئەو کتێبەیە کە ئیمام (تەبەری) لە ساڵی (302ك) لە نووسینی وەستا. لە ساڵی (636ك) کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمە بەنخەکانی:- التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية،أسد الغابة في معرفة الصحابة،اللباب في تهذيب الأنساب... بڕوانە: سایتی ویکیپیدیا.

**کورتکردنەوەی دەدەم، چونکە حەز دەکەم هەندێ لەو شاعیرانە بخەمە بەرچاو، کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی بەشێوەیەکی پراکتیکی لە دووتوێی شیعرەکانیانەوە دراسەی قورئان و دەقی قورئانیان کردووە، بۆ نموونە "مسلم بن ولید، لە ساڵی 208ك کۆچی دوایی کردووە" یەکەم کەس بوو، کە هەوڵیدا ڕەوانبێژی قەسیدە بە ڕەوانبێژی قورئانی بچوێنێت، هەروەکو چۆن "الرمانی" لە "گەیاندنی مانا بەدڵ، لە جوانترین وێنەیی واژەییدا" سنوربەندی کرد. بەپێی رای "ئیبن قتیبە":- ئەو "یەکەمین کەسێکە، کە نیانی لە مانادا دەنوێنێ، بە نازکیش دەیلێیت" هەروەها بەپێی رای ئەوانیدیکە یەکەم کەسە کە هەوڵی داوە بۆ دەربڕینی هونەرکاری بۆ ئەوەش پشت بەجوانی "خواستن، ڕەگەزدۆزی" ببەستێت، لەوەشدا وەك ڕێگایەك سوود لە دەقی قورئانی وەردەگرێت.**

**"بشار بن برد، لە ساڵی 168ك کۆچی دوایی کردووە" بناغەی دەرچوون لە**

---

ئەلعەقیلی، بە ئەبو معاز، هەروەها ئەلعقیلی، ناوبانگی دەرکردووە، لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی (ئەمەوی) و سەرەتاکانی دەوڵەتی (عەباسی) ژیاوە، هەر لە کاتی لە دایکبوونی چاوی کوێر بووە، ناشیرین بووە، درێژ و پەیکەرێکی گەورەی هەبووە، لە کۆتایی چەرخی یەکەمی کۆچی (96ك/168ز) لە شاری (بەسرا) لە دایکبووە بووە و ئەسڵی (فارس) بووە و بۆ هەرێمی (تاخستان) دەگەڕێتەوە و باوکی (فارس) بووە و دایکیشی (رۆمی) بووە. شاعیری (لێنووس=هەجوو) بووە، لە شیعرێکدا بە

**شەفەویی شیعریی جاهیلی و هێنانە ناوەوەی زمانی نووسینی شیعریی، یان زمانی ئێستا، وەك بەدیلێك بۆ زمانی بیابانی نشینەکان دەگەڕێنێتەوە، ئەو زمانەی کە پێشتر لە ئارادا نەبوو، بەڵام "ئەبو نەواس، لە ساڵی 195ك کۆچی دوایی کردووە" گەیاندییە ترۆپکی هونەرکارییەوە، هەر لەویشەوە زمانی شیعریی نیمچە گۆڕانێکی بەسەر داهات، شیعرە سەرەتاییەکان دەوڵەمەندتر و بەربلاوترو جۆراوجۆرتر، تازەگەریی شیعرییەتی نووسینیان لەخۆدا نواند و بەشێوەیەکی مەعریفی دەستیان بۆ شتەکان و دنیا و مرۆڤ دەبرد. بە هەستێکی نوێ و ئیستێتیکایەکی نوێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. "ئەبو تەممام، لە ساڵی 231ك کۆچی دوایی کردووە" لەڕێگای ئەزموونە شیعرییەکەی و دنیابینیەکەیەوە دەڵێت:- شیعر جۆرێکە لە دروستکردنی دنیا، بەڵام بە زمان. هەروەها پەیوەندی**

---

شیعر گاڵتەی بە خەلیفەی (مەهدی) و وەزیرەکەی (ئەعقوبی کوڕی داود) کردووە، هەروەها ئەلئەسمەعی و سیبەوەیهی و ئەلئەخفەش و هەتا ئیبن عەتییە.. هەندێك لە زانایان بە ڕەگەزپەرست و زەندیق تاوانباریان کردووە، بەڵام هەندێك لە فارسەکان بە تایبەتی لەسەرەتایی سەردەمی عەباسی و ئەو کاتەی فارسەکان کاروباری دەوڵەتیان گرتبووە دەست، لەو بارەوە بێ تاوانی دەسەلمێنن. لە شاری بەسرە فێری زانست و زانیاری بووە و پاشان بۆ شاری (بەغداد) چووە. لە دوا تەمەنی کە دەکاتە کۆتاییەکانی سەردەمی (مەهدی) بە زەندیق تلوانباریان کردووە و بە (قامچی) لێیانداوە تاکو مردووە. لە شاری بەسرە تەرمەکەیان ناشتووە.

نێوان وشە و وشە، بە پەیوەندی نێوان دوو عاشق دەچوێنێت، کردەی شیعریش بە کردەی سێکسی ناو دەبات. بەمجۆرە لای ئەو پەیوەندی نێوان وشە و وشە، پەیوەندی نێوان وشە و شتەکان و مرۆڤ و دنیا پەیوەندییەکی ناپەیوەستانەیە "مانا" و "واژە" پێکەوە لێڵ دەکات و چەمکی جێماوەی شەفەویش خودی شیعر لێڵ دەکات.

(10)

لێرەدا باسی پرنسیبەکانی ئیستێتیکا و رەخنە دەکەم، کە لەژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەی قورئاندا هاتۆتە ئاراوە، هەروەها بەکورتی لەو خاڵانەی خوارەوەدا بزاڤی گواستنەوە لە (شیعرییەتی شەفەوییەوە) بۆ (شیعرییەتی نووسین) دەخەمەڕوو:-

یەکەم_ پرنسیبی نووسین بەبێ ئەوەی پەیڕەوی نموونەی کۆن بکەین. ئەوە لەسەر شاعیرە، کە لە شیعری خۆیەوە دەست پێبکات. نەك لە نموونەکانی پێش خۆی. ئەو پرنسیبە وەك پێویست هەر دوورکەوتنەوە نییە، لەلاساییکردنەوەی شیعریی جاهیلی، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ کەشفکردنی ئاسۆ ناپەیوەستەکانی رێبازی تەعبیرکردن و نقومبوون بێ، لە قوڵایی دەروون و لێکنزیکبوونەوەی شتەکان و دنیاش لەخۆ بگرێت، ئەوەش یارمەتی جێگیرکردنی زاراوە رەخنەییەکان دەدات و جەخت لە دەستپێکردن و تەکلایی دەکاتەوە. هەروەك لە بارەی "(بشّار)ەوە دەڵێن:- ئەو "مامۆستای تازەکارانە" و "رێگایەکی

گرتۆتەبەر کەس نەیگرتووە". هەروەها لە بارەی (ئەبو تەممام)ەوە دەڵێن:- ئەو "سەرکردەی شیعرە" و "رێبازی خۆی هەیە". وەك "داهێنەر" وەسفی دەکەن و شیعری ئەو بە "موعجیزە" دەچوێنن. هاورێ و قوتابییەکەی (بحتەری) بە "سەرۆکی مامۆستایان" ناوی دەبات، ئەوانیدیکەش بە پێشەوا ناوی دەبەن. دواجار (ابو العلاو المعّری) شیعرەکانی موتەنەبی بە "مەعجیزەی ئەحمەد" ناو دەبات.

پرنسیبەکانی ئەو گوتەیە هەمیشە وەك پێویست بەدژی نەریتە باوەکان دەشکێتەوە، بۆئەوەی شیعر هەمیشە بەشێوەیەکی نامۆ و نوێ بمێنێتەوە.

دووەم_ مەرجە هەر یەك لە شاعیر و رەخنەگر، خاوەنی رۆشنبیرییەکی قوڵ و بەرفرەوان بن، چونکە نووسینی شیعر و خوێندنەوەی شیعریی پێویستی بە مەعریفە و شارەزاییەوە هەیە، هەر تەنها رامانی سەرپێی، هەر تەنها مەعریفەی زمانەوانی بەفریا ناگات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعر بۆ هەمووان نییە، بەڵکو بۆ دەستەیەکی تایبەتە. شیعر ئەهلی خۆی هەیە، جگە "لەوان" تێگەیشتنی زەحمەتە.

سێیەم_ تەماشاکردنی دەقی شیعریی کۆن و دەقی شیعریی نوێ، لە دەرەوەی کۆن و نوێ وەك زەمەن، هەروەها هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی هونەری دەکەوێتە نێو خودی خۆیەوە (واتە شیعر لە خودی خۆیەوە هەڵدەسەنگێنرێت، نەك زەمەن. و:-ك)

بەمجۆرەش جوانی شیعریی نە بەکۆنە و نە تازەش وەك پێویست دەکەوێتـە خوارەوەی ئەوەوە، بەڵکو دەشێ کاری تازە زۆر لە کۆن جوانتر بکەوێتەوە. کەواتە کۆن نە نموونە و پارادیمە و نە نۆرم و پێوانەیە. بەدواداچوونی ئەو پرنسیبە جەخت لە کۆمەڵێك رەگەزی شیعریی دیاریکراو دەکات و لە بایەخی هەندێك رەگەزی دیکە کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە وەك لای (جورجانی) دەبینین، کە چۆن لە بایەخی کێش کەمدەکاتەوە. هەروەها (الباقلانی) جەخت لە یەکێتی قەسیدە و یەکێتی سورەت دەکات، لە کاتی شیکردنەوەیان. ئینجا دوای دراسەکردنی شانەکانی دەق دەکەوێت و بەنێو ورد و درشتیاندا شۆڕ دەبێتەوە، هەروەها هیچ جیاکەرەوەیەك لەنێوان (واژە) و (مانا)دا نابینێت و جەخت لەوە دەکات، کە واژە لە خودی خۆیدا نە جوانە و نە ناشیرین، ناشیرینی و جوانی بە ناوکۆیی و چۆنیەتی نزیکبوونەوە لەوانیدیکەوە بەندە، هەروەها رەوانبێژی ئاخاوتنیش بە دەستەواژەکانەوە (مفردە) بەند نییە، بەڵکو بۆ تایبەتمەندییەکانی چنین و پەیوەندییە هونەری و مەعنەوییەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو چنینە هەڵیدەسەنگێنێت.

چوارەم_ سەرهەڵدانی تێڕوانینی ئیستێتیکی نوێ- ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە روونبینی شەفەویی جاهیلی، بۆ نۆرم و پێوانە ئیستێتیکی و کاریگەرییە ئیستێتیکیەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو روونبینیە بە پێچەوانەوە بە شیعرییەت ناکۆکە، وەك

(جورجانی) بۆی دەچێت. بەو مانایە ئیستێتیکای شیعریی لە دەقی تەمومژاوی خۆی حەشار داوە، واتە ئەو دەقەی کە تەئویلی جۆراوجۆر و فرەمانا هەڵدەگرێت. ئەو دەقەی کە وەك (الرمانی) تەعبیری لێدەکات "دەروون بەهەموو باوەڕێکەوە بەنێویدا گوزەر دەکات".

پێنجەم_ ئەوەلیەتدان بە بزاڤی (داهێنان) و (ئەزموون) بۆ ئەوەی کە هەمیشە شیعر تەجاوزی شتە باوەکان و هاوبەشەکان و بۆماوەییەکان بکات. شیعر هەرگیز "لەوە نەترسێت، کە سنورە یەقینیەکان دەبەزێنێ" وەك (جورجانی) تەعبیری لێدەکات. بۆ ئەوەی شیعرییەت وەك ئەو دەڵێت، "جۆرێك لە جوانی و شەیدایی بێ"، یان وەك کیمیا "هەژموونی پاساو بەگومان ببەخشێت، و لە کەرەستەی بێ بەها، شتێ دابهێنێ کە پڕبێ، لە بەها و بەرزی. کار لە ناخ بکات و سرووشتەکانی بگۆڕێت. ئەوەی لە کیمیادا دەیبینی، ئەو راستە، خواستی ئیکسیر (إکسیر) روونبوونەوەیە، ئەو تەنها جۆرێکە لەو رۆحانیەتەی کە بە وەهم و تێگەیشتن خۆی دادەپۆشێت، بێ خۆبەزلزانی و گوناهکردن" (اسرار البلاغه ص317،318).

رەنگە ئەو دێرە شیعرانەی (ئەبو نەواس) باشترین کۆتایی بێت، کە گوزارشت لە ئاسۆی (شیعرییەتی نوێ) دەکات و لە هەمان کاتدا دەکرێ وەك مانیفێستی شیعری سەیر بکرێت.

غیر أنیّ قاتلٌ ما أتانی

من ڤنونى، مكژبٌ للعيانِ

ٱخژَّ نفسى بتأليف شىءٍ

واحدٍ فى اللّفڤ شتّى المعانى

ڤاتم فى الوهم، حتى إژا ما

رمته، رمتَّ معمَّى المكانِ

فكأنى تابعٌ حسنٌ شىءٍ

من أمامى ليس بالمستيانِ

## شیعرییەت و فیکر

(1)

دەربارەی شیعرییەت و فیکر لای عەرەب، دەشێ پێداگری لەو سێ دیاردەیە بکەین:-

یەکەمیان، بە رەخنەی شیعرییەوە بەندە.

دووەمیان، بەو سیستمە مەعریفییە جێگیرە بەندە، کە لەسەر زانستی زمانی عەرەبی ئیسلامی- وەستاوە، جا چ سێنتاکس و رەوانبێژی بێت، یان فیلۆلۆژی و ئاخاوتن.

سێیەمیان، بە سیستمی مەعریفی فەلسەفییەوە بەندە.

یەکەم:- لەشیعری عەرەبیدا رەخنە بەشێوەیەکی بەرفرەوان بۆخۆی پارادیم و نموونەی وێناکردووە. بەپێی نزیکبوونەوە، یان

**دووركەوتنەوە لە ڕێبازی شیعریی نموونەی دیاریكراو، و دێت شیعرەكانی دواتر بە پۆزەتیف، یان نێگەتیف هەڵدەسەنگێنێ. لەو ڕەخنەیەدا هەمیشە دەرككردنێك خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە كە شیعری عەرەبی هەر تەنها "كانگای ئاواز" نییە، بەڵكو وێڕای ئەوەش كانگای "هەقیقەت"ەكان و "مەعریفە"ەكانیشە، واتە شاعیری جاهیلی هەرتەنها "ئاوازخوان"ی نەكردووە، بەڵكو "بیر"یشی كردۆتەوە. قەسیدەی جاهیلی هەر تەنها سەرچاوەی شادی نەبووە، بەڵكو سەرچاوەی مەعریفەش بووە. بە دەستەواژەیەكی دیكە، شیعری جاهیلی یەك شت نییە، بەڵكو جۆراوجۆر بووە.**

**ئەوەی لەو مەسەلەیە خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەیە كە ئەو جۆراوجۆرییەی ئاماژەمان بۆ كرد، لە یەك نموونە یان پارادیم كورتكراوەتەوە، ئەو پارادیمەش لەڕووی ڕەخنەییەوە بە ئاوازخوانی وەسف كراوە، وەك ئەوەی بەهای ئاوازخوانی سرووشتی شیعریی**

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ لەبری وشەی "یُنْشِد" بەكار هێنراوە. ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی بە (أنشودة: اغنیة: ترنیمة، مزمور=psalm، ode) ... (ڕەگی: نشد – لە بواری هونەری) : قِطْعَةٌ منَ الشِّعْرِ تُنْشَدُ على إِيقاعٍ واحِدٍ= hymn،anthem )

دێت. بەڵام وشەی (ئاواز)ی كوردی لە زمانی عەرەبی بە (نَغَم، إيقاع، لحن...) دێت، بۆیە دەكرێ وشەی "سروود"یشی بۆ بەكار بهێنین كە لە عەرەبی بە (نشید، غناء) دێت.بەكورتی لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە شیعری جاهیلی هەر تەنها لەسەر هۆنینەوە و ریتم و ڕێكخستنی ئاواز ناوەستێ، یان تەنها سروودێكی ریتمدار نییە، بەڵكو فیكریشە.

**عەرەبی کۆنترۆڵ کردبێت. بەمجۆرە خودی ئەو نۆرم و پێوانە شەفەوییە بەسەر هەڵسەنگاندنی شیعریی خۆی زاڵدەکات و لەمیانی ئەو دەرئەنجامەش لەنێوان شیعرییەت و فیکر جۆرێك لە دابڕان درووست دەبێت. کاتێکیش ئەو رەخنەیە بەجۆرێك لە جۆرەکان مەیلی فیکری لای شاعیرێك دەبینێ، وەك لادان لە "رێبازی شیعرییەت" و "هۆنینەوەی شیعریی" باسی دەکات، جا لەمیانی ئەو سەیرکردنەش جارێك بە تەمومژاوی ناوی دەبات و جارێك بە ئاڵۆزی و جارێکیش بە خۆدانەپاڵ خۆرئاوا و جارێکی دیکەش بە فێڵکردن لە هەق- بێگومان هەموو ئەو سیفەتانەش کۆمەڵێك هۆن بۆ کەمکردنەوەی بەهای شیعریی، خاوەنانی ئەو رەخنەیە هەر بەو نۆرم و پێوانەیە، بۆ نموونە (ئەبو عەللای مەعەڕی)[1] لە بازنەی شیعریی**

---

[1] مەعەڕی ناوی ئەحمەد عەبدوڵلا سلێمان ئەلقەزاعی ئەلتنوعی ئەلمەعەڕییە، لەساڵی (363ك) بەرانبەر بە (970ز) لە (مەعرەی ئەلنوعمان)ی باکوری سوریا لەسەردەمی عەباسییەکاندا لەدایکبووە ، لەساڵی (449ك) بەرانبەر بە(1057ز) ، شاعیر و فەیلەسوف و ئەدیبێکی زۆر زیرەك و لێهاتوو بووە و هەر لەو سەردەمیشدا لە هەمان شوێن، واتە لەسەردەمی (ئەمرالله ئەلعەباسی) کۆچی دوایی کردووە. زانستی زمان و ئەدەب تەفسیر و و فیۆلۆژیا و شیعری لەسەر دەستی کەسێك لە هۆزەکەی خوێندووە، زانستی زمانەوانی لە (حەلەب) خوێندووە.. ئەو کاتێك شیعری نووسیوە تەمەنی یانزە ساڵ بووە، لە ژیانیدا نزیکەی هەشتا و چەند شتێك تەمەنی بووە، دوای گۆشەگیری وەك زاهیدێك ژیاوە و لەزەتەکانی دنیای بەجێهێشتوە و چل و پێنج ساڵ

**دەرەوە، بە حەکیم ناوی دەبەن. پێشتریش بەهەمان شێوە تەماشای (ئەلموتەنەبی)****************************** یان دەکرد و بە ئەتککەری شیعریی عەرەبی و ڕێبازی شیعریی عەرەبی ناویان دەبرد.**

---

گۆشت و هەموو بەروبوومە ئاژەڵییەکان و شیر یان هێلکە و هەنگوین.. نەخواردووە، دەڵێن تەنها یەکجار نەخۆش کەوتووە، پزیشکەکە گۆشتی مامری بۆ چاکبوونەوەی داناوە، کاتێ بۆی هێناوە مەعەڕی گوتویەتی من نامەوێت خۆم بەو پیسییە چاك بکەمەوە. یەکێك بووە لەڕووی بیروباوەڕەوە هەمیشە پڕ بووە لە گومان و هەمیشە لەڕووی ئایینییەوە بە ئەفسانەپەرست سەرکۆنەیان کردووە، کابرایەکی ڕەشبین بووە، پێیوابووە ئایین ئەفسانەیەکە پێشینان دایانهێناوە.. بانگەشەی ئیسلام و تەواوی ئایینەکانی دیکەی ڕەتکردۆتەوە، دەڵێت: (أفيقوا أفيقوا يا غواة فإنما دياناتكم مكرٌ من القدماء).. بیروڕای ئەو زێتر بەلای فەلسەفە و زاهیدییەوەیە کە عەقڵ وەك دەلیلێکی ئەخلاقی وەردەگرن و فەزیلەش بە تاکە خەلاّت دەزانن. لە ڕەشبینییەکەیدا گەیشتۆتە ئەوەی منداڵ نەنێتەوە بۆ ئەوەی نەکەونە نێو ئازاری ژیانەوە.. بە شیعر و بیروڕا فەلسەفییەکانی ناوبانگی دەرکردووە و شیعرەکانی مشتومڕێکی زۆری لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەوسا درووست کردووە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی (رسالة الغفران) و (الفصول والغايات) و (كتاب سيف الخطب)... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الثاني، دار اسامة، الاردن-عمان، ط1، ص52، 54. و سایتی ویکیبیدیا.

****************************** ئەبو تەیب ئەلموتەنەبی، ناوی ئەحمەد ئەلحوسێن ئەلحەسەن ئیبن عەبد ئەبو ئەلتەیب "ئەلکندی کوفییە" لەساڵی 303ك لە شاری کوفە لەدایکبووە و لە هۆزی "کندییە"، باشترین ژیانی خۆی لە دەرباری (سیف ئەلدەولە ئەلحەمدانی) لە شاری (حەلەب) بەسەر بردووە، بە باشترین شاعیری عەرەب دەناسرێت، کە توانایەکی بێ ئەندازەی لە زمانی عەرەبیدا نواندبێت و بە ڕێزمان و

**دیاره ئەو رەخنەیە لەبیری نەماوە، هەر ئەو شاعیرانە بوون بەشێوەیەك لەشێوەكان لەمیانی پەیوەندییەكانیانەوە بە فیكر، درێژەیان بە شیعریی جاهیلی داوە، بێ ئەوەی بكەونە نێوەوە خودی ئەو درێژبوونەوەیان دەوڵەمەندتر و قوڵتر نواندووە، ئەوەش لە زۆربەی شیعرە بەجێماوەكانی (الشنفری، عروه بن الورد، السموأل، الافوه، الاودی، علقمه الفّحل، زهیر بن أبی سلمی، گرفه بن العبد، عدیّ بن زید، لبید بن ربیعه، عبید بن الابرص) دەبینرێت.**

**دیارە پەیڕەواكەرانی ئەو رەخنەیە لەبیریان نەماوە، كە هەر خۆیان دەیانگوت و چەند بارەیان دەكردەوە، كە شیعر لەلای عەرەب هەر تەنها "دیوانی ئاوازخوانی" نییە، بەڵكو "دیوانی زانیارییەكانیشیانە"**

---

دەستەواژەكانی ناوبانگی دەركردووە، بە یەكێك لە ئەدیبە دەگمەنەكانی سەردەمی خۆی و وەك شاعیرێكی حەكیم دەژمێردرێت، زۆربەی شیعرەكانی لە پیاهەڵدانی دەسەلاتدان بووە، وەك شاعیرێكی خۆپەرست قسەی لەسەر دەكەن، ئەوەش لە شیعرەكانی دیارە، هەر لە منداڵییەوە و دەڵێن لە تەمەنی (9) ساڵیدا شیعری هۆنیوەتەوە۔ پیاوێكی ئازاو چاونەترس و بوێر و مەزن بووە، هەمیشە لە شیعرەكانیدا شانازی بە عەرەببوونی خۆی و رەشبینی و گەورەیی خۆی كردووە، شیعرەكانی پڕن لە دانایی و فەلسەفە و و ژیان و وەسفكردنی جەنگ.. لە دەربڕیندا هێزێكی لەبننەهاتووی نواندووە، شاعیرێكی داهێنەر و پڕ بەرهەم بووە، هەمیشە لەلایەن دەسەلاتداران رێزی لێگیراوە، چونكە شیعری زۆری بۆ پێداهەڵدان گوتووە. ئەو ماوەیەی بینیووە كە دەوڵەتی عەباسی لە پەڕی سەركەوتن و هێزیدا بووە، ئەو ماوەیە لە مێژووی خۆرهەلات و ئیسلامدا بە سەردەمی بوژانەوەی ئەدەب و مەعریفە و زانست دەژمێردرێت.

و "گەواهیدەری راستی و هەڵەکانیشیانە" و "رەسەنێکە ئەوان بۆی دەگەڕێنەوە" (ئیبن خەلدون) ، "هەق و حیکمەت لەخۆ دەگرێت"، "پەناگەی بەرهەمی عەقڵە"، "رێبەرێکی هێمن"، "پەندیارێکی رۆشنبیر"، "بەرهەم نەمر دەکات" (جورجانی)-.

بە کورتی لەیادیان نەماوە، کە شیعری جاهیلی سەرەڕای ئەوەی ئاوازخوانی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا رێبازێکی تایبەتیش بوو، بۆ نزیککردنەوەی شتەکان و دنیا لەڕووی فیکرییەوە، هەر تەنها لەسەر تاقیکردنەوەی هەڵچوون نەوەستاوە، بەڵکو دەکەوێتە سەر تاقیکردنەوەی فیکریشەوە.

دووەم:- ئەو سیستمە مەعریفییەی کە لەسەر ئایین بونیاد نراوە، لەلایەك بە فیۆلۆژی و ئاخاوتن و لەلایەکی دیکە زمان-سینتاکس و رەوانبێژییەوە بەندە. خودی ئەو سیستمە دووبارە بەشێوەیەکی بنبڕ شیعرییەت و فیکر لێکجیا دەکاتەوە. بەڵام پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەوەی ئایین بە لەخشتەبەر و گومڕا دایدەنێ، هەر ئەو دەبێتە نوێنەری ئەو سیستمە مەعریفییە و سەرچاوەی شادی ئیستێتیکی، چێژی دەروونی، ئەو سیستمە هەروەك چۆن سوود لە تایبەتمەندییەکانی نووسین و دەقی نووسراو (دەقی قورئانی) وەردەگرێت، لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتی لە تیۆریزەکردنی شەفەوییەتی لیریکی دەکات و چەخت لە نۆرم و پێوانە هونەرییەکانی دەکات و بەشداری لە ئاشکراکردنی نۆرم و پێوانە جێگیر و نیمچە ئازادەکانی دەکات.

**سێیەم:- دیاردەی سێیەم لەو کاتەوەیە کە سیستمی مەعریفەی بورهان[††] ی ئامادەیی خۆی دەنوێنێ، بەو مانایەش لەگەڵ هەردوو سیستمەکەی پێشوو لەسەر ئاستی رێباز و مەعریفە دابڕانێك درووست دەکات، بەلاَم لەسەر ئاستی تێڕوانینی شیعریی لەگەڵ هەردوو سیستمەکەی پێشوو بەیەك دەگەن و دەبێتە تەواوکەری ئەوان، واتە وێڕای ئەو پاساوە عەقڵییە تایبەتیانەی ئەوانیش پاساوی عەقڵی تایبەت بەخۆی-کە لە فیکری رۆمانی ئاوی خواردۆتەوە- دەخاتە سەر شیعر.**

**بەمجۆرە بەنسبەت ئەو عەرەبانەی بەدوای شیعردا دەڕۆن، دەبینین شیعر ئەوەیە، یان " شادی/ خۆشنودی"یە، یان "نەفیکردن و راوەدوونان". کەواتە شیعر دەکەوێتە بواری درۆکردن و ناماقوولێیەت، یان بواری هەستیاری و خۆشی. بەدەستەواژەی دووەم، شیعرییەت لە نزیکایەتیکردنی شتەکان و نهێنییەکاندا کەموکوڕی دەنوێنێ، یان وەك**

---

†††††††††††††††††††††††††††††††† البُرْهان (لەسەر بنەڕەتە یەقینەکان وەستاوە، بۆیە هەمیشە دەرئەنجامی یەقینی بەدەستەوە دەدات.): ماناى الحُجَّة البيِّنة الفاصلة . (برهان، برهاني، برهاني، برهنة، برهون، بروء) رەگی وشەی بُرْهَانِيّ: بروز : مَنْسُوبٌ إلى البُرْها. برهاني= demonstrative= إِثْباتِيّ - مَنْسُوبٌ إلى الإِثْبات.. دليل برهاني= Convincing argument . من بە باشم زانی هەر خودی وشەی "بورهان" بەکار بهێنم چونکە رەگێکی لە مەعریفەی ئایینی دایە.

ڕەگەزێکی نێگەتیف بەشداری دەکات. شیعر لە باشترین ئەو وەسفانەی کە بۆی دەکرێت گەمە و لاساییکردنەوە و خەیاڵە.

دەکرێ لەبواری ئایینیشەوە- کاتێك سیستمی مەعریفی ئایینی/زمانەوانی- بەرەو ئەو بوارە شۆڕ دەبێتەوە، گونجانێك بەدی بکەین. کەواتە ئەگەر ئێمە لە عەرەبیدا بۆ وشەی (شیعر) بگەڕێینەوە، دەبینین "شِعْرْ"ەیە، و مانای (عِلْمْ، عَقْلْ، فِکِرْ) دەگەیەنێت. بەو مانایە ڕەسەنە، دەشێ هەموو زانیارییەك شیعر بێت. بۆیە بە شاعیر دەڵێن شاعیر، چونکە خاوەنی هەستێکە کە ئەوانیتر لەو هەستە بێبەشن، یان لەبەر ئەوەی شتێك دەزانێت، کە ئەوانیتر نایزانن (لسان العرب، مادە:- الشعر) بەلاّم زاراوەی شیعر دەستی بەسەر گوتنی هۆنراوەی کێش و سەروادا گرتووە، واتە گوتنی "سنوردار کە لە کۆمەڵێك ئاماژە تێناپەڕێت". مانایەکی دیکەش بەسەر شیعردا زاڵە، ئەویش "هەستکردن"ە. بەمجۆرە شیعر بۆتە هەستکردن و هەر لە میانی شیعردا "بۆ یەکەمجار دەرك بە زانیاری کراوە و تەعبیری لێکراوە"، بۆیە دەگوترێت:- "هەست بە تا[‡] دەکەم، بەلاّم ناگوترێت هەستمکرد خودا تاك و تەنیایە" خودا بە هەستکردن وەسف ناکرێت، بەڵکو خودا دەرك دەکرێت.

---

[‡] لەبری وشەی (الحُمّی) بەکار هێنراوە.

ڕەنگە لە دووتوێی ئەو لێکدانەوە ئایینییەدا، شیعر لەسەر هەستکردن کورت بێتەوە، فیکر لێی جیا بێتەوە- کەواتە بۆ شیعر نییە یەکەم زانیاری تەجاوز بکات، کە بۆ هەستکردن سەردادەنوێنێ. بەلاّم ئەوەی تەجاوزی هەستکردن دەکات، ئایینە. لێرەوە ئەو بیروباوەڕە زالّ دەبێت، کە پێیوایە شیعر بە سرووشتی خۆی ناشێ مەعریفە پێشکەش بکات، یان هەقیقەت کەشف بکات، چونکە وەك سەرچاوەکەی تەنها هەستکردنێکە، پووچ و فریودەر. ناشێ لەرێگای شیعرەوە دەرك بە هەقیقەت بکەین، بەڵکو تەنها لەرێگای ئایینەوە دەرکی دەکەین. بەمجۆرە رۆڵی شیعر تەنها لە چێژی ئیستێتیکییەوە گیر دەخوات- وەك چۆن ئایین رێگای پێدەدات و سنوری بۆ دادەنێت.

هەر لێرەوە ئەوەی پێچەوانەی رەگی وشەکە دەبیتەوە، ئەوەیە کە ئەو رەگە رێگامان بۆ خۆش دەکات، دووبارە چاو بە زاراوە باوەکەی شیعردا بخشێنینەوە و نێوان ئەو و فیکر یەکبخەین، چونکە شیعر هەر تەنها ئەوە نییە، لەرێگایەوە هەست بە شتەکان بکەین، بەڵکو لەرێگایەوە بیریش لە شتەکان دەکەینەوە.

بەلاّم ئەگەر ئێمە بۆ هەڵوێستی سیستمی مەعریفی (ئایینی-زمانەوانی) بەرانبەر شیعر هاوگونجانێکمان بەدەستەوە بێت، ئایا بۆ خودی رەخنەی شیعریی چ هاوگونجانێك دەدۆزینەوە؟ ئەوەی راستی بێت لە بنەڕەتدا خودی ئەو رەخنەیە توێژینەوەی شیعریی لەکەدار دەکات. چونکە ئەوە نییە، رەخنە بێت لە خودی شیعر، بەقەد ئەوەی

لەمیانی کارفرمای (کۆمەڵایەتی-ئەخلاقی)یەوە ڕەخنە لە شیعر دەگرێت. بەمجۆرە ئاگایی ڕەخنەی شیعریی، ئاگاییەکی کارفرماییە (بەمانا بەرتەسکەکەی) نەك ئاگاییەکی شیعریی، بەتایبەتی پرسیاری "شیعر چییە؟" وەڵامەکەی ڕوون و دیاریکراوە کە ڕەخنەگر پێشتر لەڕێگای چێژی خۆی بۆ شیعر و لەڕێگای ئەحکامەکانییەوە دیاری کردووە.

خودی ئەو دیاردانەش لە خودی خۆیانەوە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، تاکو هۆیەکانیان کەشف بکەین، یان لە سادەترین حاڵەتدا پێویستە کەلەپوری ڕەخنەیی-فیکری خۆمان لە نوێوە بخوێنینەوە و لەبەر ئەو ڕۆشناییەش مێژووی شیعریی عەرەبی و ئیستێتیکایەکەی بنووسینەوە.

(2)

ئەوەی کە لەمیانی تیۆرەکانەوە ونمان کردن، لە دەقی ئیبداعیدا دەیبینینەوە. ئەو دەقەش لەلای هەندێك لە شاعیران و هەندێك لە سۆفییەکان بەرچاومان دەکەوێت، ئەو دەقە تەواوی سیستمە مەعریفی و تیۆریزەکانی تەجاوز دەکات و لەدووتوێی بونیاد و دنیابینیەکەیەوە، پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان شیعرییەت و فیکر پراکتیزە دەکات. لەڕێگای دید و پێشبینییەوە ئاسۆیەکی ئیستێتیکی و فیکری نوێ والا دەکات.

---

لەبری وشەی (الوظيفة) بەکار هێنراوە.

خودی ئەو دەقە لە بنەڕەتدا لە تێڕوانینێکەوە هەڵدەقوڵێت، کە مرۆڤ بۆ هەست لەلایەك و فیکر لەلایەکی دیکە، یان سۆز و عەقڵ، پارچە پارچە ناکات. بەڵکو وەك گشتێکی پارچە نەکراو لە مرۆڤ دەڕوانێت، کە هێزی ئاگایی یەك هێزە.

خودی ئەو دەقە بە تایبەتییەکانیەوە وەك ئەوەی دەقێکی نووسراوە بەدژی دەقی شەفەویی دەکەوێتەوە. لێرە دەربارەی دەقی سۆفیزم سەرنجێکی تایبەت تۆمار دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە شیعری سۆفیزم لەپاڵ شیعری کێشدار، شیعرییەتێکی نوێ و فۆرمێکی نوێ و زمانێکی شیعریی نوێ دەخاتەوە.

لێرەوە سێ نموونەی جۆراوجۆر لە یەکگرتنی شیعرییەت و فیکر لە نووسینی داهێنانی عەرەبی پێشکەش دەکەم، ئەوەش بەسە بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەك لەو داهێنانە فرە جۆرەی، کە دەقی نەواسی (ئەلنەواسی)* و دەقی نیفەری (ئەلنیفەری) و دەقی مەعەڕیی (ئەلمەعەڕی) دەیخەنەڕوو.

---

* ئەبو نەواس کوڕی علی ئەلحەسەنی هانی ئەلمەعروفی ئەبو ئەلنەواسە، لە شاری (ئەهواز)ی وڵاتی (خوزستان)ی باشوری خۆرئاوای (ئێران) لە ساڵی 145ك بەرانبەر 762ز لەدایکبووە و باوکی خەڵکی شاری (دینەشق) بووە، بەڵام دایکی فارس بووە و ناوی (جولبان) بووە. دەڵێن باوکی یەکێك بووە لەسەربازەکانی (مەروانی کوڕی محەمەد-دواین جێنشینی بەنی ئومەییە) لە شاری دیمەشق. لەساڵی 195ك کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە شاعیر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی عەرەب. ئەبو نەواس لەگەڵ هەر یەك لە (بەشار بن بەرد و موسلم بن وەلید و هتد) شۆڕشێکیان بەسەر دابونەریتی هونەری شیعری کۆن

(3)

**دەشێ بۆ دەقی نەواسی (چاخی دووەمی کۆچی، ساڵی 198ك کۆچی دوایی کردەەی) وەك سەرەتاییەکی نیمچە تەواو بگەڕێینەوە، کە ئەو**

---

داهێناوە و لە ئاستی واژە و ئاستی ماناوە تازەگەریان لە قەسیدەی عەرەبیدا کردووە.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الاول، دار اسامة، الاردن-عمان، ط1، ص50، 51.

 نیفەری ناوی عەبدولجەبار ئەلحەسەن ئەلنفەرییە، کەسایەتیەکی ئاڵۆزی نێو بزاڤی سۆفیگەرییە، زۆر قسە لەسەر ناوەکەی کراوە، ئایا (النَّفَرُ) واتە سێ تا دە پیاو، یان دەڵێن ئەوە پیاوی فلانە، یان لە (النِّفْرُ) هاتووە کە مانای شوێنکەوتی ئاسکە، بەلاّم هەندێك ناوەکەی دەگێڕنەوە بۆ گوندی (نیفەر) لە دەوروبەری (بابل)ی (عیراق) ئەوەش وەك (یاقوت ئەلحەمەوی) و (ئەلمجەمی ئەلزبێدی) دەیخەنە روو. من بە (نیفەری)یم بەکار هێناوە. نیفەری لە نێوەی یەکەمی چەرخی چوارەمی کۆچی ئەستێرەی ژیانی لە وڵاتەکەی عیراق گەشاوەتەوە و زۆربەی ژیانی خۆی لەنێوان (میسر) و (عیراق) بەسەر بردووە، بەپێی ئەو گوتانەی کە لەسەر کۆچی ئەو شاعیر و ئەدیب و سۆفییە گەورەیە دەکرێت، وەك (حاجی خەلیفە) ئاماژەی پێدەدات لەساڵی 325ك کۆچی دوایی کردووە، ئەوەش لە هەندێك لە دەستخەتەکانی (قاهیرە) پشت راست کراوەتەوە، بەلاّم هەندێك دەڵێن لە ساڵانی (352ك و 353ك) دایە، بەلاّم هەندێکی دیکە ئەو پوچ دەکەنەوە و ساڵی(359 و 360، 361) بەڕاست دەزانن. لە بەناوبانگترین کتێبی (المواقف والمخاطبات) لەبەر ئەوەی پیاوێکی زۆر خاکەڕا بووە، بۆیە بیروڕایەکانی هەمیشە بەشێوەی زارەکی بە قوتابیانی گوتوە، لە گوتە زۆر بە ناوبانگەکانی ئەوەیە کە دەڵێت: "هەرچەندە دنیابینی بەرفرەوان بێت، ئەوەندە دەستەواژە تەسك دەبێتەوە"

**یەکگرتنەی دامەزراندووە. پێگەکانی ئەو دەقەش جەدەلێکە[‡] لەنێوان ئەوەی شاعیر ڕەتیدەکاتەوە و ئەوەی شاعیر پەسەندی دەکات. ئەو بەهای ژیانی چۆلگەری[§] عەرەبی و پەروەردەی ئایینی -بەتایبەتی لە فۆرمە ئەخلاقیەکەیدا- ڕەتدەکاتەوە. بانگەشەی ژیانی شار و بەهای ئەو ژیانە دەکات. تەجاوزی پەروردەی باو و مومارەسەی قەدەغەکراو و حەرامەکان دەکات. ڕەنگە هیچ دەقێکی (نەواسی) لە دەرەوەی ئەو جەدەلە بەدی نەکەین. ئەو جەدەلە هەمیشە بەرەو دانانێك دەچێت، کە لایەنێك لە ئاسۆکانی ژبان و فیکری تێدا وێنە دەکێشرێت، کە خۆی دەیەوێت بیکاتەوە. بەمجۆرە لەپشت دەقەکانی (نەواس) هەمیشە ڕێگایەك بۆ مەعریفەی تایبەت و سیستمی ئەخلاقی تایبەت دەبینرێت. لێرە شیعرییەت خۆی لە دۆزینەوەی هێزی مرۆڤ و ئارەزووە چەپێنراوەکانی حەشار داوە، لە تەقینەوەی شیعرییەتیشدا بۆشایی نێوان کردە و هەڵچوون، ئارەزوو و توانا، لەناو دەچێت.**

‡ الجِدَالَ ئەو وشەیە واتای (نِقَاشٌ) لە زمانی کوردی بە مانای: مشتومڕ، گەنگەشە، دەمەتەقێ... دێت. بەڵام من وشەی (جەدەل)م بە پەسەندتر زانی.

§ بَدْوِيّ: أَعْرَابِيّ، بَدْو ڕەطی وشەی "بدو" لەبواری: گەل و ڕەگەز، لە زمانی عەرەبی : سُكَّانُ البادێە... لە زمانی کوردی بە کۆچەری، دەشتەکیی، بیابانشین، سارانشین... من وشەی "چۆلگەر" لا پەسەند بوو. ... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: المعجم الوسيط.

هەروەها ئەوەی خودی ئەو تەقینەوەیە دەیسەپێنێ تێکشکانی هەموو ئەو بەربەستانەیە، کە دەست بەسەر فەزای ئازادیدا دەگرێت.
لە دەقی (نەواسی)دا کڵپەیەك هەموو بەربەستەکان هەڵدەلوشێت، چ ئایینی بێ، یان کۆمەڵایەتی. ئەوەی لەو بارەشەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت گواستنەوەی شادی نییە، لەمیانی مومارەسەکردنی حەڵاڵ و ریگاپێدراوەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە شادی لەرِێگای مومارەسەکردنی حەرام و قەدەغەکراوەکانەوە لەدایك دەبێت. ئەو وای بۆ دەچێت، کە ئەوە حەرامە، ئاژاوەی شادی دەخاتەوە، کە جۆرێکە لە وێرانی رۆشنبیری-ئەخلاقی چەسپاو، و جۆرێکە لەو بەڵێنە باوەڕپێکراوەی کە لەرِێگای رۆشنبیرییەکەوە دێتە ناوەوە نە کۆتوبەند دەناسێ و نە داپلۆسین، ئەو رۆشنبیرییە لە بەهای (ئەمر و نەهی) دەردەچێت و بەشێوەیەك ژیان دەرەخسێنێ، کە لە ئاوازێکی ئازادەوە هارمۆنیەت بخاتە نێوان ئیقاعی جەستە و ئیقاعی واقیع.
ئەبو نەواس لەبەر یەك هۆ، یان چەندان هۆ (گاڵتەئامێزی) وەك دەمامك بۆ خۆشاردنەوە بەکار دەهێنێ، هەروەها (مەستی) وەك رەمزی ئازادی گشتی بەرز دەکاتەوە، کە جیدیەت لە چاودێریکردنی لۆژیك و دابونەریت ئازاد دەکات، خودی ئەو رەمزە دەبێتە تیشکۆیەکی سامناك بۆ ئازادی. لەو مەستییە شەراب هەر شەراب نییە- تەنها خۆی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە وەك رەمز تەماشا دەکرێت، ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت، هێزی گۆڕانکارییە، هێزی لەناوبردن و بونیادنانەوە، رەتکردنەوە و چەسپاندن، واتە هێزی ئەفرێنەر:- ئەو

هێزە کۆنە بۆ هیچ شتێ ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەموو شتەکان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، سەرهەڵدان و گەڕانەوە. ئەو هێزەیە کە ژیان دەگۆڕێت و هارمۆنیەتێك دەخاتە نێوان دژەکانەوە، لۆژیکی زەمەنی ئاسایی پووچ دەکاتەوە. ئەو هێزە نەشوەی گەیشتنە بە خود و نەشوەی تەبایی خود و دنیایە. هەروەك ئەفرێنەر جەوهەری گەردوونە- دنیاش دارستانی رەمزی ناو و سیفەت و کردەکانی ئەوە.

بەمجۆرە شەراب جەوهەرە، شتەکانی دنیاش جگە لە چینێکی هاوچەشنانەی نێوانیان، نێوان ئەو نەبێ، شتێکی دیکە نییە. ئەو ئاگرە، ئەو بوونەوەرێکی زیندووە قسە دەکا و دەبینێ و پیاڵەکانیشی چرا و ئەستێرەکانن. ئەو کۆڕەی تێیدا دەخواتەوە، چەرخێکە کە مردن و رابوونەوە لەخۆ دەگرێت، کەواتە چوونە نێو قوڵاییەکانی خود، لە هەمان کاتتدا چوونە نێو قوڵاییەکانی سرووشتە.

لەبەر ئەوەی ئەو رەمزە لەسەر ئاستی بەها ئاماژە بە لەکەدارکردنی قەدەغەکراوەکان دەکات. لەسەر ئاستی بەها هەموو شتێکی تێدا رێگاپێدراوە، لەسەر ئاستی مەعریفەش ئاماژە بە دۆزینەوەی نادیارەکان دەکات، جاچ لە خودەوە بێت، یان سرووشت. ئاماژەیەکە دەڵێت بینراوەکان رووی نەبینراوەکانن، هەسپێکراوەکان دەبنە کۆسپی هەستپێنەکراوەکان، کاتێکیش ناوبڕەکان لەناو دەچن، ناوەوە و دەرەوە دەبێتە یەك، وەك ئەوەی مرۆڤ لەمیانی ساتی هەنووکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی شاراوە بگوازێتەوە، هەروەها بەهەمان شێوە مرۆڤ

لەساتی هەنووکەدا دەگوازێتەوە تا رادەی تەجاوزکردنی- بەمجۆرە ژیان بۆ جۆرێك لە جاویدانی نەشوە دەگۆڕێت.

بەمجۆرە گاڵتەجارِی پاك دەبێتەوە و رزگار دەبێت. ئەوە جەژنێکە کە رۆشنبیریی (ئەمر و نەهی) بەرەو رۆشنبیرییەکی ئازاد دەبات، رۆشنبیرییەك کە مرۆڤ تێیدا خۆی خاوەنی فیکری خۆی بێت، خۆی خاوەنی کار و رەفتارەکانی بێت. لێرەوە بەهاکان لەمیانی ئەو رەمزەوە سەرەژێر دەبنەوە:- تەنها گوناهکردن دەبێـتە فەزیلەت**. گوێ لە ئەبو نەواس دەگرین، پێمان دەڵێت ئەو حەز ناکات گوناهێکی ئاسایی وەك خەڵکانی ئاسایی بەئەنجام بگەیەنێت، بەڵکو حەز دەکات گوناهێك لە ئاستی ئازادی بوون ئەنجام بدات، کە وەك تەعبیری لێدەکات، گوناهێك بێت تەواوکەری گوناهەکان- گوناهی مەزن. گوێمان لێیە مژدەی یاخی بوونی "هێزی ئاسمان"، "خۆشییە حەرامەکان" رادەگەیەنێت، و "حەجکردن سەردانیکردنی مەیخانەیە" و "دڵی خۆیشی هەر رازی ناکات، تەنها بە حەرامەکان نەبێت"، هاوار دەکات و دەڵێت:- "ئایینی خۆم، بۆ خۆم و ئایینی خەڵکیش بۆ خەڵکی". ئەبو نەواس دەیەوێت بە خودی تاوان، بگاتە بێ تاوانی و بێ تاوانی بەجێبهێنێت.

---

** رەگی ئەو وشەیە لە " فضل" هاتووە، وەك سیفەت مانای "حَسَنَة ، مَزِیَّة" دەدات. بەدژی وشەی " رَذِیلَة" دەکەوێتەوە. لە زمانی کوردی بە مانای (چاکە، پیاوەتی، بەخشندەیی، جیایی..) دەدات.

(4)

**دەچینە سەر نموونەی دووەم:- دەقی نیفەری.**

**ناوەوە و غەیب، ئەو شتەیە کە نیفەری (ناوەڕاستی چاخی چوارەمی کۆچی) لەبارەیەوە دەدوێت و وەك پانتاییەك بۆ دۆزینەوە بەدوایدا دەگەڕێت. کەچی ئەو هەوڵە نایگەیەنێت، هەرچەندە زێتر هەنگاو دەنێت، زێتر پێویستی پێی دەبێت. هەرچەند دەیەوێت بگاتە دەرككردنی، کەچی دەبینێ دەریچەیەك ماوەتەوە نەزانراوە و داوای زانینی لێ دەکات. لێرەوە قسەکردن لەبارەی ئەو ئەزموونە دەگوزەرێ، لە هەنووکەدا قسەیەك، لە عەقڵ و لۆژیك، لە هاوبەشی گشتی دەردەچێ، ئەویش ئەوەیە کە ناگوترێت. زمان ماجەرای گوتنێکە کە ناگوترێت.**

**هەمیشە ئەوە وای لێدەکات، بەدوای نەزانراوەکاندا هەنگاو بنێت. لە هەنگاوەکانیشدا نوێکاری بکات، بۆ ئەوەی هەمیشە لە هەنووکەدا بمێنێـەوە، ئامادە بێت، تاکو لە دۆزینەوەدا دوای هەنگاوەکانی خۆی بکەوێت.**

**لەنێوان گوتن و بێدەنگیدا دەریچەیەك (هُوَّە)[††] هەیە کە "گۆڕستای عەقڵ و گۆڕستانی شتەکان"ی تێدا دەبینی، وەك تەعبیری لێدەکات.**

---

[††] هُوَّة رەگی ئەو وشەیە " هوو" واتە: فُجَّة ، فَجْوَة ، ثُغْرَة، مَهْواة. لەزمانی کوردی بە مانای (کون، دەلاقە، دەریچە، شەبەق، کەلێن، چالێکی قوڵ، کەنگەلاّن... دێت. مامۆستا

**دەقی (نیفەری) دەجولێنەوە، لە گوتندا بێدەنگ و لە بێدەنگیدا جوان دەدوێن. (نیفەری) زمان بەکار دەهێنێ نەك بۆ ئەوەی بە وشە تەعبیر بکات، ئەوەیان بەربەستە، بەڵکو بۆ ئەوەی بە ئەندازەی ئەوەی لەمیانی پەیوەندییەکانی رەمز و ئاماژەکاندا دەیچنێ، تەعبیر بکات. لێرەدا زمان وەك جەوهەر مەجازی دەکەوێتەوە. لەوە دەردەچێ وشەکان لەڕووی عەقڵ سوود بگەیەنن، مەحاڵە تێیبگەیت تەنها لەرێگای تەئویلەوە نەبێت. بۆیە واپێدەچێ وشەکان بەوەی کە دیاری ناکرێن، نەناسراو بکەونەوە. ئەوەی دەیگوازنەوەش لەواندا نییە، بەڵکو لەپشت ئەوان خۆیان حەشارداوە. وەك ئەوەی بەشێوەیەکی ئایرۆنی[‡‡] تەعبیر لەوانە دەکات، کە ناتوانرێت تەعبیری لێبکرێت.**

**(نیفەری) رەهەندێکی خودی بە ئایین دەبەخشێت، لەوەدا تێڕوانینێکی مەعریفی دیکە دادەمەزرێنێت، کە لەگەڵ تێڕوانینی تەقلیدی جیاواز دەکەوێتەوە. ئەو لەرێگای تەئویلکردنی خۆی لە دەقی قورئانی دەڕوانێت، لەو تێڕوانینەش کۆدەتایەك بەرپا دەبێت. لە هەردوو حاڵەتدا لە دیارەوە بەرەو نادیار، لە مەعریفەی عەقڵییەوە بەرەو مەعریفەی زەوقی دەمانگوازێتەوە، ئەوەیە کە جەخت لە ئەزموونی خودی دەکات و نموونە و پارادیم رەتدەکاتەوە. دەقی**

---

(مەسعود محەمەد) لە کتێبی (بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردیی) وشەی (کەل)ی بۆ وشەی (فَجْوَة= هُوَّة)ی عەرەبی بەکار هێناوە.

[‡‡] لەبری وشەی (مفارقه) وشەی (Irony) بەکار هێنراوە.

(نیفەری) نموونەی نییە، دەقێکی رەسەنە. ئەگەر ئەزموونێك بکێشێ، دووبارەی ناکاتەوە، بەڵکو لە نوێکردنەوە بەردەوام دەبێت. ئەوەش وا لە دەق دەکات بە جاویدانییەوە بەند بێت, لەمیانی جەختکردن لە خود، مەسەلەکان دەگۆڕێن. وەك ئەوەی هەیە:- چۆن دەکارم رەفتار و بیرکردنەوەم لەگەڵ شەریعەت وەك یەك بێتەوە؟ کەواتە دەبێ من کێ بم؟ چۆن خۆم دەناسم، هەقیقەت چۆن ناس دەکەم؟

بەمجۆرە دەقی (نیفەری) لەگەڵ کەلەپور و هەموو شێوە و دەرکەوتە جیاوازەکان دابڕانێك درووست دەکات. لەرێگای ئەو دابڕانەش هێزی داهێنانی عەرەبی نوێ دەکاتەوە، زمانی شیعریی لە ئێستادا زیندوو دەکاتەوە. ئەو مێژوو بە خەونبینی ناخ و نەشوەی زمان دەنووسێتەوە. ئاستی نووسینی شیعریی بۆ ئاستێك بەرز دەکاتەوە کە پێشتر بەخۆیەوە نەیدیووە، گەشترین و سەیرترین ئاستتێك کە زمان سەری بۆ نواندبێت. بۆ یەکەمجار دڵەڕاوکێی مرۆڤ و تێنویەتی و پرسیارکردنی مرۆڤ وەك شەپۆل لە هەڵچوون و داچوون دەبینین بەریەك دەکەون، لە هەتا هەتاییەکی نورئامێزی، جولەی ونبوون و ئامادەدا.

رەنگە قوڵترین جیاکەرەوەی ئەو دەقە ئەوە بێ، کە فیکر تێیدا دەتەقێتەوە، کە تەقینەوەی خودی زمانیشە، کاتێك (نیفەری) فیکر لە داخران دەخاتە دەرەوە، زمانیش دەخاتە دەرەوە و بەیەکەوە لە کارفرما عەقلانیەکە ئازادیان دەکات، ئەرکی جەوهەری خۆیان:- نقوم بوون لە قوڵایی خود و بوون و کەشفکردنی رەهەندەکانیان، بۆ

دەگەڕێنێتەوە. ئەو تەقینەوەیە پڕە لە دروەشانەوەی کتوپڕ، پڕە لە گرژی دژبەیەك، پڕە لە دەسلەملانێ، وەك ئەوەی دەق لەسەر شانۆی خۆی هەڵقولێت، لە وێنەیەك کە بەیەکدادەچێ و دێتە دەرەوە، نزیکدەکەوێتـەوە و دووردەکەوێتەوە، لە دەرەوەی هەموو هۆیەکان، وەك ئەوەی خەون بێت.

وادێتە بەرچاو وەك ئەوەی وشەکانی خۆیان لەبارەی خۆیانەوە بدوێن، لەنێوان خۆیان چرپە چرپ دەکەن، گفتوگۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن، لێکدوور دەکەونەوە، لە هاوبەندییەکی شێتانەی جواندا یەکتر لە باوەش دەگرن، وەك ئەوەی یاری بە خودی خۆیان بوونی خۆیان بکەن، یارییەکی گەش و خانەدانانە کە لەمەوپێش بوونی نەبووە، وەك ئەوەی زمان بۆخۆی جولەی بوونەوەکان بێت- لە ژاوەژاو و ئارامیدا توابێتەوە، یان وەك ئەوەی لە جولەی ئەزموونەدا توابێتەوە. لێرەدا فیکر شیعری بێگەرد و شیعر فیکری بێگەردە.

بەمجۆرە دەقی (نیفەری) دەمانخاتە دنیایەکی درەوشاوە و شادی دەگمەن. دەقی ئەو دەقێکی شادە، بۆیە لە خوێندنەوەیدا لە مەرجە فشار هێنەرەکانمان دەردەچین و دەسلەملانێی ئازادی دەکەین. ئەو دەقە مەسافەکانی نێوان مرۆڤ و پیرۆزی رەتدەکاتەوە، ئەو هاودەمی پیرۆزی دەکات، پیرۆزیش بۆ ئەو "شمشاڵی بیرکردنەوە"ی شاعیر:- مرۆڤە.

لەگەڵ ئەوەدا بە ئێمە دەڵێت:- غەیب ناناسم. لێرەدا وەك تامەزرۆی[] غەیب، لە جەوهەری خۆیدا دەمێنێتەوە. وەك ئەوە تامەزرۆیی ئاخاوتن بجولێنێ، ئەوە ئاخاوتنیش ئەو تامەزرۆییە دەجولێنێ و بۆ تامەزرۆییەك دەیگۆڕێ و کە بەدوای تامەزرۆییدا دەگەڕێت:- سات نا سات دروەشانەوە لە غەیبەوە دەردەکەویت، بەڵام ئەوەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، دوورە دەرك ناکرێت.

لەمیانی ئەو تامەزرۆییەی کە وەك تامەزرۆیی دەمێنێتەوە، لە دەقی (نیفەری)دا ئەو ئایرۆنیەتە دەدۆزینەوە:- هەقیقەت بەتەواو و ڕوونی، واتە بە تەواوی تەمومژاوی، بوونی نییە. تەنها لە ئەزموونێکی لەو جۆرەدا نەبێت- واتە لە یەکەیەکی بوونیدا نەبێت کە شیعر تێیدا فیکرە و فیکریش شیعر.

(5)

**لێرەدا دەگەینە نموونەی سێیەم و دوایی:- دەقی مەعەڕی.**

(مەعەڕی) ئایینزا و بیروڕاکانی سەردەمی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کراسی فیکر لەبەر شیعر دەکات، شیعر بە هێزی فیکر دادەنێت، بەدەستەواژەیەکی دیکە لە چوارچێوەی فیکری بارگاوی بە حەساسیەتی شیعریی و کاریگەرییە دەروونییە فرە و جۆراوجۆرەکان دایدەنێت. کاتێك دەقێکی (مەعەڕی) دەخوێنینەوە دەکەوینە بواری رامان، وەك ئەوەی (مەعەڕی) فرەجۆر بێت، بێ ئەوەی ئەو مەبەستی

---

[] لەبری وشەی "شوق" بەکار هێنراوە.

بێ، یان پێیوابێ فرەجۆری بەسە بۆ راڤەکردنی دەقی ئەو. ئەو مەعریفەیەی کە دەقی ئەو دەیبەخشێت، دژ بەو مەعریفەیە دەکەوێتەوە، کە لەسەر دوا هەقیقەتەکان دەوەستێ، بەتایبەتی مەعریفەی ئایینی. بۆیە لێرەدا (مەعەڕی) چەپێنراوەکانی سەردەمی خۆی کەشف دەکات و بەرەو بیرکردنەوەیەکی رێگا پێنەدراو بانگیان دەکات. ئەو رەمزی دەرچوونە لە ئایینزاکان، هەر کامەیان بێت، لە یەقینەکان لە هەر لایەکەوە هاتبن. بەمجۆرە شیعری (مەعەڕی) خوێنەر فرێدەداتە کەشوهەوایەك لە ونبوون، یان بۆ (نەبوونییەك-عەدەمیەتێك) دەیگوازێتەوە کە لای (مەعەڕی) جەوهەری دنیایە.

چونکە شیعر بەپێی "رێبازی عەرەبی" "هونەری واژە"یە، ئەوە (ئەبو عەللای مەعەڕی) بەپێچەوانەوەی هونەری مانا، یان دەشێ بەدەستەواژەیەکی ورد بڵێین، دەقی (مەعەڕی) بەیەکگەیشتنی نێوان واژە و مانایە، واژەیەك کە خاوەنیەتی و مانایەك کە بەدوایدا دەگەڕێت. بەڵام بەدواداگەڕانێك کە هەمیشە بەرەو سەرسامی و گومان دەبێتەوە. (ئەبو عەللا) هیچ شتێك دانامەزرێنێت- چ لەسەر ئاستی زمان، یان لەسەر ئاستی مانا. بەڵکو بەپێچەوانەوە، هیچ پێشکەش ناکات، تەنها ئەوە نەبێ کە گومانی لێدەکات، ئەوانەش تەنها دوو هۆکارن بۆئەوەی لەرێگایەوە تەعبیر لە بێهودەیی و عەدەمییەت بکات. ئەو دنیای خۆی دادەهێنێ، ئەگەر ئەوە بۆ من راست بکەوێتەوە، دنیای خۆی لە مردنەوە دەستپێدەکاتەوە. مردن تاکە ئیکسیرێکە، بێگەرد. ژیان بۆخۆی، جگە لە هەوڵی مردن شتێکی دیکە نییە، ئەو

کراسەی مرۆڤ دەیپۆشێت کفنە،ماڵیش گۆڕستان، ژیانی مردنیەتی، مردنی، ژیانی راستەقینەیەتی. بەجۆرێکی دیکە (مەعەڕی) دەڵێت:- نیشتمان زیندانە، مردن رزگاربوونە، تەنها گۆڕستان قەلاّی مرۆیە. بۆیە باشترە مرۆڤ وەك درەخت لە رەگەوە هەڵبکێشرێت، نەشێوەی جێبمێنێ نە هیچ چلێك. مرۆڤ چەپەڵێکی ئەبستراکە، بەو رادەیەی کە زەوی ناتوانێ پاکی بکاتەوە، تەنها بە لەناوچوون نەبێت. بەمجۆرە بانگەشەی شەڕی جۆرەکانی درەخت دەکات و نابوترین درەخت، ئەو درەختەیە کە بەروبووم بە خەڵك دەبەخشێت. کەواتە ژیان دەرد بوو، دەرمانەکەی مردن، مردن جەژنی ژیان بوو. مرۆڤ بە مردن بۆنی زیاد دەبێت، وەك چۆن میسك[***] بە هاڕین بۆنی زیاد دەکات. بەلاّم مردن غەریزەی رۆح (نەفس)ە[] ، لە شەهوەتی بەردەوامدایە بۆئەوەی ببێتە هاوسەری ژیان.

دەقی (مەعەڕی) ونبوونی رەسەن لە ژیان کەشف دەکات. ژیان بە دەستەواژەی دووەم ونبوونێکی جەوهەرییە. زەمان بەهەبوون و رزینەکەیەوە جگە لە پوچگەرایی و گاڵتەجاری شتێکی دیکە نییە، لەدایکبوونی مرۆڤیش جگە لە هەڵەیەکی رەسەن شتێکی دیکە ناگەیەنێت، بەمجۆرە ژیان هەر لە بنەڕەتدا رزینە.

*** (مِسَكٌ– مِسْكَةٌ) ناوی جۆرێکە لە بۆن لە خوێنی مامز درووست دەکرێت.

 ئەو وشەیە لەبری (النَفَس-- soul ) بەکار هێنراوە.

کەواتە شیعر بۆ کێیە؟ بۆ ئەوەی یادمان بخاتەوە- هەر یەك لە ئێمە ئەوە دەڵێ کە (مەعەڕی) دەیلێت:-

(جسدی خِرقةٌ تخاگ إلى الارچ، فیا خائگٌ العوالم خِگنی).

(6)

دەقە شیعرییەکانی (ئەبو نەواس و نیفەری و مەعەڕی)م وەك دەقی (فیکری/خەیاڵی) هێنایەوە. (فیکرین)، چونکە مەعریفەی سەردەمی خۆیان دەبڕن و بەوەیش دڵەڕاوکێی مەعریفی ڕووبەڕووی ئایین و بەها و ئەخلاق و بەرانبەر خودا و غەیب، ژیان و مردن و هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی مرۆڤ بەرهەم دەهێنن. چونکە لە خولیای دۆزینەوەی هەقیقەت و مەعریفەی خود و دنیا هەڵدەقوڵێ. (خەیاڵین)، بەڵام نەك بەو مانایەی کە لە خەیاڵی هەستی-دەروونی دەردەچێت، بەڵکو بە مانا سۆفییەکەی کە سەردەکات، بەتایبەتی دەقی (نیفەری). بەو مانایە خەیاڵ ناوەندیارێکە لەنێوان دەروون، کە لە دنیای غەیب دەژمێردرێت و هەست کە سەر بە دنیای شەهادەتە[###]. خەیاڵ گەنجینەیەکە دەروون ماددەی خاوی خۆی لێوەردەگرێت، کە هێزی داهێنانی ئازادە، بێ کۆتاییە، و پڕشنگێك کە لەرێگایەوە دەرکەوتنەکان دەرك دەکەین، واتە پڕشنگێکە پەردەی تاریکی دەدڕێت، ئەوەی کە شتەکانی دادەپۆشێت. لەبەر ئەوەی پڕشنگە بۆیە هەڵە

[###] عالِمُ الأكوان الظاهرة : مقابل عالِمِ الغيب. دنیای دیار لەبەرانبەر دنیای نادیار..بڕوانە: المعجم الوسيط

**ناكات، هەڵەكردن بەرهەمی حوكمدانە، بەڵام خەیاڵ هیچ حوكمێكی تێدا دەرناچێت. هەڵەكردن لەو هێزەوەیە كە حوكم دەكات، ئەویش عەقڵە. عەقڵ لە تێگەیشتنی ئەو شتەی كە خەیاڵ كەشفی دەكات، دەكەوێتە هەڵەوە. بۆیە ناشێ دەقی سۆفی لەرێگای عەقڵەوە مەحكوم بكەین. چونكە لە ئەزموونەوە لەدایك دەبێت، هیچ دەریچەیەكی بۆ عەقڵ و رێساكانی تێدا بەدی ناكرێت.**

**چاوی خەیاڵ بۆخۆی وێنەی رەمزییەكان دەكێشێت، كە دەبێ تەعبیر لە دەرككردنی هەقیقەتە بەرەمزبووەكان بكەن. خەیاڵ لە منداڵدان دەچێت:- وەك چرن كۆرپەلە لە منداڵدان درووست دەبێت، بەمجۆرەش مانا بە پێكهاتەو شێوە جیاوازەكانی، لە خەیاڵدا درەەست دەبێت. بەمجۆرە خەیاڵ لە زانراوەوە بەرەو نەزانراو دەمانگوازێتەوە.**

**كاتێك لە دەقی هەر یەك لە (ئەبو نەواس) و (نیفەری) مەسافەیەك لەنێوان شیعرییەت و فیكر بەدی ناكەین، بەپێچەوانەوە دەبینین دەقی (ئەبو عەللای مەعەڕی) لەژێر جۆرێك لە (فیكری سارد) خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین لە مۆتەكەیەكی وردوخاشكەر دەكات، لەوەدا (ئیلیوت)[§§§] لەبارەی شیعری (بلیك)[****] راستی گوتوە،**

---

§§§ تۆماس ستینز ئیلیوت (Thomas Stearns Eliot) شاعیر و شانۆنووس و رەخنەگری ئەدەبی، لە 1888/10/26 لە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەدایكبووە و لە 1965/1/4 كۆچی دوایی كردووە، خەلاتی نۆبلی ساڵی 1948 بەدەست هێناوە، لە قەسیدە بەناوبانگەكانی: وێرانە خاك، پیاوی پوك........

كە دەڵێت:- " شیعری بلیك بێزارکەرە، هەر وەك هەموو شیعرێکی مەزن".

ئەو بێزارکەرە، بەڵام نەك بەو مانایەی کە نەخۆشە، یان ئاڵۆزێکی سارد، بەڵکو بەو مانایەی کە هەمیشە خوێنەر دەخاتە بەرانبەر دەریچەیەك لە پوچگەرایی و عەدەم.

دەشێ ئەو دەقە لەو سێ نمونەیەدا لە ئاستێکی دیکە، وەك نزیکبوونەوەیەکی مەعریفی لە شتەکان و مرۆڤ وەسف بکەین، کە تێکەڵ بە کاریگەرییە دەروونییەکان لەلایەك و عەقڵ و لۆژیك لەلایەکی دیکە دەبێت.

هەر لە بونیادە رەمزییەکەوە بۆخۆی مانایە، لەو دەقەدا ئەوەی بە شعور ناوی دەبەن و ئەوەی بە لێوردبوونەوەی ئاگایی ناوزەد کراوە لێکجیا نابێتەوە. لێرەدا شیعر دنیابینییەکی گەردوونی و ئەزموونێکی دەروونی-تەئەمولییە. دیدێکی مەعریفییە، بەڵام ئامرازەکانی نە

**** ولیەم بلیك 1757-1827 شاعیر و شێوەکاری ئینگلیزی.

**نەقلە[□□□□] و نە عەقڵ، بورهان و لۆژیکیش نییە. بەڵکو ڕوونبینی[□□□□] (الحدس)، یان دیدە، یان خودی دڵە[□□□□].**

**(7)**

**ئەگەر ئێستا بۆ ڕەگی وشەی (فیکر) بگەڕێینەوە، دەبینین فیکر، لە ئەسڵ دەچێتە بەشی دڵ و دەروونەوە، نەك بەشی عەقڵ. ئەوەش واتە ختورەکردنی شتێك. ختورەکردن ئەو شتەیە کە بەدڵدا دێت، یان خولیا. واتە کە بیر دەکەینەوە، ئەوەیە کە بە دڵ تەئەمول دەکەین.**

**بەڵام عەقڵ، لە ئەسڵدا دەچێتەوە سەر ئەخلاق، ڕێگا لە هاوەڵەکەی دەگرێت و دەیخاتە دەرەوەی سەوداسەری[*****] یان عاقڵی دەکات و ناهێڵێت تێوەبگلێ و بکەوێتە لەناوچوونەوە. لەسەر ئەو بنەمایە فیکر تێکەڵەیەکە لە ڕوونبینی و لێوردبوونەوە.**

---

†††† "النَّقْلُ" لة زمانى عةرةبى بة (تحويل، إيصال، ترجمة، نَسْخ... النَّقْلُ: الطَّريق المختَصَر... لة زمانى كوردى بە (گواستنەوە، گەیاندن، گۆڕین، لەبەر نووسینەوە، لەبەرگرتنەوە... دێت، بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: المعجم الوسيط

‡‡‡‡ لەبری وشەی "الحدس" بەکار هێنراوە. لە زمانی کوردی بە: سوسەکردن، پێشبینی، تێگەیین، گومان هەڵهێنان... دێت.

□□□□ لەبری وشەی (عين القلب) بەکار هێنراوە. لەزمانی عەرەبی واتە: سعة الإدراك، استشفاف النتيجة ورؤيتها من البداية، مَلَكة تقييم الأيام الآتية مع اليوم المعاش. القدرة على النفاذ..

***** لەبری وشەی "الهوى" بەکار هێنراوە. لە زمانی کوردی بە: حەزیلێکرد، دڵی برد، ئارەزووی کرد، کردی بە خولیا... دێت.

کاتێك لە ڕوونبینی (دەروونی-فیکری)یەوە تەماشای شیعر دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە جیابوونەوەی نێوان خەیاڵ و فیکر لە ئاستێکی دیکەدا بۆ گومرایی دەگەڕێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی پشت بە هەستە فریودەرەکان دەبەستێت، بەڵکو چونکە بەشێوەیەك بیر دەکاتەوە کە ناشێ لەدووتوێی سیستمێکی دیاریکراودا ڕێکی بخەینەوە. لەڕێگای ڕەمز و وێنەوە بیر دەکاتەوە، لەمیانی ئەوان و بەهۆی ئەوانیشەوە سیستمە مەعریفییەکان کورتی دێنن، ناتوانن مەعریفەیەکی گشتگیر پێشکەش بکەن، کە بگوترێت بۆ ئەوە هاتووە خۆی پێشکەش بکات.

لێرەوە تێدەگەین کە ئەو دەقەی قسەمان لەسەر کرد، بڕوادارانی سیستمە مەعریفیە ئایینی و عەقڵییەکەی بێزار دەکرد، لەلایەك مەعریفەیەکی پێشکەش دەکرد پلە پلە نەدەکرا، یان نەدەتوانرا بەو هۆکارانەی ئەوان پشتیان پێدەبەست، پێی بگەن. لەلایەکی دیکە ئەو لەگەڵ ئەوە نەدەگونجا کە دنیابینی گشتگیر و مەعریفەی تۆتالیتێری جێگیر بکات، کە ڕابەرایەتی سیستمی ناوبراویان دەکرد و هەر لەو سیستمەوە هەڵقوڵابوون.

بەمجۆرە (مەعریفە) لەو (دەق)ەدا دەجولێتەوە، بێ کۆتوبەند-دەتەقێتەوە. هەڵوەشانەوەئامێز و ئەزموونخوازە. بنەماکەی نە لە شیکردنەوەدایە و نە لە لۆژیك، یان میتۆدی پێشینە- بەڵکو لە کەسەکە و لە ئەزموون و چالاکی و کردەی کەسەکەدایە. بەمجۆرە پێدەچێ دنیا لەو دەقەدا لە فەزا و سێنتەرگەلێکی بێ کۆتایی و لە

پەرتبوون و فرەییەکی بێ کۆتایی دابێ:- تا جێگیری بکات، بەڵام هیچ شتێك وەك پێشینە، بۆ بیرکردنەوە دانامەزرێت.

لەڕاستیدا ئەو دەقە دەست بۆ مەسەلە ئایینی و فەلسەفیەکان دەبات. بەڵام بە تایبەتمەندی خۆی و ڕێگای تەعبیرکردنی خۆی، پەردە لەسەر ئەو هەڵوێست و بیروڕایانە هەڵدەماڵێ کە هەردوو سیستمی ئایینی و فەلسەفی لەبەر دەستی شپرزە بوون، ئەو ئەزموون و کەشفکردنە، هەر تەنها چوونە نێو ئەوە نییە، کە بیری پێدەکرێتەوە، وەك چۆن لە هەردوو دەقی ئایینی و فەلسەفی هەیە، بەڵکو چوونە نێو ئەو شتەیە، کە بیری لێ ناکرێتەوە، چەپێنراو، ئەوەی هەتا ئێستا شاراوەیە، دوورە. پاشان بەرێگایەك هەقیقەتەکان دەدۆزێتەوە، کە پشت بە باوەڕپێکراوە ئایینییەکان نابەستێت، وەك چۆن پشت بە جەدەلیەتی عەقڵی-بورهانی نابەستێت. ئەو ڕێبازەی، کە ئەو شتانەی پێدەخاتەڕوو، خۆی مەعریفەیە، بەڵام تەواو جیاوازە لەوەی، کە ڕێبازی ئایینی و فەلسەفی پێشکەشی دەکات.

جگە لەوە مەعریفە لەو دەقەدا مەعریفەیەکی یەقینی نییە، هەرەوەك وەڵام نییە، وەك چۆن ئایین و فەلسەفە پێشکەشی دەکات. بەپێچەوانەوە پرسیارە. لە تەقلیدی مەعریفەی (عەرەبی-ئیسلامی) فیکر وەڵامە، لەبەر ئەوە شیعر وەڵام پێشکەش ناکات، کەواتە دەبێ لە فیکر دابڕێت. بەڵام ئەگەر شاعیرێك خەمی وەڵامدانەوەی نەبێت، ئەوە ڕاستە، بەو مانایە نییە، کە بیر دەکاتەوە. بە پێچەوانەوە، کاتێك شیعر دەبێتە پرسیار واتە ئاسۆی توێژینەوە و مەعریفەی کراوەیە،

بێ ئەوەی یەقینێك پێشكەش بكات. پرسیار بۆخۆی فیكرە، چونكە گومان و دڵەڕاوكێیە، بەلاّم وەلاّم هونەری وەستانە لە فیكر، چونكە دڵنیایی و یەقینە. بە دەستەواژەیەكی دیكە پرسیار ئەو فیكرەیە، كە بەرەو فیكری زێتر پاڵمان دەنێت.

دواجار خودی ئەو دەقە بوارمان بۆ دەرەخسێنێ كە فیكری شیعر لە چوار ئاستدا دیاری بكەین:-

یەكەم:- لەو دەقەدا وێنەی شیعریی، تاریكی و ناخی ئاڵۆزی مرۆڤ كەشف دەكات، ئەو شتانە دەخاتەڕوو، كە خوێنەر هەستیان پێدەكات، یان بیریان لێدەكاتەوە، بێ ئەوەی لەبەر چەند هۆیەك هەوڵی ناسینان بدات. ئەو، لەو بارەوە، كۆد و هۆكارەكان بۆ چاوتێبڕین لە دنیای ناوەوە پێشكەش دەكات، دەرفەت بۆ تێگەیشتنی باشتر دەرەخسێنێت.

دووەم:- ئەو وێنەیە، ڕەهەندە بنەڕەتییەكانی دنیای دەرەوە كەشف دەكات، لەوێوە هەموو چەپێنراو و نادیار و فەرامۆشكراوەكان دەگوازێتەوە، ئەگەر دەقێك هەموو ئەو هەقیقەتە مەوجودانە پێشكەش بكات، ئیبداع لەرێگای پێشكەشكردنی هەموو ئەو پرسیارانە دەكات، كە ئاماژە بە هەقیقەتەكانی دیكە دەكەن، بەمجۆرە بواری مەعریفە و چوارچێوەی شارەزایی بەرفرەوان دەكەن.

سێیەم:- ئەو كەشفكردن و پرسیارانە، لەرێگای خوێندنەوە و بەهۆی خوێندنەوەوە لە چوارچێوەی هەڵچوونەكانەوە بۆ چوارچێوەی پێكهاتە گردكراوەكان دەگوازرێتەوە، هەموو ئەوەی لە هۆیە

ئیستێتیکیەکان، یان لە کۆنتێکستە ئیستێتیکیەکانەوە دەیگۆڕێت و پلە پلە دەیخاتە کۆنتێکستی ژیان و فیکرەوە.

چوارەم:- لەدووتوێی ئەو کەشفکردنانەوە، هەموو ئەوانەی لەبری کۆدێکی نادیارەوەیە، یان وەك بنەمای وێناکردنێکی نوێی بونیادنان خۆیان دەخەنەڕوو، یارمەتی تێگەیشتنی واقیع نادەن، ئەوانە، جێی چاوەڕوانی نین. بەڵکو ڕێگای ئەوە دەدەن کە واقیع لەسەریان بونیاد بنرێت، تا هاتوو لەسەر ئەو بونیادنانە چارەسەر بکەن. هەر ئەویشە بوون و ڕۆح ڕووناك دەکاتەوە، لەهەمان کاتتدا، توانای کار و بیرکردنەوە پێشکەش دەکات.

(8)

دواجار پێویستە قسە لەسەر تایبەتمەندییە جەوهەرییەکەی ئەو دەقە بکەم، مەبەستم زمانەکەیەتی. لە دووتوێی ئەو تایبەتمەندییەدا (فیکر و شیعر) لە یەکبوونی ئاگاییدا دەتوێنەوە، وەك ئەوەی فیکر لە شیعر هەڵبسێت، چۆن (بۆن) لە گوڵ هەڵدەستێت. ئەو تایبەتمەندییەش نوێنەرایەتی بونیادی مەجازی تەعبیرکردن دەکات.

زانای زمانەوانی (ئیبن جنی)□□□□□ دەڵێت:- "زمان زۆری مەجازە، نەك هەقیقەت". مەجازیش دەرچوونە لە بەکارهێنانەکانی زمان

□□□□□ ئیبن جنی، ناوی عوسمانی کوڕی جنی ئەبو ئەلفەتحی ئەلنەحوییە، لەساڵی (330ك) بەرانبەر (940ز) لەدایکبووە و لەساڵی (392ك) بەرانبەر بە (1000ز) کۆچی دوایی کردووە. کتێبەکەی (الخصائص) لە هەزار لاپەڕە پێکهاتووە.

بەپێی هەقیقەتەکانی، واتە بنەچەیەکی بۆ دابنرێت. (الخصائص:- 2/442-447).

هۆیەکانی روو وەرگێڕان لە هەقیقەتەوە بۆ مەجاز:- بەرفرەوانی، جەختکردن، لێکچواندنە. کەواتە مەجاز لە زمانی عەرەبیدا هەر تەنها شێوازێك نییە، بۆ گوزارشتکردن، بەڵکو لە بونیادی خۆیدا، ئاماژە بە بوونی پێداویستیەك بۆ تەجاوزکردنی هەقیقەت دەکات، واتە بۆ تێپەڕاندنی پێدراوە راستەوخۆیەکان. کەواتە مەجاز لەدایکبووی حەساسیەتێکە، کە واقیع تەسکی کردۆتەوە، و پەی بەودیوو واقیع دەبات- لەدایکبووی حەساسیەتێکی میتافیزیکییە. بەو مانایەش مەجاز تەجاوزکردنە:- وەك چۆن زمان دەشێ تەجاوزی خۆی بکات بۆ دوورتر لەوەی هەیە، زمان ئەو واقیعە تێدەپەڕێنێ کە لەبارەیەوە دەدوێ بۆ دوورتر لەوە. وەك ئەوەی مەجاز لە جەوهەردا، بزاڤێك بێت، نکۆڵی لەبوونە هەنووکەییەکان بکات، لەپێناو بەدواداگەڕانی بوونێکی دیکە.

بەمجۆرە مەجاز، واقیع دەخاتە دەرەوەی ناوکۆییە باوەکەیەوە، بۆ ئەوەی ئەو وشانەی، کە قسە لەو ناوکۆییە باوە دەکەن، بخاتە دەرەوە، ماناکانیان دەگۆڕێت- کە ماناکانیشیان دەگۆڕێت، جێگیریان دەکات، لەوەشدا، بە گۆڕینی وێنەی ئاخاوتن و وێنەی واقیع لەهەمان کاتدا، پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان وشەو و وشە، وشە و واقیع، دادەمەزرێنێت.

لەبەر ئەوەی مەجاز وشەكان دەخاتە دەرەوەی سنورەكانی هەقیقەتەوە، كەواتە ئەو پەیوەندییانەی، كە لەنێوانیان و نێوان واقیع دایمەزرادووە، شیانی- فرە مانا، دەكەونەوە، ئەوەش جیاوازییەك لە تێگەیشتن درووست دەكات، كە بەرەو جیاوازی لە بیروڕا و لە هەڵسەنگاندن دەبێتەوە. لێرەوە مەجاز ملكەچی پێدانی دوا وەڵام نابێت، چونكە لەخودی خۆیدا بوارێكە بۆ ململانێی نێودژییە دەلالییەكان. بەمجۆرە مەجاز وەك فاكتەری لەدایكبوونی پرسیار دەمێنێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەنسبەت ئەو مەعریفەیەی كە دەیەوێت وەك خاوەن یەقین بكەوێتەوە، دەبێتە فاكتەری نیگەرانی و نائارامی.

هەموو ئەوانەش بە مانای ئەوە دێت، كە مەجاز بە بۆچوونی بۆ هەقیقەت پەیوەست دەبێت، یان ئەو هەر تەنها هەڵوێستێك لە هەقیقەت لەخۆناگرێت، بەڵكو بەهەمان شێوە ڕێبازی بیركردنەوە، دۆزینەوەی هەقیقەت، لەخۆدەگرێت، و تەعبیریان لێدەكات.

ئەگەر بۆ ئەوەش بیروڕای (جورجانی) بخەینەسەر كە دەڵێت:- "مەجاز بۆ هەمیشە لە هەقیقەت پاراوترە"-كەواتە بارودۆخی ئایین و فەلسەفە لە مێژووی فیكردا چۆنە، واتە لە مێژوویەك بۆ هەقیقەت، كە ئاخاوتنی مەجازی دەینووسێتەوە؟ لەو پرسیارەوە لایەنێكی دیكەی هۆكارە شاراوەكانی پشت جیاكردنەوەی فیكر لە شیعر، لە سیستمی مەعریفەی عەرەبی:- ئایینی و فەلسەفی، كەشف دەبێت. ئەو دوو سیستمە هەر یەك بەپێی ڕێبازی تایبەتی خۆی گرنگی بە (ئەوەی

پێیدەڵێن هەقیقەت، بەوەی کە مانایەکی روون و دیاریکراوی هەیە) دەدەن.

لە مەجازدا جگە لە پێوابوون (شیان) شتێکی دیکە بوونی نییە. لێرەوەیە کە سیستمی مەعریفەی ئایینی، مەجاز وەك ئەوە وەسف دەکات، کە مانا باوەکان لە واژەکان دەکاتەوە. کەواتە مەجاز وشەکان لە بابەتەکانیان لادەدات. ئەو شێواندنەش هەم مانا لەکەدار دەکات، هەم زمان، چونکە گومرایی و خراپەکاری لێدەکەوێتەوە. چونکە خالق بەتایبەتی واژەکانی داناوە، بۆئەوەی هەر واژەیەك تەعبیر لە مانایەکی تایبەت بەخۆی بکات، گۆڕینی ئەو مانایە، واتە پوچەڵکردنەوەی ئەو هەقیقەتانەی کە خالق دەیویست دەرکی بکەین.

کەواتە راستی ئەوەیە، کە واژەکان مانای بابەتە رەسەنەکانی خۆیان لەئەستۆ بگرن، بەڵام هەڵە ئەوەیە، کە بکەونە سەر مانایەکی دیکە، لەوەی پێشتر بۆی داندرابوو. وەك ئاشکرایە ئەو گوتنە هەر تەنها مەجاز پوچەڵ ناکاتەوە، بەڵکو شیعریش پوچەڵ دەکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە روونبکرێتەوە، جیاوازی نێوان (ئاسۆی مەعریفە) و (ئاسۆی شیعرییەتە) ئاسۆی مەعریفە ئایینی و فەلسەفییە. ئەوەش وایدەبینێ، کە پێویستە مانا لەرێگای ئەو واژەیەی کە دەلالەت لە هەقیقەت دەکات، تەعبیری لێبکرێت، بۆئەوەی تەواوی زانیاری لە هەموو رووبەکەوە بەدەست بهێنێت. بەڵام یەکەم، وای دەبینێ کە ئەگەر دەروون لەتەواوی مەبەستەکانی ئاخاوتن نەگات، ئەوە ئارەزووی تەواوکردنی دەکات، بەڵام ئەگەر تەواویشی بزانێت،

ئەوە ئارەزووكردنی بۆ گەیشتن بە كەمال پوچ دەبێتەوە. كەواتە مەبەست لەوەی دەیزانین ئەوەیە، بەدوای ئارەزوومان بۆ ئەوەی نایزانین بگەڕێن- واتە بۆئەوەی مەعریفەمان زێتر بەرەو كەمال ببێتەوە.

بەمجۆرە دنیا لە دووتوێی ئاسۆی مەعریفەی ئایینی و فەلسەفی داخراوە، و كۆتایی پێهاتووە، چونكە یەقینە، بیروڕا و ئایینزایەكە. بەڵام لە ئاسۆی مەعریفەی شیعریی، واتە مەجازی، بە پێچەوانەوە، كراوەیە، بێ كۆتاییە، چونكە شیانییە، هەمیشە بەدواداگەڕان و كەشفكردنە.

لەوەوە دەرك بەوە دەكەین، كە چۆن زمانی عەرەبی لە بونیادە مەجازییەكەیدا، واتە لە بونیادە شیعرییەكەیدا، زمانی ئارەزووكردن و بەدواداگەڕانی مەعریفەی نادیارە، بۆ بەدەستهێنانی كەمال. كەواتە ئەو لەوە بەرفرەوانترە كە لە سنوری واقعێكی پێدراودا ئابلۆقە بدرێت:- چونكە لە بواری گوزارشتكردندا رەهەندی بێ كۆتایی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەوەش دەبێتە وەڵامدانەوەی رەهەندە بێ كۆتاییەكانی بواری مەعریفە.

ئەوەی لەو لێكچەرەدا بەرەو دوا برگە و كۆتایی پێهێنانمان دەبات، بە مەجازی زمانی تامەزرۆییەوە بەندە.

مەجاز بەپێی ئەزموونی سۆفیگەرییەوە، رابردوو نییە، واتە هەمیشە لەسەرەتادایە. ئەو سەرەتایەش پردێكە بینراو و نەبینراو بەیەكەوە دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەی لێرەدا مەبەست كەشفكردنی نادیارە، بۆیە

وێنەی شیعریی ئەو پێکچواندنە نییە، کە لە پێوانەکان، یان بەراوردکردنەکانەوە لەدایك دەبێت، بەڵکو داهێنانە، لە نزیککردنەوە و کۆکردنەوەی دوو دنیای لەیەکدوور لەدایك دەبێت، وەك ئەوەی یەك شت بن، لێرەدا وێنە هەر تەنها هونەرێکی رەوانبێژی نییە، یان وەسف. بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەستپێکردنێکە، لەگەڵ خودی جولە، کە پێشبینی شیعریی لێدەقولێت، لەدایك دەبێت.ً بۆیە یاخییە، و ناکرێ لەرێگای عەقڵ و واقیع دەوری بگیرێت، چونکە ئاماژە بە تەحاوزکردنیان دەدا. پرشنگێکە هەموو ئەوانەی روویان لە نادیارە دەیانبرێت و کەشفیان دەکات. لێرەوە وێنە دەروا، واتە دەگۆرێت.

بەمجۆرە دەبینین نووسینی شیعریی سۆفیگەریی بە مانای ئەو زاراوەیەی لەسەری وەستاوە، ئەدەبی ناکەوێتەوە، بەڵکو جۆرێکی دیکەیە، دیاریکردن و ئالۆزکردنی گران دەکەوێتەوە. ئەو نووسینە جولەیەکی بەردەوامە لە کەشفکردنی بێ کۆتایی، هەرگیز لە تاکە فۆرمێکدا بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو هەمیشە تێکشکاندنی فۆرمەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە. چونکە فۆرم لێرەدا وەك وێنە وایە، داهێنانێکی بێ دووبارەکردنەوەیە. درووست ناکرێت، ناگیرێت، وەرناگیرێت. نە جلە یان بەرگ یان دەفرە، بەڵکو فەزایە، فەزایەکە شەپۆل دەدات. بزاڤی فیکر و ئاگایی-ئیقاعی دڵە. بۆیە لێرە نییە، بەنسبەت ئەو نووسینە، فۆرم لەخودی خۆی بۆ خۆیەتی، لە ئەبستراکدا. فۆرم هەمیشە تێیدا فۆرمی شتێکە، لێرەوە هەر قەسیدەیەك فۆرمێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

(9)

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی کە پێشکەشمان کرد، دەبینین، نووسینی شیعر، خوێندنەوەی دنیا و شتەکانە. ئەو خوێندنەوەیەش لە هەندێك لە ئاستەکانیدا، خوێندنەوەی ئەو شتانەیە کە بە ئاخاوتن بارگاوی کراون. نهێنی شیعرییەتیش ئەوەیە کە هەمیشە ئاخاوتنێك بێت بەدژی ئاخاوتن، بۆ ئەوەی بتوانین ناوی نوێ لە دنیا و شتەکان بنێین، واتە لە پڕشنگێکی نوێدا بیبینین.

لێرەدا زمان، هەر تەنها یەك شت داناهێنێت، بەڵکو لە داهێناندا خودی خۆیشی دادەهێنێت. شیعر لەبەرئەوەی وشەیە، لە سنوری پیتەکانەوە خودی لەدەستچووی خۆی تەجاوز دەکات، تاکو شت وێنەی نوێ و مانای دیکە وەربگرێت. ئەوە لە ئەزموونی نووسینی ئەو سێ نموونەیەی کە پێشکەشمان کرد، پراکتیزە دەبێت. ئەو نموونانەش هەر تەنها بەشێکە لەوەی کە بەنێو ئەزموونی گەورەی نووسیندا دەڕوات، ئێمە هەر لە زەمانی زووەوە بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتنێکی درووست وەرمانگرتن، و خستمانە چوارچێوە هەقیقی و ئیستێتیکی و مەعریفییەوە.

# شیعرییەت و تازەگەری

(1)

**ئێمە لەدەرەوەی ناوکۆییە مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانین بەشێوەیەکی درووست لە شیعرییەتی عەرەبی حاڵی ببین. چونکە سەرهەڵدانی ئەو چەمکە بەو بزاڤە شۆڕشگێڕییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە بەندە، کە داوای دادپەروەری و یەکسانی نێوان موسڵمان و موسڵمانانی دەکرد و لەسەر بنەڕەتی رەگەز و رەنگ، جیاوازیی نەدەخستە نێوانیان، هەموو ئەوانەش بۆ سەدەی دووەمی کۆچی (هەشتەمی زایینی) دەگەڕێتەوە. هەروەها لەو بزاڤە فیکرییانەوە نزیك دەبێتەوە، کە دووبارە بەشێوەیەك لە شێوەکان چاویان بە چەمکی رۆشنبیریی بەمیرات بۆماوە بە تایبەتی ئایینیدا خشاندۆتەوە. ئەو کات بۆچوونی زاڵ ئەوە بوو، کە دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی پشت بە دنیابینی و پەیامێك دەبەستێت، کە ئیسلامە. ئەویش لەلایەك هەر تەنها جێنشین ێکی بە میرات بۆماوەی سەلەفی نییە، بەڵکو وێڕای ئەوەش ئەو شتانەش دەپارێزێت، کە لە پاشی ماوەتەوە و**

---

کۆمەڵێك پێداویستی بەتایبەتی زمانی (زمانی عەرەبی) لە ناوکۆییە شیعرییە تایبەتییەکانی و رۆشنبیرییە گشتییەکانی و گیروگرفتە رۆشنبیرییە تایبەتمەندییەکانی وای کرد، کە دەستکارییەکی گەورەی دەقە عەرەبییەکەی ئەو لێکچەرە بکەم، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە لەگەڵ دەقە فەرەنسییەکە تەواو جیاواز بکەوێتەوە. (ئەدۆنیس)

§§§§§ لەبری وشەی (خلافة) بەکار هێنراوە.

**بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی بەدوایاندا دەچێت، لەلایەکی دیکە دەوڵەت- یەك نەتەوەیە. ئەوەش وا دەگەیەنێت، کە کۆمبوون****** جەوهەری داواکە بێت، فیکر و سیاسەت دوو ئایین بێت، و ئاینیش تاك و تەنیا بێت.**

**لێرەوەیە کە دەسەڵات، هەمیشە دوژمنایەتی ئەو بزاڤانەی دەکرد، کە لەڕووی سیاسییەوە، بۆ دەرچوون لە ئایین، و دەرچوون لە دەسەڵاتی جێنشینی ئایینی، دەگەڕێتەوە. وەك چۆن لەڕووی فیکرییشەوە، بۆ هیترۆدۆکسی یان ئاتەئیزمیی†††††† دەگەڕێتەوە، جا چ لەبەر ئەوە بێ، کە رۆڵی ئایین لەڕووی فێرکردنی چاکەکاری بەکەم دەگرن، یان لەبەر ئەوەیە نکۆڵی رۆڵی سرووش، لە مەعریفەدا دەکەن و دەڵێن مەعریفە و هەقیقەت کاری عەقڵە. بەڵام لەڕووی (سۆفیگەریی)‡‡‡‡‡‡ەوە بۆ دەرچوون لە شەریعەت و تەقلید-**

****** لەبری وشەی (الاجماع= CONSENSUS ) بەکار هێنراوە.

†††††† وشەی (heterodoxy= البدعه) لە زمانی کوردی بە (شتی تازە، تازە داهاتوو، نۆبەرە، نوخشە...) دێت. وشەی (atheism= إلحاد) لە زمانی کوردی بە (بێ ئایینی، گومڕایی...) بەکار دێت. بەڵام من پێمباش بوو، ئەو دوو وشەیە بەکار بهێنم.

‡‡‡‡‡‡ سۆفیگەری، یان تەسەوف، هەندێك لە توێژەر و مێژوونووسی پسپۆر لە زانستی ئایینە کۆنەکان پێیانوایە ئەسڵی ئەو وشەیە یۆنانییە و لە وشەی (سۆفیا) هاتووە و بە مانای (دانایی) دێت، یەکەمین کەسێك کە ئەو بیروڕایەی خستۆتەڕوو (بیرونی)یە. دواتر (د. محەمەد جەمیل غازی) پشت راستی کردۆتەوە و دەڵێت ئەو وشەیە لە (خوری- صوف)

**دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی، کە بزاڤی سۆفیگەریی دابڕان لەنێوان ئیرۆتیریزم [ ] ، یان شەریعەت و هەقیقەت لێکجیا دەکاتەوە، بەوەی کە دڵنیان زانیارییەکان و هەقیقەتەکان لە ئیرۆتیریزم هەڵدەقولێن، لەبەر ئەوەی کە ئەوان دەڵێن دەشێ جۆرێك لە یەکبوون یان یەکێتی لەنێوان خودا و بوون، خودا و مرۆڤ، بەدەست بهێنین.**

**بە دەستەواژەیەکی دیکە، هەموو ئەوانەی بەپێی ڕۆشنبیریی جێنشین بیر ناکەنەوە بە "ئەهلی تازەگەر" ناوزەد دەکران، پەیوەستبوونیان بە ئیسلام رەتدەکردەوە. لەوەدا روون دەبێتەوە، کە دەستەواژەی "تازەگەری" و "تازەگەر" ئەو دوو دەستەواژەیەی کە شیعر بە دەرچوون لە دامەزراوە باوەکان، لە چەشنی دەرچوونی سیاسیی، یان**

---

نەهاتووە، کە زێتر لە زمانی عەرەبی بەو شێوەیە قسەی لێدەکرێت، بەڵکو لە وشەی (سۆفیا) هاتووە.

سۆفیگەریی بەپێی تێڕوانینی ئیسلام ڕێبازێك نییە، بەڵکو یەکێکە لە سێ بنەماکانی ئایینی ئیسلام (ئیسلام، ئیمان، ئیحسان) وەك چۆن فیلۆلۆژییەکان بایەخ بە ڕێورەسمی شەریعەتی ئیسلام دەدەن، لەڕێگای بڕواوە ڕێبازەکان ناس دەکەن، ئەوە سۆفیگەرەکانیش گرنگی بە پایەی ئیحسان دەدەن، واتە بەندە بۆ گەیشتن بە خودا، گەیشتن بە ناسینی خودا ئەو ڕێبازە دەگرێتەبەر، ئەویش بەهۆی کۆششکردن و پەرستن و دوور کەوتنەوە لەوەی کە خودا نەهی لێکردووە، هەروەها پەروەردەکردنی دەروون و پاککردنەوەی دڵ لە ئاکارە خراپەکان و پڕکردنی بە ئاکاری باش. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- سایتی ویکیبیدیا.

[ ] لەبری وشەی (باطن) کە لە زمانی کوردی بە (ناخ- ناوەوە) دێت، بەکار هێنراوە.

**فیکریی، وەسفی دەکات، دەرچوون بێ، لە رۆشنبیریی جێنشین و رەتکردنەوەی پارادیمی کۆن بێت. لێرەوە تێدەگەین، کە شیعر لە ژیانی عەرەبیدا چۆن هەمیشە تێکەڵ بە سیاسەت-ئایین، کراوە و هەتا ئێستاش تێکەڵ بەیەك دەکرێن.**[*******]

---

[*******] زاراوەی تازەگەری (مۆدێرنیزم) لە سیستەمێك زاراوەی فەرعی سەرەتایی، یان مەرکەزی، یان وەك کە لەخوارەوە ریزی دەکەین هاتووە:-

-(پێش تازەگەری=premodernism) :مەبەست لەو بزاڤانەیە، کە بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو دواتریش لانەی تازەگەری بوون، زاراوەی (تازەگەری سەرەتا-modernism proto) یان (تازەگەری بەرایی-moderism paleo) یان پێ دەگوت.

-(بزاڤی تازەگەری= modernism) : سیتەمێکی فیکری و کەلتورییە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و لەگەڵ دەرکەوتنی بزاڤی رەمزی گەلاڵە بوو، پاشان لەگەڵ دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بلاّو بۆوە، کۆمەڵێك بزاڤی دیکەشی گرتەخۆ، کە لەگەڵیدا یەکیان نەدەگرتەوە، هەندێك لەوانیش وەك شۆڕش بەسەر ئەویدیکەدا بەرپابوون، لەو بزاڤانەش: بزاڤی ئینتباعی pressinism im و بزاڤی میتا ئینتباعی و بزاڤی تەعبیری exmpressismو تەکعیبی cubismو داهاتوو خوازیی faterism و رەمزی sumbolismو تەسویریی imaginism و دادائی dabaismو سوریالیsurrealism. کەواتە لە سەدەی بیستەمدا ئەدەب و شیعر وازی لە رۆمانسیەت هێنا، کە وەك بزاڤێك، کە دوای کلاسیکی نوێ هاتە ئاراوە، رۆمانسیەت لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پەژموردە بوو، پاشان دەرکەوتنی تازەگەری بە دامەزراوو شارو بزاڤە جۆراوجۆرو نۆرمە تایبەتیەکانیەوە بەخێرایی دەستی بەسەر هەموو دامەزراوو قوتابخانە نوێیەکاندا گرت، بزاڤی واقیعیەت کە بە دژی ئەو دەکەوتەوە خستیە ناوخۆیەوە،

(2)

**لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە پێشکەشمان کرد، تێدەگەین، کە مەسەلەی تازەگەریی شیعریی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا لە مانا بەرتەسکەکەیدا، تەجاوزی سنوری شیعر دەکات، ئاماژە بە قەیرانی رۆشنبیریی گشتی، بە مانایەك لە ماناکان و قەیرانی ناسنامە دەکات. ئەوەش بە کێشەی ناوەوە بەندە، و کۆمەڵێك رووخسار و ئاستی هەیە. وەك چۆن پەیوەستە بە کێشەی کۆمەڵگای عەرەبی، لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا. لەو بارەوە دەبینین، لەگەڵ زیادبوونی کێشە ناوەکیەکان، یان توندبوونی کێشە دەرەکییەکان، گەڕانەوەی بۆ کۆن توندتر دەبێت. هەرچەندە جەخت لەوە دەکەینەوە، کە پێیگەیشتووین، کەچی ئەمڕۆ لە ژیانی عەرەبی ئیسلامی درێژبوونەوەیەکی بەهێزی ئەو دیاردە مێژووییە دەبینین.**

**رەنگە ئەوەی لە تێگەیشتنی هۆیەکان رۆشناییمان پێدەبەخشێت، ئەوە بێ، کە تازەگەری لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەندێکجاران وەك شەپۆلێکی بەهێز مابێتەوە، وەك لە سەدەکانی سێیەمی زایینی:**

---

پاشان هەر لە دووتوێی خۆیدا بەخێوی کردو بە چەندان ناوی جیاجیای وەك واقیعیەتی نوێ و واقیعیەتی سیحری خستیە ناو لیستەکەی خۆیەوە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- خزعل الماجدي (الطليعة الادبية)، مجلة الابداع الجديد العدد(1 كانون الثاني شباط 1999.

هەشتەم و نۆیەم و دەیەم، یان بەپێی کێشەی ناوبراو، لەڕووی ناوەوە و دەرەوە، بێهێز بووبێ و پاشەکشەی کردبێ، بارێکی بەهێز و بێهێزی وەرگرتبێت، وەك لە سەدەکانی دواتر. دواتر بۆمان روون دەکاتەوە کە تازەگەری لە زۆربەی باردا تەنها وەك هێزی رەتکردنەوە و پرس و جوله- ماوەتەوە، بێ ئەوەی لە بونیادی عەقڵی عەرەبیدا وەك ئاگاییەکی ریشەیی و بەریلاّو بێتە ناوەوە. دواجار، رەنگە ئەوە بونیادی عەقڵی کۆن- تەقلیدییمان بۆ راڤە بکات، کە ژیانی عەرەبیی و شیعر و فیکریی عەرەبیی داگیر کردووە.

(3)

پاشەکشەکردنی کۆمەڵگای عەرەبی لەو رێگایانەی کە تازەگەری عەرەبیی بۆی والاّ کردبوو، لەگەڵ کەوتنی بەغداد ساڵی (1258) دەستی پێکرد، و لە شەڕی خاچپەرستەکان تەواو دابڕا، لەگەڵ زاڵبوونی عوسمانیەکان گەیشتە ترۆپك.

لەنێوان سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمدا، کە قۆناغی داگیرکاری (کۆلۆنیالی) خۆرئاوایە، و قۆناغی پەیوەندیکردنە بە رۆشنبیریی و تازەگەرییەکەی خۆرئاواوە، ئەو قۆناغە بە "سەردەمی رێنیسانس"[] ناو دەبرێت، (ئەو ناونانە

---

[] سەردەمی بوژانەوە، زاراوەیەکە بە ماوەی گواستنەوە لە سەدەی ناوەڕاست بۆ سەدەی تازە دەگوترێت، چەرخی 14-16 دەگرێتەوە، دوای کەوتنی (قوستەنتنیە) لە ساڵی 1453 لەسەر دەستی عوسمانیەکان بە سەرکردایەتی (محەمەد فاتح). وەك چۆن ئەو

**لەخودی خۆیدا هەقە لێکۆڵینەوەیەکی جیای لەسەر بکرێت)، مەسەلەی تازەگەری دووبارە زیندوو کرایەوە، دووبارە گفتوگۆ لەسەر ئیشکالەکان و هەموو ئەو مەسەلانەی، کە تازەگەری دەیوروژاندن سەری هەڵدایەوە. بیروڕایەکان بە دوو ئاڕاستەی گشتی دابەش بوون: فەندەمینیتالییەکان، کە بنەچەی یەکەمیان لە ئایین و**

---

زاراوەیە دەلالەت لەو شەپۆلە رۆشنبیریی و فیکرییانە دەکات، کە لە ولاّتی (ئیتالّیا) لە سەدەی چواردە دەستی پێکرد و لە سەدەی پانزە و شانزە گەیشتە ترۆپکی گەشەسەندن، ئیتر لە ئیتالّیاوە بۆ فەرەنسا و ئیسپانیا و ئەلّمانیا و هۆلّەندە و ئینگلتەرا بلاّوبۆوە و دواتر تەواوی ئەوروپای گرتەوە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- سایتی ویکیبیدیا.

لەبری وشەی (اصولي) کە لەزمانی کوردی بە بنەچەخواز دێت، بەکار هێنراوە. (Fundamentalism) زاراوەیەکی فیکری —سیاسییە، ئاماژە بە تێڕوانینی تەواو بۆ ژیان دەکات لە هەموو رووەکانی سیاسی، کۆمەلاّیەتی، ئابووری، رۆشنبیریی، ئەو تێڕوانینە لە نیانییەکی (قەناعەت) بنەچەخوازانە و بڕوابوون بە فیکرەیەك یان سیستمێك لە نیانیی هەڵقولاّوە، لە زۆربەی بارەکان وەك وێناکردنێکی ئایینی یان ئایینزایەکی ئایینی دەردەکەوێت، ئەو وشەیە لە ناونیشانی زنجیرە بلاّوکراوەیەکەوە هاتووە، کە بە ئوسول ناوی دەبردرا، یان بنەچە، ئەو زنجیرەیە لەنێوان سالاّنی (1910-1915) لە ولاّتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەردەچوو، لەوێ بەکار هێنانی زاراوەی فەندەمینیتال مانای عەقیدەی تەقلیدی، واتە دەق وەك سرووش و وەك دەسەلاّت، خواوەندێتی مەسیح و موعجیزەی مندالّبوونی (مەریم)ی پاکیزە... لەخۆ دەگرت.

فەندەمینیتال بە تێگەیشتنی نوێ واتە گەڕانەوە بۆ ئەحکام و شەریعەتە ئایینییەکان، دەرکەوتنی ئەو چەنکە بەو شێوەیە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لە دەرکەوتنی بزاڤی ئوسولی (ئینجلیکای)یەکان وەك پەرەچەکردارێك رووبەڕووی پێشکەوتنە

**زانستەکانی زمانی عەرەبیدا دەبینی، بە پێچەوانەوە، تەجاوزکەری ئەوانیش لە سیکیولارەی ئەوروپی بنەچەی یەکەمیان دەبینی. بەلاّم ئەوە رۆشنبیریی فەندەمینیتالی بوو، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دامەزراوەکان، دەسەلاّتدار بوو، لەو هەژموونەشدا بارودۆخی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی لە ناوەوە و دەرەوە کۆمەکی دەکرد.**

---

شارستانیەکان کە علمانییەت هاوەڵی دەکرد، چونکە (علمانییەت( و (ئوسولییەت) دوو ناکۆکی دژ بەیەکن، دوو لایەنن لە ململانێی سیاسی فرەجۆر، ئەو بزاڤە ئەنجلیکانییە بزاڤی دیکەی ئوسولی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. بڕوانە:- ویکیبیدیا.

لەبری وشەی (العلمانية=secularism ) کە لە زمانی کوردی بە دنیایی دێت، بەکار هێنراوە. وەك زاراوە بە مانای جیاکردنەوەی ئایین و ئایینزاکان لە سیاسەت دێت، و نابێ حکومەت یان دەوڵەت بەزۆری ئایینێك یان ئایینزایەکی دیاریکراو، یان تەقالیدی دیاریکراو لەپێناو هۆکاری خودی و نابابەتی بەسەر هیچ کەسێکدا بسەپێنێت. وەك چۆن ناشێ ئاینێکی دیاریکراو وەك ئایینی فەرمی ولاّت بەسەر هەمووان‌دا بسەپێنرێت، کەواتە ئەو زاراوەیە بە مانا گشتییەکەی بەتایبەتی لەڕووی سیاسییەوە واتە پێویستە سیاسەتی دەوڵەت ملکەچی دامەزراوە ئاینییەکان نەبێت.

ریشەی علمانیەت بۆ فەلسەفەی گریکی کۆن بەتایبەتی (ئەپیقۆر) دەگەڕێتەوە، بەلاّم لە تێگەیشتنە نوێیەکەیدا و لە میانی سەدەی رۆشنگەری (التنوير) ئەوروپی و لەسەر دەستی کۆمەڵێك بیریار لەوانەش: (تۆماس جیفرسۆن و ڤۆلتێر) ئەو چەمکە لە بەجێهێنانە ئاسملنیەکەی هێنرایە خوارەوە بۆ بەجێهێنانی دنیایی، واتە لەبری ئەوەی ئایین راڤەی گەردوون و پێکهاتەکانی بکات، ئەو دەسەلاّتەیان بە زانست بەخشی.... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ویکیبیدیا

**کۆن، فەندەمینیتال، وەك ئایین و زمان و شیعر، ئەوان، بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییەی خۆیان، پارادیمی مەعریفە و دوا هەقیقەت بوون. ئەوەش وا دەگەیەنێت کە داهاتوو لە ناو ئەواندایە: واتە ناشێ لە دەرەوەی ئەو ڕۆشنبیرییەدا بیر لە وێناکردنی هەقیقەت و مەعریفەی دیکە بکرێتەوە، یان کۆمەڵێك مەعریفە، کە کۆن تێدەپەڕێنێت. دواتر ئەوەش بەو مانایە دێت، کە تازەگەریی وەك چۆن (ئەبو نەواس) و (ئەبو تەممام) زمانە شیعرییەکە و (ئیبن راوەندی)[********] و (رازی) و (جابری کوڕی حەییان) فیکر و**

---

[*******] ئیبن راوەندی، ئەبو حوسێن ئەحمەد یەحیا، لەساڵی (298ك/910ز): بۆ راوەندییەکانی (ئەسفەهان) دەگەڕێتەوە، فەیلەسوفی بێ بڕوا، یەکێك بووە لە قسەکەرانی (موعتەزیلە) پاشان بۆتە زەندیق.. لە بەرهەمەکانی (فضیحة المعتزلة) و (الدامغ) و (التاج). :- معجم أعلام المورد، منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1992، ص-24.

ئەلرازی، ئەبوبەکر محەمەد کوڕی زەکەریا (251-313ك/865-925ز) یەکێك لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی عەرەب، خاوەنی کتێبی (الحاوي)، ئەو کتێبە ئینسکلۆپیدیای (encyclopedia) پزیشکییە، لە کۆمەڵێك سەرچاوەی گریکی و هیندی و فارسی و هەندێ زانیاری پزیشکی عەرەبی بەرهەمهێنراوە، هەروەها چەندین کتێبی دیکە. بڕوانە:- معجم أعلام المورد، منير البعلبكى، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1992، ص201-202.

جابری کوڕی حەییان ئەلئەزدی، لە ساڵی (103ك/721ز) لە (خوراسان) لە دایکبووە و لە ساڵی (200ك/815ز) کۆچی دوایی کردووە. جابر لە شاری (کوفە) ژیاوە و دواتر چۆتە شاری (بەغداد) و پەیوەندی بە (بەرمەکیەکان) کردووە. بە باوکی

تێروانینەکانیەکە و سۆفیگەراکان ئەزموون و دنیابینیەکەیان دامەزراند، هەموو ئەوانەش بەیەکەوە رستێك هەقیقەتی نوێیان لەبارەی مرۆڤ و دنیا خستەوە، کە پێشتر هیچیان لەبارەوە نەدەزانی، ئەو جۆرە لە تیۆریزەکردنیش هەرگیز بەمانای رەخنەگرتنی بنەچە نایەتەوە، بەڵکو دەرچوونە لەو بنەچەیە.

بە دەستەواژەیەکی دیکە، گوتەزای تازەگەریی، گوتەزایەك بوو لە کۆندا شتێکی زانراو نەبوو. قسەکردن لەو بارەوە قسەکردن بوو، لە کەشف کردنی کەموکوڕییەك، یان بۆشاییەکی رابردوو. کەواتە دەرچوون بوو لە فەندەمینیتالییەت. لێرەوە لە دەلالەتە پەیوەستەکانی ئەو تیۆریزەکردنە دەگەین، کە دەکەوێتە نێوان تازەکردنەوە، کە دەرچوونە لە کۆن، و تاوانبارکردن بە (تازەکاری) و (گومڕایی). هەروەها لەو هۆیانەش دەگەین، کە وای کردووە زاراوەکانی وەك "تازە" و "تازەکار" و "تازەگەری"□□□□□□□□ کە رستێك زاراوەی ئایینین بۆ بواری شیعر بگوازرێنەوە، وەك چۆن لە لێکچەری پێشوو ئاماژەم بۆ کردن.

---

کیمیاگەرانی عەرەبی دەژمێردرێت، گوتویەتی کەوا ئاگر و خاك و ئاو و هەوا یەکبگرن جیوە و کبریت پێکدەهێنن، و هەموو فلزاتەکان لە یەکگرتنی ئەو دوو ماددەیە پێکدێت. هەروەها ترشی نیتریك و کبریتی دۆزیوەتەوە، کۆمەڵێك کتێبی هەیە و هەندێك لەوانەش تەرجەمەی زمانی لاتینی کراون، چونکە لەو زانستەدا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەوروپییەکانەوە هەبووە . بڕوانە:-هـ.س.پ. ل155.

□□□□□□□□ لەبری زاراوەکانی (الحديث) و (المحدث) و (المحدث) بەکار هێنراوە.

ئەو رۆشنبیرییەش لە پرۆسیسەکردنی مەعریفەی بەردەوام، بەرجەستە دەبێت، کە پێیوایە هەقیقەت لە دەقدا خۆی حەشار داوە، نەك لە ئەزموون و واقیع، پێیوایە دەق پێدراوی کۆتاییە، و جگە لەو هیچ هەقیقەتێکی دیکە بوونی نییە. هەروەها رۆڵی فیکریش هەر تەنها لە راڤەکردن و فێرکردندا هەڵدەگرێتەوە، نەك لە بەدواداگەڕان، و پرسیارکردن لە پێناو گەیشتن بە هەقیقەتێکی دیکەی جیاواز، هەموو ئەوەش لە بڕواهێنان بە هەقیقەتی ناوبراو سەرچاوە دەگرێت. ئیتر لێرەوە ئاساییە، کە ئەو رۆشنبیرییە، لەڕووی تیۆرییەوە لەگەڵ تازەگەرییەك-وەك بنەچە- ناکۆك بکەوێتەوە، بەتایبەتی لە هەموو ئەو شتانەی کە دەشێ گومان بخاتە تێڕوانینی ئایینیی و دەزگا مەعریفی و ئاینییەکانەوە.

بەمجۆرە عەرەب سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لەو چواردە سەدەیەدا روویداوە، کەچی بەهۆی هەژموونی ئەو مەعریفە "فەندەمینیتاڵە"وە لەسەر ئاستی دامەزراو و دەسەلاتدا خۆی دەبینێتەوە، وەك ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆیەکدا بجولێنەوە، کە مێژوو تێیدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەلاَم تەنها بۆ یەك مەبەست: ژیانبەخشینی بەردەوام بە رابردوو.

ئەوەی لە پرۆسیسەکردنی مەعریفی ئەو هەژموونە زیاد دەکات، فیکری عەرەبی "تازە"یە، چونکە رووبەڕوو، هیچ کاتێك فیکری عەرەبی "تازە" نەیتوانیووە مەعریفە "فەندەمینیتاڵ" شیبکاتەوە و رەخنەی لێبگرێت و هەڵیوەشێنێتەوە. رەنگە لەبەر ئەوە بێ، کە

نەیویٚراوە. یان رەنگە پەیوەندی بە جیٚکەوتەی پرۆسیسەکردنی "سیحریٚك"ەوە هەبیٚ، کە هەندیٚجار "ناهیٚلیٚت گەشە بکات" و هەندیٚجاریش "رەتیدەکاتەوە"، کەچی ئەو "سیحر"ە خیٚرا کودەتایەك بەسەر تازەگەریدا دەکات. لەوەوە هەندیٚ لە هۆکارەکانمان دەست دەکەویٚت، کە وای لە رۆشنبیرە عەرەبە "تازەگەرەکان" کردووە، هەر تەنها خۆ گونجانیان لەگەلٚ شۆکی تازەگەری خۆرئاوا بەس بیٚت، و وا تەماشای تازەگەری دەکەن، وەك ئەوەی لە پلەی یەکەمدا تەنها بەخششیٚکی تەکنیکی بیٚت. لیٚرەوەیە تازەگەری لە کۆمەلٚگای عەرەبیدا وەك شتیٚکە لە دەرەوە هیٚنرابیٚت. تازەگەرییەکە تەنها شتی تازە لەخۆ دەگریٚت، بەلاٚم عەقلٚی تازە و ئەو میتۆدەی بەرهەمی هیٚناوە لەخۆ ناگریٚت. تازەگەری بەر لەوەی بەرهەم بیٚت، هەلٚویٚست و بۆچوونە.

لە باری شیعریی-هونەرییەوە، هەژموونی رۆشنبیریی فەندەمینیتال وای کردووە، هەمیشە بۆ بەهای شەفەویی جاهیلی بگەرِیٚینەوە. بۆیە زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لە "سەردەمی ریٚنیسانس" نوسراون، جگە لە جیٚگیرکردنی کەرنەڤالاٚنەی ئەو گەرِانەوە نەبیٚ شتیٚکی دیکە نییە.

بەلاٚم بەرەنگاربوونەوەی کۆن، بە بیانووی تازەگەری، پشت بە تازەگەری عەرەبی نابەستیٚت، وەك لای (ئەبو نەواس و ئەبو تەممام) بەرجەستەیە، وەك لە نووسینە سۆفیگەرییەکاندا هەیە، پشت بە تیۆریزەکردنی زمانی تازەگەری شیعریی وەك لای (جورجانی) بەرجەستەیە، نابەستیٚت، بەلٚکو پشت بە تازەگەریی خۆرئاوایی- وەك وەرگرتن و لاساییکردنەوە- دەبەستیٚت.

**بەمجۆرە قەیرانی تازەگەری لە"سەردەمی ڕێنیسانس"دا ڕوویەکی زیاد لەپێویست ئاڵۆز وەردەگرێت، لەو سەردەمەدا ئەو ڕووداوە، وەك تیۆر و پرۆسیسەکردن، دوولەتبوونێك دەخاتە ژیانی عەرەبییەوە، چونکە لەلایەك فۆرمی تەعبیرکردنی سەردەمە کۆنەکانی زیندوو دەکردەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەوەوە گیروگرفتەکان و ئەزموونەکانی ئێستا بپشکنێت. بەڵام ئەو زیندووکردنەوەیە هەر تەنها زیندووکردنەوەی ڕێگای تەعبیرکردن نەبوو، بەڵکو زیندووکردنەوەی ڕێگای چارەسەری و حەساسیەت و بیرکردنەوەش بوو. لێرەوە بەشداری لە جێگیرکردنی ئەو تێڕوانینە بۆ فۆرمەکان دەکات، بەو مانایەی کە هەڵگری پرنسیبێکی ڕەهایە و ناشێ تەجاوز بکرێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە بیگەڕێنینەوە، چونکە ئەو بەتەنها تاکە هەقیقەتی شیعرییە. لەوەوە کەسایەتی عەرەبیی دەکەوێتە ناهاوسەنگی "شیعری ڕێنیسانس"ەوە، وەك ئەوەی کۆمەڵێك وەهمی********* کەڵەکە کراو بێت، زەمەنی عەرەبیش زەمەنێك بێت، لە دەرەوەی ئەو زەمەنەوە.**

**"سەردەمی ڕێنیسانس" لەڕووی دووەمەوە، بەلای پرۆسیسەکردن و سیستم و ژیان و سیاسەتەوە بوو، بەشێوەیەکی نیمچە تەواویش وەك پاشکۆی خۆرئاوا دەجولایەوە.**

---

********* لە لێرەدا هەر وشە عەرەبییەکەم بەکار هێناوە (وَهَمَ. تَوَهَّم:تصَوَّر. وَهْم:تخَيُّل... لە زمانی کوردی بە مانای:- وای زانی، لێی تێکچوو، خەیاڵ، داڵغە، خەیاڵپلاو، بەبیرداهاتن، بەدڵداهاتن.... دێت.

بەمجۆرە "سەردەمی ڕێنیسانس" وەك پاشکۆیەکی دووانەیی دامەزرا: ڕابردووخوازی، وەك ئەوەی مرۆڤی عەرەبی بە گەڕانەوە و یادکردنەوە، بۆ پرۆسیسەکردنی جێنشینی بگەڕێتەوە، و خۆرئاواخوازی ئەورووپی-ئەمریکی، وەك ئەوەی لەڕووی فیکریی و تەکنیکییەوە، بە (وەرگرتن) بۆشاییە ئیبداعییەکانی پڕ بکاتەوە. لەڕاستیدا رۆشنبیریی عەرەبی باو، لە زۆربەی لایەنە تیۆرییەکەی لە ڕابردوو، بەتایبەتی ئایینییەکەی دێتە ناوەوە، و لە زۆربەی لایەنە تەکنیکیەکەشی لە خۆرئاوای ئەورووپی-ئەمریکی، دێتە ناوەوە.

هەردوو بارەکە ڕەشکردنەوەی کەسایەتی دەگەیەنێت، لە هەردوو باردا هەم عەقڵ قەرزکراوە و هەم ژیان. ئەو رۆشنبیرییە هەر تەنها لە ئیستهلاککردنی شتەکان شارەزا نییە، بەڵکو دەزانێ مرۆڤیش ئیستهلاك بکات.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی پێشکەشمان کرد، تێدەگەین کە چۆن شاعیران (ڕەخنەگران و ئەدیبان، بیریاران)، هەر لە پەنجاکانەوە لەنێوان لاساییکردنەوەی دوو رۆشنبیرییدان: لاساییکردنەوەی خود (ڕابردوو، فەندەمینیتال)، و لاساییکردنەوەی ئەویدیکە (تازەیی، ئەورووپی-ئەمریکی). ئەو دوو جۆەش لە لاساییکردنەوە، هەر یەك بە میکانیزم و تایبەتمەندی خۆیەوە، ڕەهەندەکانی تازەگەری و بەهای ئیبداعی لە کەلەپوری عەرەبی دەشارێتەوە. یەکەم بە بیانوی گەڕانەوە بۆ فەندەمینیتال دەیشارێتەوە. دووەم یان هیچی لێ نازانێت، یان لە

**سەرسامبوون بە ئەویدیکە، خودی خۆی و تێڕوانینی بۆ ناسنامەی تایبەتی خۆی، و جیاوازبوونی لە ئەویدیکە، لەبیر دەچێتەوە.**

**لێرەدا حەز دەکەم دان بەوەدا بنێم، کە من یەکێك بووم لەوانەی رۆشنبیریی خۆرئاوام وەردەگرت. هەروەها جگە لەوە من یەکێك بووم لەو یەکەمانەی، کە ئەوەیان تەجاوز کردو و تێیدا نەمانەوە، لەڕێگای خۆپڕ چەککردن بە ئاگایی و چەمکەکانەوە، توانیان کەلەپوری خۆیان بە تێڕوانێکی نوێ بخوێننەوە، و سەربەخۆیی رۆشنبیریی خودی بۆ خۆیان بەجێبهێنن. دووبارە من دان بەوەدا دەنێم، کە لەنێو رۆشبیریی باوی عەرەبیی و دەزگا مەعریفیەکانی، دەرکم بە تازەگەریی شیعریی عەرەبیی نەکردووە، بەڵکو خوێندنەوەی (بۆدلێر) بوو، بیروڕای منی لەبارەی (ئەبو**

---

لەبری وشەی (وعی) بەکار هێنراوە.

شارل بۆدلێر (1821 - 1867) شاعیر و رەخنەگری فەرەنسی، لەساڵی (1857) دەستی بە نووسینی شیعری نەسر (پەخشان) کردووە، کۆمەڵە شیعری (ازهار الشر) ئەو شێوە شیعرەیە، کە زۆرترین ناکۆکییەکان ژیانی رۆژانەی شارە گەورەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە. بۆدلێر بەیەکێك لە گەورەترین شاعیر سەدەی حەفدە دەژمێردرێت، یەکێکە لە رەمزەکانی تازەگەری دنیا، وەك شیعر زۆر بەپێش زەمەنەکەی خۆی کەوتبوو، بۆیە تا نەمرد بە باشی لەو جۆرە شیعرە تێنەدەگەیشتن. بۆدلێر پێیوابوو ژیانی پاریس لەڕووی بابەتی شیعرییەوە زۆر دەوڵەمەندە، لەو بارەوە تابلۆکانی پاریسی نووسیوە و لە ساڵی (1891) بۆ چاپی دووەمی دیوانەکەی زیادی کردووە. بۆدلێر یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کە چۆن ژیاوە ئاوای نووسیوە. بۆدلێر زۆر سەرسامی (ئادگار ئالان پۆ) و

**نەواس)ەوە گۆڕی، ئەو بوو، شیعرییەت و تازەگەریی ئەوی لا کەشف کردم. خوێندنەوەی (مالارمێ) بوو، نهێنییەکانی زمانی شیعرییەت و ڕەهەندەکانی تازەگەری (ئەبو تەممام)ی بۆ روون کردمەوە. خوێندنەوەی (رامبۆ)[**********]، (نێرڤال)[**********]،**

---

(هۆگۆ) و (فلۆبێر) و (کۆنت) و (داروین) و (شوبهاوەر...) بووە. جوانی لای بۆدلێر شتێکی پڕشنگدار و خەماویی بووە، شتێك بووە، کە قابیلی بواری خەملاندنی زۆر بووە و بە یەکێك لە مەرجەکانی تەمومژی و پەشیمانی دایدەنێت، لەو بارەوە پێیوایە شادی لەگەڵ جوانی ناشێ بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە، و پێیوابوو شادی رازانەوەیەکە زۆرتر دەچێتە سەر جوانی بازاڕیی، بەڵام دڵتەنگی وەك ئەو دەڵێ لە جوانی باڵاوە نزیکە... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: سایتی ویکیپیدیا.

[**********] نیکۆس ئاسەر رامبۆ (Arthur Rimbaud) شاعیری فەرەنسی لە باکوری رۆژهەڵاتی فەرەنسا لە (شارلفیل) لە 20ی ئۆکتۆبەری 1854 لەدایکبووە، زۆربەی کارەکانی خۆی لە تەمەنی گەنجێتی نووسیوە. (فیکتۆر هۆگۆ) گوتویەتی "ئەوە کوڕی شکسپیرە" بەر لەوەی تەمەنی بگاتە بیست ویەك ساڵی بەتەواوی لە نووسین وەستاوە، هەمیشە وەك یەکێك لە سەرکێشە ئازادەکان ئاماژەی پێدەکەن، سەفەری زۆری کردووە بەر لەوەی لە تەمەنی (37) ساڵیدا بە نەخۆشی (شێرپەنجە) کۆچی دوایی بکات. منداڵی رامبۆ پڕە لە حیکایەتی سەیر، لەوانەش دەڵێن لە دوای لەدایکبوون ویستوویەتی لە ڕێگای ئەو سەرینەی کە سستەرەکە بۆ ئەوە دایناوە کە نەخزێ، بە گاگۆلکێ بەرەو زەوی و ئاڕاستەی دەرگا بچێت. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعری دنیا و فەرەنسای بە تەواوی دووچاری شۆك کرد، بەبێ ئەو بوونی تازەگەری شیعر دەکەوێتە قەیرانی زۆرەوە.

[**********] جیرار دە نێرڤال (Gerard de Nerval) شاعیر و وەرگێر و نووسەری فەرەنسی، لە 22 مایو 1808 لە شاری (پاریس)ی (فەرەنسا) لەدایکبووە و

**(بریتۆن)□□□□□□□□□□ بوو، رابەرییان کردم تا کەشفی ئەزموونی سۆفیگەریی- وەك بەها و وەك فەردانیەت بکەم. خوێندنەوەی رەخنەی نوێی فەرەنسی بوو، تازەگەریی تیۆری رەخنەیی لای (جورجانی) نیشاندام، بە تایبەتی ئەوەی بە شیعرییەت و تایبەتمەندێتی زمانەوانی-تەعبیرییەوە بەندە.**

**من هیچ نێودژییەك لەوەدا نابینم کاتێك دەڵێم تازەگەریی خۆرئاوای (پاشکەوتوو) بوو، وای لێکردم تازەگەریی عەرەبی (پێشکەتوو)مان کەشف بکەم، کە دواتر سیستمی رۆشنبیریی سیاسی "تازە"ی ئێمەی تەحاوز کرد، ئەو سیستمەی، کە لە سەر پارادیمی خۆرئاوا دامەزرا بوو.**

**بەڵام لەو چوارچێوەیەدا گرفتەکە لەوەدایە، کە شاعیری نوێی عەرەبی لەگەڵ سیستمی رۆشنبیریی عەرەبی، کە فەندەمینیتالی تەقلیدی**

---

دوای لەدایکبوونی بە دوو ساڵ دایکی لە (سیلیزیا) کۆچی دوایی کردووە، نێرڤال وەك یەکێك لە شاعیرە رۆمانسییەکان ناوبانگی دەرکردووە، لە تەمەنی (46) ساڵی هەر لە پاریس لە ینایر 26، 1855 کۆچی دوایی کردووە.

□□□□□□□□□□ بریتۆن، ئەندرێ (Andre Breton) شاعیری فەرەنسی (1896-1966). بەیەکێ: لە دامەزرێنەرانی رێبازی سوریالییەت و پێشەوایان دادەنرێت، لە ساڵی (1924) مانیفێستی سوریالییەتی بلاّو کردەوە، لەدوای ئەوەش چۆتە پاڵ حزبی شیوعی، بەڵام هەر زوو لە ساڵی (1935) لە حزب جیابۆتەوە. کاتێك نازییەکان فەرەنسایان داگیر کرد بەرەو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی کرد، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی (1946) بۆ ولاّتەکەی گەڕاوەتەوە.

دەگەڕێنێتەوە، خۆی لە ناکۆکییەکی بنەڕەتیدا دەبینێتـەوە، هەروەها لەگەڵ رۆشنبیریی خۆرئاوایی وەك ئەوەی، کە ئەو سیستمە عەرەبییەی بونیاد ناوە و شێوەیەکی گشتگیری پێبەخشیووە. ئەو سیستمەی کە لە تازەگەریی عەرەبی، واتە لە قوڵترین و دەوڵەمەندترین شتەکانی نێو کەلەپوری خۆمان، جیامان دەکاتەوە، و لەوەدا دەمانخاتە ئاستی رێبازە تەقلیدییە هەژموونداڕەکە، و ئەو بونیادە رۆشنبیرییەی، کە لە ئاوهەوای کۆلۆنیاڵی لەدایکبووە و بەسەریدا سەپاندووین، کە لەگەڵ بەخششە تەکنیکی و ئیستهلاکیەکانی خۆرئاوا بەردەوام بین.

کۆی ئەو گرفتانە بەڕووە تووندەکەی وا دەنوێنێ، کە شاعیری نوێی عەرەبی بەڕاستی لە ئابلۆقەدانێکی دوولایەنانەدا دەژیت، لەلایەك دەکەوێتە بەر رۆشنبیریی پاشکۆخوازی ئەویدیکە، لەلایەکی دیکە وەك کۆرپەڵەیەك بە رۆشنبیریی رابردووی تەقلیدییەوە بەندە.

ئەوەی کە دەخرێتە سەر ئەو لایەنەشەوە، سرووشتی توونددییە، مەبەستم لە بارودۆخی خودی زمانی عەرەبییە. مرۆڤی عەرەبی لەمیانی رۆشنبیرییەك گەشەی کردووە، کە زمان تێیدا توانای قسەکردنی هەیە، یان ئەو وێنەیە دەگەیەنێت، بەو مانایەش زمان شاعیرە و بیریارە، هەر خۆی عەقڵ و هەستە، هەر ئەو یەکەمین رەمزی ناسنامەی عەرەبی و گرەنتیی یەکەمی لە خۆدا هەڵگرتووە، وەك ئەوەی زمان لەو تێڕوانینەدا هەر خۆی لە جاهیلییدا بەشێوەیەکی خۆرسك "دروستکەر"ی عەرەب، و سروشی

پێغەمبەرایەتی، و عەقڵ بێت، لە ئیسلامدا. نەك هەر هێندە بەڵكو وەك ئەوەی زمان لە ئەسڵی ئاگایی عەرەبیدا بۆخۆی بوون بێت، زانیاری لەبارەی زمانیش، وەك ئەوەی زانیاری بێ لەبارەی بوونەوە. لە "ماددی"یەتی ئەو زمانە درووستكراوە، ریتمی بوون دەتەقێتەوە و جەوهەرەكەی هەڵدەقوڵێت. لەو چوارچێوەیەدا لە دەلالەتی ئیعراب دەگەین: ئەو روونترین پرنسیبی زمانەوانییە، تاكە نیشانەی نێوان جولان و نەجولانە، گوتن و رۆحە. چونكە زمان شێوەی ریتمی سرووشتی دەنوێنێ، كەواتە ئەو شێوەیە بە تەواوی و هەرخۆی لەرێگای ئیعرابەوە دەستی بۆ دەبردرێت.

زمان لەو تێڕوانین و ئاگاییەدا، هەر تەنها ئامرازێك نییە، بۆ گەیاندنی مانایەكی "دابڕاو" لە خۆی، بەڵكو بۆخۆی مانایە، چونكە فیكرە. نەك هەر هێندە بەڵكو لەپێش مانادایە، چونكە مەعریفە بەدوای ئەودا دێت، لێرەوەیە پێوانەی مانا لە زماندایە، لەرێگای رێزمانەكەیەوە دیاری دەكرێت.

لێرەدا گرفت ئەوەیە، زمانێك، كە وەك جەوهەری بوونی عەرەب تەماشا دەكرا، كەچی لە پرۆسیسەكردنی پراكتیكیدا دەبێتە چەردەیەك لە واژە: ئەوەیان ناپارێزرێت، ئەویدیكەیان نیشتمانەكەی خۆی بۆ زمانێكی رەشۆكی، یان بێگانە بەجێدەهێڵێت، چونكە نازانێ خۆی بەشێوەیەكی ئیبداعی بەكاری بهێنێت، ئەوەش وەك ئەوە وایە "كۆگا"یەكی گەورە بێت، بەشێوەیەك لە شێوەكان، بە بیانوییەك لە بیانووەكان لەخۆی رابكات، چونكە هەموو ئەوانەی كە دەچنە ناوییەوە

پێویستیەکانی خۆیان لەودا بەجێدەهێنێنن. لێرەدا ماوەیەك لەنێوان ئەوان و ئەوانەی بەو قسان دەکەن، هەیە. ئەوەش بەو مانایەیە، کە ئەوەی ئامانجە لە ئێستادا تەنها وەك ئامراز دەردەکەوێت. بەڵام چۆن دەشێ لەنێوان رابردوویەك کە لە زماندا جەوهەری مرۆڤە و ئێستایەك، کە زمان تەنها وەك ئامراز تەماشا دەکات و لە داواکردنی بۆ گوازتنەوە ناسڵەمێتەوە و زمانی رەشۆکی لەبری دادەنێت، هاوگونجانێك بسازێنین؟ ئەگەر لە دووتوێی ئاگایی رەسەنی عەرەبی ئەو پەیوەندییە لەرێگای پیرۆزییەوە بەیاد بهێنینەوە، بە دیاریکراوی لەرێگای قورئانەوەیە:- ئایا لە نەزانی یان لە بانگەشەکردنی ئەوان بۆ گۆڕینی بونیاد و دانانی زاراوەی رەشۆکی لەجێی ئەو بونیادە، جۆرێك لە ئاگایی گوتنی ئەویدیکە و ناسنامەی جیاواز، بەدی ناکەین؟

بەمجۆرە بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز لەسەر ئاستی زمان ئیشکالیەتی ئەمڕۆی تازەگەرییمان بۆ روون دەبێتەوە. کەواتە یەکەمین نیشانەی ئامادەیی عەرەب، کە وەك قەوارە و ئیبداع، ئەتك دەکرێ و پاشەکشە دەکات، کامەیە. بە دەستەواژەی دووەم ئایا عەرەبی ئەمڕۆ ئەو بنەما یەکەمەی کە بوونی خۆی پێ پێناسە کردووە و ئامادەیی ئەوی لە مێژوودا چەسپاندووە، "ناس" ناکات. ئایا هەستی زمانی لەدەستداوە، بەو مانایەی کە (ئیبن خەلدون) قسەی لێکردووە. هەڵبەتە ئەوە دەلالەت لەوە دەکات، کە عەرەب هەموو ئەوەی کە ناسنامە پێیبەخشیوە، پشتگوێی خستووە، یان نازانێ ئەو کێیە؟

(4)

لەمیانی ئەو شتانەی کە تیشکمان خستنەسەر، بۆمان دەردەکەوێت، کە تازەگەری لە رۆشنبیریی عەرەبیدا پرسی فیکری عەرەبییە لە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی، و لەگەڵ مێژوویی مەعریفە، لە کەلەپوری عەرەبیدا. بۆیە دەبێ لێیبڕوانرێت، تێڕوانینی یەکەم، تێڕوانینە لە بونیادی ژیانی عەرەبی، و بونیادی فیکری عەرەبی. پرسیار کردنی فیکری عەرەبی لەبارەی تازەگەرییەوە، بەر لە هەموو شتێك، پرسیارکردنە لە خودی خۆی. راست نییە لەڕێگای تێڕوانینیی خۆرئاواییانە و پێدراوەکانی تازەگەری خۆرئاوادا، بەدوای تازەگەریی عەرەبیدا بگەڕێین، بەڵکو پێویستە لە ئاسۆی فیکری عەرەبی-فەندەمینیتال و مێژووەکەی و لەدووتوێی پێدراوە تایبەتیەکانی و بە ئامرازە مەعریفەکانی خۆی و لەمیانی ئەو مەسەلانەی کە ئەو وروژاندوویەتی و دەرئەنجامی لێ بەدەستهێناوە، بەدوای تازەگەری عەرەبیدا بگەڕێین.

بەڵام ئێمە دوای ئەوەی بڕیارمان لەو هەقیقەتە دا، بەر ئەو قەیرانە کەوتین، کە بەهۆی بەردەوامی مێژووییەوە، بووە دیاردەیەکی نیمچە سرووشتی. ئەو قەیرانەش بەو شێوەیە دادەڕێژمەوە:- لە کۆمەڵگای عەرەبی مەیلێك، بۆ لێکجیاکردنەوەی ئایین لە هەموو فۆرمێك لە فۆرمەکانی دەسەڵات لەئارادایە، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەشدا مەیلێکی دەسەڵاتدارانە، پێچەوانەکەی دەخوازێت، و ئایین وەك بنەمای ژیانی عەرەبی و سیستمێکی مەعریفی زیاد لەپێویست تەواو، سەیر دەکات، بەو مانایەی کە سرووشێکە لە خواوەیە، بۆیە وەك یەکەمین رەگەزی

دابینکردنی ئارامی و جێگیربوون و چەسپاندنی سیستمی سیاسی لەقەڵەمی دەدات. بەمجۆرەش سیاسەت و ئایین بەشێوەیەکی نیمچە ئۆرگانی بەیەکەوە پەیوەست دەبن. لێرەوە تێدەگەین، لەژێر سیستمێك کە جەخت لەو پەیوەستبوونە دەکاتەوە، ئازادی بیرورِا و توێژینەوە و پەیپێبردن، شتێکی تەواو مەحاڵە، بەتایبەتی لە هەموو ئەو مەسەلانەی کە بەمانا بەرتەسکەکەی، بە ئایینەوە بەندە. لەووەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە سیاسەت، چەشنی ئایین لە پرۆسیسەکردندا، دەبێتە جۆرێك لە "خۆبەدەستەوەدان" و "بروِاکردن" بە سیستمێکی چەسپاو، ئەگینا، دەبێتە جۆرێك لە "دەرچوون" و "کفرکردن".

ئەوەی کە شتێکی زێتر دەخاتە سەر ئیشکالییەتەکانی ئەو قەیرانە، زۆری ئەو ڕێباز و فیکرە "تازەگەر"انەیە، کە لە سەر بنەمایەکی داخراو، دەیانەوێ ئایین لە سیاسەت و دەسەلاَت جیا بکەنەوە:- ئایینی خوایی ڕەتدەکەنەوە، بەلاَم لە شوێنی ئەودا "ئایین"ێکی دیکەی پۆزەتیڤیست (positive) دادەمەزرێنن.

خودی ئەو قەیرانە، جەوهەرێکە و بونیادی فیکری باوی عەرەبی لەسەری دامەزراوە. جا ئەو فیکرە چ بە سیستمی سیاسی-رۆشنبیریی باوەوە بەند بێت، یان بە ئۆپۆزسیۆنەکەیەوە بەند بێت، هەردووکیان لەسەر ئەو بروِایە وەستاون، کە هەقیقەت پێشتر بەخشراوە. بەتەواوی و بەشێوەیەکی کۆتائامێز لە (دەق-سەرچاوە)دوە بەخشراوە. ئایینزایی (ئایینی، یان ئایدیۆلۆژی) لەبری دەقێکی هەمەلایەن و دامەزرێنەر، و سیستمێکی چەسپاو، دادەنێنن، بەلاَم (ئەلتەرناتیفە شیاوەکەی، یان

**ئەوەی کە وەك ئۆپۆزسیۆن، خۆی لەوە خۆش کردووە جێگای ئەو بگرێتەوە) دەسەڵاتەکەی دەرگاوانە.**

**بەگشتی رۆشنبیرییش دەقێکی گواستراوەی راڤەکراوە، یان روونە، و شیعریش بەو تایبەتمەندییەی خۆیەوە دەقێکە کە مژدە دەبەخشێ و فێرکارە، یان سوودبەخش و چێژبەخشە. مەعریفەش هەر رەنگدانەوەیەکی ئاوێنەخوازانەی هەقیقەتەکانی دەقە بەرفرەوان و دامەزرێنەرەکەیە، شتێکی دیکە نییە.**

**لە هەموو حاڵەتەکاندا، نەنگییەکە، بە دەقەوە بەند نییە، بەڵکو لە تێنەگەیشتنی مرۆڤەکانەوەیە- یان لە خۆلادانی ئەوانەوەیە. ئەو دەقە هەقیقەت و مەعریفە لەخۆ دەگرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی تاکە دەقە و "هاوبەشی" نییە، بۆیە هەر دەبێ تاکە هەقیقەتیش، هەر هەقیقەتی ئەو بێت، و تاکە مەعریفەش، هەر مەعریفەی ئەو بێت. لێرەوە دەق-دەسەڵات، هەمیشە هەقیقەتە، لەو بۆچوونەوە دەکەوێتە "ناو" دەسەڵات، نەك "دەرەوە"ی دەسەڵات. لەو بارەوە**

---

□□□□□□□□□□ ئەلماوەردی، ئەبو حەسەن علی کوڕی محەمەد (364-450ك/974-1058ز) بە باشترین قازی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، رۆڵێکی مەزنی لە وێناکردنی تێگەیشتنی (سوننە) بۆ دەسەڵاتی جێنشینی گێڕاوە. بە کتێبی (الاحكام السلطانية) بەناوبانگە، لەوێدا قسەی لەسەر مافەکانی جێنشین و ئەرکەکان و رێگاکانی هەڵبژاردنی کردووە، هەروەها کتێبی (ادب الدنيا والدين) و (سياسه اللملك).. لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. بڕوانە:- معجم أعلام المورد، منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1992، ص414.

دەڵێت:- ئایا کاتێك دەڵێن ئایین (دەق) دەسەڵاتی خۆی دەشارێتەوە، هەقیقەتی خۆی خەفە دەکات، چ مانایەك دەگەیەنێت. لێرەدا بە تەنها دەق لەنێوانی هەقیقەت و دەسەڵاتدایە. بۆیە دابەشکردنی دەسەڵات (یان گۆڕینی) واتە دابەشکردنی هەقیقەت، (یان گۆڕینی). لەوەشدا ئەوەی تەجاوزی (هەڕەشەکردنی هەقیقەت) دەکات، بەرەو هەڕەشەکردنی خودی ئوممەت دەبێتەوە.

بەمجۆرە، ئاساییە ئەو دەقە لە بۆچوونی هەڵگرانی، ڕەها و بێ ئەلتەرناتیف و ڕەخنە هەڵنەگر بێت، تەنها لەسەرهەڵدانی لەنێو زەمەندا نەبێ، بە کۆن ناوزەد نەکرێت، ئەو تیشکۆیە بێت، کە هەموو زەمەنەکان لەودا بەیەك دەگەنەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو دەبێ زەمەنەکان لەڕێگای ئەوەوە پێوانە بکرێن، نەك ئەو بەوان پێوانە بکرێت.

هەروەها ئاساییە، داکەوتن□□□□□□□□□□ لە ڕەهەندەکانی ئەو دەقەوە شاراوە بێت، یان لەوەوە نەبێت، یان لەو میتۆدە لای دابێت، کە ئەو بۆی کێشاوە، و ڕێنیسانسیش گەڕانەوە بێت بۆ ئەو و بەوەوە بەند بێت. یان ئەسڵەن ڕێنیسانس لە فیکری عەرەبی ("کۆن" و "نوێ")

□□□□□□□□□□ لەبری وشەی (الانحطاط) بەکار هێنراوە، کە دەشێ لە زمانی کوردیدا نزمبوون، تێکچوون، وەرگەڕان، سەرەوژێربوون، بەخت -وەرگەڕان، لێکەوتن... بەکار بهێنرێت.

گەڕانەوە نەبێت بۆ ئەو دەقە (ئایینی-پەیامبەرییە، یان ئەو دەقە "سەرکردە"، "مامۆستا"یە؟

بەمجۆرە ئەو ئابلۆقەیەی بەسەرماندا هاتووە، لەو قەیرانە وێنەی تەواوی خۆی دەکێشێت:- بونیادی فیکری باوی عەرەب، بە بەخششە "کۆن" و "تازە"کەیەوە، لە رەگوریشەوە لەگەڵ خودی تازەگەریی ناکۆك دەکەوێتەوە. ئێمەش هەر بەو بونیادە فیکرییە قەیراناوییە، دەمانەوێت پەیوەندی بە "تازەگەری" خۆرئاوا و خودی تازەگەرییەکەیەوە بکەین. ئەوەش وای کردووە، جۆرێك لە تازەگەری بە پێچ و پەنا و رازاوە بونیاد بنێین، کە لەسەر ئاستی زیندەگی-پراکتیکی، نوێنەرایەتی هاوردەکردنی هەموو جۆرە پیشەسازییەکی نوێ دەکات، لەسەر ئاستی شیعریی، فیکریی بەگشتی خۆی لە نوێنەرایەتیکردنی وەرگرتنی فۆرمەکانی تەعبیرکردن و تەعبیرکردنێك هەڵدەگرێتەوە، کە بە زمانی تەعبیرکردنی جۆراوجۆرەوە دەلکێت، زمانێك کە بە هەموو تایبەتمەندیی و بلیمەتیەکانیەوە لەڕووی جەوهەرییەوە، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی و بلیمەتیەکانی زمانی عەرەبی، جیا دەکەوێتەوە، بەمجۆرە هەموو ئەو پرنسیبە عەقلیانەی لە تازەگەرییەوە لەدایکبووە، لە ئێمە ونە، و وەك جەوهەریش، لەڕووی کار و نووسین، گەیشتن بە کەشفکردنی نهێنییەکانی سرووشت و نادیارەکانی گەردوون، هەنگاونان و پرسیارکردن لە ئاسۆ کراوە و بێ کۆتاییەکان، نابینرێت.

کەواتە تازەگەریی بەو رووخسارە تەکنیکی- ئامێرییەی، هەندێجاران ژیانی ئەمرۆمان دەکاتە بیابانێك لە هاوردەکردن و ئیستهلاك کردن، مرۆڤی عەرەبی لە ناوەوە کلۆڵ دەکات، بیرکردنەوە و وزە ئیبداعیە تایبەتەکانی دەستکاری دەکات، بەتایبەتی وەك نووسینی شیعریی، و لەجێی ئەوە کۆمەڵێك چەمکی رووکەش و سادە دەخاتەوە، بەمجۆرە تازەگەری هەر تەنها وەك جۆرێك لە پێکهێنان و کۆکردنەوەی واژەیی نەبێ، نابینین، یان وەك ئاوێنەیەك کە ژیانی رۆژانەی تێدا رەنگدەداتەوە، یان وەك گەیشتن بە کەفە هەڵفڕیوەکانی شەپۆلەکانی زەمەن.

لە هەر دوو حاڵەتدا تازەگەریی باوی ئێمە، وەهمە. لێرە قسەکانم لە دیاردەی شیعرییدا کورت دەکەمەوە و وەهمەکانی تازەگەریی شیعریی لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:-

وەهمی یەکەم، زەمەنییە.[***********] لێرەدا ئاراستەیەك هەیە، پێیوایە تازەگەری راستەوخۆ بە ساتەوەختی ئاگاییانەی هەنووکەوە بەندە. بەمجۆرە بزاڤی سەرەوژێرکردن لەو چرکەساتەدا بە تازەگەریی فریادڕەس دەبینێ. ئاشکرایە خاوەنانی ئەو ئاڕاستەیە وا بۆ زەمەن دەچن، وەك ئەوەی جۆرێك بێت، لە بازدانی بەدوایەکداهاتووی

***********[***********] لێرەدا ئەو وەهمانە بیر دەخەمەوە، کە من لە "مانیفێستی تازەگەری" قسەم لێکردووە. بڕوانە:- "فاتحة لنهايات القرن" دار العودة، بيروت 1980. (ئەدۆنیس).

بەردەوام، بەشێوەیەك ئەوەی، كە ئێستا روو دەدات، وەك پێویست لەوەی دوێنێ تازەتر بێت، ئەوەی كە سبەش روو دەدات، لەمڕۆ پێشكەوتووتر بێت. هەڵەی ئەو ئاڕاستەیە لەوەدایە كە شیعر بۆ جۆرێك لە مۆدە دەگۆڕێت. لەوە بێ ئاگان، كە شیعری زیاد لە پێویست تازە، لە ناخی زەمەنێكەوە دەرچووە و دەردەچێ كە تەجاوزی ساتەوەختی هەنووكە دەكات و پێشی دەكەوێت. شیعر تازەگەریی خۆی تەنها لە هەنووكەیی بەدەست ناهێنێت، بەڵكو تایبەتمەندییەكە لە بونیادی خودی شیعردا.

وەهمی دووەم، جیاواز بوونە لەگەڵ كۆن. خاوەنانی ئەو گوتەیە تەنها جیاوازی لەگەڵ پێشوو وەك بەڵگەی تازەگەری سەیر دەكەن. ئەو بۆچوونە میكانیكیە، داهێنان بۆ یارییەك لە دژبوونەوە دەگۆڕێت، وەك گوتەی زەمەنییەكان. ئەوە دژبوونەوەی زەمەنییە لەڕێگای زەمەنی "نوێ" بەرانبەر زەمەنی "كۆن"، ئەوە دژبوونەوەی دەقە لەبەرانبەر دەق. بەمجۆرە ئیبداعی شیعریی دەبێتە شەپۆلێكی رووكەش، یەك ئەویدیكە رەتدەكاتەوە. ئەوە و جگە لەوەش، تێڕوانینێكی ساكار بۆ دەقەكانی (ئەبو نەواس) بۆ نموونە، یان (نیفەری)، ئەوەمان نیشان دەدا، كە ئەوان زیاد لە پێویست لە دەقە "دژ"ەكانی زۆربەی ئەو شاعیرانەی ئێستا لەنێوماندا دەژین، تازەگەرترن.

وەهمی سێیەم، لەیەكچوون. بەڕای هەندێكیان، خۆرئاوا سەرچاوەی تازەگەرییە، بەپێی ئەو رایە، لە دەرەوەی خۆرئاوا و پێوانەكانی هیچ

تازەگەرییەکی شیعریی بوونی نییە، واتە بەبێ لەیەکچوون لەگەڵ ئەودا نەبێ، تازەگەریی نییە. لێرەوە وەهمێکی پێوانەیی درووست دەبێت، پێوانەی تازەگەری بە خۆرئاواوە دەبەستێتەوە، کە لە زمان و ئەزموونی دیاریکراوی ئەوانەوە هەڵقوڵاوە. بە پێوانە لەگەڵ زمان و ئەزموون جیاواز. ئەوەش بەتاڵانبردنی خودی زمان و خودی شیعرە: تەواو لەناوچوونە.

وەهمی چوارەم، وەهمی داڕشتنی پەخشانە. خاوەنانی ئەو بۆچوونە وای دەبینن، کە تەنها نووسین بەشێوەی پەخشان، لەبەر ئەوەی لە نووسینی کێشداری کۆن جیاوازە، لەگەڵ پەخشانی خۆرئاوایی هاوگونجاو و هاویەك دێتەوە، بۆیە دەچێتە دووتوێی تازەگەرییەوە. هەندێکیان زیادی بەسەرەوە دەنێن و وای دەبینن، کە نووسینی کێشدار تەقلید و کۆنە، بەڵام نووسین بە شێوەی پەخشان تازە و نوێیە. ئەو گوتنە روویەکی دیکەیە لە گوتنی تەقلیدی کە پێیوابوو هەر بە تەنها کێش، شیعرە، و پەخشانیش هەرچی بێت، دژ بە شیعرە. ئەوانە جەخت لە جەستەی شیعر ناکەنەوە، بەڵکو جەخت لە پۆشاکی دەرەوەی دەکەنەوە: مەبەستیان ماددەی شیعر نییە، بەڵکو بە فۆرم و کێش، یان پەخشان پەیوەستن. بەڵام شیعر بە کێش دیاری ناکرێت، وەك چۆن بە پەخشان دیاری ناکرێت. بەکارهێنانی فۆرمی کێش، وەك بەکارهێنانی فۆرمی پەخشان، لە خۆیاندا شیعر و شیعرییەت دیاری ناکەن. وەك چۆن نووسینی کێشدار دەناسین، هیچ

**شیعریەتێکی نێدا نییە، هەروەها ئەمڕۆ نووسینی پەخشانی هەیە، هیچ شیعریی تێدا بەدی ناکرێت.**

**وەهمی پێنجەم، لە تازەکردنەوەی ناوەڕۆکدایە. سالارانی ئەو بۆچوونە وای دەبینن، کە هەر دەقێکی شیعریی ئەگەر بەحششەکانی سەردەم و مەسەلەکانی وەك پێویست لەخۆ گرتبێت، ئەوە دەقێکی نوێیە. ئەو جۆرە لە قسەکردن، قسەکردنێکی دافەتاوە. دەشێ شاعیر تەنها دەست بۆ ئەو بەخشش و مەسەلانە ببات، کە لەڕووی عەقڵییەوە دەرکییان دەکات، بەلاّم نزیکبوونەوەکەی لەڕووی هونەری-تەعبیریی، شێوە تەقلیدییەکەی لەخۆ گرتبێت: ئەوەی وەك عەقڵ دەرك دەکرێ، لە نواندنی وەك شیعر فەشەل دێنێت. ئەوەش لە شیعریی عەرەبی هاوچەرخ، هەر لە (شەوقی)[1] و**

---

[1] شەوقی، ئەحمەد (1868-1932): شاعری عەرەبی میسریی. بەیەکێك لە شاعیرە گەورەکانی عەرەبی تەواوی سەردەمەکان دەژمێردرێت. ئەدیبەکان سەردەمی خۆی، لە ئاهەنگێك لە سالّی 1927 کە لە (قاهیرە) کراوە، بە (ئەمیری شاعیران) ناویان بردووە. قەسیدەکانی ڕووداوە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی لەخۆ گرتووە، یەکێك بووە لەوانەی کە توانیویەتی ئاسۆی شیعریی عەرەبی لەڕووی مێژوویی و شانۆ و ئەدەبی منداڵان بەرفرەوانتر بکات. لەبەرهەمەکانی دیوانی (شەوقیات) و دوو شانۆ شیعر (مصرع کلیوپاترا) سالّی (1929) و (مجنون لیلی) سالّی (1931). بڕوانە:- معجم أعلام المورد، منیر البعلبکی، دار العلم للملایین، بیروت-لبنان، 1992، ص264.

**(حافز)** [‡] **تا دەگاتە (رەسافی)** [†] **و (زەهاوی)** [***] **، و هەتا ئێستامان، زۆر بەرجەستەیە، وەك ئەو**

---

‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡‡ حافز ئیبراهیم شاعیری میسرییە، (حافز ئیبراهیم، لە 24ی فیبرایەری ساڵی 1872 لە سەر کەشتیەکی وەستاوی سەر رووباری (نیل) لە بەرانبەر طوندی (دێروت)ی ثاریزطای (ئەسیوت) لە دایكبووە، لە 21ی یۆنیۆی ساڵی 1932 بە نەخۆشی کۆضی دوایی کردووە، باوکی خەڵکی (میسر) بووە، بەڵام دایکی خەڵکی (تورکیا) بووە، حافز وەك ئەندازیاریَك دەست بەکار بووە و یەکێك بووە لە هاورِیَکانی (ئەحمەد شەوقی) لە زۆربەی سەفەرەکان هاوسەفەری ئەحمەد شەوقی بووە.. هەڵوێستی زۆر سەیری هەبووە بۆ نموونە زیاد لە ثێویست ثارەی بەولاو لاداوە، بۆ نموونە جاریَکیان شەمەندەفەریَکی بە تەنها طرتووە تاکو بە شاری (حەلوان)ی بطەیەنێت..

†††††††††††† رەسافی، مەعروف (1877-1945): شاعیری عیراقی. بەیەکێك لە شاعیرە بەرجەستەکانی سەردەمی ڕێنیسانسی نوێ دەژمێردرێت. لە ژیانیدا ماوەیەك کاری وانە گوتنەوەی کردووە، شیعرەکانی مۆرکێکی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی بەسەردا زالٌ بووە، ئاشکراو و روون و لە وێناکردن شارەزایی هونەری بالاٌ دەست بووە. بە توندی دژی گەندەلٌی و گەندەلاٌن وەستاوە، و هانی چەوساوەکانی داوە بۆ ئەوەی لە هەولٌی باشکردنی ژیان و گوزەرانیاندا بن. بڕوانە:- معجم أعلام المورد، منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1992، ص207.

*********** زهاوی، جەمیل صدقی (1863-1936): شاعیری عەرەبی عیراقی. عیراقی. بە یەکێك لە شاعیرە بەرزەکانی سەردەمی ڕێنیسانسی نوێ دەژمێردرێت. شەپۆلە فیکرییە نوێیەکان کاری زۆریان لەسەر بەجێهێشتووە و سەرەڕای ویژدان و ئیستێتیکای هونەری، لایەنێکی فەلسەفیش لە شیعرەکانیدا زالٌ بووە. وەك چۆن هەولٌی داوە خۆی لە پەخشان نزیك بکاتەوە. چوارینەکانی (خەییام)ی لە فارسییەوە کردووە بە عەرەبی،

شاعیرانەی هەڵدەستان فیکرە ئایدیۆلۆژییە "تازە"کانیان دەنووسییەوە.

(5)

شیعریەتی تازەگەری عەرەبی لە بزاڤێکەوە لەدایکبووە، کە بەسێ رەهەندەوە بەندە:- رەهەندی شارنشینی- ژیاریی، بە بەها و رەمزەکانییەوە، لەبەرانبەر سارانشینی یان بیابان، ئەوەش بەشێوەیەکی جوان و بێ هاوتا شیعری (ئەبو نەواس) جێگیری کردووە. رەهەندی زمانەوانی-مەجازی، یان رەوانبێژی مەجازی، لەبەرانبەر ئەوەی کە دەتوانین ناوی بە "رەوانبێژی هەقیقی" بێنین، وەك لە شیعرەکانی جاهیلی دەردەکەوێت. بەلاَم لەدوای کارلێکردن و ئاوێتەبوون لەگەڵ رۆشنبیریی ئەویدیکەی نا عەرەبی، و بارگاوی بوون، بەو کاریگەرییانە و گرتنەخۆ و هەرسکردنیان، ئەو رەهەندە (زمانەوانی-مەجازی)یە بەشێوەیەکی بێ هاوتا لە شیعری (ئەبو تەممام) و نووسینی سۆفیگەری جێگیر بووە.

لە هەموو ئەوانەدا، شیعرییەتی تازەگەری پارادیم و مەرجەعییەت بەجێدەهێڵێت و بەرەو ئاسۆیەك دەجولێت، کە جەخت لەسەر تاکایەتی و نامۆیی و سەرەتای ئیبداع دەکاتەوە، بەردەوام وێنەی شتەکان، و پەیوەندی مرۆڤ بەشتەکان نوێ دەکاتەوە، هەروەها رێگای

---

کۆمەڵێك بەرهەمی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. بڕوانە:- معجم أعلام المورد، منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1992، ص223.

بەکارهێنانی زمان، و ڕێگای نووسینی شیعریی، نوێ دەکاتەوە. لێرەوە دووبارەی دەکەمەوە، کە هەر دەبێ بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ناخی ئەو بزاڤەوە ئەرزش بۆ هەندێك لەو نووسینە پشتگوێخراو و داپۆشراوانەی کە ئەزموونی سۆفیگەری بەرهەمی هێناوە، بگێڕینەوە، بەتایبەتی ئەزموونی (نیفەری) و (ئەبو حەییانی تەوحیدی)

شیعرییەتی تازەگەری، لەئاستی دامەزراوە ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەکان و لایەنگرانی رابردوو، رەخنەیەکی بەرهەمهێنا. دەکرێ نیشتمانی ئەو رەخنەیە، یان هۆیەکانی لە دوو بنەمای سەرەکیدا کورت بکەینەوە:- دەرچوونی ئەو شیعرییەتە لە بەهای کۆن (فەندەمینیتال)، ئەوە بووە، هۆی ئەوەی تاوانی نەتەوەپەرستی و دەرچوو لە (فەندەمینیتال)ی تەعبیرکردنی شیعریی، بخەنە پاڵ (ئەبو نەواس)، وەك چۆن شێوەی ئەو پارادیمەش لە شیعری کۆن هەیە، ئەوەش بووە

---

لێرە بوارێکی وا نادۆزمەوە بۆ پەیبردن بە تایبەتمەندییەکانی ئەو تازەگەرییە و شیکردنەوەی. دەکرێ ئەوەی حەز بکات زێتر لە بۆچوونی من لەو بارەوە شارەزا بێت، بۆ ئەو کتێبانەم بگەڕێتەوە:-

1- الثابت والمتحول/تأصيل تلاصول، دار العودة، الطبعة الثالثة، بيروت، 1982.
2- صدمة الحداثة، دار العودة، الطبعة الثالثة، بيروت، 1983.
3- فاتحة لنهايات القرن، دار العودة، الطبعة الثالثة، بيروت، 1980.
4- مقدمة للشعر العربي، دار العودة، الطبعة الثالثة، بيروت، 1979.

**هۆی ئەوەی (ئەبو تەممام) بە "ئەتککەری شیعریی عەرەبی" دابنێن.**

**بەمجۆرە شیعریەتی تازەگەری عەرەبی لە کەشوهەوایەکی بەیەکەوە لکاو، سەری هەڵداوە:- نوێنەرایەتی رەهەندی مرۆیی-ژیاریی دەکات، کە لەگەڵ سەرەتای سەدەی هەشتەم لە (بەغداد) هاتە دامەزراندن، لە هەمان کاتتدا نوێنەرایەتی ئاگایی و هەستیاریی دەکات و وەك شیعریش بە شێوەیەکی نوێ، شێوەیەك، کە ئەو نوێنەرایەتیکردنە لەباوەش دەگرێ و روونی دەکاتەوە، دێت نوێنەرایەتی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی دەکات. ئەوەش وەك جۆرێك لە ململانێ لەگەڵ "کۆن" یان تەجاوزکردنی شێوەکانی، لە هەمان کاتیشدا وەك جۆرێك لە تێکەڵبوون لەگەڵ لقەکانی دەرەوەی ئەو کۆنە، واتە نا عەرەبیی، خۆی دەنوێنێ.**

**ئەوەش بووە جێگای قسەلێکردنی بزاڤگەریی ژیاری عەرەبی-ئیسلامی، قوڵترین تایبەتمەندییەکانی ئەو بزاڤگەرییەش، وەك ئەسڵ و کەلەپور، تێکەڵەیەکە لە جاهیلیەت و ئیسلام و ئەویدیکەی فارس، گریك، هیند-چ وەك وەرگرتن و چ وەك کارلێککردن، واتە لە هەموو ئەوانەوە وەك**

---

ئەو دوو جۆرە لە تاوانبارکردن بەرەو لێوردبوونەوەیەکمان دەبات، چونکە هەردوو شێوە لە تاوانبارکردن ئەمرۆ دەخریتە سەر تازەگەری شیعری عەرەبی، بەڵام بە جیاوازی دیکە و توندوتیژی دیکە. (ئەدۆنیس)

ئامادەیی و کردەیی □□□□□□□□□□□□□ بەرهەمێکی رۆشنبیریی مرۆیی پێکدەهێنێت، سەرەڕای ئەو رەگەزە زۆر کۆنانەی، کە لەنێو مێژوویی یادەوەریی، یان زیندەگی-کۆمەڵایەتی: سۆمەری-بابیلی، ئارامی-سریانیدا ماوەتەوە.

لێرەوە کردەیی ئیبداعی عەرەبی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە رۆشنبیریی هیچ گەلێك بە تەنها لەسەر خودی خۆی و دوور لە رۆشنبیریی گەلانی دیکە پێ ناگرێت، بەڵکو کارلێکەر و کارلێکراوە، وەرگرتن و بەخشینە. لە هەمان کاتتدا یەکەمین مەرجەکانی کارلێکردنی ئەو بزاڤگەرییە بە ئیبداع و تایبەتمەندییەکانییەوە جیا دەکرێتەوە. ئەو تێکەڵە ئیبداعییە تایبەتەی (کردەیی عەرەبیی-ئیسلامی) لە ترۆپکی پێگەیشتندا لەڕێگای (ئەندەلوس)ەوە بۆ خۆرئاوا گواستراوەتەوە.

(6)

لەو قۆناغەی ئێستادا، ئەو کۆنتێکستە مێژووییە وامان لێدەکات، دووبارە چاو بە تازەگەریی و گرفتەکانیدا بخشێنینەوە: چاوپێداخشانەوەش دەبێ لە ئاگایی ئەو کۆنتێکستەوە هەڵقولاً بێت، جیا لە ئیشکالە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان-ئەوانەی هاوەڵییان دەکات، و ئەوانەی شتیان لێکەشف کردوون. چاوپێداخشانەوە بە ئاگاییەکی لەو جۆرە، دەتوانێ ئاسۆی درووست

□□□□□□□□□□□□□ ئەو وشەیە لەبری وشەی (فاعلیّة–activity) بەکار هێنراوە.

لەبەردەممان والآ بكات، تا پێكەوە لە خودی خۆمان و دنیا بگەین، تێڕوانینێكی نوێمان بۆ خۆمان و دنیا پێدەبەخشێت، ئەو رێگایەمان بۆ رووناك دەكاتەوە، كە دەبێ بۆ بونیادنانی دوارۆژ بیگرینەبەر. بەبێ ئەوانە تازەگەری لە كۆمەڵگای عەرەبیدا تەنها وەك "هێنراو"، تەنها وەك جۆرێك لە "فێڵ" یان "دزی" دەمێنێتەوە، كۆمەڵگای عەرەبی وەك سوود لێوەرگرتنی هەرەمەكیانە، خۆی بە هەژموونی شەمەندەفەری خۆرئاوەوە هەڵواسیوە، و وەك خۆ بەستنەوەی هەڕەمەكییانەش بە بەها تەقلیدییەكانەوە بەندە، لەو نێوانەدا كۆمەڵگای عەرەبی لە گالیسكەیەك دەچێت، كە خۆی بەولا و ئەولادا كێش دەكات، لە یەكەمیان خودی خۆی ونكردووە، لە دووەمیان، داهێنان و ئامادەیی خۆی لەو واقیعە زیندووەدا لە دەست داوە.

ئاگایی خود، وامان لێدەكات دان بەوەدا بنێین، كە هەموو ئەوانەی پێشینەی ئێمە، لە بوارە جیا جیاكاندا بەرهەمییان هێناوە، توانای ئەوەیان نییە، وەڵامی گیروگرفتەكانی هەنووكەمان بدەنەوە، یان بەپێی سكاڵاكانمان دوای كەشفكردنی مەعریفەی نوێ بكەون. ئەوە هەرگیز نكوڵیكردنی رۆڵ و بەهای ئەوان نییە، لە مێژوویی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، بەڵكو جەختكردنە لەو گیروگرفت و مەسەلانەی كە ئەمڕۆ رووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە و ئەوان لێی نازانن، بۆیە ئەركی ئێمە لەو سەردەمەدا، كە سەردەمی تەقینەوەی بێ ژماری مەعریفەیە، ئەوەیە، كە بەشێوەیەكی جیاواز لەو مەسەلانە نزیك بكەوینەوە. چونكە مانەوەمان لە سنوور و شێوەكانی مەعریفە و خۆ

نزیککردنەوەمان لە رابردوو، دەرچوونە لە ئێستای مەعریفە و خودی مەعریفە. ئەو مانەوەیە، وەك پێویست واتای پاراستنی کەلەپور و پابەندبوون بە رەسەنایەتی ناگەیەنێت. رەسەنایەتی خاڵێکی دیاریکراو، یان پنتێکی جێگیری رابردوو نییە، کە بتوانین ناسنامەی خۆمانی پێوە بلکێنین، بەڵکو وزەیەکی بەردەوامە لە مرۆڤ و کۆمەڵگا، لەسەر جولە و تەجاوزکردنی ئاڕاستەکانی داهاتوو وەستاوە- دنیایەك بەرەو داهاتوو ئاڕاستە دەکات، کە خۆی بە نوێنەری رابردوو دەزانێ و لەڕووی مەعریفەییەوە رابردوو بە موڵکی خۆی دادەنێت، بۆ داهاتوویەکی باشتر. ئەوەی پێویستە بەشێوەیەکی باشتر قسەی لێبکەین و پابەندی بین، ئەو کڵپەیەیە کە پێشینەی ئێمەی دەجولاندەوە، کڵپەی پرسیار و بەدواداچوون و مەعریفە، لەپێناو بەرهەمهێنانی ئەوەی ئەوان تەواویان نەکردووە، بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ مرۆڤ و گەردوون، بە نزیکبوونەوە لە مەعریفەی نوێ. ئەوەش لەڕووی رەخنەییەوە پێویستی بە هەڵوەشانەوەی کۆی مەعریفە و تێڕوانینە کۆنەکان هەیە، بۆ ئەوەی وادەرکەوێت، کە شتە نوێیەکان ئەوەیە، کە لە کۆنەکانەوە هەڵدەقوڵێت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا شتێکی دیکە و تەواو جیاوازە. نهێنی قوڵی بەردەوامی داهێنەرانەی نێوان کۆن و نوێ لەوەدایە.

**ئاگایی ئەویدیکەی خۆرئاوا وامان حاڵی دەکات، کە ڕێکنەکەوتنی************* خۆرهەلاتی عەرەبیی ئیسلامی و خۆرئاوایی ئەوروپی-ئەمریکی، پەیوەندی بە سرووشتی مرۆیی، یان فیکری، یان شیعرییدا نییە، بەڵکو ئەوە سرووشتی سیاسی-ئایدیۆلۆژییە، لە مەیلی داگیرکارانەی خۆرئاواوە لەدایکبووە. بۆیە نابێ ڕەتکردنەوەی خۆرئاوا لای ئێمە، تەواوی خۆرئاوا بێ، و شێوەیەکی ڕەها لەخۆ بگرێت، بەڵکو دەبێ تەنها لە بونیادە سیاسی-ئایدیۆلۆژی-داگیرکارانەکەیەوە، ڕەتیبکەینەوە. بۆیە کاتێك میکانیزمە تەکنیکیەکەی ڕەتدەکەینەوە، مانای ئەوە نییە، کە تەکنیك بە ڕەهایی ڕەتدەکەینەوە، یان ئەو پرنسیبە عەقڵییە ڕەتدەکەینەوە، کە بەرەو داهێنان بۆتەوە، بەڵکو ئێمە لەبەر ئەوە میتۆدی خۆرئاوایی لە بەکارهێناندا ڕەتدەکەینەوە، چونکە بەسەرماندا فەرز کراوە، وای لێکردوون دوایان بکەوین و ئێمەی کردۆتە بەرخۆرێکی ئەبستراك، وڵاتەکەشمانی کردۆتە بازاڕێکی ڕووت.**

**بەلام داهێنانە فیکرییەکان، و وزە ئیبداعییەکانی ئەو، لە خودی خۆیدایە، بۆیە ئێمە دەتوانین سوودییان لێوەربگرین، یان بەپێی تایبەتمەندی ژیاریمان ئاوێتەیان ببین و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین،**

************* لەبری وشەی (التعارض) بەکار هێنراوە. لە زمانی عەرەبی ئەو وشەیە (عارض)، (یعارض)، (مُعارض) مفعولەکەی (مُعارَض): لە زمانی کوردی واتە بەرگری کرد، دژایەتی کرد، بەرهەڵستی کرد....

وەك چۆن ئەو، لەگەڵ دەرئەنجانە ژیارییە (پێشوو)ەکەی ئێمەی کردووە. ئاگایی ئەویدیکەی خۆرئاوایی فەرزی ئەوە دەکات، کە بەرهەمەکانی (نەك هەر هەمووی) لە هەق خاڵی نییە و زۆر شتی تێدایە، کە دەشێ ئێمە سوودی لێوەرگرین، نەك هەر بۆ حاڵی بوون لە گیروگرفتەکانمان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەش، بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە.

کەواتە بەبێ ئەو ئاگاییە، رەنگە رێکنەکەوتنی سیاسی-ئایدیۆلۆژییمان لەگەڵ ئەویدیکەی خۆرئاوایی، بۆ رێکنەکەوتنی مرۆیی-رۆشنبیریی و ژیاری بگۆڕێت. ویستی گەیشتن بە جێگیرکردنی ئەو رێکنەکەوتنەی دوایی، چ لە لایەن خۆرئاواوە بێ، یان خۆرهەڵاتی عەرەبی-ئیسلامی، نیازێکی لە پشتەوە بێ، یان لێبوردەیی، لە ویستێکێکی دیکەوە هاتووە، بە تایبەتی لەو سەردەمەی ئێستا، ئەویش جەختکردنە لە گوتەزای "سەرکەوتنی خۆرئاوا"، واتە جەختکردن لە دووانەیی ساختە:- خۆرئاوایی ژیاریی، خۆرهەڵاتی عەرەبی ئیسلامی دواکەوتوو. دەڵێم ساختە، لەبەرئەوەی پشت بە پێوانەیەکی رووکەش- پێوانەی ئامێری تەکنیکی، دەبەستێت، و لەبەرئەوەی هیچ یەکێك لە "خۆرئاوا" یان "خۆرهەڵات" بە تەنها ناتوانێت یەکێتییەکی تەواو سەپاو لەسەر خودی خۆی دابمەزرێنێت. چونکە هەر یەك لەوانە بۆخۆی فرە و جۆراوجۆرە:- لە خۆرئاوا چەندان جۆر (خۆرئاوای دواکەوتووتر) لە عەرەبی ئیسلامی هەیە، لە خۆرهەڵاتی عەرەبی ئیسلامیش چەندان جۆر (خۆرهەڵاتی پێشکەوتووتر) لە خۆرئاوای پێشکەوتوو دەبینرێت.

ئەگەر سەرنج لە ئاسۆی ئەو ئاگاییە بدەین، دەبینین ئەمڕۆ تەواوی دنیا، لە کەشوهەوایەکی ژیاریی گەردوونیدا دەژیت، بەلاّم بە تایبەتمەندییە ئاشکراکانییەوە، یان تەمومژاوییەکانییەوە، ئەوەش دەکەوێتە سەر پلەی ئامادەیی داهێنەرانەی هەر گەلێك. بەو مانایە تازەگەریی لە خودی خۆیدا کەشێکە تەواوی فیکر و شێوە گەردوونییەکان دەنوێنێت، نەك حالّەتێکی تایبەت بە گەلێك، لە دەرەوەی ئەوانیدیکەوە. کەواتە ئەگەر جیاوازییەك لەنێوان خۆرهەلاّتی عەرەبی ئیسلامی و خۆرئاوایی ئەورووپی-ئەمریکی لە پراکتیزەکردندا لە ئارادا هەبێت، ئەو جیاوازییە بە پلەی یەکەم جیاوازی چەندایەتییە، یان ئەو جیاوازیەیە، کە "زانست" بە مانا بەرتەسکەکەی دەیخاتەوە. لەڕووی تازەگەرییەوە یەکەمین خەسلّەتی خۆرئاوا لە زانستدا دەبینرێت، لەویدا (واتە لە زانستدا) تایبەتمەندی خۆرئاوا بەرانبەر خۆرهەلاّت دەبینرێت. ئەو زانستەش لەگەلّ دنیای کۆن دابڕانێکی تەواو مەعریفییە، بە تایبەتی لە ڕەهەندە ئایینی-نادیارەکەیەوە. ئەوە ئەو بوارەیە کە فیکر بەرە بەرە تێیدا پێشدەکەوێت، بەبێ وەستان. واتە ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ پێشکەوتووترە، سبەش زۆر لەمڕۆ پێشکەوتووتر دەبێت. هەلّبەتە ئەو هەقیقەتانەی فیکر پێشکەشی دەکات، وەك ئەو هەقیقەتانە نییە، کە فەلسەفە یان هونەر پێشکەشی دەکات، بەلّکو ئەو هەقیقەتانە وەك پێویست هەموو پێشوازی لێدەکەن، چونکە لەڕووی تیۆری و

زانستییەوە سەلمێندراون. بەمجۆرە پرۆسیسەکردنی زانست، وەك پێویست پێشکەوتن دەگەیەنێت.

زانست سیستمێکی مەعریفییە، هەمیشە رەخنە لەخۆی دەگرێت، هەمیشە بەخششەکانی خۆی تێدەپەڕێنێت. چەمکە بنبەستووەکان، یان هەڵگەڕاوەکان، ناتوانن بچنە ناوییەوە، بەسەریدا پراکتیزە نابن. چونکە زانست هەمیشە لە پێشکەوتندایە، هەمیشە لە پرسیار و بەدواداچووندایە.

لێرەوە رەوتی زانست هەمیشە وەك شتێکی بەڵگە نەویست دەلالەت لە تەجاوزکردن و رەشکردنەوە دەکات. رابردووی زاست، هەڵەیە، لەبەر ئەوە پشت بەستن بە زانست ناکەوێتە سەر ئەوەی رابردووە، بەڵکو دەکەوێتە سەر ئەوەی دێ. بۆیە زانستی خۆرئاوا لەڕووی پێشبینی و دەرئەنجام و پراکتیزەکردنەکانییەوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین رووداوی شۆڕشگێرییە.

بەڵام ناوەڕۆکی ئەو شۆڕشە زانستییە لەڕووی تیۆرییەوە بە تایبەتی بەنسبەت ئێمەی عەرەب چ دەگەیەنێت؟ من ئەو ناوەڕۆکە لەو چوار خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:-

یەکەم- ئەگەر زانست رازیبوونێکی نوێی هەقیقەتە سەرسوڕهێنەرەکان بێت، ئەوا ئاگایی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت، بۆیە ناشێ لەژێر کاریگەری میتۆد و ئەو فیکرە پێشکەوتووخوازانەی، کە خۆیان وەك بەڵگەنەویستێکی رەها دەسەپێنن، بەتاڵی بکەینەوە.

**دووەم-پرسیاری زانستی نە هیچ تەگەرەو کۆتوبەندێك دەناسێت، نە رازیشە هیچ پانتاییەك بە داخراوی بمێنێتەوە، هەمیشە دەگەڕێت، بەلأم بێ ئەوەی لەسەر دەرئەنجامەکانی بوەستێت، جا چ فیکری بێت، یان ئەخلاقی، یان لە دابونەریت- یان لە هەموو دیاردەکانی دیکەی ژیان.**

**سێیەم- زانست بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینی بۆ رابردوو دەگۆڕێت، رابردوو لە چاو زانست هەر تەنها هەڵە نییە، بەڵکو نەزانینە، ئەوەی لە رابردوو بەجێدەمێنێت ناتوانێ لەبەرانبەر تاقیکردنەوەکانی زانست خۆی بگرێت، بۆیە هەر دەبێ بکەوێت.**

---

ناوەڕۆکی مەعریفی هەر فەلسەفەیەك یەکجار دەژی، ناکرێ دووبارە ژیانی پێببەخشینەوە، کاتێ مردیش یەکجار دەمرێو هەرگیز دوای مردنی ناشێ بەجۆرێکی دیکە ژیانی هەبێ، چونکە ناوەڕۆکی مەعریفی زانستە _زانستیش مێژووی خۆی هەیە، مێژووی زانست وەك "باشلار" دەڵێ:مێژووی هەڵەی زانستییە، بۆیە ناوەڕۆکی مەعریفی هەر فەلسەفەیەك یەکجارو دواجار دەمرێ، چونکە کاتێ دەچێتە ناو مێژوو، وەك ئەوە وایە کە دەچێتە نێو هەڵەوە، بۆیە دەمرێو هەرگیز ناشێ بەدوایدا بگەڕێین، چونکە "هەڵە_ مێژووی نییە". لێرەدا دەتوانین بڵێین ناوەڕۆکی مەعریفی فەلسەفەی ئیسلامیو فەلسەفەکانی سەدەی ناوەڕاستو هەموو ئەو فەلسەفانەی لەسەر سروشتی فەلسەفەکەی ئەرستۆ هاتۆتە ئاراوە، بەهۆی چوونە نێو مێژووەوەو بەر لە هاتنی زانستی نوێ مردنی خۆیان راگەیاندووە "دیکارت فەلسەفەی خۆی لەسەر فیزیای گالیلۆ دامەزراند، بەلأم لەگەڵ هاتنی فیزیای نیوتن، کە کانت فەلسەفەکەی خۆی لەسەر دامەزراند، لەناو چوو. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم

چوارەم- زانست وا لە مرۆڤ دەکات، شیاوی ئەو فیکرەیە بێت، کە لە داهاتوو دێت، و لە رەگوریشەوە لە تەواوی ئەوەی مرۆڤ پێشتر دەیناسی جیایە: لێرەوە وا دەکات قابیلی دواین فیکرەی رابردوو بێت. هەر چەند مرۆڤ هەولبدات زانست وەك تیۆر و تەکنیك رەتبکاتەوە، هەوڵەکانی فەشەل دێنێت. سەیری پیشەسازی بکە، سەیری ئەو ئامێرانە بکە، کە شان بەشانی دابونەریت و تەقالید لە کۆمەڵگا هەر دواکەوتووەکان، بڵاو دەبنەوە. پێشکەوتنی زانستی-تەکنیکی، واقیعێکی گەردوونییە، و ناشێ پشتگوێ بخرێت، و چاوی لێبنوقێنرێت. تا ئەوەتا بەرە بەرە دەستی خۆی لە فیکر و ئاگاییمان دەئاخنێت، دەست بەسەر ژیانماندا دەگرێت- هەرەسهێنانی دنیای کۆن رادەگەیەنێت.

ئێمە تەواو لەژێر کاریگەری ئاسۆی زانست و ئەو رۆشنبیرییەداین، کە لەمیانی ئەو ئاوهەوایە سەری هەڵداوە (لێرە ئاخاوتنەکانم تەنها لە دووتوێی ئەزموونی تازەگەریی شیعریدا کورت دەکەمەوە)، بۆ ئەوەی وردتر بم، دەڵێم ئێمە کەوتووینەتە ژێر کاریگەری عەقڵ و ئاگایی خۆمان، بەڵام نائاگاییمان بە کۆمەڵێك شتی دیکە ئاخنراوە، کۆمەڵێك شت، کە دەکەوێتە دەرەوەی عەقلانیەتی زانستییەوە. هەتا ئێستا ئێمە بەر ئەو نێودژییە دەکەوین، کە ئاماژەی پێدەدەم:- بۆچی کۆمەڵگای

---

لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە- لە بلاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی،/2005. ل20-21.

عەرەبی هێرش دەکاتە سەر لایەنە تەکنیکییەکانی زانست، و پرنسیبە عەقڵییەکان ڕەتدەکاتەوە؟
ئاگایی زانستی نیگەرانی و پارچە پارچەبوون لە ناخماندا درووست دەکات، بەڵام نائاگاییمان، یەقین و دڵنیایی لە ناخماندا دەسازێنێت. ئێمە هەمووومان لە دەرەوە، لەسەر ئاستی پێشکەوتن، زانست وەك قازانج دەبینین، بەڵام لە ناوەوە، لەسەر ئاستی پێشکەوتن- لە دنیای پڕ بەزەیی مرۆییدا، زانست زیانبەخش دەکەوێتەوە. بەمجۆرە ئاگایی زانستی بە هێزەوە بەرەو داهاتوو ئاڕاستەمان دەکات، بەڵام ناوەوەمان بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت، کە بۆ رابردوو ئاڕاستەمان بکاتەوە، رابردوویيەکی زیاد لە پێویست مرۆیانە و گەرم.
لەو کەشوهەوایەدا دەست بە پرسیارەکانمان دەکەین- پرسیارە هونەرییەکانمان لەسەر زانست دەخەینەڕوو، بۆ نموونە، دەپرسین ئایا پێشکەوتن لە شیعر و هونەر، چ واتایەکی هەیە؟ هەڵبەتە هیچ. چونکە فیکرەی پێشکەوتن بەشێکی بنەڕەتیە لە بونیادی زانستی، تەواو لە داهێنانی هونەری جیایە. کەواتە لێرەدا دەبینین هەندێك شت هەیە، لەگەڵ زانست (وەك پێشکەوتن) ناکۆك دەکەوێتەوە، بێ ئەوەی خەسڵەتی دواکەوتنی هەڵگرتبێت، لەو دەرئەنجانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پێشکەوتنی زانستی هەموو پێشکەوتنەکان نییە، کەواتە پێوانەی پێشکەوتنەکانیش نییە، چونکە لێرە پێشکەوتن هەیە، بە جۆر و ئاستی دیکە، زۆر لە مرۆڤیش نزیکترە و زۆر لەو شتە نامۆیانەی کە دێنە نێو مرۆڤ و بوونی مرۆڤەوە روونترە.

بەلاَم ئەگەر ئیستێتیكای ئەو سەردەمەی كە تێیدا دەژین، تەماشا بكەین، دەبینین بەتایبەتی لەڕووە ئامێری- تەكنیكیەكەیەوە، لەڕێگای فیكرێكی دژ بە زانست دەجولێتەوە و دامەزراوە، ئەو فیكرەیە خەسڵەتی تازەگەریی لەڕادەبەدەر مرۆییانە، دەخاتە سەر هەندێك لە رەگەز و دیاردە كۆنەكان. بەتایبەتی كاتێك، كە تەكنیكاری بە جیاوازی لە پراكتیزەكردنەكانی، بەرەو لێكچوون و هاوشێوە بوون دەكاتەوە و بەوەش هەمان رەهەندی ئامێرییانە بە ژیان دەبەخشێت، بەلاَم شیعر و هونەر جەخت لەسەر گۆڕان و جیاكارییەكان دەكەنەوە و رەهەندێكی پڕ لە جولە و گۆڕان و تەقینەوە بە ژیان دەبەخشن.

بەمجۆرە بوونی ئێمە دابەشی دوو بەش دەبێت:- ئاگایی عەقڵیمان، كە دەكەوێتە لای زانست (داهاتوو)، و ناوەوەمان كە دەكەوێتە لای هونەر (رابردوو)- وەك ئەوەی ئێمە دوایی هەموو ئەوانە بكەوین، كە زانست پشتگوێی دەخات، یان ئاوڕی لێناداتەوە- یان هەوڵی كوشتنی دەدات. ئەو دابەش بوونە جۆرێكە لە ململانێی نێوان پێداویستی و ئازادی، واتە زانست و هونەر.

لە ئاسۆی ئاگایی ئەو ململانێیەدا، ئەوەی دەیبینم (من لێرە تەنها قسە لە ئەزموونی خۆم دەكەم، بێ ئەوەی بە قسەی هیچ یەكێكی دیكە پەیوەست بم) پێش هەموو شتێك، تەواوی ئەو حەزانەن كە دەیانەوێت داهێنانی شیعریی ملكەچی رێسای زانستی و عەقلاَنی:- داهاتوو، بكەن، بۆیە لەگەڵ شیعر جیا دەكەونەوە. من دەمەوێت رێگایەكی جیاواز بدۆزمەوە، كە نە خولیای ئایندەخوازی رەتبكاتەوە،

و نه به ڕەهایی رابردوو ڕەتبکاتەوە:- به پێچەوانەوە، ڕێگایەکی تایبەت بێت، رابردووییەك- له ئەفسانە، سۆفیگەری، و ڕەگەزە ئەفسانەییەکان و نا عەقلّییەکان، هەرێمە تەمومژاوییەکانی خود، له باوەش بگرێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەی، که له عەقلانیەتی سارد و سڕی زانستی دوور بکەومەوە، و پەی به کەشفکردنی کۆمەڵێك هەقیقەتی بەرزتر، و مرۆیی، و قوڵتر له هەقیقەتەکانی زانست بەرم. ئەوە وەك هەندێك لێکیدەدەنەوە هەرگیز گەڕانەوە نییه بۆ رابردوو، بەڵکو جۆرێکه له پێشبینیکردنی تەواوی بوونی مرۆیانە، دەورەدانی، بۆ ئەوەی له ناخی ناخەوە دەست بۆ بوون بەرین، له تەنیایی خۆی، و هەقیقەتی سەرەتایی و سادەیی- لەوەی که راستەوخۆ لەگەڵ خاك زیندوو دەبێتەوە، و لەگەڵ خاك به زمانێك له ئاستی هەست و رووخسار دەدوێ، له ئاستی قیژاندن و غەریزە و سێکس. ئەوە، تاکو ئێرە، هەنگاوانێکه لەگەڵ ڕێگا عەقلانییه راستەوخۆ و ئاشکراکان پێچەوانە دەکەوێتەوە، و هەنگاونانه بەرەو ترس و نادیار، له چنگی زانست و عەقلانیەته زانستەکه دەردەچێت، لەوێوە له سەرووی بۆشایی، بۆشاییەکی نادیار و بێ سنوور، داهێنانی گەورە دادەمەزرێت.

بەمجۆرە ئەو هەنگاونانه دووبارە کەشفکردن دەگەیەنێت، یان هەوڵێکه بۆ دۆزینەوەی خاڵی دەرچوون تاکو لەوێوە توانای مەیله

لەبری وشەی (هاوِّیة) بەکار هێنراوە.

نوێیە مرۆییەکان کەشف بکەین. من بەتایبەتی لە ئەفسانەدا، بواری دیتنی ئەو دیدە نازەمەنییەم بۆ دەرەخسێت، کە تێیدا تەماشای باری مرۆیی و هەموو ئەو شتانە بکەم، کە بەردەوام بە ناخی ئاگاییدا رۆدەچێت و لەگەڵ مرۆڤ لە ئامادەییەکی بەردەوامدا یەکبوون دەسازێنێت. لە بەکار هێنانیندا دەبینم، کە بۆم دەلوێت سەفەر بەنێو خەیاڵی یەکەم، وروژێنەری یەکەم و پرسیاری یەکەم و یەکەم داهێناندا بکەم.

بەمجۆرە ئاڕاستەیەك دەگرمەبەر، پێچەوانەی رێگای زانست، وەك رێگایەکی رووتی تەکنیکی، و پێچەوانەی ئەو عەقلانیەتەی، کە دایمەزراندووە، یان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. لەوێوەش لە ئاگایی مندا مانای "پێشکەوتن" گۆڕانی بەسەردا دێت. وردە وردە لەوە دەگەم، کە جەوهەری پێشکەوتنی مرۆڤایەتی- لە چۆنایەتیدایە، نەك لە چەندایەتی. ئەو کەسە خۆرئاواییەی، کە لەنێوان ئامێری ئەلکترۆنی دەژی- بە واتا مرۆڤایەتییە قوڵەکەی- هەرگیز لەو جوتیارەی کە لەنێوان درەخت و مانگاکانیدا ژیان بەسەر دەبات، پێشکەوتووتر نییە.

بەپێی ئەو بۆچوونە، زێتر بەرەو ئەو گوتەیە دەبمەوە، کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا، وەك گشتێك، هەر تەنها لە تازەکردنەوەی بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا دەلالەت لە ئازادی خودی مرۆڤ — ئازادکردنی تەواوی چەپێنراوەکان- و هەموو ئەوانە دەکات، کە دەکەونە ژێر ئەو بونیادە و هەموو

ئەوانەی کە دەکەونە پشت ئەو بونیادەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئازادبوون و کرانەوەی خۆیدا، ببێتە خولگە و مەبەست.

عەقڵانیەتی تەکنیکی، لە گوازتنەوەی: تازەگەرییانەیدا- مرۆڤ دەخاتە نێو سیستمێکی "ئامێریی" داخراو. راستەوخۆ بە دەوری بوونی ماددیانەدا دەخولێتەوە، هەموو هێزەکانیشی بە ئاڕاستەی کۆنتڕۆڵکردنی دنیای دەرەکی دایە، لەدووتوێی بە خاوەنبوونی ئەویدیکە، و بەکاربردنی، لەگەڵ ئەوەشدا دنیای ناوەوەی خۆی، رەهەندە سۆزئامێزەکانی، حەز و ئارەزووەکانی، ئەوەی لە هەموو ئەو ئارەزوو و پێداویستیانەدا شەپۆل دەدات، پشتگوێ دەخات. بەمجۆرە ناپاکی لەگەڵ ناخی خۆی دەکات، کەچی وەك تاکە دڵسۆزی خودی خۆی قسە دەکات.

لە تازەگەری تەکنیکیدا، مرۆڤی باڵا، جگە لە چەندایەتی ئەو ماددەیەی کە بە شتە درووستکراوەکانەوە دەلکێت، هیچی دیکە نییە: واتە تەواو بە هەبوون دەور نەدراوە، و تەنها بەشێك، کە لەودا هەنگاو دەنێ، وەڵام دەداتەوە. لەسەرووی ئەوەوە، مرۆڤ، چەندایەتی سنوری دیاری ناکات، وەك چۆن بە چەندایەتی دیاری ناکرێت.

بەمجۆرە بەرە بەرە شیعر بۆ من وەك ئەو هێزە سەرەتاییە دەردەکەوێت، کە دەرفەت بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێت، بتوانێ کۆتوبەندەکانی تازەگەریی تەکنیکارانە و عەقڵانیەتە ئامێرکارییەکەی تێکبشکێنێت. چونکە تەکنیك لەڕێگای بە عەقڵکردنی زانستەوە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت دیاری دەکات، بەڵام شیعر ئەو

پەیوەندیەیە، کە لەڕێگای سرووشتەوە مرۆڤ بە مرۆڤ، واتە مرۆڤ بە ماهیەتی تایبەتی خۆی دەبەستێتەوە. بۆیە کاتێك مێژوو بە مانا ئیبداعیە-هونەرییە بەرفرەوانەکەی لە شیعر خاڵی دەکەین، ئەوە لە ڕەهەندە مرۆییە هەقیقیەکەی دەکەینەوە. لێرەوە شیعر، بەو مانایە، زیاد لە هۆکار و ئامرازێکە، وەك تەکنیك: یان بەشێوەیەکی باشتر دەتوانین بڵێین وەك خودی زمان وایە، هەر تەنها قۆناغێك نییە، لە مێژوویی ئاگایی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو ڕەگەزێکە لە بونیادی ئەو ئاگاییەدا.

لەدووتوێی ئەو دیدەوە، هەنگاو دەنێم و دەبینم تازەگەریی تەکنیکی بەهۆی پەیوەندی بەردەوامی بە ئامێرەکانەوە- دوای کوشتنی ماناکانی سرووشت لە ناوەوەماندا، مانای خودی داهاتووشمان لێ وندەکات. دەبینم چیدی داهاتوو ئەو شتە نادیارە نییە، کە بە خۆشی و هیواوە چاوەڕوانی دەکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕابردوو وەك ئەوەیە ئامێرییانە دووبارەی بکەینەوە. لێرەوەیە کە هەندێك لە شێوە کۆنەکان، لەبەرانبەر شێوە تەکنیکییە نوێیە دووبارەکان، بۆ من سەیر و سەرنجراکێش دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە ڕەهەندە چەپێنراوەکەیەوە شێوەیەکی ئەفسانەیی و سەیر لەخۆ دەگرێت. بەمجۆرە، هەستدەکەم ئێمە پێویستیەکی قوڵمان بە تەجاوزکردنی تەکنیك هەیە- تا بەرەو ئەو ڕەهەندە داپۆشراوانە ببینەوە، کە لە یادەوەری مرۆڤی چالاکدایە، بەرەو ئەو نادیارەی، کە هەرچەندە تێیدا قوڵتر بینەوە، هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، هەر چەندە بیری

لێبکەینەوە- هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە. لێرەوە ئەوەی شیعر پێی هەڵدەسێت، ئەوەیە، کە:- مرۆڤ بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، لە هەموو ئەوەی، کە دەکەوێتە پشت تەکنیکاری عەقڵانیەوە، لەبەرانبەر هەموو ئەوەی کە غەیب و باتینە، کە نادیار و بێ کۆتاییە- هەمیشە لەپشت دەرگایە و دێت: لەو خاڵە زەمەنییە-نازەمەنییەدا، وەك ئەوەی شیعر پردێك بێت، ئەوەی هەبووە و ئەوەی هەیە و ئەوەی سبەی دەبێ، لە جولەیەکی بەرفرەوانی بێلایەن و کوێر، کە پێشکەوتنی تەکنیکاری دەینەخشێنێت، و نادیاری جولاو لە باوەشی دەگرێت، بەیەکەوەیان بلکێنێت.

لێرەوە ئەوەی بۆ من دەردەکەوێت، ئەوەیە کە تازەگەری شیعریی بە مێژوو دەکرێت، واتە دەچێتە نێو مێژوووەوە و دەبێتە بەشێك لە مێژوو. ئەوەش بەو مانایەیە، کە ئەو چەمکەی روونکردنەوەمان لەبارەوە دا، ئێستا "کۆن" بووە. رەنگە ئەمڕۆ ئەو کتێبەی کە پێداگری لەسەر دەکرێ و زۆر پێویست دەکەوێتەوە، ئەو کتێبە بێت، کە تازەگەریی شیعریی عەرەبی، لە چەرخی دووەمی کۆچی (چەرخی هەشتەمی زایینی) هەتا دەگاتە نێوەڕاستی چەرخی بیستەم، بە مێژوو دەکات.

کاتێك چەمکی تازەگەریی دەبێتە چەمکێکی "کۆن" ئەوە بەو مانایەیە دێت، کە تازەگەریی، بەو خەسڵەتە بنەڕەتیەی، کە رووبەڕووی "کۆن" دەوەستا، ئێستا بەسەر چووە. کەواتە ئەوەی وەك شیعر تازەیە، لەگەڵ ئەوەی وەك شیعر کۆنە، ناکۆك نییە، هەر لە

**بنەڕەتیشدا ناکۆك نەبوونە. (جوبران)□□□□□□□□□□□□□□ و (سەییاب)************** "تازەن" لەگەڵ (ئەمروئەلقەیس و تەرفە) "کۆنەکان" و لەگەڵ (ئەبو نەواس، ئەبو تەممام) ئەوانەی کە تازەی "تازەکارانن" بە پێوانە لەگەڵ رابردووی جاهیلی، ئەمڕۆ هەردووکیان**

---

□□□□□□□□□□□□□□ جوبران: (جوبران خەلیل جوبران) شاعیر و نووسەر و شێوەکاری لوبنانی-ئەمریکی، لە 6ی یونایەری 1883 لە گوندێکی باکوری لوبنان لەدایکبووە، و لە 10ی ئەپریلی 1931 بە نەخۆشی (سیل) لە نیویورك کۆچی دوایی کردووە. زۆر حەزی کردووە ئەو دێرە بەسەر گۆڕەکەیەوە بێت: "من زیندووم وەك تۆ، من ئێستا بە تەنیشت تۆوە وەستاوم، چاوت بنوقێنە روو لە من بکە، دەبینی بەرانبەرتم" لە نووسینەکانی هەست بە دوو رێباز دەکرێت، یەکێکیان هەڵایسانی شۆڕشە لەبەرانبەر ئایین، و دووەم حەزکردنە لە ژیان و خۆشی ژیان و سادەیی، ئەو دوو حاڵەتەش لە قەسیدەی (المواكب) کە گۆرانی بێژی لوبنانی (فەیرۆز) بە ناوی (أعطني الناي وغنّي) تۆماری کردووە، زۆر بە جوانی دەردەکەوێت. بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی: (دمعة وابتسامة، الأرواح المتمردة، الأجنحة المتكسرة، العواصف (رواية)، البدائع والطرائف، عرائس المروج، نبذة في فن الموسيقى، المواكب...)

************** ئەلسەییاب (بەدر شاکر سەییاب) شاعیری عیراقی لە گوندی (جیکۆر) لە خوارووی (بەسرە) لە ساڵی 1926 لەدایکبووە، لە شاری (بەغداد) لە ساڵی 1948 (دار المعلمين العاليه) تەواو کردووە، چۆتە بەشی زمانی عەرەبی و دواتر ئینگلیزی. وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ئامادەیی رومادی وانەی گوتوەتەوە، پاشان دەریان کردووە و زیندانی کراوە بەهۆی بیروڕا سیاسییەکانی.. بەدر شاکر سەییاب رێبازێکی نوێی لە شیعر داهێناوە، ئەویش شیعری ئازادە، کە هەڵگری زمانێکی سادەیەو پشت بە وێنەی شیعری دەبەستێت، بایەخێکی زۆری بە شیعری (ت.س. ئیلیوت) و (سیتویل) داوە... لە تەمەنی (36) ساڵی کۆچی دوایی کردووە.

بەپێوانەی زەمەنی مێژوویی "کۆن" دەکەونەوە، لەنێو یەك ماڵی شیعریی بەیەکەوە دانیشتوون. هەموو ئەوانەش، واتە ئەوەی هەمووان بە شیعری عەرەبی رەسەن ناوی دەبەن، یان ئەوەی کە لە دیدی مێژووییەوە بە "تازەگەری دووەم" ناو دەبردێت، لەپشت "تازەگەری" و "کۆنی" لە تیشکۆی ئیبداعێکی شیعریدا دەتوێنەوە.

ئایا "تازەگەری" (نەواسی)، یان (ئەبو تەممام) چی دەگەیەنێت؟ هەڵبەتە دوو شت دەگەیەنێت:- نوێکردنەوە: بەڵام نەك لەپێناو رەتکردنەوەی کۆنی جاهیلی، بەڵکو بۆ جێگیرکردنی ژیانێکی نوێکارانە.

پەیوەستبوون بە سیستمی هونەری-فیکری، لە ناوکۆییەکی ئیستێتیکیدا، کە نوێکاریی لەسەر ئاستی دید و تەعبیرکردن بەیەکەوە، کەشفی کردوون.

"تازەگەری" شیعری، لە سەرەتاکانی ئەو چەرخە، و لە کۆتاییەکانی گۆڤاری "شیعر"††††††††††††††، پێگەیشت، بەرفرەوان بوو، قوڵبۆوە، وەك ئەوەی کۆمەڵێك رەهەندی تازەگەری نەناسراوی لێ کەشف

---

†††††††††††††† ئەدۆنیس لە ساڵی 1956 کاتێك (سوریا)ی بە جێهێشت و رووی لە (لوبنان) کرد، بەیەکەوە لەگەڵ شاعیر (یوسف ئەلخال) و (ئەنسی ئەلحاج) لە ناوەڕاستی ساڵی 1957 گۆڤاری شیعرییان دەرکرد. ئەو گۆڤارە هەتا ئێستا قسەی جۆراوجۆری لەبارەوە دەکرێت. گۆڤاری شیعر بایەخێکی زۆری بە شیعری پەخشان دەداوە و هەندێك پێشکەوتنەکانی ئەو شێوە شیعرییە لە سایی ئەو گۆڤارە دەبینن.

**بووبێت، کە بووبێتە هۆی دووبارە چاوخشاندنەوە بە ماناکانی خودی شیعر: ئەوەش لوتکەی ئەو بەخششانەیە، کە ئەزموونی شیعریی گۆڤاری "شیعر" بەتایبەتی لەسەر ئاستی تیۆر، بەجێیهێناوە. سەرەڕای ئەو بەرهەمە شیعرییە بەرچاوانەی، کە وەك تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن، ڕێبازێکی نوێی شیعری چەسپاند.**

**ئەوەی ئەمڕۆ دەگوترێت، ڕێکوپێککردن و بەردەوامبوونی ئەو ئاسۆیەیە کە گۆڤاری "شیعر" دایمەزراندبوو.**

**ڕێکوپێکی و بەردەوامی، بەیەکەوە لە ئاستێکی دیکەدا، جەخت لەوە دەکەن، کە تازەگەریی شیعریی عەرەبی، بۆتە بەشێك لە مێژوو، لەبەر ئەوەی مانای چەمك دەگەیەنێت، کەواتە "کۆن"یش بووە. لە ڕێکوپێکی و بەردەوامی ناتوانرێت هیچ زیاد بکرێت، کە بشێ وەك ڕەگوڕیشە وەسفی بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین کە ئەو "چەمکە" گۆڕانی بەسەرداهاتووە، یان ئێمە بەرانبەر چەمکێکی دیکەی شیعر و تازەگەریی شیعریین.**

**بەڵام وەك چۆن دوای (ئەبو نەواس) و (ئەبو تەممام) جۆرێك لە کەڵەگایی مۆدەی[1] شیعریی هاتە ئاراوە، واتە کەلەگاییەکی پێکهاتەیی و شێوەگەری، ئەوە ئەمڕۆش بە هەمان شێوە، کەڵەگایی مۆدە دەبینین. بەڵام لەگەڵ ئەوەی مۆدە هەڵوێستە و**

[1] لەبری وشەی (الزي) بەکار هێنراوە. وشەی (مۆدە) لە زمانی عەرەبی جلوبەرگ و فۆرم و شێواز و ڕێباز و ڕێکپۆشی باو دەگرێتەوە....

هاوەڵی تازەگەریی هەمیشەیی دەکات و لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت، لە هەمان کاتیشدا میتۆد و تەکنیکێکە، کە دنیای پیشەگەری دەیسەپێنێت، ئەو دنیایەیە، کە هەم لای ئێمە و هەم لە هەموو دنیادا هەژموونی لە زیادبووندایە.

لە هەموو دنیادا خۆهەڵکێشان بە جلوبەرگ و مۆدە لای نەوەکان، خەسڵەتێکی هونەری بنەڕەتییە، و ئەو ئارەزووە کەشف دەکات، کە جەخت لە دابڕان لەگەڵ باوك- یان رابردوو، دەکاتەوە، کە بۆ ئەوێکی پڕ لە جولەی سەرکێش، دەکەوێتە نێو دامەزراوە بە میرات بۆماوە جێگیرەکان و هەرگیز وەلاٌمی ئەوەی ئەو ئاواتی بۆ دەخوازێت، لەلای ئەوان دەست ناکەوێت.

خەسڵەتی مۆدە، لە پلەی یەکەمدا، خەسڵەتێکی پیشەگەرییە، واتە تێپەڕە وەك هەر شتێکی پیشەیی لەناودەچێت، بە پلەی دووەم، خەسڵەتێکی رەتکەرەوەیە: مۆدەی ئەمڕۆ لە دوێنێ باشترە. لە کاتێکدا دەرچوون لە خود سرووشتیە، بۆ ئەوەی زێتر تێیدا قوڵ بیتەوە و دواتر بۆی بگەڕێیتەوە، دەکرێ درووستکردنی مۆدە دەرچوون بێ، لە خود، بەلاٌم وەك کاغەزێك کە بای کات سەرەوژێری دەکات. یەکەم، هەموو زەمەنەکان لەخۆ دەگرێت، بەلاٌم دووەم، دلخۆشە بەوەی، کە هەمیشە لەڕووکاری چرکەساتەکانی ئێستا دەخزێت. لێرەوە پیشەگەری بەو خەسڵەتەی مۆدەیی دەردەکەوێت، یان خولیایەکی فۆرمئامێزە، وەك ئەوەیە وایە، کە لە ساتی لەدایکبوونییەوە بچێتە رابردووەوە. مۆدە، پێشینە و "کۆن"ە.

لێرەوە بۆم دەردەکەوێت کە تازەگەری لەیەك کاتتدا هەم زەمەنییە و هەم لە دەرەوەی زەمەنە: زەمەنییە- چونکە لە بزاڤی مێژووی داهێنانی مرۆڤدا، ئەسڵە، و لە پەی پێبردن و تەجاوزکردنیشدا بەردەوامی دەگەیەنێت. نازەمەنییە- چونکە خەونبینییە و هەموو زەمەنەکان لەباوەش دەگرێت، هەر بە تەنها لەڕێگای مێژووی گێڕانەوە، وەك بەسەرهات و رووداوەکان، بەمێژوو ناکرێت: بەڵکو ستوونیە، رەوتی ئاسۆیانەشی جگە لە وێنەیەکی دیاری قولاًیی ناوەوە شتێکی دیکە نییە. بە دەستەواژەی دووەم، هەر تەنها بەردەوامی زمان نییە، بەڵکو دەلالەت لە بوونیشی دەکات. بەو مانایەش تازەگەریی شیعریی لە نێو هەر زمانێك، پێش هەموو شتێك تازەگەرییە لە خودی ئەو زمانەدا.

بۆیە پێش ئەوەی لە شیعردا "تازە" بین، یان "کۆن"، پێویستە شاعیر بین. لە هیچ زمانێکدا نابیتە شاعیر، ئەو کاتە نەبێت، کە هەست دەکەیت دەنووسیت، وەك ئەوەی خۆت شیعر بیت، ئەویش تۆ بێت. لەبەر ئەوەی زمان بەهایەکی دەنگی، موزیکی کۆمەلاًیەتی هەیە، کەواتە خاوەنی مێژوو و رابردووی خۆیەتی. بۆیە تازەگەری شیعریی ناشێ لە مێژوویی مەعریفەی شیعریی و رابردوویی شیعریی بەدەر بێت. پاشان ناشێ بەهای زمانی تازەگەری بکەوێتە دەرەوەی بەهای زمانی مێژووی داهێنانەوە. کەواتە دامەزراندنی بەهایی هونەری نوێ، لە هەر زمانێك، یەکەمجار بەشێوەیەکی بەرفرەوان و تەواو پشت بە

مێژووی مەعریفەی بەهای ئەو زمانە و توانای وەرگرتن و نواندنی ئەو زمانە دەبەستێت.

ئەو جیاوازی و جیاکارییە هونەریانەی کە تازەگەریی شیعریی لە هەر زمانێك دایدەمەزرێنێت، لە کۆنتێکستی هونەری ئەو زمانەوە دیاریکردنەکانی ناس دەکرێت. بەمجۆرە لێرەدا ڕێکنەکەوتن دەبێتە جۆرێك لە هاوگونجان. تازەیی و کۆنی وەك شیعر دوو ڕووی یەك زمان و یەك داهێنان لە کۆنتێکستێکی هونەریدا نیشان دەدات، بۆ نموونە تازەگەری لە زمانی عەرەبیدا هەر چۆنێ بێت، وەك ڕواڵەت و فۆرم تەواو لە تازەگەری عەرەبی دابڕاوە، دەمەوێت بڵێم تێگەیشتن و هەڵسەنگانەکانی تازەگەری عەرەبی ناکەوێتە نێو کۆنتێکستی تازەگەری فەرەنسی، یان ئینگلیزی و پێوانەکانیانەوە، بەڵکو دەکەوێتە دووتوێی کۆنتێکستی داهێنانی عەرەبی و پێوانەکانی زمانی ئیبداعی عەرەبییەوە.

(7)

لە کۆتاییدا، هەندێك لێوردبوونەوە دەخەمەڕوو، کە پێموایە دەشێ چوارچێوەیەك بێت، بۆ تێگەیشتن لە شیعرییەتی عەرەبیی، و تایبەتمەندییەکانی ئەو شیعرییەتە. سەرەتاش حەز دەکەم جەخت لەوە بکەمەوە، کە تازەگەری هەر تەنها لە ئازادی بیرکردنەوە کورت ناکرێتەوە، یان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئازادی جەستەش لەخۆ دەگرێت. تەقینەوەی چەپێنراوەکان و ئازادبوونیان دەگەیەنێت. جا ئەگەر تاکی عەرەبی، بەڕاستی بەشێوەیەکی نوێ بیر بکاتەوە و

بەشێوەیەکی نوێ بنووسێت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك بیر لەوە بکاتەوە، کە تاکو ئێستا بیری نەکردۆتەوە- ئەو شتە بنووسێت کە تاکو ئێستا نەینووسیوە: چەپێنراوە مەزنە هەمیشەییەکان- چ وەك ئایین و چ وەك رۆشنبیریی، جا فەردی بێ، یان کۆمەلأیەتی و دەروونی و جەستەیی بێت.

ئەوەش بەو مانایەیە، کە تازەگەری دەچێتە نێو مێژووەوە، نووسینێکە بەردەوام ئەو مێژووە وەك بابەتی پرسیارکردن بەرجەستە دەکات (واتە بەردەوام مێژووی خۆی دەکاتە بابەتی پرسیارکردن، و:ك) هەروەها خودی نووسینیش بەردەوام وەك بابەتی پرسیارکردن دادەنێت، ئەوەش دەکەوێتە دووتوێی بزاڤێك، کە بەردەوام لە کەشفکردنی هێزە زمانییەکان و پەیبردنی رەهەندەکانی ئەزموونی خۆی هەلأدەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی و کۆمەلأگای عەرەبی دوو روەکی سرووشتی نین، لەبەر ئەوەی مێژوویەکی رەسەن و دوور و درێژییان هەیە، بۆیە تازەگەریی عەرەبی لەرێگای ئەوان و لەواندا تەواو دەبێت. کەواتە مەعریفەی "کۆن"ی ئەوان، بە پرەنسیب و گۆڕان و گیروگرفتەکانییەوە، بەتایبەتی هەموو ئەوانەی بە نهێنی زمان و بلیمەتەکانییەوە بەندە، بەشێکی جەوهەری لە مەعریفەی "تازەگەری" پێکدەهێنێت. کەواتە شاعیری عەرەبی تازەگەر، وەك ئەوە وایە، کە نووسینەکانی بدرەوشێتەوە وەك کلپەیەك، کە لە ئاگرێکی "کۆن" هەلأدەسێت، لە هەمان کاتتدا بۆخۆی ئاگرێکی دیکە بێت.

ئەگەر تازەگەری شیعری عەرەبی لە هەندێك لاوە لەسەر ئازادكردنی چەپێنراوەكان- واتە ئارەزووەكان، و هەموو ئەوانە دابمەزرێت، كە بەها و پێوانە چەپێنراوەكان دەلەرزێنێ، و تەجاوزیان دەكات، ئەوە چەمكەكانی "رەسەنایەتی" و "رەگوریشە" و "كەلەپور" و "بوژانەوە" و "ناسنامە" و "تایبەتمەندی" و هەموو ئەوانیدیكە، مانای جۆراوجۆر و دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن. لەبری چەمكگەلی: هاوبەندی بەدوایەكداهاتن، یەكتای كامل، كۆتائامێزی، چەمكگەلی: دابڕاو، بەیەكداچوو، فرەیی، گۆڕاو، بێكۆتایی، بەرجەستە دەبن. ئەوەش بەو مانایە دێت، كە پەیوەندی نێوان وشەكان و شتەكان لە گۆڕانی بێكۆتاییدایە، واتە لەنێوان وشەكان و شتەكاندا بۆشاییەكی هەمیشەیی هەیە، هیچ گوتنێك پڕی ناكاتەوە. ئەو بۆشاییەی، كە پڕ ناكرێتەوە، لە پرسیاری "مەعریفە چییە؟" یان "هەقیقەت چییە؟"، یان "شیعر چییە؟" خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەوەش هەمیشە وەك پرسیارێكی كراوە دەمێننەوە، واتە مەعریفە تەواو نابێت، هەقیقەت هەمیشە گەڕانە.

جەوهەری ئەو مەسەلەیەش ئەوەیە، كە تازەگەری بە مانا بەربلاوەكەی دنیابینییەكی ئیبداعییە، یان هەر تەنها مۆدە نییە. هەر كە مۆدە لەدایك دەبێت، ئەو پیر دەبێت. بەڵام داهێنان تەمەنی نییە، بۆیە، هەموو تازەگەرییەك داهێنان نییە، بەڵام داهێنان هەتا هەتایە تازەیە.

# پاشکۆ

## ئەدۆنیس لە هەولێر

ئەدۆنیش لە مانگی نیسانی ساڵی 2009 لەسەر ئەرکی بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ داوەتی کوردستان کرا و ماوەیەك لە هەولێر و سلێمانی لەگەڵ رۆشنبیران و ئەدیبانی کورد بە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و دەمەتەقێی جۆراوجۆر هەڵسا، هەڵبەتە دیتنی ئەدۆنیس لە نزیکەوە و گوێگرتن لە قسە و باسە تازە و پڕ مەعریفە و بە نرخەکانی و باسکردنی خێزان و کچەکەی نینار و هەروەها باسکردنی ئەو هەموو سەفەرە دوورودرێژانەی نەك هەر مایەی خۆشنوودی بوو، بەڵکو بەدیوەکەی دیکەش بەجۆرێك تەواوی خوێنەر و گوێگرانی خۆی دووچاری سەرسامی کرد بەو هەموو توانا لە بننەهاتووە فیکری و جەستەیی و هێمنییەی خۆی... بەڕاستی ئەدۆنیس کەسێکە هەرگیز

له ژیان ماندوویێتی ناس ناکات، ئەو کە هاتە هەولێر تازە لە چین گەڕابۆوە پاریس، هەر کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر پێشوازی لێکرا و لە هۆتێلی هەورامان دابەزی ڕاستەوخۆ چووە نێو باس و خوازی ئەدەبی و شیعرییەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو لیژنەیە کوردییەی کە لە پێشوازیدا بوون دەستی بە نەخشەدانان کرد و بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران و دەمەتەقێی پڕ بەها و فرە ڕەهەند، بەپێی ئەو نەخشەیە تەواوی ڕۆژەکانی مانەوەی لە کوردستان هەمووی هەر کۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیریی و دەمەتەقێ بوو لەبارەی شیعر و مەعریفەی شیعری و ناسنامە و بەرهەم و تیۆرە ئەدەبیە جیاوازەکانەوە. هەڵبەتە لە هەر یەك **لە هۆتێلی چوار چرا و** زانکۆی سەلاحەدین-بەشی زمانی عەرەبی لە هەولێر چەندان لە شیعرەکانی خۆی خوێندەوە و دواتر وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە و گفتوگۆی بەپێزوو بە نرخی لەسەر شیعر و شیعرییەت و ناسنامە و کۆمەڵێك مەسەلەی دیکەی ئەدەبی کرد.

## شیعری ئەدۆنیس

(1)

له کێڵگه

گوڵ بە چاوی خێرهاتن سەیرت دەکا

له گوڵدان

به چاوی خواحافیزی.

(2)

زمانی گوڵ

بۆنەکەیەتی.

(3)

باران

بەرزترین دیواری گریانە

هەور پەروەردەی کردووە.

(4)

بەفر جگە لە کتێبی باران

هیچ لەدوای خۆی جێناهێڵێ

بارانیش

کتێبی دەریا.

(5)

رەنگە دەریایەك لە وشە

خۆی لە شەپۆلێك

بێدەگی

حەشار دابێ.

(6)

درەختەکان

جلەکانیان دادەکەنن

وەك سلاّوێ

بۆ رووتی ئاو

(7)

هەندێجار وا خەیاڵ دەكەم

كە دەریا بەندكراوێ بێ

پاسەوانەكەی

شەپۆل.

(8)

بۆ ئەوەی لە چۆلەكە بگەین

دەبێ بەرد بخوێنینەوە.

(9)

زەمەن

گۆچانێكە

لە بانێژەی جاویدانی.

(10)

ژیان جل لەبەر مردن دەكا

مردن

رووتی دەكاتەوە.

(11)

خوێنی خۆر

لە گۆزەی شەو

ڕەش دەنوێنێ

(12)

ئەستێرە نازانێ کراسەکەی بدورێ

تەنها بە دەرزی

شەو نەبێ.

(13)

جوانترین گۆڕ بۆ شاعیر

وشەکانیەتی.

(14)

ڕووناکی ڕووخساری هەیە

هەناوی نییە

تاریکی هەناوی هەیە

ڕووخساری نییە.

(15)

"با" جۆلانەی ئەو منداڵەیە

کەپێی دەڵێن

فەزا.

(16)

"با" لە قسە ناکەوێ

ناشیەوێ کەس

گوێی بۆ بگرێ.

(17)

هیچ دەستێك ناتوانێ

کەزی "با" بهۆنێتەوە.

(18)

نە "با" کراسی هەیە

نە زەمەن لانە

دوو هەژارن

جیهانیان هەیە.

ژێدەر: **فهرس لأعمال الريح، دار النهار، بيروت.** عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا کردوویە بە کوردی.

# ژیانی ئەدۆنیس

(1)

ئەدۆنیس ((د. عەلی ئەحمەد سەعید)) یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی عەرەب لە سەدەی بیستەمدا شیعرەکانی لە نیشتمانی عەرەبییەوە بەرەو ئەوروپا و ولاتە یەکگرتووەکان هەنگاویان ناوەو بۆتە یەکێك لەو شاعیرە عەرەبانەی کە ناوبانگی زۆری لە دنیادا پەیدا کردووە، لە سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا قۆناغی تازەگەری نوێی هێنایە ناوەوە و لەسەر دەستی ئەو قەسیدەی عەرەبی بەرەوی سەند.ئەدۆنیس لەسالی (1946) دەچێتە خزمەتی سەربازییەوە، چەندان جاری دیکەش قسەی لەو مەسەلەیە کردووە، پاشان بەهۆی ئینتمای سیاسییەوە، سالێك بەبێ مەحکەمە زیندانی دەکرێت، ئینجا بەرەو لوبنان کۆچ دەکات و لەدوای خۆیدا نیشتمانێك جێدەهێلێ کە بەهەقیقەت بۆ ئەو وەك گۆڕستانێك دەهاتە بەرچاو، پاشان لەوێ لە (لوبنان) لە دانیشگای (قەدیس یوسف) لێکۆلینەوە لەبارەی فەلسەفەی ئەلمانی دەخوێنێ و دکتۆرای دەولەتی لە سالی (1973) بەدەست دەهێنێ کە پاشان کتێبی بەناوبانگی (ستاتیك و دینامیك)ی لێ دەکەوێتەوە.

وەك چۆن ناوی ئەدۆنیس بە قەسیدەی (پەخشان) و قەسیدەی (خەونبینی)وە دەلکێ، بەهەمان شێوەش مندالی بە قەسیدەیەکەوە

بەند بوو، ئەگەر ئەو قەسیدەیە نەبووایە ئەو شاعیرە گەردونییەی لێ نەدەکەوتەوە. رەنگە هەر جوتیارێکی ساکار بووایە و لە گوندەکەی خۆی (قەسابین) زەوی کێڵابووایە، بەڵام دوای سەربەخۆیی سوریا ساڵی 1944 (شوکری قوەتلی) سەرۆکی سوریا جەولەیەك بۆ سەردانی ناوچەکانی دەورووبەری (قەسابین) دەکات. کاتێك (عەلی ئەحمەد سەعید) بەم جولەیە دەزانێ، بڕیار دەدا قەسیدەیەك بنووسێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سەرۆکی سوریا بیخوێنێتەوە، بۆیە لە ڕۆژی دیاری کراوی هاتنی (قوەتلی) بۆ شاری (جەبلا)ی دەوروبەری گوندی (قەسابین) ئەدۆنیس گوندەکەی خۆیان جێدەهێلێ و بەپێ ڕێگا دەبڕێ، دوای ماندووبوون و ئازارێکی زۆر بە (جەبلا) دەگات، بەڵام بە پێڵاوێکی قوڕاوی و قومبازە تەڕەکەیەوە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێك لە پێشەوایانی ناوچەکە بەهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ باوکیدا هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی لەو بۆنەیە دەری بکات، بەڵام سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و قەسیدەکەی دەگاتە دەست سەرۆك، ئەویش زۆر پێی سەرسام دەبێ و پاشان بانگی دەکات و لە هەواڵ و داواکاری و ئاواتەکانی دەپرسێ، ئەویش پێی دەڵێت دەمەوێ فێر بم، سەرۆك پەیامی جێبەجێکردنی ئاوات و داواکانی پێدەدا، وەك چۆن خۆی لە خەیاڵیدا دروستی کردبوو. قەسیدەیەك هەموو ڕێچکەکانی ژیانی دەگۆڕێ و وای لێدەکات زەمەن لای ئەو زەمەنی داهاتووبێت، (2)

ئـەدۆنیس لـە سـاڵی (1956) یەکـەمین شـیعری خـۆی لـە ڕێگـەی گۆڤاری (ئاداب) دەخاتە بەردەستی خوێنەرانـەوە یـەکێکیش لـە شـیعرە بەناوبانگـەکانی ئـەو کـاتی (قالـت الارچ) بـوو، کـە لەسـاڵی (1949) لـەدوای لـە سـێدارەدانی (ئـەنتۆن سـەعادە) لـە بـەیروت نووسـی، بـەڵام لەسـاڵی (1954) لـەدوای نووسـینی قەسـیدەی (**الفـراغ**) سـیماکانی شیعری ئەو بەدەرکەوت، ئینجا دوای قەسیدەی (**البحـپ و الرمـاد**) لـە سـاڵی (1957) و قەسـیدەکانی دواتـری چـەمکێکی نـوێی بـۆ مـرۆڤ و دنیـا دامەزرانـد، کـە دواجـار بـە کۆمەڵـە شـیعری (**مهیـار الدمشـقی**)دا گوزەری کرد، پاشان (زمن الشعر) کەلەساڵی (1972) بـڵاو کـردەوە لـە ڕەخنەی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا ڕێچکەیەك بوو.

لەساڵی (1976) بەهۆی شـەڕی نـاوخۆ (بـەیروت) ی بـەجێ هێشـت، وەك ئوستادی میـوان لـە دانیشـگای (سـۆربۆن) لـە کۆلێـژی (دوفـرانس) هـەروەها وەك نێراوێکـی داواکـراو لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکان لـە زانکـۆی عـەرەبی لـە (یونسـکۆ) مایـەوە پاشـان شـەش سـاڵ لـە زلنکـۆی (جـنین) درێژەی پێدا.

## ئەدۆنیس لە لە میوانخانەی چوار چرا- هەولێر
## 2009/4/21

### ئەدۆنیس و تازەگەری

لە شیعردا دنیا پارچە پارچە ناکرێت، بەلاٌم چۆن دەتوانیت لە شتە بچوکەکان و گەورەکان مەسەلەی گەورەی شیعریی دروست بکەیت؟.

چۆن ئەو دوو مەسەلەیە تا ئەو ئاستە بەرز دەکەیتەوە کە وەك یەك بکەونەوە، چۆن ئەو دوو ئاستە بەیەك دەگەیەنیت؟. داهێنان ئەو تەعبیرە گەورەو ئەو فەزا کراوەو قووڵەیە کە بەردەوام ناسنامەی خۆی بە رووی هەموو دنیادا والا دەکاتەوە.
من لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا پێموایە دەژیم و لە پرۆسیسەکردنی تازەگەریدام، بۆیە دەڵێم ئەوەی کە زۆر گرنگە کۆمەڵگە و ئەو رۆشنبیرییەیە کە ئینتمای دەکەین، بەمجۆرە پەیوەندی کۆمەڵگا بە تازەگەرییەوە پڕ بایەخترە لە پەیوەندی تاك بە تازەگەرییەوە. لەبەر هەندێ بە بڕوای من هەتا ئێستا چەمکی شیعریی بە مانا نوێیەکەی گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە، بەو مانایەش شیعری نوێ جگە لە هەندێ سەرکێشی و بەخششی کەم نەبێ، ئەسڵەن وجودی نییە.
کاتێك لە بارەی گوڵێکەوە دەنووسم وەك ئەوە وایە تەواوی باخچەکان بنووسمەوە، لە رێگەی گوڵێکەوە خۆشەویستی خۆم بۆ تەواوی باخچەکان دەخەمە روو. کەواتە ئەرکی شاعیر ئەوەیە لە بەیەکداچوونی شتەکاندا بتوانێت سەرپشك بێت، بتوانێت کەشفی نهێنیی شتەکان بکات.

## ئەدۆنیس و تەمومژی

مەسەلەی تەمومژی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وجودی هەیە، هەتا لە دەقی ئاییینی پیرۆزیشدا. کەواتە تەمومژ هەر تەنها لە شیعردا ناوەستێ، بەڵکو مەسەلەیەکە لە هەموو بوارە مەعریفی و زانستەکاندا هەروەها لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا وجودی هەیە. دەشێ تەمومژ لە شیعردا هەڵگری تایبەتمەندییەك بێت، من پێموایە گرفتەکە لە تەمومژدا نییە، بەڵکو لە روونیدایە. چونکە روونی مەسەلەکان

سەرئاو دەخات، شتە باوو ترادیسیۆنەكان قوڵ دەكاتەوە هەروەها لاسایكردنەوەیەكی پێچەوانەئامێزی بزوتنەوەی فیكری و بزوتنەوەی ئیبداعی دەچەسپێنێ. ئایا پێویستە مرۆڤ هەموو شتێك دەرك بكات و بزانێت، چۆن مرۆڤ هەموو شتێك دەرك دەكات؟! هەڵبەتە خۆشبەختانە ئەوە ناتوانێت. كەواتە مەسەلەی تەمومژی مەسەلەیەكی ئاساییە، ئیشكالیەت لە روونیدایە، نەك تەمومژی. دەبێ پرسیار ئەوە بێت كە روونی چمان پێشكەش دەكات.

## ئەدۆنیس و تەسەوف

پێموایە دەبێ هەوڵبدەین تەسەوف لەو شتە باوانە بكەینەوە، ئەو باوەی كە پێیوایە تەسەوف بەشێوە ئایینییەكەی دەروێشایەتییە و دابڕانە لە دنیا. وەك چۆن لە هەندێ تەیویلاتدا پێیانوایە دژ بە ئایین دەوەستێ، بۆیە سۆفیستەكان بە كافر ناو دەبرێن. كەواتە هەنگاوی یەكەم دەبێ تەسەوف لەو یادەوەرییەی بكەینەوە كە دەوری داوە، لەو یادەوەرییە رزگاری بكەین، چونكە من پێموایە ئەو یادەوەرییە كەموكوڕی و بەدحاڵیبوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەو یادەوەرییە دەیەوێت ئەو بزوتنەوە فیكرییە قوڵەی نێو ئیسلام ئابلۆقە بدات! تەسەوف بە مانا هەقیقەیەكەی لە فەلسەفەش قوڵترە. كەواتە تەسەوف بە هەموو ماناكانییەوە شۆڕشێكی مەعریفی بوو. بەلام چۆن ئەو شۆڕشە مەعریفییە دەركەوت؟ لێرەدا من وەك هەڵسەنگاندن قسە ناكەم، بەڵكو وەك وەسفكردن قسەی لێدەكەم،

دەشێ لەو قسەکردنەش هەندێك لە ئامادەبووان دووچاری سەرسامی بن.

یەکەم: تەسەوف چەمکی خوای لە ئیسلامدا گۆڕی، چەمکی خوا لە ئیسلامی عەقیدەخوازی ئەرسەدۆکسی هێزێکی رووت و دابڕاوە لە مرۆڤ و دنیا.. بەڵام تەسەوف دەڵێ نەخێر خوا بەشێکە لە دنیا بە دوو شێوە: یەکەم مرۆڤانەیە، واتە دەشێ خوا لە مرۆڤدا بەرجەستە بێت. ئەوەش حەللاج تەعبیری لێکردووە کە دەڵێ "ما في جبتي غير الله او انا الحق" هەر لەو رێگەیەش ژیانی خۆی دانا.

دووەم شێوە وجودییەکەیە، ئەوەی کە بە یەکێتی بوون ناوزەد کراوە، ئەوەی لەو بارەشەوە قسەی کردووە (ئیبن عەرەبی)یە. بەمجۆرە گۆڕینی تێگەیشتنمانە بۆ خوا یەکەم رووخساری شۆڕشی مەعریفی سۆفیستە لە رۆشنبیریی ئیسلامیدا. هەر لەو گۆڕینەشەوە کۆی شتەکان دەگۆڕێن...بەمجۆرە گۆڕینی پەیوەندی مرۆڤ بە خواوە ناکەوێتە نێو شەرعی دیارەوە، بەڵکو دەکەوێتە دووتوێی ئەزموونی رۆحی دیاریکراوە، یان ناوەوە.. سۆفیستەکان لە جێگەی شەریعەت هەقیقەتییان راست کردەوە. ئەوەش بە شۆڕشی دووەم لە ئاستی رێکخستنی ژیان و پراکتیزەکردنەوە دەردەکەوێت. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە مەعریفە هەر تەنها لەسەر دەق نەوەستاوە وەك ئیسلامی عەقیدەخواز و ئەرسەدۆکسی فێری کردووین، بەڵکو دەکەوێتە سەر ئەزموون.. مەعریفە ئەزموونە، نەك دەق. دەشێ بزانین ئەو گوتەیە رێگەی مەعریفەی ئێمەی تا چ رادەیەك بەرەو دەقی ئایینی گۆڕی،

بەو مانایەش مەعریفە سەرچاوەی لە رابردوودا نییە، جا ئەو رابردووە هەرچی بێت، دەق بێت یان ئەوەی لە دەرەوەی دەقەوە پراکتیزە دەکرێت. مەعریفە تەنها کەشفکردنی بەردەوام نەبێت، هیچ سەرچاوەیەك بە سەرچاوەی خۆی ناژمێرێت. کەواتە مەعریفە دەکەوێتە پێشمان و ئاسۆیەکی بێ کۆتاییە، داهێنانی بەردەوامە، نەك تەلقین. خاڵی چوارم ئەوەیە کە هەقیقەت بۆماوە نییە، لە پێشینان بۆمان نەماوەتەوە، بەڵکو لەسەر ئەزموون و کەشفکردنی بەردەوام وەستاوە. هەقیقەت لەدواوە نایەت بەڵکو لە پێشمانەوەیە. خاڵی پێنجەم کە گرنگی زۆری لای من هەیە ئەویش مەسەلەی ناسنامەیە.. ئێمە بە رۆشنبیرییەك پەروەردەکراوین، کە پێمان دەڵێت: ناسنامە بە وراسە بۆمان ماوەتەوە، وەك چۆن موڵك لە باوانەوە بە وراسە بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە. پێمان دەڵێت ناسنامە: لە رابردووەوە بەرەو ئێستا دەگوازرێتەوە.

بەلام هەڵبەتە تەسەوف ئەوە نییە کە موسڵمان بیت، بەڵکە ئەوەیە کە چۆن موسڵمانێکی، بەو مانایەش ناسنامەی من ئەوە نییە کە موسڵمانم، بەڵکو لە چۆنێتی موسڵمانبوونی مندایە. بەمجۆرە ناسنانەمەش بە وراسە بەجێنامێنێ، بەڵکو بەردەوام دادەهێنرێت. ناسنامە داهێنانێکی بەردەوامە و مرۆڤ دایدەهێنێ، وەك چۆن فیکر دادەهێنێ. ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە زۆر بەرەو پێش چووە تا دەگاتە ئەوەی من لە خودی مندا نییە، منی من لە نەفسی مندا نییە، بەڵکو لە ئەویدیکەدایە، ئەویدیکە منە... بۆ ئەوەی بە خودی خۆم بگەم

پێویسته به ئەویدیکەدا بڕۆم. کەواتـه ئەویدیکـه هـەر تـەنها ڕەگـەزێك نییه بۆ گفتوگۆکردن، بەڵکو بووە ڕەگەزێك بـۆ پێکهێنـانی خـودی مـن، خود تەنها لەڕێگەی ئەویدیکەوە نەبێت هیچ بوونێکی نییه.

## ئەدۆنیس و عەبدوڵلا غەزامی

عەبـدوڵلا غـەزامی پێیوایـه لـه دەقـی مـن و قـەبانی گەڕانەوەیـەك بـۆ نێرایەتی هەیـه. ئـەو نێرایەتییـەش دوورکەوتنەوەیـه لـه مەسـەلەکانی کۆمـەڵگا... هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش بـه کۆنەپەرسـت تاوانبارمـان دەکات.

بـەڵام بـه داخـەوە مـن دەڵـێم مامۆسـتا غـەزامی نـازانێ نێرێتـی لـه تەقلیـدی عەرەبیـدا چ مانایـەك دەگەیـەنێت. نێرێتـی لـه تەقلیـدی عەرەبی کۆندا مانای منایەتی و تاکێتی و خـودێتی... ناگەیـەنێت. وەك چۆن تێیگەیشتووە، بـەڵکو مانـای نووسـینی شـیعره بـەپێی بنچـینه و ڕێسای دیاریکراو که (مـەرزوقی) ڕاڤـەی کـردووەو بـه سـتوونی شـیعری نـاوی بـردووە. نێرێتـی لـه تەقلیـدی عەرەبیـدا ئەوەیـه کـه بـەپێی ستوونی بنەڕەتی شیعر بنووسی که لای عـەرەب ناسـراوە، نـەك تـاکێتی و ئەنانییەت... هتد. خـاڵی دووەم غـەزامی بـەدوای ڕەهـادا دەگـەڕێت و دیاردەکـه لـه دەرەوەی چوارچـێوەی مێژووییـەوە سـەیر دەکـات. بـەڵام وەك دیاره ئێمه له قۆناغ و ڕۆشنبیرییەك پەروەردە بووین که پێیوایـه هەقیقـەت جەماعییـه نـەك فـەردی، بـەو مانایـەش تـاك وجـودی نییـه تەنها وەك لقێـك نـەبێ لـەو دارەی کـه پێـی دەگوترێت گـەل. بـەمجۆره بیرورا و هەقیقەت بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییه ئەوەیه که گـەل یـان کۆمـەڵ

دەیخاتە روو. من لەو بڕوایەدام کە ئێمە لە قۆناغێکی مێژووییداین کە هەڵە تاك نایکات، بەڵکو گەل یان کۆمەڵ دەیکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەو قۆناغەدا دەشێ تاك و خودێتی و ئازادی تاك بەرجەستە بێت، هەر لەوێشەوە دەشێ ئەو بونیادە داخراوە بڕوخێنین کە لەسەر کۆ یان گەل و کۆمەڵگا درووست بووە. بە بڕوای من رووخاندنی ئەو بونیادە کارێکی دواکەوتووانە نییە وەك غەزامی لێیحاڵیبووە. هەڵبەتە رووخاندنی ئەو بونیادە کارێکی پێویست و بنەڕەتییە، نەك هەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بەڵکو بۆ نوێکردنەوەی فیکر و ژیان.. لێرەدا هەرچەندە لەگەڵ بونیادی کۆ، بونیادی کۆمەڵگا و ئەو بونیادەی کە خودێتی تاك دەهاڕێ دژ بکەوینەوە، ئەوەندە لە گۆڕان و نوێکردنەوە نزیك دەبینەوە... بەڵام نازانم ئەو نزیك بوونەوەیە بۆ لای غەزامی بە کۆنەپەرست ناودەنرێت؟!

## ئەدۆنیس و کەلەپوور

من پێموایە کەلەپووری عەرەبی بەشێکی بچووکی کەلەپووری ئەو ناوچەیە پێکدەهێنێ، کە هەر لە سۆمەرییەکان تا فینیقیەکان دەگرێتەوە. کەلەپووری ئەو ناوچەیەش لێکجیا نابێتەوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ بە زمانی عەرەبی تەعبیر لەو کەلەپوورە مەزنە دەکرێت (بەڵام مانای ئەوە نییە کە بەر لە زمانی عەرەبی فەرامۆش بکەین) هەڵبەتە کەلەپووری گەورەی ئەو ناوچەیە لە ژیاری گەردوونیدا پڕشنگی خۆی هەبووە.

بەداخـەوە کـە لـە قۆناغـەکانی دواییـدا ئـەو کەلـەپوورە مەزنـەمان فـەرامۆش کـرد، دواتـریش ئاوڕدانـەوەمان کەوتـە ژێـر پاڵەپەسـتۆی مێژوونووسانی خۆرئـاوا... مێژوونووسـانی خۆرئـاوا دوای دراسـەکردنی ئــەو کەلــەپوورە مەزنــە بایەخەکــەیان راگەیانــد، بــە تایبــەتی دراسەکردنی هونەر لای سۆمەرییەکان و بابلییەکان.. بـەلاّم ئێستا ئـەو هونـەرە بۆتـە بۆمـاوەی مرۆڤایـەتی نـەك گـەلێکی دیاریکراو. بـەمجۆرە کەلەپووری عەرەبی دەبێتە بەشێك لەو کەلەپوورە مەزنە.

## ئەدۆنیس و دوای تازەگەری

مـەرج نییـە هـەموو ئـەوەی لـە رۆشـنبیریی خۆرئـاوا راسـت بێـت، لـە رۆشـنبیریی عـەرەبیش راسـت بکەوێتـەوە. فیکـرەی دوای تازەگـەری لـە رۆشـنبیریی عـەرەبی راسـت نایەتـەوە، چـونکە رۆشـنبیریی عـەرەبی لـە بنەڕەتدا پێش تازەگەرییـە، پـێش تازەگـەریش دوای تازەگەرییـە. بـەلاّم دوای تازەگـەری لـە خۆرئـاوا زاراوەیەکـە بـۆ دەرچـوون لـە مـۆرکی تـەکنیکی بـەکار دێـت، کـە خـودێتی تـاکی هاڕی، وەك چۆن پەیوەنـدی مرۆڤـی بـە خـەون و ئەفسـانەو دنیـای نـاوەوە و سرووشـتی زینـدوو پچڕان...

گەڕانــەوە بــۆ دوای تازەگــەری و داواکردنــی دوای تازەگــەری لــە رۆشـنبیریی خۆرئاواییـدا بـۆ ئەوەیـە کـە ئاسـۆیەکییان بـۆ والاّ بێـت ئاسۆیەك زیاد لە پێویست ئازاد... بەلاّم ئێمـە لـەپێش تازەگەرییـداین و نەچـووینەتە ناوییـەوە، بۆیـە پێویسـتە شۆڕشـی تازەگـەری لـە خـودی کۆمـەڵگادا تـەواو بکـەین... بـەو مانایـەش هـەتا ئێسـتا تازەگـەری لـە

کۆمەڵگای عەرەبیدا تەگەرەی زۆری لەپێشدایە، بەڕای من بەشێوەیەکی گشتی تەگەرەی بنەڕەتی لەو بوراەدا ئایینیە.. هەتا نەتوانین دەوڵەتێکی مەدەنی وکۆمەڵگایەکی مەدەنی درووست بکەین، کە ئایین لە دەوڵەت جیا بێت... ناتوانین بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بگەین. کەواتەئەگەرچی کۆمەڵێك تازەگەری لای تاکەکان لە شێوە تیۆرییەکەدا دەبینرێت، بەڵام تازەگەرییەکی گشتگیر و تەواو لە کۆمەڵگایەکدا کە مەدەنی نییە، نەشیاو دەکەوێتەوە.

## ئەدۆنیس و ئافرەت

من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەدەبێك هەبێ بە ناوی ئەدەبی ژنان و ئەدەبێك هەبێ بە ناوی ئەدەبی پیاوان، بەڵکو بەردەوام بڕوام بە خروقات هەیە. وەك چۆن خروقات لە نووسینی پیاواندا هەیە، بە هەمان شێوە لە ئەدەبی ئافرەتانیشدا دەبینرێتٍ. ئەدەب یەك شتە، بێ ئەوەی دیاری بکرێت. ئافرەتیش بوونەوەرێکە وەك پیاو، وەك پیاو بە قووڵی بیر دەکاتەوە.. ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت، بەو مانایە نییە کە توانای لە پیاو کەمترە، بەڵکو توانای لە پیاو زێترە و بەشێوەیەکی بەرفرەوان هەست بە شتەکان دەکات، دەتوانێت باشتر لە پیاو لە شتەکان بگات. من لەو بارەوە مەیلم بەرەو ئافرەت دەچێ. بۆ نموونە کاتێك رۆمانەکانی (فیرجینا ولف) دەخوێنمەوە، هەست بە مێیایەتی ئەو ناکەم، بەڵکو هەست بە لایەنێك لە شیعرییەتی نووسینەکانی دەکەم کە لای پیاوان کەمتر

دەیبینم، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە نووسەرێکی مێیە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە نووسەرێکی گەورەیە.

**ئا: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا**

**کوردستان-هەولێر/ ئێوارەدانیشتنێك لە میوانخانەی چوار چرا**

**2009/4/21**

## ئەدۆنیس:

## لە زانکۆی سەلاحەدین-بەشی زمانی عەرەبی- هەولێر

## کاتژمێر (11-12) بەیانی- 2009/4/21

### وەڵامی کۆتایی لای من نییە، وەك چۆن هەڵگری هیچ هەقیقەتێکی دیاریکراویش نیم

(1)

ئایا کاتێك گوڵێك دەبینین، کاتێك سەیری سرووشت دەکەین، یان تەماشای ئاسمان دەکەین، راستەوخۆ تێیدەگەین.. ئایا ئەو شتانە قابیلی تێگەیشتنن یان قوڵبوونەوە؟

هەموو شتە جوانەکان، هەموو شتە مرۆییەکان، بەجۆرێك لە جۆرەکان تەمومژاویی دەکەونەوە. بەلاّم تەمومژییەکی شەفافانە، هەڵبەتە ئەگەر بشێ تەمومژی بە شەفاف وەسف بکەین.

جیهان بۆیە خۆی بۆمان نمایان دەکات، تاکو هەوڵی لێوردبوونەوەی بدەین، نەك بۆ تێگەیشتن. من لەو بڕوایەدام ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو لە شتەکان بگات، یان لەخۆی بگات، ئیتر لەوێوە مرۆڤایەتی مرۆڤ دادەخرێت.. مەحاڵە مرۆڤ بەشێوەیەکی بنبڕ لە هەموو شتێك بگات، ئەوەش یەکێکە لە خۆشبەختییەکان، وەك چۆن لە خۆشبەختی زمانیشدایە، چونکە کاتێك زمان یان مرۆڤ دەیەوێت هەموو شتێك بڵێت، ئەوە کۆتایی مرۆڤ و زمان دەگەیەنێت. دنیا لەبەرامبەرمان ئاسۆیەکی کراوەیەو کۆتایی نایەت... هەر تەنها دوو لایەن هەن کە بەردەوام بانگەشەی تەواوی تێگەیشتن و زانین دەکەن: یەکەمیان ئایینگەراکان و دووەم ئایدیۆلۆژخوازانن.. من لە هیچ یەکێك لەوانە نیم، بەڵکو مرۆڤگەرام و مرۆڤایەتیم مەبەستە. ئەهلی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش بەردەوام پرسیار دەخەنەوە، جا ئەو پرسیارە بەرەو ڕووی دنیا بێت یان بەرەو ڕووی خودی مرۆڤ بکرێتەوە. دەمەوێت بڵێم ئەوە ئەهلی ئایدیۆلۆژیا و ئایینن نێرگزییەت دەکەنە بالآنمای خۆیان، چونکە هیچ شتێك لە دەرەوەی بیروڕاکانی خۆیان نابینن.. ئەهلی پرسیار هەمیشە خۆیان بەبەشێك لە مرۆڤ و دنیا دادەنێن.

ئێمە لەسەر ئاستی هەست، لەسەر ئاستی عەقڵ و لۆژیك لەبارەی هەندێك شتەوە تەباین، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوەی بە نەست ناوی دەبەین، هیچ شتێکی هاوبەش بەیەکەوەمان نابەستێتەوە. هونەر و ئەدەب دەکەونە دووتوێی نەستەوە.. دەکەونە دووتوێی چینێکی چەپێنراوو بەپەراوێزکراوی کەسێتی مرۆڤەوە. کەواتە دەشێ ئەوەی لەنێوان ئێمەوە هاوبەش دێتەوە مەسەلە سیاسی و ئابوری و نەتەوەییەکان بێت، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە قوڵ دەکەونەوە مەسەلەی فەردیین.

بەمجۆرە کاتێك شاعیرێك دەنووسێت (هەڵبەتە من بەنسبەت خۆم قسە دەکەم) یان کاتێك دەنووسم بۆ ئەوە دەنووسم بزانم من کێم؟ بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەو پرسیارەوە ئەویدیکە ناس بکەم، چونکە بەنسبەت شاعیر ئەویدیکە کرانەوەی ئاسۆ و بەدواداچوون دەگەیەنێت، نەك فیکری ئامادەکراوو دیاریکراو... لێرەدا هەموو ئەو فیکرە ئامادەکراوو شۆڕشگێرو نیشتمانیانەی کە ئێمە قسەی لێدەکەین بۆ هەمووانە و لای هەمووان روون و ئاشکرایە. بەڵام کاتێك پرسیار لە خۆمان و لە بوونی خۆمان دەکەین.. کاتێك پرسیار لە چارەنووس و خۆشەویستی و ئازادی و هەقیقەت دەکەین، هەر یەك بەپێی خۆی وەڵامی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر لەوێشەوە شتەکان دەگۆڕێن، ئەوەش راستەوخۆ پەیوەندی بە خوێندنەوەی هەر خوێنەرێکدا هەیە، هەر لەوێشەوە خوێندنەوە دەبێتە جۆرێکی دیکەی نووسین، خوێنەریش دەبێتە داهێنەرێکی دیکە.

لێرەوە هیوادارم خوێنەرانی من، لە ئاستی من بەرزتر بیر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن وەك داهێنەرێکی دیکەی جیاواز بێنە نێو دەقەکانمەوە، نەك وەك بەکاربەرێك بکەونە ژێر ئەوەی کە من دەیلێم. من هەرگیز نامەوێت شتەکانی خۆیان پێبفرۆشمەوە، دەمەوێت ئاسۆیەکی دیکە بۆ بیرکردنەوەکانیان والا بکەم.. ئاسۆیەکی نوێ بۆ لێخوردبوونەوەکانیان. بۆیە بەڕای من پێویستە دووبارە چاو بە مانای خوێنەردا بخشێنینەوە، وەك چۆن دەبێت دووبارە چاو بە خودی داهێناندا بخشێنینەوە.

خوێندنەوە داهێنانێکی دیکەیە، من لەو بڕوایەدام کە یەکێك لە گرفتەکانی نێو رۆشنبیریی بەگشتی ئەوەیە کە چۆن بخوێنینەوە، گرفتەکە لە خوێندنەوەیەدایە، نەك نووسین. داهێنەری گەورە هەن، بەلام نەخوێنراونەتەوە. کەواتە گرفتەکە لە داهێناندا نییە، بەڵکو لە خوێندنەوەو ئاستەکانی خوێندنەوەدایە.

(2)

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کە لە دنیای رۆشنبیریی دەبینرێت ئەوەیە کە شیعر وەك بلاوکردنەوەو خوێندنەوە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. هەندێك هەن ئەو دیاردەیە بە رۆشنبیریی دیکەوە بەند دەکەن، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر پێداویستییەکانی خۆی لێوە بەدەست دەهێنێت، لەوانەش رۆمان، سینەما، گۆڤاری وێنەدار، تلفزیۆن، سەتەلایت... وەك چۆن لەرووی مادی و مەعنەوییەوە زۆر ئاسانتر لەو رێگەیەوە بە چێژ و خۆشی دەگەین، بێ ئەوەی

ماندووبوونی زۆر بکێشین... کەواتە رۆشنبیریی ئەمڕۆ زێتر بەرەو بەکاربردن دەچێت. هەندێکی دیکە هەن ئەو گەڕانەوەیە بۆ بەرەودوا گەڕانەوەی پرسیاری مرۆیی دەبەنەوە، ئەو پرسیارە کەینونەیی و وجودییانەی کە مرۆڤ رووبەرووی خۆی و دنیای دەکردەوە... بەبڕوای من وێڕای هەموو ئەو لێکدانەوانە، شیعر ئەگەرچی لە ئاستی ئاسۆگەری بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەگەر خوێنەرانی ئەمڕۆ بە خوێنەرانی دوێنێ بەراورد بکەین، دەبینین ئەوەی شیعر لەرووی ئاسۆگەرییەوە دۆڕاندوویەتی لەرووی ستوونگەری و قوڵییەوە بردوویەتییەوە، چونکە خوێنەری شیعری ئەمڕۆ رۆشنبیرییان زێترەو زیاد لە پێویست لە مەسەلەکان قوڵ دەبنەوە، بۆیە لەرووی رەهەندی شیعرییەوە رەنگدانەوەی باشترییان تێدا دەبینرێت.

کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ شیعر لە روویەك لە رووەکان دۆڕاندوویەتی، لە روویەکی دیکە بە بردنەوە بۆی دەژمێردرێت. ئەو بردنەوەیەش دەبێتە ئەلتەرناتیفی دۆڕانەکەی.. دەشێ لێرەوە ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو ئەوەی کە قوڵ و ریشە ئامێزە بە شێوە ئاسۆییەکەی بلاّو نابێتەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەشێوە ئەسڵی و ستوونییەکەی لەخودی مرۆڤایەتیدا قوڵ دەبێتەوە، ئەوەش راستەوخۆ پەیوەندی بە خوێندنەوە دەکات، ئەوەش جەختکردنە لەوەی کە خوێندنەوە داهێنانێکی دیکەیە.

هەڵبەتە هەندێك پێیانوایە شیعر مەعریفەیە، وەك چۆن هەندێکی دیکە دەڵێن شیعر هەر تەنها چێژێکی جوانئامێزە. من لەوانەم کە

شیعر بە مەعریفەیەك لە مەعریفە بەرزەكانی مرۆیی دادەنێم. بەلاَم پێش ئەوەی ئەو قسەیە بكەم دەمەوێت بڵێم ئەو دوو ناساندنە لەدوای دەقی قورئانی بلاَو بۆتەوە. چونكە لەپێش دەقی قورئانی شیعر بە دیوانی عەرەب ناودەبرا.. ئەو كات شیعر هەموو شتێكی دەگوت چ سرووشتی و چ ئەوانەی دەكەونە میتا سرووشتەوە. بە مانایەكی دیكە شیعر هەڵگری هەقیقەت بوو، هەقیقەتیش مەعریفە بوو. هەڵبەتە شیعر زیاد لەوەشی دەگوت و دەبووە ناوەندیارێك لەنێوان خۆی و ئەو دنیایەی كە هەقیقەتەكانیان لێ تەواو دەبوو... بەلاَم دوای هاتنەخوارەوەی سرووش (وەحی) ئیتر دەقی قورئانی شیعری لە گوتنی هەقیقەت دابڕی و دەقی قورئانی گوتی ئەوەی كە هەقیقەت دەڵێ پەیامبەرو پەیامبەرێتییە، نەك شیعر. دنیای شیعر هەر تەها دنیای سۆز و چێژو خۆشییە. لەو كاتە واتە لە پەنجا ساڵی بەرایی هاتنەخوارەوەی وەحی، شیعر بەرەو دواوە گەڕایەوە، بەلاَم دواتر، دوای درووستبوونی دەوڵەتی ئومەویی، ئیتر شیعر دووبارە شوێن و پێگەی خۆی ئامادەكردەوە. چونكە دەوڵەتی ئومەویی بە تەواوی بنچینەكەی گۆڕی، واتە لەبری ئەوەی هەموو شتێك لە خزمەت ئایین دابێت، ئایینی كردە ئەوەی لە خزمەت هەموو شتێك دابێت، لەپێش هەمووشیانەوە سیاسەت و دەسەلاَت.. بەمجۆرە ڕۆڵ و بایەخ و گرنگی بۆ شیعر گەڕایەوە.

شیعر بەدرێژایی مێژوویی عەرەب، گوێی بۆ دەقی قورئانی نەگرتووە. ئەو دیاردەیە بە تایبەتی لە زانكۆكانی بەشی عەرەبی پێویستە دەرك

بکرێت. چۆن شیعر له هەموو مێژوویی خۆیدا سەری بۆ دەقی قورئانی شۆڕ نەکردووە؟ لەلایەکی دیکە چۆن عەرەب ئەو یاخیبوونەیان قبوڵ کردووە؟ هەڵبەتە ئەو دیاردە دەگمەنەی مێژوو دراسە نەکراوە. بەمجۆرە وەك چۆن لەکاتی هاتنەخوارەوەی سرووش دەقی قورئانی شیعری پەراوێز خست، بە هەمان شێوەش شیعر دەقی قورئانی پەراوێز خستووە. دواجار ئەو سەربەخۆییەی شیعر گەیشتە ئاستێك کە (ئەبو عەللای مەعەری بڵێت (اپنان اهل الارچ ژو العقل بلا دین و ێخر دین لا عقل لها) کۆمەڵگای عەرەبی ئەو کات و ئێستاش ئەو گوتەیەی قبوڵ بووە.. لەوێشەوە مەعریفە لە بەرژەوەندی شیعر سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو شیعریش بۆتە جۆرێك لە مەعریفە. ئەگەرچی مەعریفەی شیعری بە جیاواز سەیر دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەکە لە شێوەکانی مەعریفە.

بەبڕوای من یەکێ لە هەڵە گەورەکانی ئایینخوازان ئەوەیە کە دەقی قورئانی تەنها بەو وەسفە دەخوێننەوە کە شەرع و فیقهە، نەك بەو وەسفەی کە کتێبێکی رۆشنبیرییە. قورئان دەقێکی رۆشنبیرییە، هەموو رۆشنبیرییەکانی بەر لەخۆی تێدا کورت کراوەتەوە، هەر لە رۆشنبیریی یۆنانی و یەهودی و مەسیحی و هەتا دەگاتە هەندێك لە رۆشنبیرییەکانی ئارامی و بابلی و سۆمەڕی... کەواتە دەقی قورئانی لە پوختەیەك لە رۆشنبیریی بەر لەخۆی پێکهاتووە. من لەو بڕوایەدام ئەگەر موسڵمانان دەقی قورئانی وەك دەقێکی رۆشنبیریی بخوێننەوە ئەوە زۆر لەبیروڕاکانیان دەگۆڕێت و زێترو قوڵتریش لەو رۆشنبیرییە

دەڕوانن. بەڵام ئەگەر وەك تاكە كتێبێكی دنیا تەماشای بكەن و بیخوێننەوەو هەموو ئەوانەی كە بڕوایان بەو كتێبە نییە، بە كافر ناویان بەرن و بە بەشەرییان نەزانن، ئیتر دەبێ مرۆڤ بەرامبەر ئەو تێڕوانینە هەست بە نامۆیی بكات. بۆیە من داوا دەكەم قورئان بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە كە دەقێكی رۆشنبیرییە، ئەوەش بەو مانایەیە كە دەقێكی مێژووییە. قورئان بۆ خۆی ئەو جۆرە خوێندنەوەمان فێر دەكات. بڕوانن ئێمە وەك موسڵمان چ پەیوەندییەكمان بە پەیامبەرانی (تەورات) هەیە، ئایا (موسا) هیچ قسەیەكی راستەوخۆی لەگەڵ ئێمەدا كردووە.. ئایا (لوت) گوتەیەكی بە ئێمە گوتووە.. یوسف، یەعقوب، چی بە ئێمە گوتووە...

كەواتە بوونی پەیامبەران و رۆشنبیرییەكانی تەورات لە دەقی قورئانیدا دەلالەت لەوە دەكات، كە دەقی قورئانی دەقێكی مێژووییە، هەتا ئەگەر وەك سرووش (وەحی)یش تەماشای بكەین، دەلالەت لەوە دەكات كە دەقی قورئانی لەبەرامبەر دەقەكانی بەر لەخۆی وەك دەقێكی كراوە خۆی دەخاتە روو..

لەسەر ئەو بنەمایە لەبەر ئەوەی دەقی قورئانی دەقێكە بەسەر رۆشنبیرییەكاندا كراوە بووەو هەڵگری مەجازە، بۆیە دەشێ وەك دەقێكی ئەدەبیش سەیری بكەین. بێگومان وەك دەزانن زمانی عەرەبی كە دەقی قورئانی پێهاتۆتە خوارەوە بەگشتی لەسەر مەجاز درووست بووە.. بەڵام هەمیشە موسڵمانان زمانی دەقی قورئانی بەرەو

زمانی پیت دەگوازنەوەو ئەو سەدایەی کە لە ناخی زمانی قورئانیدا هەیە لەناوی دەبەن.

(3)

شیعر لە پایەی یەکەمدا فیکر نییە، بەڵکو زمان و جوانگوتنە. شاعیر فیکرەو بابەت داناهێنێت. بۆ نموونە فیکرەی خۆشەویستی، مەرگ... چ لە سروشت و چ لە میتا سروشت بێت بۆ خۆیان هەن و بەدرێژایی مێژوو شاعیران قسەیان لەو بابەتانە کردووە، بەڵام هەر شاعیرەو رێگەیەکی تایبەتی بۆ تەعبیرکردن لەو بابەتانە هەیە. کەواتە گرنگ ئەوە نییە لەسەر کام بابەت دەنووسیت، بەڵکو گرنگ چۆن ئەزموونی تایبەتی خۆت بەرێگەی تایبەت دەردەبڕیت. گرنگ ئەوە نییە، لەسەر خۆشەویستی دەنووسی، یان لەسەر مەرگ... ئەوە وەك شتێکی گشتگیر، زۆر دەبینرێت. بەڵام ئەوەی بە دەگمەن دەبینرێت شێوە تایبەت و قوڵەکەیە. بە مانایەکی دیکە ئەو گواستنەوەیەی کە شیعر بەخۆیەوە دەیبینێت پەیوەندی بە ئەزموون و قوڵی شاعیرەوە هەیە. زۆر لە شاعیران دێن فیکرەی خۆشەویستی دووبارە دەکەنەوە، وەك ئەوەی خۆشەویستی فیکرە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعر لە پایەی یەکەم وەك گوتم فیکر نییە، بۆیە من ناتوانم قسە لە شیعری کوردی بکەم. چونکە

من کوردی نازانم، لەبەر هەندێ قسەکردنی من لەسەر شیعری کوردی کورتی دێنێت. من شیعری کوردیم لەرێگەی تەرجەمەوە خوێندۆتەوە، چونکە وەك شاعیرێك نەگەیشتوومەتە ئەو

تەرجەمەیەی کە پێی سەرسامم، ئیتر بۆیە بە ناچاری دەبێت قسە لە فیکرەی شیعرەکان بکەم، لەبەر ئەوەی بڕوام بەو قسەکردنە نییە، بۆیە ناتوانم هیچ بیروڕایەك لەو بارەوە بخەمە روو. من ڕێزی شاعیرانی کورد دەگرم و پێمباشە بەرهەمەکانیان بۆ زمانانی دنیا پێشکەش بکەن و تەرجەمە بکەن. ئەو پێشکەش کردنە بایەخی زۆری هەیە، چونکە تەرجەمەکردنی دەق زۆر قورس و گران دەکەوێتەوە. وەرگێر دەبێت زمانی ئەسڵی بە باشی بزانێت، نەك هەر وەك مەعریفەیەکی رۆشنبیریی، بەڵکو وەك مەعریفەیەکی شیعریی، وەك چۆن دەبێت ئەو زمانەش بەباشی بزانێت کە زمانی دووەمە، بەڵام نەك مەعریفەیەکی رۆشنبیریی، بەڵکو وەك مەعریفەیەکی شیعریی. بەو مانایەش هەر تەنها زمان زانین بەشی وەرگێڕان ناکات. تەرجەمەکردن کارامەیی و هونەرێکی بەرزە.

(4)

من بەبێ نووسین ناتوانم بژیم، هەرگیز بیر لە خەڵات ناکەمەوە، چاوەڕێی خەڵات و پاداشت ناکەم. بەبڕوای من پاداشت و خەڵاتی گەورە و گرنگ ئەوەیە کە چۆن بتوانیت دەقێکی جوان و ئیبداعی بنووسیت، یان کتێبێکی جوان بنووسیت، ئەوە بەلای من لە پاداشت خەڵات و گەورەترە. نووسینی داهێنەرانە بۆخۆی خەڵاتێکی مەزنە. چونکە هەمیشە لەپشت پاداشتەوە کۆمەڵێك ئەرزشی جۆراوجۆر هەیە، وەك دەزانن زۆر نووسەری گەورە هەن، خەڵاتیان وەرنەگرتووە، جا هۆیەکانیان هەرچی بێت. دەشێ هۆی خەڵاتەکان لای لێژنەکان

بێت.. دەشێ ئەوانیش لە بڕیارەکانیان ئازاد بن، پێویستە ڕێزییان بگرین.

(5)

من هەمیشە دژی دابونەریت وەستاوم، هیوادارم خەڵکانی دیکەش بەو بۆچوونە بگەن. بەڵام ئەو بۆچوونەش پێویستی بە ماندوو بوون و خوێندنەوەو بەدواداچوون و لێکدانەوەی زۆر هەیە. هەندێك هەن لە بێئاگاییەوە خۆیان بەدژی دابونەریت دادەنێن، بەڵام بێ ئەوەی بزانن لەگەڵ کۆی شتە باوەکان تەبا دێنەوە. بۆیە داوا دەکەم خۆیان ماندوو بکەن و هەوڵی بەدواداچوون و خوێندنەوەو کەشفکردن بدەن، نەك بیروڕای ئەوانیدیکە دووبارە بکەنەوە. بێگومان ئەو دووبارەکردنەوەیە لە تەواوی ڕۆشنبیریی عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت. لێرەوە دەڵێم پێویستە تواناکانی خۆمان پەرەپێبدەین، ئینجا سوود لە توانای ئەوانیدیکە وەرگرین، بەمجۆرەش سوود وەرگرتن لە ئەوانیدیکە بە پلەی دووەم دێت، ئەگەر سێیەم نەبێت.

بێگومان شیعر دنیا ناگۆڕێت، هەموو شیعری دنیا بە قەد گوللەیەکی بێکەڵك ڕێڕەوی مێژوو ناگۆڕێت. شیعر لە شوێنی دیکە، دنیا دەگۆڕێت. کاتێك وەك تاك شیعر دەخوێنیتەوە، دەشێ وەك تاك کاریگەری بەسەرمانەوە هەبێت. وەك چۆن لەدووتوێی ژیانەوە بەپێی کاریگەرییەکان هەندێك لە پەیوەندییەکان دەگۆڕێن... پەیوەندی نێوان وشەو وشە، وشەو شتەکان، دەق و خوێنەر... شیعر لەبەرامبەر وێنە باوەکاندا وێنەیەکی جیاوازمان بۆ دەکێشێت. شیعر هەرچەند بە

باو و تەقلید، نامۆ بکەوێتەوە ئەوەندە توانای بەسەر گۆڕینی پەیوەندییەکانەوە دەبێت، ئەوەندە توانای بەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەو چێژماندا دەبێت.

(6)

ئەگەر دەقی قورئانی وەك نموونەیەك بۆ دەقی هاوچەرخ وەربگرین، دەبینین هەر وێنەیەك لە دەقی قورئانی پیرۆز دەشێ پێکهاتەکەی بگۆڕین. (هیوادارم هەستی هیچ موسڵمانێك بەو قسەکردنانە بریندار نەکەم) دەمەوێت بڵێم دەشێ وێنەی ئایەتی ئاخیر بێتە وێنەی ئایەتی یەکەم.. وەك چۆن ئایەتی پێش ئاخیر بێتە وێنەی ئایەتی ناوەڕاست... بەگشتی لە دەقی قورئانیدا وێنە کۆمەڵێك ئایەتەو دەشێ بەشێوەیەك لە شێوەکان بگۆڕدرێن، بەلاّم وێڕای ئەوەش لەسەر ماناو دەلالەتەکانی خۆیان بمێننەوە، چونکە لە دەقی قورئانیدا وێنەیەك نییە هاوپەیوەست بە ماناکانی ناوەوە بێت، واتە بەشێوەیەکی ئۆرگانی یەکەم بە دووەم و دووەم بە سێییەم و... بەند نییە. وێنە لە دەقی قورئانیدا پێکهاتەیەکی ئۆرگانی نییە، بەڵکو وێنە لە کۆمەڵێك حاڵەت، یان فیکرە پێکهاتووە، بۆیە دەتوانین پێکهاتەی رەگەزەکانی ئەو فیکرانە بگۆڕین بێ ئەوەی گۆڕان بەسەر ماناو دەلالەتەکانیاندا بێت، بەلاّم ئەو گۆڕانکارییە مەحاڵە لە دەقێکی (مالارمێ)دا بکرێت.... یان بۆ نموونە لە (موتەنەبی)دا، چونکە کاتێك ئەو گۆڕانکارییەیان تێدا دەکرێت، تەواوی قەسیدەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و وێران دەبێت.

بەمجۆرە ئەو دیاردەیە بە تایبەتی لە قەسیدەی پەخشاندا دیاردەیەکی نوێیە، هەتا لە تابلۆشدا نوێیە.

ئەمڕۆ کاری ئەدەبی و هونەری وەك باخچە وایە، دەشێ لە هەر دەرگایەك بچیتە ناوییەوە، ئاسۆیەکی کراوەیە، قەلاّیەك نییە، یەك دەروازەی بۆ چوونە ژوورەوە هەبێت، بەڵکو لە هەر لایەك دەکرێ بچیتە ناوییەوە.

بەمجۆرە دەتوانین دەقی قورئانی وەك نموونەیەکی بنەڕەتی بۆ نووسینی نوێ بەرجەستە بکەین. من ئەوە بە قەناعەتی خۆم دەزانم و دەتوانم بەرگری لێبکەم و گفتوگۆی لەبارەوە بکەم.

**ئا: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا**

**هەولێر/زانکۆی سەلاحەدین-بەشی زمانی عەرەبی**

**کاتژمێر (11-12) بەیانی- 2009/4/21**



**هەولێر، نیسانی 2009، پارکی شانەدەر**

## کتێبەکانی ئەدۆنیس

**شعر**

- قصائد أولى، دار الآداب، بيروت، 1988.
- أوراق في الريح، دار الآداب، بيروت، 1988.
- أغاني مهيار الدمشقي، دار الآداب، بيروت، 1988.
- كتاب التحولات والهجره في أقاليم النهار والليل، دار الآداب، بيروت، 1988.

- المسرح والمرايا، دار الآداب، بيروت، 1988.
- وقت بين الرماد والورد، دار الآداب، بيروت، 1980.
- هذا هو اسمي، دار الآداب، بيروت، 1980.
- منارات، دار المدى، دمشق 1976.
- مفرد بصيغه الجمع، دار الآداب، بيروت، 1988.
- كتاب القصائد الخمس، دار العوده، بيروت، 1979.
- كتاب الحصار، دار الآداب، بيروت، 1985.
- شهوه تتقدّم في خرائگ الماده، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، 1988.
- احتفاءً بالأشياء الغامضه الواضحه، دار الآداب، بيروت، 1988.
- أبجديه ثانيه، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، 1994.
- مفردات شعر، دار المدى، دمشق 1996.
- الكتابI ، دار الساقي، بيروت، 1995.
- الكتابII ، دار الساقي، بيروت، 1998.
- الكتابIII ، دار الساقي، بيروت، 2002.
- فهرس لأعمال الريح، دار النهار، بيروت.
- أول الجسد آخر البحر، دار الساقي، بيروت، 2003.
- تنبّأ أيها الأعمى، دار الساقي، بيروت، 2003.
- تاريخ يتمزّق في جسد امرأه، دار الساقي، بيروت، 2007.
- ورّاق يبيع كتب النجوم، دار الساقي، بيروت، 2008.

**الٔعمال الشعريه الكامله**

-الٔعمال الشعريه الكامله، دار المدى، دمشق، 1996.

**دراسات**

- مقدمه للشعر العربى، دار الفكر، بيروت، 1986.
- زمن الشعر، دار الساقى، بيروت، 2005.
- الپابت والمتحول، بحپ فى الإبداع والإتباع عند العرب،

1. الٔصول،
2. تأصيل الٔصول،
3. صدمه الحداپه وسلگه الموروپ الدينى،
4. صدمه الحداپه وسلگه الموروپ الشعرى،

دار الساقى، بيروت، 2001.

- فاتحه لنهايات القرن، دار النهار، بيروت.
- سياسه الشعر، دار الآداب، بيروت 1985.
- الشعريه العربيه، دار الآداب، بيروت 1985.
- كلام البدايات، دار الآداب، بيروت 1990.
- الصوفيه والسورياليه، دار الساقى، بيروت 1992.
- النص القرئنى وئفاق الكتابه، دار الآداب، بيروت 1993.

- النقام والكلام، دار الآداب، بيروت 1993.
- ها أنت أيها الوقت، (سيره شعريه پقافيه)، دار الآداب، بيروت، 1993.
- موسيقى الحوت الآزرق، دار الآداب، بيروت، 2002.
- المحيگ الآسود، دار الساقى، بيروت، 2005.
- كونشيرتو القدس، بيروت - بلومبرغ - باريس تموز اب 2010.

## مختارات

- مختارات من شعر يوسف الخال، دار مجله شعر بيروت، 1962.
- ديوان الشعر العربى،

1. الكتاب الآول، المكتبه العصريه، بيروت، 1964.
2. الكتاب اليانى، المكتبه العصريه، بيروت، 1964.
3. الكتاب اليالپ، المكتبه العصريه، بيروت، 1968.

ديوان الشعر العربى (پلاپه أجزاو)، گبعه جديده، دار المدى، دمشق، 1996.

- مختارات من شعر السياب، دار الآداب، بيروت، 1967.
- مختارات من شعر شوقى (مع مقدمه)، #تحويل دار العلم للملايين بيروت، 1982.

- مختارات من شعر الرصافي (مع مقدمه)، #تحويل دار العلم للملايين بيروت، 1982.
- مختارات من الكواكبى (مع مقدمه)، #تحويل دار العلم للملايين بيروت، 1982.
- مختارات من محمد عبده (مع مقدمه)، العلم للملايين، بيروت، 1983.
- مختارات من محمد رشيد رجا (مع مقدمه)، #تحويل دار العلم للملايين، بيروت، 1983.
- مختارات من شعر الزهاوى (مع مقدمه)، #تحويل دار العلم للملايين، بيروت، 1983.
- مختارات من الإمام محمد بن عبد الوهاب، دار العلم للملايين، بيروت، 1983.

الكتب السته الٓخيره وجعت بالتعاون مع خالده سعيد.

**ترجمات**

- حكايه فاسكو، وزاره الإعلام، الكويت، 1972.
- السيد بوبل، وزاره الٓعلام، الكويت، 1972.
- مهاجر بريسبان، وزاره الإعلام، الكويت، 1973.
- البنفسج، وزاره الإعلام، الكويت، 1973.
- السفر، وزاره الإعلام، الكويت، 1975.

- سهره الّمپال، وزاره الإعلام، الكويت، 1975.
- مسرح جورج شحاده، گبعه جديده، بالعربيه والفرنسيه، دار النهار، بيروت.
- الّعمال الشعريه الكامله لسان جون بيرس،
- منارات، وزاره الپقافه والإرشاد القومى، دمشق، 1976. گبعه جديده، دار المدى، دمشق.
- منفى، وقصائد أخرى، وزاره الپقافه والإرشاد القومى، دمشق، 1978.
- »فهرس لّعمال الريح« (2012) دار "كشب" للشعر، تل أبيب، ترجمه إلى العبريه[3].
- مسرح راسين
- فيدر ومأساه گيبه أو الشقيقان العدوان، وزاره الإعلام، الكويت، 1979.
- الّعمال الشعريه الكامله لإيف بونفوا، وزاره الپقافه، دمشق، 1986.
- كتاب التحولات، أوفيد، المجمع الپقافى، أبوقبى، 2002.
- الّرج الملتهبه، دومينيك دوفيلبان، دار النهار، 2004.

## خەلاّتەكانی ئەدۆنیس

- جائزه الشعر السورى اللبنانى. منتدى الشعر الدولى فى بيتسبورغ، الولايات المتحده 1971.

- جائزه جان مارليو للآداب الّاجنبيه. فرنسا 1993.
- جائزه فيرونيا سيتا دى فيامو روما. إيگاليا 1994.
- جائزه ناڤم حكمت .إسگنبول 1995.
- جائزه البحر المتوسگ للّدب الّجنبى. باريس، فرنسا.
- جائزه المنتدى اليڤاڤ اللبنانى. باريس، فرنسا 1997.
- جائزه الإكليل الزهبى للشعر، [1]مقدونيا 1998.
- جائزه نونينو للشعر. إيگاليا 1998.
- جائزه ليريسى بيا. إيگاليا 2000.
- جائزه غوته) (en) فرانكفورت.(2011) [2] )



شاعیر و رەخنەگر و وەرگێر

**لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

- سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995.

- بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین-قەسیدە، هەولێر/1996.

- ئاگایی زمان زمانی ئاگایی-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/1999.

- تەنیا مەرگ —سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/1999.

- تەنیا ئاو تەنیا باران-کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/2001.

- پەیبردن بە ژیان, پەیبردن بەشیعر بوون-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2001.

- شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس-وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002

- مرۆڤ لە روانگەی فرۆید-وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2002.

- خەیاڵی زمان –لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2004.

- شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرگوڕە، لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2004.

- ئەدۆنیس- دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005.

- خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،/2005.

- درید-رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005.

- نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو،

کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2006

- ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008.

- زمان/گێرانەوە، کۆدی دافنشی، لێکۆڵینەوە، کتێبی گیرفان ژمارە 41، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چاپ و بلاۆکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیریی،2010. هەولێر.

- شەڕی زمان، لەپێناو تەئویلکردنی دەق، لێکۆڵینەوە، بەرێوەیەرایەتی چاپ و بلاۆکردنەوە، سلێمانی، 2010.

- میوانی ئاو، کۆمەڵە شیعر، لە بلاۆکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر، 2010.

- زمان/بوون/شیعر، لێکۆڵینەوە (خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعری هاشم سەراج) دەزگای توێژینەوە و بلاۆکردنەوەی موکریانی، هەولێر 2010.

<u>ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپکردنن:</u>

- قەسیدەی وێنەیی، شیعری خەزعەل ئەلماجدی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە.
- لەبەر بارن، کۆمەڵە شیعر.
- پرسی جەستە، لێکۆڵینەوە.
- ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، چاپی دووەم.